# سیاسەت لە ئیسلامدا

نووسینی:
ئەحمەد کاکە مەحمود

1429کۆچی
2008زایینی

ناوی کتێب: سیاسەت لە ئیسلامدا

نووسینی: ئەحمەد کاکە مەحمود

ژمارەی سپاردن: (1275) ساڵی (2008)

شوێنی چاپ: خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا

نۆرەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: 2008

نەخشەسازی بەرگ: فازل قەرەداغی

نەخشەسازی ناوەوە: ئیدریس سیوەیلی

لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشک)، زنجیرە (34)

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت : www.tishkbooks.com

ئیمەیلی پرۆژە: info@tishkbooks.com
tishkbooks@yahoo.com

مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی تیشک

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

## وتەیەكی پێویست

رۆژگارێك كە بێداریی ئیسلامیی تازە بە تازە لە گەشەسەندندا بوو، لاوان بە پەرۆشەوە لە دووی: مامۆستایەك، وتارێك، دەگەڕان كە تینوێتییان لە دین تێگەیشتنیان بشكێنێت، لەو رۆژگارە نەهاتەدا، مامۆستا ئەحمەد كاكە مەحمودی مامۆستاو نووسەرو وتاربێژ، لە هەر سێ بوارەكەدا، ئازایانە هاتە مەیدانو سەركەوتووانە ئەسپی خۆی تاودا.

دوو بواریان بەجێدەهێڵین بۆ كەسانی دی تا لەسەریان بدوێن، نەوەك لەم پێشەكیەدا مافی خۆیان پێنەدەین، بەڵام ئەو نووسەرە بەڕێزە لە كۆتایی هەفتاكان تا كۆتایی هەشتاكان بە نووسینە بەپێزەكانی بەشدارێكی دیاربوو لە بێداركردنەوەو رۆشنبیركردنی لاواندا، كاتێك كتێبەكانی (خوا لە روانگەی زانیاریەوە)، (وتەی زاناكانو باوەڕ بە خوا)، (خواپەرستی لە ئیسلامدا)و (... لە ئیسلامدا)كانی دیكە چاپدەكران، لاوان دەستەو دەستەو بە پەرۆشەوە پێشوازیان دەكردنو تامەزرۆی بەرهەمی دڵهاتووی دەبوون، چونكە ئەو كتێبانەش وەڵامدانەوەی پێویستیەكانی ئەو دەمانە بوون، هەر خێرا لە كتێبخانەكاندا دەفرۆشرانو داوای چاپی نوێیان دەكرا.

هەرچەندە مامۆستا لە كۆتایی هەشتاكانەوە تا لە ساتەوەختی وەفاتی، بە كردەیی سەرقاڵی كاری سیاسیو كارگێڕی بوو، بەڵام خۆشبەختانە هەرگیز دەستبەرداریی قەڵەمەكەی نەبوو، چونكە لە گرنگیو هەستیاریی ئەو مەیدانە باش گەیشتبوو.

بۆیە چەندین بەرهەمی بە دەستنووسیی تا وەفاتی كرد هەر مانەوەو چاپنەكران، مەزنترینیان تەفسیرەكەی (تەفسیری رامان) بوو دوای كۆچی مامۆستا چاپكرا.

ئەم بەرهەمەش (رامیاری لە ئیسلامدا) یەكێك بوو لەو دەستنووسانە كە وەك رێزلێنانو وەفایەك بۆ مامۆستای كۆچكردوو پرۆژەی تیشك بە چاپی گەیاند، سەرەڕای گرنگی ناوەڕۆكەكەی كە پەردە لەسەر زۆر گومان لادەداتو چەندین راستی لەمەڕ سیاسەتو ئایینی ئیسلام دەخاتەڕوو.

له خوای گەورە داواکارین: ئەم کتێبە بە خێری نەبڕاوە بۆ مامۆستا ئەحمەد وەگرێت.
دەشخوازین بە بڵاوکردنەوەی، توانیبێتمان خزمەتێك بە گیانی مامۆستای کۆچکردوو کردبێتو مەڵۆیەکمان خستبێتە سەر خەرمانی رۆشنبیری کوردیی.

**پڕۆژەی تیشك**
2008/6/15

# کورتەی ژیاننامەی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود

- ساڵی 1950 لە گوندی یالآنپیَ لەدایك بووە.
- لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە خراوەتە بەر خوێندنی زانستە شەرعیەکان لە گوندی یالآنپیَ لای مامۆستا سەید حسێن.
- بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چۆتە کورستانی ئێران و لای چەند مامۆستاو لە چەندین ناوچەی کوردستان درێژەی بە خوێندنداوە.
- دواتر دەگەڕێتەوە کوردستانی عێراق و لەسەردەستی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە.
- دوای کرانەوەی پەیمانگای ئیسلامیی لە هەڵەبجە، مامۆستا ئەحمەد دەبێتە قوتابی ئەو پەیمانگایەو ساڵی (1971) خوێندنی پەیمانگای تەواو کردووە.

– دواتر دەبێتە ئیمام و وتاربێژ لە چەند مزگەوتی ناوچەی هەڵەبجەو پێنجوێن و بە وتارەکانی خەڵکی وشیار دەکاتەوە.

– لە (1982– 1987) وتاربێژی مزگەوتی گەورەی سیروان بووەو بە وتارو نووسینەکانی رۆڵی دیاری هەبوو لە وشیارکردنەوەی خەڵکیو گەشەکردنی رابوونی ئیسلامیی لەو دەڤەرەو کوردستاندا.

– یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە (1987)داو بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوە.

– چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە لەوانە: خوا لەڕوانگەی زانیاریەوە، وتەی زاناکان و باوەڕ بە خوا، خواپەرستی لە ئیسلامدا، سەربەستی لە ئیسلامدا، ئاشتی لە ئیسلامدا، پەروەردە لەئیسلامدا، جیهاد لە ئیسلامدا، تەفسیری ڕامان.

– لە 2007/1/25 کۆچی دوایی کردووە.

**www.ahmadkaka.com**

## پێشەکیی

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ دروستکەری جیهان، بۆ چاودێریکەری هەمووان... درودو سلاوی بێ وێنە، بۆ مامۆستای "سیاسەتی" ئەم دینە "موحەمەد" و یاران و هاوەلانیشی بە تێکرا، بەتایبەتی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی، لەگەڵ بنەماڵە و خاوو خێزانی، هەرکەسێکی تریش کە ببێتە خزمەت گوزاری ئەم ڕچە و پرۆگرامە تا کۆتایی ئەم جیهانە.

کاتێ مێشکم پڕ بوو لە وشەی "سیاسەت" و بەکارهێنانی لەلایەن هەموو درزو درۆزن وچاوبەست و، تەڵەکەبازو، خۆفرۆش‌و ئایینفرۆش‌و، نیشتمانفرۆشێك... !!!

کاتێك وشەی "سیاسەت" لە بنج و ڕیشە دەرهێنراو پێچەوانە کرایەوە:

دز بوو بە "سیاسی"، شەوکوت بوو بە "سیاسی"، پیاو کوژ بوو بە "سیاسی"، پیاوی ورياو داناو زانا و خەمخۆری وڵات بە "کۆنە پەرست" ناوبرا...!!!، کاتێ ئەمانە و سەدەهای تریشم ئەبیست زۆر داخم بۆ خوارد، بۆچی ئەم چەرخە وا پێچەوانە بوەتەوە؟ خاوەن ویژدانەکان کوان؟ چۆن ئەم وشە ناهەقانە ئەبیستن و بێ دەنگ دەبن لێیان... جا ئەوە بوو هیچ فەیلەسوف و زانایەك دوو لێوەی نەکردەوە سەبارەت بەم هەموو ناهەقیانە، ئەگەر موسڵمانێك ڕاڤەی ئەو درۆی درۆزنانەی بکرادایە و بیوتایە: ئەو کەسەی سامان و دارایی خەڵك دەخوات "سیاسی" نییە، دزە، پیاوکوژ ئازاو دلێرو سیاسی نییە، دووزمان سیاسی نییە، خەڵك فریودەر سیاسی نییە... ئەگەر موسڵمانێك بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم ڕاستیە ڕاپەڕیبا، ئەو "سیاسیی!" یانە وەك ئەژدیها بۆی دەچوون و پشتاو پشت ئەیانگێرایەوە، مەبەستیشیان تەنها ئەوە بوو کە گوایا پیاوی مزگەوت نازانێ سیاسەت چییە و بەری چ گیایەکە؟! موسڵمان کەی دەزانێ "سیاسەت" چییە تا بۆی هەبێ باسی بکات؟ ئیسلام هەقی بەسەر ئەو جۆرە شتانەوە چییە؟

باشە، ئیسلام بریتی نییە لە چەند ڕکاتێك نوێژو هەندێك دروشمی ترو پەیوەندیی مرۆڤ بە خواوە؟

ئیتر چۆن ڕەوایە ئیسلام مرۆڤ هەڵسەنگێنێ و بە خەڵکێك بڵێ درزو پیاو خراپ؟ چۆن بۆی هەیە باسی حوکمڕان و پێشەواو سەرکردەکان بکات؟ ناشێ خەیاڵی ئەوەی ببێت بڵێت منیش هەم، منیش دەتوانم حوکمی وڵات بکەم، سیاسەتی ناوچەو وڵات بەڕێوە بەرم، دەست لە ژیان بدەم، بەپێی ئابووریی خۆم گەل ببەمە پێشەوە؟!

دیاره بۆچی ئەم توانجانە دەگرن و بەو شێوە شالاّو بۆ ئیسلام دێنن !کاتێ باسی سیاسەتی ئیسلام ئەکەین، چونکە ئاگایان لە هیچ دەقێکی قورئان و فەرموودە و بیروڕای دەستەی زانایان سەبارەت بە "سیاسەتی ئیسلام نییە، نازانن کە قورئان ئەفەرموێ: ﴿... وأنزلنا الحديد...﴾ یان پێغەمبەر _ ﷺ _ دەفەرموێ: "... ومن مات وليس في عنقه بيعة مات ميتة جاهلية".

نازانێ مەبەست لەم "ئاسن"ە وەك ڕاڤەکەرانی قورئان و هەندێك لە زانا هەڵکەوتووەکانی ئیسلام _ بەکۆن و تازەوە _ دەفەرموون، هێزی سیاسەتی ئیسلامییە. دەستەواژەی هەموویان ئەبێتەوە بەم ڕستەیە لە تەفسیری ﴿ وأنزلنا الحديد" دا: "فالمراد من الحديد في الاية هو القوة السياسة" بێجگە لەمەیش نەیانزانیوە کە ئیسلام زۆر زۆر پێش سیاسەتمەدارانی ئەوروپای ئەوان باسی سیاسەتی کردووە و لەسەری نووسیوە، وەك قاضی ئەبووبەکری باقیلانی _ کە لەساڵی 403 ی کۆچی لە دنیا دەرچووە، کتێبێکی بە ناوونیشانی "التمهيد في الرد على الملاحدة والرافضة و الخوارج و المعتزلة" نووسیو "عەبدول قاهیری بەغدادی _ کە لەساڵی 429 ك لە دنیا دەرچووە کتێبی "كتاب اصول الدين".. و، امام الحرمين ساڵی 478 ك کتێبی "الارشاد الى قواطع الأدلة في اصول الاعتقاد"... ئیتر بێجگە لە ئیمامی غەزالی –کە لە ساڵی 505 ك کۆچی دوایی کردووە –کتێبی "فضائح الباطنية" و "الاقتصاد في الاعتقاد".. و بەڕێز "قاضی ئەبولحەسەن عەلی ئەلماوردی (م 450 ك) کتێبی "الاحكام السلطانية"ی نووسیوە.. و، هەروەها مامۆستای موجاهید (ئیبن تەیمییە 728 ك)ش کتێبی "السياسة الشرعية" ی نووسییوە. و، بەدەها نووسرا و پەڕاوی تر کە نووسراون بۆ ئەم بابەتە کە هەرکامێکیان سەیر بکەیت بیری سیاسی ئیسلامی بە تێرو تەواوی پێشکەش ئەکات..

ئینجا منیش لەبەر ئەو تانەو توانجانە وەك قوتابییەکی خزمەت گوزاری قورئان _ هەر چەند ئەم باسە باسێکی قورسی ئاڵۆزە _ پێنووسم بۆ گرت بەدەستەوە و هەوڵێکی زۆرم بۆ داو لە پێش هەمووشتێکەوە پشتم بە خوای گەورە بەست و داوای یارمەتیم

لێکرد بۆ ئاسان کردنی ئەم ڕێگەیە تابتوانم تیشکێ بهاوێژمە سەری و بیسەلمێنم کە لە جیهاندا سیاسەت بە (ماناو واتەی وشەکە) ی خۆی دەست ناکەوێت لە ئیسلامدا نەبێت و هیچ کەسێك ڕامیاری نەزانیوە، مەگەر لە ئیسلامەوە وەری گرتبێت.

بەڵکو بتوانم لەم کتێبەدا – ڕامیاری لە ئیسلامدا – پەردە لەسەر ڕووی ئەو هەموو درزو درۆزنانە هەڵماڵم کە بە وشەی "سیاسەت" مێشکیان پڕکردووین و گوێیان کەڕ کردووین، کە لەڕاستیدا هەر هەموویان شایەنی ئەوەن کە زاخاوی مێکشیان بدرێتەوە و لە وشەی "سیاسەت" تێبگەیەنرێن.

تێبگەیەنرێن کە دنیای بێ ئایین، دەوڵەتی دوور لە ئایین، هەرگیز بە شێوەیەکی دادگەرانە ناگونجێت، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی کاتێك لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشدیندا ئیسلام ئایین و دەوڵەتیش بوو، هێمنی و بەختیاری کۆمەڵ چۆن بوو، کاتێکیش بە پیلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە دەوڵەت دوورخرایەوە چۆنە ؟

ئەمەم نووسی تا هەموو کەسێك – بە تایبەتی هەموو لاوێ – بزانێ کە ئیسلام باسی هەموو قوژبنێکی ژیانی کردووە. هەر لە چوونە سەر ئاوەوە تا ئەگاتە چوونە سەر حوکم.... پێت ئەڵێت چۆن بڕۆیتە ئاودەست... پێت ئەڵێت چۆن وڵات بەڕێوەبەری.. بۆیە لە "سەلمانی فارسیان" پرسی: پێغەمبەرەکەتان ﷺ هەموو شتێکی فێرکردوون، تەنانەت یاسای چوونە سەر ئاویش؟! سەلمان فەرمووی: بەڵێ[1] ... هەرچی شت هەیە کە پەیوەندیی بە ژیانی تاك و کۆمەڵەوە بێت، فێری کردووین.

ساخوایە، بۆ ڕۆشن کردنەوەی ئەم ڕاستیە بۆ هەمووان و، تێگەیاندنیان _ کە ئەم نوسینانە مەبەستیان ڕێگە ڕۆشن کردنەوەیە بۆ ئەوان _ داوای یارمەتی هەر لە تۆ دەکەم.

---

[1] ) رواه مسلم وابوداود والترمذی.

جا ئەگەر توانیبێتمان لە "نیشانە" کە بدەین، ئەوا زیاتر سوپاسی خوای گەورە دەکەین... خۆ ئەگەر خوێنەر پێی ڕازی نەبوو، ئەوا داوای لێبوردن ئەکەین، چونکە زانیاریی مرۆڤـــ زۆر کورت و ناتەواوە "وفوق کل ذی علم علیم"[1].

"ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو اخطأنا ربنا ولا تحمل علينا إصرا كما حملته على الذين من قبلنا ربنا ولا تحملنا ملا طاقة لنابه وأعف عنا واغفر لنا وارحمنا انت مولانا فانصرنا على القوم الكافرين".

"ربنا آتنا من لدنك رحمة وهيئ لنا من أمرنا رشدا".

"رب اشرح لی صدری ویسرلی أمری وأحلل عقدة من لسانی یفقهوا قولی...".

وصلى الله على سيدنا وقائد السياسة الشرعية بين الراعى والرعية محمد و على آله واصحابه وكل من يدعو لتطبيق السياسة الاسلامية الى يوم الدين.

**نووسەر**

15 / 6 / 1406 کۆچی

23 / 2 / 1986 زاینی

---

[1] ) طه

## سیاسەت لە ئیسلامدا

بەڵێ، بەکارهێنانی وشەی _ سیاسەت _ لەبیری ئیسلامیدا بەلای ئەوانەوە کە دڵیان چۆتە سەر یاساو باو و پرۆگرامی بێگانەکان، جێگەی سەرسوڕمانە، کاتێ دەیبیسن، چاویان زاق دەبێ و، دڵیان پێی دەلەرزێ ! !، چونکە وا تێگەیەنراون کە ئیسلام تەنها پەیوەندییە لە نێوان ئادەمیزادو پەروەردگاریدا.

بەسەرسورسمانەوە دەڵێن: ئیسلامی چی و سیاسەتی چی؟ !

ئیسلامی چی و سەرکردایەتی چی؟!

ئیسلام چۆن بەکەڵك دێت "فەرمانڕەوایی" بکات، بەتایبەت لە سەدەی بیستەمدا؟!

بزانن ئیسلاممان لێ زل ناکەن !، ئیسلام هەر ئەوچەند زیکرەیە کە لەمزگەوتەکاندا دەکرێ.

بزانە نایهێننە گۆڕەپانی ژیانەوە و لایەنەکانی سەبازی و ئابووری وپیشەسازیی پێ ناگرنەوە ! !بەڵێ، بەپێی بیروبۆچوونی تەسکی ئەوان، ئیسلام هەرئەوەندەیە خەڵکی شەووڕۆژێ چەند جارێك لەبەردەم پەروەردگاریدا ڕابوەستێ، ئیتر بۆی نییە دەستکاریی کاروباری گەلان بکات،، بۆی نییە دەست بخاتە کاروباری بازرگانەکان و جوتیارو مامۆستا و ئەفسەرو سەرۆکەکان، بۆی نییە باسی شۆڕش بکات، باسی ئاشتی بکات، باسی جەنگ بکات، باسی ئازادیی و سەربەستی بکات، باسی پەروەردە بکات، باسی یاسای خوێندن و فێرکردن بکات !

واتە: مێشك بەنج کراوەکان بێ پێچ و پەناو شەرم دەڵێن: دەبێ ئایین لە کاروباری دنیاو دەوڵەت جیا بکرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمانە زۆر بەهەڵە لە ئیسلام گەیشتوون، چونکە ئیسلام ئایین و دەوڵەتە، "عەقیدە" و یاسایە، سیاسەت و "حوکم" ە یان دەڵێین "خواپەرستیی لە ئیسلامدا" هەموو ڕووەکانی ژیانی ئادەمیزاد دەگرێتەوە.

جابا بزانین ئایا دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر ڕێبازی ئیسلام پێویستە یان نا؟

گوتمان.. ئیسلامی پیرۆز بێ پێچ و پەنا سیاسەت وحوکم دەگرێتەوە و، زۆر ئاشکرایە کە ئیسلام شان بەشانی سیاسەت لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا کۆتایی "خیلافەت"ی

عوسمانییەکان، چاودێری کۆمەڵی کردووە.. ئەمە هەرکەسێك شارەزاییەکی مێژوویی هەبێت گومانی نامێنێ لەمەدا.

بەڵێ، لەسەر هەموو موسڵمانەکان پێویستە هەوڵ بدەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی قورئانی بەپێی ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

1) لە قورئانی پیرۆزدا گەلێك ئایەت هاتوون کە پشتگیری ئەم بیرەی ئێمە دەکەن، بیری دامەزراندنی حوکمەتی ئیسلامی و دەسەلات گرتنە دەست لەسەر زەویدا، وەك ئایەتی: ﴿ یاایها الذین آمنوا أطیعوا الله وأطیعوا الرسول وأولی الامر منکم ﴾.[1] واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان بە ئیسلام و ڕێبازەکەی هێناوە، گوێڕایەڵی خوا بن و فرمانەکانی پیادە بکەن و، فەرمان بەرداری پێغەمبەر بکەن ،، بەگوێی کاربەدەستەکانی ناوخۆتان بکەن.

خوای گەورە لەم ئایەتە کورتەدا، یاسای کۆمەڵایەتی بۆ موسڵمانەکان دادەمەزرێنێ و شێوەی "حوکم" یان بۆ دیاری دەکات و، سەرچاوەی هێزو دەسەلاتیان بۆ دەست نیشان دەکات.. کە دەبێ ئەمانە هەر هەموویان لە خواوە وەربگیرێن.

"حاکمیەت" لە ژیانی ئادەمیزادا، تەنها بۆ خوایە و بەس، هیچ کەسێك بۆی نییە یاسا بۆ ئادەمیزاد دابنێ و مرۆڤی موسڵمان دەبێ تەنها گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر بێ، پێغەمبەریش لەوڕووەوە کە هەرچی دەڵێت لەلایەن خواوە دەیگەیەنێ.. ئەنجا فەرماندەو پێشەوا موسڵمانەکان، واتە: کاتێك فەرمان بەردارییی "کاربەدەست" پێویستە، کە موسڵمان و بڕوا دار بێت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بەڵگەیشمان هەرئەم ئایەتە خۆیەتی: ﴿ وأولی الامر منکم... ﴾ خاوەن فەرمان لە ئێوە "ئەی موسڵمانەکان"، کەوابوو سەرپێچی پێویستە لە فەرمانی فەرماندە خراپەکان، چ جای کافرو خوا نەناسان ئەوە بە گوێ کردنیان هۆی خەشم وقینی خوایە.. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: "إنما الطاعة في المعروف"[2] واتە: بە گوێ کردن بەو مەرجەیە فرمانەکەی دژ نەبێت لەگەڵ ئیسلامدا، هەروەها ئەفەرموێ: "السمع والطاعة على المرء المسلم فيما احب أو کره مالم

[1] ) النساء / 59 .

[2] ) بوخاری و مسلیم .

يؤمر بمعصية، فإذا أمر بمعصية، فلا سمع ولا طاعة".[1] واته: گوێڕایەڵی و فەرمان بەرداری پێویستە لەسەر موسڵمان (بۆ کاربەدەستەکانیان) لەوشتەدا کە پێی خۆش بێ و پێی خۆش نەبێ، تا فەرمان نەکرێ بە تاوان و سەرپێچی، جا ئەگەر فەرمان بە سەرپێچی فەرمانەکانی خوا درا، ئەوە (لەو کاتەدا) نەگوێ بۆ وشەیان ئەگرێت و، نە گوێڕایەڵیش ئەکرێن.

مەبەست لە ڕستەی "اولی الامر..." ئەوە بوو کە باسکرا، نەك ئەو دەستەیە بەزۆرو زۆرکاری بێنە سەر کاروپەیوەندییان بە ئیسلامیشەوە نە بێ و ئەم ئایەتەیش بخوێننەوە بۆ پشتگیری خۆیان، بێ ئەوەی بیر بکەنەوە لەوە خۆ ئەم ئایەتە "ڕاناو" یکی تێدایە و ئەگەڕێتەوە بۆ پێشەوە و ئەوی لە پێشەوە بێت موسڵمانەکانن، نەك ئەمان.

هەروەها ئەم ئایەتەیش ئەوەئەدات بە گوێ ی موسڵماناندا کە پێویستە موسڵمانان دەوڵەتیکی قورئانیان هەبێت.

﴿... ولو ردوه الى الرسول والى أولي الامر منهم لعلمه الذين يستنبطونه منهم... ﴾.[2]

واتە: ئەگەر دەنگو باسی هێمنی و ترس وبیمیان ببردایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) یا بۆلای کاربەدەستە موسڵمانەکانیان، ئەوە حەقیقەت و باری تەواوی مەسەلەکەیان وەردەگرت ئەوانەی ئەودەسەلاتەیان هەیە. ئەم ئایەتە پەروەردەیە بۆ سەربازی ڕاستەقینەی موسڵمان و وانەی دادەدات کە هەرکات دەنگو باسێك بڵاو بووەوە ـ پێش ئەوەی بڵێین بە خەڵکی ـ بیگەیەنینە پێغەمبەر و ئەفسەرە موسڵمانەکان، چونکە ئەوان دەزانن چارەسەری بۆ دابنێن.

ئەمانە و چەندەها ئایەتی تریش بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە لە قورئانی پیرۆزدا وەبەرچاو دەکەون.

2) سیماو ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە... چونکە پێغەمبەر (ﷺ) لە هەمووکاروبارێکی دەوڵەتیدا ئیشی کردووە، لە کاروباری

---

[1] ) بوخاری و موسلیم .

[2] ) النساء / 83 .

ساماندا، خێزاندا، تۆڵە وەرگرتندا، جێ بەجێ کردنی سنوور (حدود) دا، "والی" ی داناندا، لە ڕووی سەبازییەوە سەرکردەو فەرماندەی داناوە، بۆ کۆکردنەوەی "زەکات و" کارگێڕی تایبەتی دیاری کردووە. و بەسەر هەژارو بێ نەوایاندا دابەشی کردووەتەوە، وڵاتی لە پەلاماری دوژمنان و دنیا خۆران پاراستووە، جەنگی لەگەڵ ستەمکارو کافراندا کردووە، هەروەها... ئەمانە هەموویان کاروباری دەوڵەتن. ئەگەر دەوڵەتێك دابنرێ بێجگە لەمانە چی تر دەکات..؟ کەوابوو دانانی دەوڵەت لە سەربنەماکانی ئیسلام پێویستە. هەرچەندە ئێستا هەندێ دەنگی زڕ ـ بێ شەرمانە ـ بەرزبوونەتەوە، کە گوایا: ئەو ئیشانەی پێغەمبەر (ﷺ) هیچیان لە ڕووی دەوڵەتییەوە نەبوون و پەیوەندییان بە "سیاسەت" ەوە نەبووە بەڵکو لەڕووی ئایینەوە بوون ! !.

ئەم تاقمە بۆیە وا دەڵێن، دەیانەوێ ئاین لە دەوڵەت جیابکەنەوەو ئەو سەردەمەی نێوان "خەلیفە" کان لە یاسای سیاسي هەڵاوێرن.

جا بۆ ئەوەی وتەی ئەمانە بەتەرازووی ڕاستی و واقیع هەڵسەنگێنین و، وە بۆ ئەوەی دەرکەوێ کەتاچ ئەندازەیەك، ئەو قسەی دەڵێ: ئەو سەردەمە لە سیاسەت دوور بوو، ڕاستە، با لەدەمی یاسا ناسەکانەوە پێناسەی "دەوڵەت" بکەین ئەوجا لەگەڵ سەردەمی پێغەمبەرو خەلیفەکان بەراوردی بکەین.

یاسا ناسەکان دەڵێن: "دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێك، هەڵئەستن بە جێبەجێکردنی کاروباری وڵات لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە و، ڕژێمی خۆی هەیە و، یاسایەکی سەربەخۆی سیاسی خۆی هەیە". کەوابوو: پایەکانی دەوڵەت ئەمانەن:

1ـ کۆمەڵە خەڵکێك لە پارچە زەوییەکی تایبەتیدا نیشتە جێ بێت.

2ـ کەسایەتێکی تایبەتی خۆیی هەیە کە کۆمەڵ لەژێر سێبەریدا بەختەوەر دەبێت و خاوەن دەسەڵات "نوێنەرایەتی" دەکات.

3ـ ڕژێمێك کە کۆمەڵ سەری بۆ دادەنەوێنێ و جۆری "حوکم"ەکە دەست نیشان ئەکات.

4ـ سەربەخۆییەکی سیاسیی کە کۆمەڵ تەنها ئەو پەسەند دەکات و دوای هیچ دەوڵەتێکی تر ناکەوێ.

ئەمانەن پایەکانی دامەزراندنی دەوڵەت... دەی بێگومان ئەم خاڵانە هەرهەموویان لە دەوڵەتەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) هەبوون، چونکە هەموو کات لە شاری "مەدینە" ی پیرۆزدا کۆمەڵە مرۆڤێك بوون، و ئەو کۆمەڵە کەسایەتی تایبەتی خۆیان هەبووە و پێغەمبەریش (ﷺ) سەرکاریی کارەکانی دەکرد،.. لەولایشەوە ڕژێم و پرۆگرامێکی هەبوو خۆی و مرۆڤەکان دوای دەکەوتن و بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو ـ قورئان ـ لە نێو کۆمەڵدا بڕیار دەدرا و دوای بەرنامەی هیچ دەوڵەتێکی تری وەك (فارس و ڕۆم و حەبەشە) نەدەکەوتن، بەڵکو بەپێی ڕێنماییەکانی خۆی ڕەفتاری دەکرد، بۆیە ئەوەی بەوردی سەیری " حکومەت"ەکەی "مەدینە" بکات، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ. بێجگە لەمەیش هەرکەسێك سەرنجێکی بانگەوازەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بدات و، بیر لە حەقیقەتی ئیسلام بکاتەوە، دەزانێ ئەم دووانە بێ تێکەڵکردن و پەیوەند کردنی "ئایین و دەوڵەت" جێبەجێ نابن، لەلایەکی تریشەوە زۆربەی "خۆرئاواییەکان و ڕۆژهەڵاتییەکان" ئەمەیان سەلماندووە:

1ـ دکتور "فیتز جیرالد" دەڵێت: ئیسلام وەنەبێت تەنها ئایین بێ، بەڵکو یاساو ڕژێمێکی سیاسیشە هەرچەند لەم دوا دواییەدا هەندێك لەو موسڵمانانەی خۆیان ناوناوە "هاوچەرخ"، هەوڵیان دا بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت !!!.

2ـ تللینیو" ـ خۆرهەڵاتناسی ئیتالی بەناوبانگ ـ دەڵێت: بەڕاستیی موحەمەد لەیەك کاتدا بناغەی ئایین و دەوڵەتێکی دامەزراندو، بەدرێژایی تەمەنی/ ئایین و دەوڵەت بەیەکەوە بوون.

3ـ دکتور شاخت دەڵێت: ئیسلام تەنها ئایین نییە، بەڵکو خاوەنی چەندەها تیۆری یاسایی و سیاسیی بووە، بەکورتیی: ئیسلام ڕژێمێکی تێرو تەواوە، ئایین و دەوڵەتیش دەگرێتەوە.

4ـ ستروتمان دەڵێت: ئیسلام ڕوخسارێکی ئایینی و سیاسییە، چونکە ئەوی دایناوە پێغەمبەرو حاکمێکی بێ وێنە بووە و شارەزای ڕژێمی حوکم کردن بووە.

ئەمانەو سەدان زاناو دانای تر گەواهی دەدەن کە ئیسلام تەنها ڕوخسارێکی ئایینی نییە، بەڵکو یاساو سیاسەتیشە، ئیتر نازانم ئەوانەی دەڵێن: ئەو سەردەمەی پێغەمبەرو

(خەلیفە) کانی شێوەیەکی دەوڵەتی نەبووە... ئەبێ دەوڵەت بەلای ئەوانەوە چۆن و چی بێت؟ !

بۆ ئەوەی ڕوونتر بێت کە پێغەمبەر (ﷺ) دەوڵەتی هەبووە لەسەر دەوڵەت وڵاتی بەڕێوە بردووە بفەرموون هەندێ لە پەیماننامەی مەدینە ورد ببنەوە کەلە نێوان جوولەکە و پشتیوانان و کۆچەرەکانی ناو مەدینەدا نوسرابوو.

"بسم الله الرحمن الرحيم"

هذا كتاب من محمد (ﷺ) بين المؤمنين والمسلمين من قريش ويثرب ومن تبعهم فلحق بهم وعاهد معهم، إنهم أمة واحدة من دون الناس...".

واتە:"بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان"

ئەمە نووسراوی موحەممەدە (ﷺ) لە نێوان بڕوادارەکان و موسڵمانەکانی قوڕەیش و "مەدینە" داو هەرکەسێکی تریش دوایان بکەوێ و پەیمانیان لەگەڵدا ببەستێت، سەبارەت بەوەی کە ئەوانە یەك گەل و کۆمەڵن..." نابێ گزییان لێ بکرێ و سامان و داراییان دەستی بۆ ببرێ و، دەبێ ئایین و هەستیان بریندار نەکرێ.

لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە: "من مات وليست في عنقه بيعة مات ميتة جاهلية" واتە: هەرکەسێك بمرێ و پەیمان (بەیعەت) ی لە ئەستۆدا نەبێ، ئەوە مردنێکی نەفامانە مردووە. بەومانایە موسڵمان ئەبێ پەرەوازەو جیاجیا نەبێت، ئەم لەگەڵ ئەوی تردا نەبێت و، بێ خاوەن بسووڕێتەوە، بەڵکو دەبێ کەسێکی باش و دڵسۆزی ئیسلام بدۆزێتەوە بۆ جیهادو تێکۆشان لە پێناوی ئیسلامدا، پەیمانی لەگەڵ ببەستێ. ئەم فەرموودەی پێغەمبەر _ ﷺ _ هەر ئاماژە بۆ ئەو مەبەستە دەکات، کە دەفەرموێ: "إذا خرج ثلاثة في سفر فليؤمروا احدهم" واتە: هەرکات سێ کەس بۆ سەفەر ڕۆیشتن بایەکێکیان بکەن بە "ئەمیر" ی خۆیان، تا پشێوی و ناڕێکی دروست نەبێت لەناویاندا. مەبەست لەمە ئەوەیە ئەگەر هەموویان وەك یەك بن، هەریەکە بەتەمای ئەوی تریان دەبێت، یا خود هەریەکە بۆچوونێکی دەبێ و یەك ناگرن و سەرئەنجام ئەو دەڵێ من و، ئەم دەڵێ من، تا خەڵکیان لێ کۆئەبێتەوە. ئەگەر کاروباری وڵاتیش نەدرێتە دەست کەسێکی تایبەتی هەر وای لێ دێت، واتە: بۆ سەفەرێکی یەك دوو ڕۆژەیی، ئەمیرو سەرکردە پێویست بێت، ئەی چۆن بۆ دەوڵەتێك کە لە (ملیۆنەها) کەس پێکهاتووە "ئەمیر" پێویست نییە؟ ! !.

دیسانەوە دەفەرموێ: "لایحل لثلاثة یکونون في فلاة من الارض إلا أمروا علیهم احدهم".

واتە: ڕەوا نییە سێ کەس لە شوێنێکی چۆڵیدا بن و، یەکێکیان نەکەن بە "ئەمیر" ی خۆیان. دیارە ئەگەر لە چۆڵیدا "ئەمیر" پێویست بێت، بەناچاریی لەنلو قەڵەبالغیدا دەبێ هەر ببێ.

خوێنەری بەڕێز: بەوردی سەرنجی بدەو بزانە کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) چاوپۆشی لە سێ کەس ناکات بەبێ ئەمیرو لێپرسراو پێکەو بن، دەبێ چۆن ڕێگە بدا ملیۆنەها موسڵمان بێ پێشەوا و سەرکردە بمێننەوە؟!!.

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: "کلکم راع وکلکم مسؤل عن رعیتە فالإمام راع وهو مسؤل عن رعیتە، والرجل راع علی أهل بیتە وهو مسؤل عن رعیتە" واتە: هەمووتان شوان و چاودێری کەرن، وەهەموو شوانێك لێ پرسراوە لەژێر دەستەکەی خۆی... پێشەوا شوانە و لێ پرسراویشە لەژێر دەستەکەی خۆی، مرۆڤ شوانی خاوو خێزانیەتی و، لێ پرسراوە لەژێر دەستەکەی، هەروەها دەفەرموێ: "من أتاکم ـ وأمرکم جمع علی رجل واحد ـ یرید أن یشق عصاکم أو یفرق جماعتکم فاقتلوه. ومن خلع یدا من طاعة لقی الله یوم القیامة لاحجة له، ومن مات ولیس في عنقه بیعة مات میتة جاهلیة". واتە:کەسێ هات ـ لەکاتێکدا ئێوە کۆمەڵ بوون و یەك کەس ئەمیرتان بوو ـ ویستی هێزو دەسەڵاتتان بشکێنێ، یان پەرەوازەتان بکات، ئەوە بیکوژن و، هەر کەسێك دەست لە "پەیمان" هەڵگرێ ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا بەخزمەت خوا دەگات و هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نییە....

ئەمە لەدیدی پێغەمبەرو سیمای پێغەمبەردا ئەوەندە مەسەلەی کاروباری "سەکردایەتی" گرنگە... ئەگەر دوای مردنی ئەویش سەیری موسڵمانەکان بکەین، دەبینین تەرمە پیرۆزەکەی هێشتا نەنێژراوە کەچی ئەمان باسی هەڵبژاردن و دیاری کردنی "حاکم و ئەمیر" دەکەن.

ئەمە مانای وایە پێغەمبەر (ﷺ) تێی گەیاندوون کە هیچ کات نابێ بی سەرۆك و ئەمیر بن. ئەوەبوو دەستەیەکیان ڕێگەیان بۆ ناشتنی تەرمە پیرۆزەکەی پێغەمبەر گرتەبەرو دەستەیەکی تریشیان بۆ هەڵبژاردنی"خەلیفە" و پێشەوایان کۆبوونەوە، دوای

وتووێژێکی درێژو، دوای ئەوەی کە بەیاسای "شوورا" و تەگبیرو ڕاوێژ هەڵسان، موسڵمانەکان دەنگیان بۆ حەزرەتی "ئەبوبەکر دا (خوا لێی ڕازی بێت) بە بەڵگەی ئەوە ئەو پێش ئەوان موسڵمان بووە و، پەیوەندیشی بە پێغەمبەرەوە لەوان زیاتر بووە و لە ئەشکەوتی "سەور" یشدا هاوڕێ ی بووە و هەروەها...

بەو شێوەیە موسڵمانەکان _ چونکە بەباشی تێگەیشتبوون _ قبووڵیان نەکرد بۆ ماوەیەکی کەمیش، بێ پێشەوابن، جار لەدوای جار خەلیفەو "ئەمیریان هەڵئەبژارد... تالەم دواییەدا بۆچوون و "بیردۆز" ەی موسڵمانەکان لاواز بوو و بێ سەرۆك وئەمیر پاڵیان لێ دایەوە _ وایان زانی کە تەنها نوێژ و حەج و... هتد تەواوی ئیسلامە _ بۆیە ئاوا بەش بەش بوون و بەشکران و هەر کیشوەرێك حاکمێکی پەسەندکراوی خۆرهەلات، یا خۆرئاوای بۆ دانروا بێ ئاغاکەی پەنجە بە ئاودا ناکات !!!.

3) وتەی خەلیفەکان و زاناکان:

* حەزرەتی ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: "موحەمەد (ﷺ) کۆچی دوایی کرد دەبێ دوای ئەو یەکێ بە هەڵسوڕاندنی کاروباری ئەم ئایینە هەڵسێ".

* پێشەوا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: "ئیسلام لەناو کۆمەڵدا نەبێت دەرناکەوێ، کۆمەڵیش بێ "کارگێڕ" پێك نایەت، کارگێڕیش بە گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری کردن نەبێت جێگیر نابێت. "لا إسلام بلا جماعة ولاجماعة بلامارة ولا إمارة بلا طاعة".

* زانای هەڵکەوتووی ئیسلام "ماوەردی" دەفەرموێ: "پەیمان دان بەوکەسەی هەڵئەسێ بە پیادەکردنی کاروباری ئایین واجبە واتە پێویستە بە "ئیجماع" ی زانایان پەیمان دان بەو کەسەی کاروباری ئایین جێ بەجێ دەکات، واجبە، واتە: پێویستە.

* پێشەوا "غەزالی" دەفەرموێ: "کاروباری دنیا وهێمنی و ئاسایشی گیان و سامان بەبێ دەسەڵاتدار بەڕێوە ناچێ. بەڵگەی ئەمەیش ئەو پشێوی و ئاژاوانەیە کە بەمردنی کاربەدەستەکان دروست ئەبن...".

* مامۆستای موجاهید و تێکۆشەر و فیداکاری ئیسلام "ئیبنی تەیمیە" دەفەرموێ: "یجب أن یعرف أن ولایة أمر الناس من أعظم واجبات الدین، بل لایقام الدین إلا بها، فإن بنی آدم لاتتم مصلحتهم إلا بالاجتماع لحاجة بعضهم الی بعض، ولابد لهم عند الاجتماع من

رأس حتى قال النبي (ﷺ): "إذا خرج ثلاثة في سفر فليؤمروا احدهم". واته: سەرپەرستی کردن و چاودێری کردنی کاروباری مرۆڤەکان، لەگەورەترین پێویستیەکانی ئایینە، نەك هەرئەوەندە، بەڵکو ئایین بە "ولایە" و "خیلافە" نەبێت ڕاگیر نابێت، چونکە ئادەمیزادەکان بە کۆبوونەوەو پاڵ ویکدان نەبێت، بەرژەوەندییان تەواو نابێت، کاتێکیش کۆبوونەوە پێویستە "سەرۆك" یان ببێت، تەنانەت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: "هەرکات سێ کەس بەلایەکدا ڕۆیشتن با کاروباریان بدەنە دەستی یەکێکیان.

پێغەمبەر (ﷺ) لە کۆمەڵێکی کەمدا پێویستی کردووە یەکێکیان بکەن بە پێشەواو "ئەمیر" ی خۆیان... تا مرۆڤەکان لەمەوە فێر ببن و تێ بگەن: کاتێ لەسەفەرێکدا "ئەمیر" پێویست بێ، دەبێ لەکارەکانی تردا باشتر هەوڵی بۆ بدەن..، ڕیوایەت کراوە: "ستون سنة مع إمام جائر اصلح من ليلة بلا سلطان". واتە (60) ساڵ ژیان بردنە سەر لەگەڵ پێشەوایەکی ستەمکاردا چاکترە لەوەی کە تەنها شەوێك بێ دەسەڵاتدار و "سوڵتان" ژیان ببرێتە سەر.

* مامۆستای کۆمەڵناس (ئیبن خەلدوون) دەڵێت: "إن نصب الامام واجب قد عرف وجوبه فى الشرع بأجماع الصحابة و التابعين، لان لصحاب الرسول (ﷺ) عند وفاته بادروا الى بيعة ابى بكر (رضي الله عنه) والى تسليم النظر اليه في أمورهم وكذا في كل عصر بعد ذلك، ولم يترك الناس الىفوضى في عصر من الاعصار، واستقر ذلك اجماعا دالا على وجوب نصب الامام وقد ذهب بعض الناس الى ان مدرك وجوبه العقل، وأن الاجماع الذى وقع إنما هو بقضاء العقل فيه"... بەو مانایە: دانانی پێشەوا (لەسەر موسڵمانان پێویستە) ئەمەیش بە "ئیجماعی هاوەڵان و شوێن کەوتوو)) ەکانە، چونکە ئەوە بوو دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) دەست بەجێ هەڵمەتیان برد بۆ دانانی حەزرەتی ئەبوبەکر و کاروباری خۆیانیان دایە دەست، دوای ئەویش خەلیفەکانی تر دانران... ئینجا دوای ئەوان کافران زانیان کە ئیسلام بەرەو پێشکەوتن دەڕوات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەپەرەسەندندایە لەهەموو لایەکەوە هەوڵیان دا بۆ نەهێشتنی "خیلافەت" ی ئیسلام ولاوازکردنی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا.

بەکورتی: ئایەتێکی زۆر هەیە کە بەڵگەن لەسەر دانانی دەوڵەتیك لەسەر بنەماکانی ئیسلام و، بۆ ئەوەی کە ئیسلام دەوڵەتی هەبووە ماوەیەکی زۆر، ئەمەش هەندێکی ترە لە ئایەتەکانی قورئان:

أ / ﴿ وقاتلوا في سبيل الله الذين يقاتلونكم ولا تعتدوا إن الله لايحب المعتدين ﴾ واتە: بجەنگێن لەڕێگەی خوادا لەگەڵ ئەوانەدا جەنگتان لەگەڵ دەکەن و، دەستدرێژی و زیادەڕەویی مەکەن، چونکە خوا دەست درێژی کەرانی خۆش ناوێت.

دەی، ئەگەر موسڵمانان سەرۆك وپێشەوا و سەرکردەیەکیان نەبێت بۆ ئامادەکردنی سەربازو سوپاوچەك، چۆن جەنگ لەگەڵ ستەمکارو ناپاکدا دەکرێ لە کاتێکدا ئەو یاساو ڕژێمێکی ببێ؟!.

ب / ﴿ واعدوا لهم مااستطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم.. ﴾ ئەم ئایەتە داوای ئامادەکردنی هەموو جۆرە هێزو دەسەڵاتێك دەکات بۆ ترساندنی دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆیان... دەی، ڕێگە بۆ ئەم ئامادەکردنە کامەیە، ئەگەر یاسایەك و دەستەیەك نەبێت بۆ هەڵسووڕاندنی ئەم کارە؟!!.

ج / ﴿ ولكم في القصاص حياة يا أولي الالباب.. ﴾ خوای گەورە لەم ئایەتەدا داوای هەق وەرگرتنەوەمان لێ دەکات لە مرۆڤ کوشتن و هەموو جۆرە دەست درێژییەکی تر.. واتە: هەرکات کەسێك کوژرا ئەوە پێویستە ـ بۆ دامەزراندنی تەرازووی دادگەریی ـ تۆڵەی لێ وەربگرێتەوە، (بەکوشتن بێت، یا خوێنی لێ وەربگیرێ بۆ کەس و کاری کوژراو)، دیسانەوە ئەگەر دەوڵەتێك نەبێت هەڵسێ بەسەرپەرشتی ئەم کارە، کێ بێ بتوانێ ئەم ئیشە بکات و ڕێگە لە پشێوی پتر بگرێت لە وڵاتدا...؟!

بەکورتی: ئەگەر دەوڵەتێك نەبێت، بەشێوەیەکی گشتی دەرگای تۆڵە وەرگرتنەوە دادەخرێ.

### سەربەخۆیی یاسای ئیسلامیی:

هەرکەسێك سەرنجێکی ورد بدات بە ڕۆشنی بۆی دەردەکەوێ کەڕژێمی سیاسی لە ئیسلامدا، ڕژێمێکی سەربەخۆیەو هیچ پەیوەندیی بە زاراوە سیاسییەکانی تری جیهانەوە

نییه.. واته: زاراوەی ئیسلامیی، جیاوازی تەواوی لەگەڵ زاراوه دەستکردەکان هەیە، کەوابوو ناوبردنی ئیسلام بەهەندێك لەو ناوانەی کە ئەمڕۆ بۆ هەندێك کۆڕو کۆمەڵ کراون بەزاراوە، دروست نییە وەك "دیموکراتییەت، سۆشیالسیتی، سەرمایەداریی، ئیمپڕاتۆڕییەت"، ئەمانە زیاتر لەلایەن ئەوانەوە بەکاردێن کە ئیسلامیان خۆش دەوێ و دەیانەوێ وا ڕێزو پلەی بخەنە دڵی کۆمەڵەوە !!. هەروەها هەندێ زاراوەی تریش هەن لەلایەن ناحەزانی ئیسلامەوە بەکاردێن، وەك ناونانی ئیسلام بەدەوڵەتی "ثیووقراتیي"، "دەوڵەتی پیاوە ئایینەکان... هتد"، با هەردوولا بزانن کە ئەو زاراوانە نارێك و نادروستن بۆ ئیسلام، چونکە ئیسلام پێویست ناکات بۆ بەرزکردنەوەی شانی، ئەوناوانەی لێ بنرێ، نەخێر ئیسلام خۆی خاوەنی ڕژێمێکی بێ وێنەیە، یاساو پرۆگرامی جیاوازی هەیە، بەهیچ لایەك ناچێ، خۆ ئەگەر ڕێك کەوت یاسای ئیسلام لەگەڵ هەندێك خاڵی چەند ڕێبازێکی تری وەکو "دیموکراسی" دا یەکی گرتەوە، ئەو مانای وانییە ئیتر ئیسلام لەگەڵ "دیموکراتیەت" دا یەکە، چونکە دیموکراسی زۆر شتی هەیە کە لەگەڵ ڕێبازەکانی ئیسلامدا ناگونجێت، ئەمەیش لەبەر ئەمەیە ئەم تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە دەربارەی گەردوون.

ئەمە لە ڕووی دیموکراتییەوە، خۆ ئەگەر لەگەڵ سۆشیالیزمیشدا هەڵی سەنگێنین دیسان هەر ناگونجێت، چونکە سۆشیالستی بەڕێگەیەکی تایبەتی خۆیدا ئەڕوات.

بەکورتیی: هەر زاراوەیەك لەدەرەوەی ئیسلامدا بەکاربهێنرێت، ئەوە بە باڵای ئیسلام ناکات، چونکە ئەو ناوو زاراوە لەدۆخێکەوە دەستی پێ کردووە وردە وردە لەژێر ڕژێمی سیاسیدا پەرەی سەندووە تا گەیشتۆتە ئەو پلەیە، بۆ نموونە:

دیموکراسی بۆ یەکەم جار یۆنانییەکان لەفەرهەنگی"سیاسیدا" بەکاریان هێنا بەمانای حوکمی گەل، مەبەستیان ئەوە بوو کە "گەل" خۆی یاسا بۆ خۆی دابنێ و هەرخۆیشی حوکمی خۆی بکات. واتە: یۆنانییەکان _ ئەوانەی لە بنچینەدا خەڵکی ئەوێن _ حوکمی وڵات بکەن نەك ئەوانەی لە بناغەدا خەڵکی ئەوێ نین، ئەوانە بە هیچ شێوەیەك بۆیان نییە کاروباری وڵات بگرنە ژێر دەست بازۆر لەوان زانا تریش بن !!.

دەی بەم شێوەیە و بەم مانایە بەکارهێنانی بۆ ئیسلام ناڕەوایە و نادروستە، چونکە لە ئیسلامدا بەرنامە دەبێ بەپێی نەخشەی خوای گەورە بێت، نەك بەپێی نەخشەی گەل و گەل دای بنێت. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە هەرکەسێك سیفەتی سەرکردایەتی و پێشەوایەتی تێدابێت ـ ئیتر زمان و ڕەگەزی هەرچی بێت ـ ئیسلام دەیکات بەسەرکردەی وڵات و کاروباری وڵاتی دەخاتە بەردەست.

ئەمە وشەی "دیموکراسی" لە بنچینەدا وا هاتووە و ماناکەشی ئاوایە. خۆ ئەگەر "دیموکراسی" بریتی بێت لە یەکسانی گەل و کۆمەڵ لەمافدا، ئەوە دەڵێین تەنها ئیسلام "دیموکراسی" ی تێدایە [1] چونکە بەڕاستی یەکسانی ڕاستەقینە هەر لەئیسلامدایە، هەروەها بەکارهێنانی وشەی "ئیشتراکیە ـ سۆشیالیزم" بۆ ئیسلام بەهەمان شێوەیە. واتە: ئەگەر مەبەست بەوشەی سوشیالیزمی ئەوە بێت کە ئیسلام لە مافدا هیچ تاکێك هیچ چینێك لەوانی تر جیا ناکاتەوە، یان ئیسلام بەیەك چاو سەیری هاو وڵاتیان دەکات لەمافدا، لە ژیاندا، وەیان ئەگەر مەبەست ئەوە بێت کە ئیسلام باوی هیچ کەسێك بەسەر کەسی تردا نادات...، ئەوە ئیسلام "سۆشیالیستە". خۆ ئەگەر مەبەست ئەوە بێت کە ئیسلام ڕژێمێکی سوشیالیزمی یە، ئەمە بەهیچ شێوەیێك بەکارهێنانی بۆ ئیسلام دروست نییە، چونکە سوشیالیزمی بە شێوەیەکی "مادی" سەیری ژیان دەکات، فەلسەفەو بۆچوونی لەسەر نەخشەی ماتریالیزمی دەڕوا.

هەروەها ئیشتراکی تێروانینی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئابووری کە زۆر زۆر جیاوازیی لەگەڵ ڕژێمی ئابووری ئیسلامدا هەیە.

دوای ئەمانە پێویستی سەرشانمانە ڕوونی بکەینەوە: ئایا وشەی "ثیووقراتی" کە هەندێك نووسەر بەکاری ئەهێنن، بەکارهێنانی بۆ ئیسلام دروستە؟

لەوەلامدا دەڵێین: ئەم وشەیە سەبارەت بە شێوەی حوکم لە ئیسلامدا لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ ، با لەگەڵ هەندێك ڕێبازیشیدا بگونجێ، چونکە ئەگەر مەبەست لەم وشەیە ئەوە بێت کە لەیاسای خوای گەورەوە یاسای سیاسی وەربگرێ، ئەوە دیارە کە ئیسلام ئاوایەو، ڕەوایە پێی بگوترێ "ثیوقراتی"، خۆ ئەگەر مەبەستیش ئەوەبێت کەلە

---

[1] ) منهاج الإسلام في الحكم / محمد اسد .

"ئەوروپا" دا باوە و بەناوی خواوە بڕیار دەرئەکەن ئەوە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ و دروستیش نییە پێی بگوترێ "ثیوقراتی"، چونکە ئەم وشەیە لە ئەوروپادا بۆ ئەو چین و تاقمەی کە بەناوی ئایینەوە قاچیان بەسەرکۆمەڵدا ڕاکێشاوە و حوکمڕانی دەکەن بەناوی ئایینەوە و خۆیان ناوناوە "پیاوەکانی ئایین = رجال الدين" وە هیچ کەسێکیش بۆی نییە سەرپێچیان لێ بکات بەتایبەت "پاپا" !!! ئاشکرایە ئا بەم شێوەیە لە ئیسلامدا "ثیوقراتی"یەت دەسەت ناکەوێ، ئەگەر لە ئیسلامیشدا چینێك هەبن پێیان بگوترێ زانایانی ئایین، ئەمە لەو ڕووەوە نییە کە بتوانن قسەی خۆیان بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنن و خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیان بکەن بە یاسا، نەخێر، بەڵکو ئەمە کۆمەڵگە دروستی کردوون و ناوی تایبەتیان لێناون، هۆکەیشی ئەوەیە کە ئەو کەسانە لە خەڵکی کۆمەڵگەکەی خۆیان زیاتر لە ئاییندا ڕۆچوون وشارەزاترن، وەك چۆن کەسێك لەزانیاری ئەندازەدا شارەزا بێ پێی ئەڵێن "ئەندازیار".

ئەو شێوەی ئەوروپا (حوکمکردن بەناوی خواوە) پاڵی بەکۆمەڵگەوە نا داوای جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت بکەن، چونکە پیاوە ئایینییەکانیان هیچ کەسێك بۆی نەبوو ڕەخنەیان لێ بگرێ و چاودێریان بکات..، بەڵام هیچ کات ئیسلام ئەوەی بەخۆیەوە نەبینیوە ، کەوابوو هەرکات داوای حوکمیئیسلامیی کرا، ئەوە داوای حوکمی بەرنامەی خوا و پیادەکردنی ئەو بەرنامە دەکرێ نەك وتەی "پیاوەکان ئایین"، چونکە هەرکەسێك ئەو لێهاتنەی تێدا بەدی کرا و بەتەواوی ملکەچی فەرمانەکانی خوا بوو، ئەوە ئەو کەسە دەکرێ بە پێشەوا و "خەلیفە" ی موسڵمانان وئیتر ئەندازیار بێت، مامۆستا بێت، ئەفسەر بێت... کەوابوو پێویستە لەسەر نووسەرانی ئیسلام بەتایبەتی و گشت ڕۆڵەکانی ئیسلام بێ جیاوازیی "ئیسلام بەوشەی ئیسلام" بەمرۆڤەکان بناسێنن، چونکە خوای گەورە ناوی ناوە "ئیسلام"... دیارە تەنها خوا لە هەمووکەسێ چاکتر دەزانێ بۆیە بەو ناوەوە خەڵاتی ئێمەی کرد، چونکە ئەم ناوە _ ئیسلام _ مانای یەکسانی و یارمەتی ی هاو وڵاتیان نیشان دەدات، کەس زیان لەکەس نادات و، کەس مافی کەس زەوت ناکات.

## بناغەکانی حوکم لە ئیسلامدا:

ئاشکرایە هەموو جۆرە حوکمێکی ئیسلامیی ــ وەك ڕژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری ــ بناغەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئینجا لەو بناغەوە ڕچەی "فیکریی وفەلسەفە" یش پەیدا دەبێت.

1) بنەما فیکرییەکان:

بێگومانم کە هەموو ڕژێمێکی سیاسی، فەلسەفەو تێڕوانینێکی تایبەتی خۆی هەیە و لەو فەلسەفەوە سەیری بوونەوەرو مرۆڤ و ژیان دەکات، با بۆ نموونە زۆر بەکورتی "بنەما فیکرییەکانی مارکسیزم" باس بکەین، ئەوجا بڕۆینەوە سەرباسەکەی خۆمان.

مارکسیزم وانەخشەی بۆ خۆی کێشاوە کە بڕوای بەدروستکەری بوونەوەر نییە، بڕوای نییە کە خوایەك هەیە هەڵدەستێ بەئاڵوگۆڕی بوونەوەرو دەستکاری دەکات!! بەڵکو بە چاوێکی مادییەوە سەیری بوونەوەر ئەکات و بەلایەوە وایە کە "تطور" و گەشەی مادی بناغەیە بۆ هەموو ئاڵ و گۆڕێکی ژیان، تەنانەت هەروایش مانای گۆڕانی بیریی "تغير فكري" دەکەن!!.

أ / پەیدابوونی مارکسیزم:

"کارل مارکس" ی جوولەکە ساڵی "1818" لەشاری "ریفز" لە "ئەڵمانیا" لە دایك بووە لە ساڵی "1883" ی زاینیدا لە "ئینگلتەرە" مردووە، بناغەی مارکسیزمی دامەزراند و لە ساڵی "1847" دا بێ پێچ و پەنا تیوورو ڕاکانی خۆی خستە ڕوو، ئەویش دوای ئەوەی کە دڵنیا بوو لەڕووخانی ڕژێمی سەرمایەداریی و ئەمەی بۆ ڕێ خۆش کردنی فریودانی چینی کرێکار و هەژارەکان بەهەل زانی بۆ ئەوەی بیانخاتە دوای خۆی... وە بە ئاشکرا ئەمەی تۆمار کرد بەناوی مانیفێستی کۆمۆنیزم".

ب / بۆچی "مارکس" کۆمۆنیزمی هەڵبژارد؟ و بۆچی ڕقی لە دەوڵەمەندەکان هەڵگرت؟

هەرکەسێك بەوردی سەیرێکی ژیانی مارکس بکات بۆی دەرئەکەوێ بۆچی کۆمۆنیزمی بۆ ژیانی خۆی هەڵبژارد و، خەڵکیشی بۆ بانگ کرد...

1) ماركس ساڵی "1836" خوازبێنی کچێکی کرد که له بنەماڵەیەکی "ئۆرستوقراتی" بوو، هێشتا ئەم بنەماڵەیە نەیان ناسیی بوو، کاتێ ناسیان کچەکەیان نەدایە، لەبەر نزمی ئاستی "چینایەتی" مارکس !! ئەمە زۆر تێبنی کردە سەر مارکس و بوو بەهۆی ئەوەی ڕقێکی فراوانی لەکۆمەڵی دەوڵەمەندەکان هەڵگرێ.

2) ساڵی (1835) له "بۆن" دا ڕێی کەوتە "یانەی شاعیران"، بینی لەوێ زۆربەی دەوڵەمەندەکان کۆبوونەوتەوە، کردی بە شیرێکدا بۆیان ئەوانیش نەیانکردە نامەردیی یەکێکیان لێی هەڵپەڕیوو "بڕۆ ناوچەوانی" بریندار کرد... بەڵێ ئەم جمو جۆڵە پتر دەروونی مارکسی پڕ کرد لە ڕق و کینە و دەستی کرد بە دژایەتی کردنی دەوڵەمەندەکان.

3) دەست کورتی و هەژاری ئەوخێزانەی مارکسی لێ کەوتبوویەوە.. ئەم هەژاریە وای لێکرد کە بە ئاشکرا هێرش بباتە سەر دەوڵەمەندەکان، لە تاو هەژاری ئەم وتەی "شکسپیر" بوو بووە وردی سەر زاری و هەر دەیوتەوە : "ئەی زێڕ.. ئەی زێڕ.. ئەی زێڕی بەنرخی بریقەدار.. سپی دەکەیت بە ڕەش، ناشرین ئەگێڕی بە جوان، خراپە دادەنێیت بەچاکە، پیر دەگێڕی بەلاو، ترسنۆك بە پاڵەوان ...."

ئەمە لەلایەکەوە.. لەلایەکی تریشەوە زوڵم و زۆری دەرەبەگەکان وچەوساندنەوەی جوتیارەکان لەلایەن دەرەبەگەکانەوە پاڵی بە زۆربەی هەژارو جوتیارەکانەوە نا کە لە شوێنە نادیارەکانی ئەوروپادا خۆیان بشارنەوە، یا ڕووبکەنە چەم و دۆڵەکانی "سیبریا"، خراپتر لەهەموو کڵێسا پشتی دەرەبەگەکانی دەگرت !! ئیتر مارکس لەوەوە ڕقی لەهەموو ئایینێکی ئاسمانی هەڵگرت و وای زانی ئەمە لەلایەن خواوە هاتووە کە کۆمەڵێ دەست بەسەر بەروبوومی وڵاتدا بگرن و ئەوانی تریشیان نۆکەرو ڕەنجبەری ئەوان بن !!! بۆیە خەڵکێکی زۆر دوای کەوتن و چەپەڵەیان بۆ لێدەدا، ئێستایش داوای مانەوەی ڕێبازەکەی دەکەن، چونکە وا دەزانن لە ئیسلامیشدا دەرەبەگایەتی هەیە و تا قیامەتیش هەر دەبێ ئاغابێ ! بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك ڕاست نییە، چونکە ئیسلام بۆ یەکسان کردنی ژیانی کۆمەڵ پێش هەموو کەسێك کەوتووە، بەڵام بە شێوەیەکیش لە شێوەکانی ڕێزی خاوەنایەتی تاکەکەس ئەگرێت[1] .

[1]) بۆ ئەم مەبەستە سەرێك لە کتێبی سەربەستی لە ئیسلامدا بدە.

## کۆمۆنیزمی دان بە نادیاردا نانێت :

مارکسیزم بە جۆرێ ماددەو بونەوەرو مرۆڤ و ژیان هەڵدەسەنگێنێ، کە بەهیچ شێوەیەك دان بە نادیاردا نانێت، وەك "ڕۆح و بەهەشت و دۆزەخ وحیساب و سزاو پەری و فریشتە" !! بەڵگەیشمان ئەمانەن:

* مارکس دەڵێت: "هیچ خوایەك نییە و ژیانیش ماددەیە".

* لینین لە ساڵی (1913) دا وتی: "ئەمە کە دەڵێن خوایەك بوونەوەری ڕێکخستووە، ڕاست نییە، بەڵکو وشەی "خوا = الله" بیرێکی ئەفسانەیی یەو، مرۆڤە بێ دەسەلاتەکان دایان هێناوە" کەوابوولینین دەلێت هەرکەسێك هەوڵ بدات بۆ سەرخستنی وشەی "خوا" ئەوە مرۆڤێکی بێ دەسەلاتە و، بێجگە لەوە نەفامیشە !!.

* لە وتارێکی لینیندا _ کە لەساڵی (1913) دا لە کۆنگرەی ڕووسیدا خوێندوویەتی یەوە هاتووە دەلێت: "پێویستە لاوەکان بە خۆڕەوشتی کۆمۆنیزمی پەروەردە بکرێن، بەڵام ئەم ڕەوشتە لە ئایینی خواییەوە وەرنەگیراوە، چونکە ئێمە بڕوامان بەخوا نییە" !!!

* لینین دەڵێت: بیری ئایینی و هەر بڕوا بە خوا بوونێك.. "تەنانەت هەر بیرکردنەوەیەك لە بوونی خوا" ئەوە خوویەکی نزمی پەستە لەدەروونداا.

* ڕۆژنامەی "پراڤدا" ساڵی (1954) بلاوی کردەوە کە: "بڕوا بوون بە خوا کەلەپووری پێشینە نەفامەکانە" !!!.

* وە لەساڵی (1958) هەمان ڕۆژنامە گووتی: "بەڕاستی ئەرکی سەرشانمانە هەڵمەتێکی عەقیدەیی ڕاستەقینە بەرینە سەر ئایین.

* لە 3/ 4 / 1958 دا ئێزگەی مۆسکۆ بلاووی کردەوە: "ئایینەکان هەموو لە پڕوو پوچی و ناڕەواییدا وەك یەکن

* ڕۆژنامەی "تورکمانسکایا" لە 1 / 12 / 1958 دا بلاوی کردەوە کە: ((ئایینی ئیسلام هێزێکی ڕەشی ستەمکارەو ژیری گەندەڵ ئەکات و ژیانی گەل تێك ئەدات، لە ڕێگەی بەختیاری و ڕووناکیدا دەوستێ و، ئەم دروشمە ئایینیانە لە کۆڵ کۆمەڵ نابنەوە و هەر تلیاکن بۆ هەندێ مرۆڤ و سڕیان دەکەن و، لە پێشکەوتنیان دەخەن".

* "باكنسكی بابوشی" لە 17 / 12 / 1958 دا گوتی: "لو كان الله موجودا لما سمح ان تنبذ الدين" واتە: ئەگەر خوا هەبوایە نەیدەهێشت ئێمە ئایین فڕێ بدەین" ! ! !.

* ڕۆژنامەی "ئالای سوور" ڕۆژی 1 / 3 / 1959 دا بڵاوی كردەوە: "زۆرانبازی نێوان بێ باوەڕی و بڕوا بوون بەخوا شتێكی سروشتییەو هێشتا كۆتایی نەهاتووە و پێویستە جەماوەر ڕێو شوێنی بۆ دابنرێ بۆدەرهێنانی بن وبێخەكانی باوەڕبوون بە ئەفسانە وجنۆكە و خواكان، بە شێوەیەكی قووڵ تر لە جاران.

* لە كۆنگرەی شەشەمی كۆمۆنیزمی نێو نەتەوەیدا ساڵی 1928، ئەم بڕیارە درا: "جەنگ دژی ئایین _ تلیاكی گەل _ شوێنەوارێكی گرنگی گەورەی هەیە لەنێو ئیشەكانی شۆڕشی ڕۆشنبیری دا، دەبێ بێ وچان و، بە شێوەیەكی ڕێكخراوی، ئەم هەوڵە بدرێت"

ئەمانە و سەدان وتەی تری ناشیرینی بێ جێی ماركس و ماركسستەكان كە مەگەر تەنها هەرئەوان بیڵێن، ئەگینا هیچ كەسێك _ بێ شەرمی ئاوای نەكردووە _ بۆیە زۆر زۆر بە توندو تیژی بەرهەڵستی موسڵمانەكان دەكەن و ئەشكەنجەو ئازاریان دەدەن و هەوڵ دەدەن لە ئیسلام پاشگەزیان بكەنەوە... تەنانەت هەزاران مزگەوتیان ڕووخاندن !! هەزاران كەسیان لە سێدارە دا.. هەزارانیان لە بەستەڵەكەكانی "سیبریا" دا بێ سەروشوێن كرد.

خۆ ئەگەر ئەمە لەبیر چووبێتەوە، هێرشە بێ ویژدانەكەیان بۆ سەر شاری "خۆقند" لە ساڵی "1917" دا هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. هۆكەشی ئەمە بوو.. موسڵمانەكانی "توركستان" داوای "ئۆتۆنۆمی" یان دەكرد، داوای مافی خۆیانیان دەكرد، داوای ئازادیان دەكرد، دوای ئەوە، هەرئەوەندەیان زانی سەربازی دڕندەی بێ ویژدان هاتە سەریان وهەزارانی لێ شەهید كردن، ماڵەكانیان بەسەردا ڕووخاندن، هەرچی دارایی و سامانیان بوو دەستیان بەسەردا گرت و قاتی و قیڕیش _ دوای ئەوە كەوتە ناویانەوە _ بەهۆی ئەوەیشەوە ژمارەیەكی زۆریان لێ مردن.

هەندێ سەرچاوەی ڕەسمی دەڵێ: ژمارەی ئەو موسڵمانانەی کە "ڕووس" کوشتونی لەنێوان ساڵی 1917 _ 1918 دەگەنە ملیۆنێك [1].

خوێنەری بەڕێز: ئەمە بوو تیۆرو تێڕوانینەکانی مارکسستەکان دەربارەی بوونەوەر، دەربارەی دروستکەری بوونەوەر، دەربارەی نادیاری بەگشتی و دەربارەی ڕای بەرانبەر بەوان !

ئیتر هیوا دارم ئەوانەی کە تائێستا لە مارکسیزم تێنەگەیشتوون، لەمەولا تێبگەن و بزانن: مارکسیزم لەگەڵ هیچ ئایینێکی ئاسمانیدا ناگونجێ چونکەن بەلایەوە وایە کە لەبوونەوەردا تەنها "ماددە" هەیە و، بێجگە لەو هیچی تر نییە، ئەم ماددەیەش هەربووە و هەر دەشمێنێ و لە نێو ناچێت و ئەو ئاڵ وگۆڕەی لەم بوونەورەدا بەدی دەکرێت لە یاسای جموجووڵی ماددەوە پەیدا بووە... نەك لە شتێکی ترەوە !!

ئەوە بوو لە نامیلکەیەکدا بەناوی "وتەی زانایان و باوەڕ بەخوا" وە هەندێ لە وتەو ڕای کۆمەڵێ زانا هەمە جۆرەکانمان هێناو پشتگیری و سەلماندنی ئەوەی کە ئەم بوونەوەرە پڕ لەیاسای سەرسوڕهێنەرە لەخۆیەوە نەبووە، بەڵکو دەبێت بەدیهێنەرێکی ببێ و ئەوی لە "نەبوون"ەوە هێنابێتە خانەی بوونەوە.

سەبارەت بەو وتەیەی دوو (سینی) هەیە دەڵێن _گوایا جیهان هەربووە و هەر دەشمێنێ _ وتەی ئەم زانایانە دەخەینە پێش چاو:

1) جۆرج هوپرت بلۆنەت _ گەورەی ئەندازیارەکان لەبەشی توێژینەوەی ئەندازەدا لە زانکۆی "کالیفۆرینا" دەڵێت: "بەڵگە گەردوونیەکان ڕۆشنیان کردۆتەوە کە ئەم جیهانە لە ئاڵ و گۆڕدایە، [2] کەوابوو بێ سەرەتاو نەبڕاوە _ ئەزەلی و ئەبەدی _ نییە".

---

[1] ) حقیقة الشیوعیة لاپەڕە 186 _ 198 .

[2] ) هەرچیش _ بەپێی زانیاری مەنتیق لە ئاڵوگۆڕدا بێ ئەوە تازەیەو بێ سەرەتا نییە، کەوابوو _ لە ئەنجامدا _ ئەم جیهانەیش تازەیەو، بێ سەرەتا نییە. ئەمەیش قیاسە مەنتیقییە کەیە: (العالم متغیر ، وکل متغیر حادث فالعالم حادث) .

2) ئوسكار ليوپرايرنرا _ مامۆستای "فەلسەفە" لە دانشگای "کالیفۆرنیيا" دا دەڵێت: قەبارە ئاسمانییەکان دووگریمان هەڵدەگرن:

أ / هەرهەبوون و سەرەتايان نییە.

ب / تازەن و دروست کراون.

ئینجا لەڕووی زانایارییەوە هەردوو گریمانەکە لە بێژنگ دەداو دەڵێت: گریمان یەکەم _ کە هەرهەبوون و سەرەتايان نییە _ لە ڕووی زانیارییەوە پووچەڵ وبێ ناوەڕۆکە، چونکە ماددە لە ئاڵ و گۆڕدایە.

3) "جون کیفلاند کوثران _ سەرۆکی بەشی زانیارییە سروشتی یەکان لە زانکۆ "دولت" دا" دەڵێت: بەڵگەی کیمیاویی و نا کیمیاویی وا دەردەبڕن کە سەرەتای ماددە هێواش هێواش و لەسەرخۆ پەیدا نەبووە، بەڵکو کوتوپڕ دروست بووەو، ئێستا زانیاری دەتوانێ و دەسەڵاتی هەیە سەرەتاکەی دیاری بکات، کەوابوو جیهانی ماددی دەبێ دروست کراوبێت" [1].

بەڵێ کۆمۆنیزمی هەروەك دژی عەقیدەو بیروباوەڕە بەهەموو ئایینێکی ئاسمانی، هەروایش دژی نیشتمانەو دان بە "نیشتمان" دانانێت.

ڕاپۆرتێکی کۆمۆنیزمی دەڵێت: "کرێکار نیشتمانی نییە _ ئەی هەژارەکانی جیهان یەك بگرن".

ستالین ساڵی 1924 دا "موحازەرە" یەکیدا گوتی: "پێویستی سەرشانی کۆمۆنیستە لە هەموو دۆخێکدا تێ بکۆشێ دژی نیشتمان پەروەریی تەنگ و بەر تەسك" [2].

بەڵێ، "کۆمۆنیزمی" هەوڵ دەدات بۆ ڕووخاندنی ئایین، چونکە بەلایەوە ئایین قەڵایەکی پۆڵایینە بۆ پاراستنی ڕەوشت و "بەهاکان"، ئایین ناهێڵێ "ئامانجە سەرەکییەکانیان بێنەجێ، ئەویش کە بەرەڵایی و داوێن پیسی و بێ ڕەوشتی یە !! لە

---

[1] ) الماركسية والعالم والفلسفة ل27 _ 28 جواد الخالصي .

[2] ) الدولة القانونية والنظام السياسي الاسلامي من ص 238 _ 200 للشورى .

ڕاستیدا ئامانجیان تەنها ئەمەیە ئیتر با خۆیشیان بلێن وانییە.. با وا دابنێین کۆمۆنیزم دژی ئایین نەوستاوە و لە "یەکێتی سۆڤیەت" ئەوپەڕی ئازادیی ئایین هەیە... ئەوەتا "صوت الاحرار" ژمارە "125" ی 19 / 5 / 1959 بلاوی کردەوە کە: ئاییندارى لە "ڕووس" دا ئازادە. ئەوان وا دەڵێن!! بەڵام بەدەیان بەڵگە هەیە بۆ سەلماندنی ئەم داوایەمان، جا بۆ نموونە:

1) دەستوری یەکێتی سۆڤیەت مادده "122" ژمارە "30" ی ساڵی "1929" دەڵێ: "هەرکەسێك لە قوتابخانەکاندا، باسی ئایین بۆ منداڵان بکات.. ساڵێك، یا زیاتر دەکرێتە بەندیخانەوە".

هەروەها مادده "353" دەڵێت: "هەموو جۆرە ئامۆژگارییەکانی ئایین _ ئیتر هەرچۆن بێت _ نابێت باس بکرێن لە تەواوی دام ودەزگاکاندا، جا میری بن، وەیا سۆشیالیستی بن، یا هەر تایبەتی بن".

2) (میکو) یان پیاوی دووەمی "کرملین" هێزی لای ڕاستی "خرۆشۆف" دەڵێت: "باوکێکی دارتاشم هەبوو، زۆر هەوڵی دەدا من ببم بە "قەشە" و، هەموو ژیانم لە خزمەتگوزاری "خوا" دا تەواو بکەم، بەڵام من کاتێك بڕوانامەم بەدەست هێنا تەماشا دەکەم ناتوانم بڕوام بەخوا ببێ..." [1].

3) مارکسیستەکانی عێراق _ لەبەرچاو بەستی موسڵمانان _ کاتێ یەکێکیان لێ بمردایە ئەم ڕەستەیان بۆ بەکار دەهێنا "خوا بە بەزەییە فراوانەکەی داپۆشێ. بەڵام کاتێ زانیان ئەمە لەگەڵ ڕێبازی پارتەکەیاندا ناگونجێت و، هەندێ کەس لێیان دەسڵەمێتەوە _ بەتایبەت وڵاتە سۆشیالیستەکان _ هەڵسان بڕیارێکی نهێنیان دەرکرد لەوپەڕی پلەی نهێنیداو بڵاویان کردەوە کە نابێ ڕستەیەك بێ ناوی خوای تێدا بێ "چونکە ئەوان دان بەخوادا نانێن !!".

ئەمەیش دەقی ئەو بەڵگەنامەیە :

أمر إداري سرى ومهم للغاية

[1] ) مجلة المصور ژمارە 1785 لە 2ی کانونی دووەمی ساڵی 1959 .

العدد / س ـ ن ـ 417 ـ 59

التاريخ/11/ 3/ 1959

لقد رأينا في الآونة الأخيرة أن مكاتب بعض النقابات عند ماتنعي أحد الرفاق على صفحات الجرائد تذكر جملة "تغمدة الله برحمته الواسعة" أوما شاكل ذلك مع جمل الاساطير والخرافات الرجعية التى لا تتفق مع تقاليد الحزب و معتقداته كما تعلمون، لذلك نود ان نلفت نظركم الى هذا راجين أن تكتفوا عند كتابة النعى بجملة "راجين له ولرفاقه العزاء والسلوان"[1].

سكرتارية اللجنة المركزية.

للحزب الشيوعى العراقى.

* خوێنەری بەڕێز:

مارکسیستەکان هەرچی تیۆریان هەیە، لەسەر ئەم بناغەیە دای دەنێن و لق و پۆپی لێدەکەنەوە، واتە: لەسەربناغەی بێ خوایی، گوایا ئەم زەوی و ئاسمان و... هتد لە خۆیەوە بووە و، هەر لەخۆیەوە ڕاوەستاوە !! کەوابوو سیستمی ئابووریان لەسەر بێ خوداییە، فەلسەفەیان لەسەر بێ خوداییە، شۆڕش و سیاسەتیان لەسەر بێ خودایی یە، دەی هەرکەسێکیش بڕوای بە هەرکامێکیان ببێت پێی کافر دەبێت.

ئاواتە خوازم لە خوای گەورە و بەدەسەڵات دڵی هەموولایەکمان ڕۆشن بکاتەوە و وامان لێ بکات لە سیاسەتی ئیسلامییەوە سەیری گەردون و ژیان و مرۆڤـ بکەین.

جا با ئیتر بڕۆینە سەر باسەکەی خۆمان: "بناغەکان حوکم لە ئیسلامدا".

2) بناغە کردارییەکان: بە داخەوە مامۆستا بنەما فیکری و نەزەرییەکانی سیستمی حکمڕانی ئیسلامی لێرەدا جێهێلاوە و مەرگیش فرسەتی نەدا کە چاوی پێدا بخشێنێتەوە، با بۆ ئەوباسە سەیری کتێبی ژمارە (18) پرۆژەی تیشك بکرێت

گرنگترینی بناغە کردارییەکان لە ئیسلامدا ئەمانەی خوارەوەن:

1) بنەمای ڕاوێژ "شوورا" و یاسادانان "السلطة التشريعية"

[1] ) هزيمة الشيوعية ص 90 .

2) دەسەڵاتی پیادەکردن."السلطة التنفذية"

3) دەسەڵاتی داوەریی. "السلطة القضائية"

4) دەسەڵاتی دارایی. "السطة المالية "

5) دەسەڵاتی چاودێریکردن. "السلطة المراقبة"

جا وا پشت بەخوای گەورە یەك لە دوای یەك درێژەیان پێ دەدەین:

**یەکەم: ڕاوێژ ( شوورا )[1]**

ئیسلامی پیرۆز زۆر گرنگی بە بنەمای "شوورا" داوە: ئەوەتا خوای گەورە بێ پێچ و پەنا فەرمان بە پێغەمبەر (ﷺ) دەکات کە لەهەندێ کاروباردا تەگبیرو ڕاوێژ بە موسڵمانەکان بکات. خوا دەفەرموێ: ﴿ وشاورهم في الامر فإذا عزمت فتوكل على الله ﴾[2] واتە: ڕاوێژیان پێ بکە لە کاروباردا، جا کە دڵت جێگیر بوو لەسەر بارێك ئینجا پشت بە خوا ببەستە و پیادەی بکە. لەمەیش زیاتر، خوا "شوورا" ی کردوە بە سیفەتێکی نەپچڕاو بۆ ئەو موسڵمانانەی بەدەنگ فەرمانی ئەوەوە دەچن: ﴿ والذين استجابوا لربهم وأقاموا الصلوة و أمرهم شوورى بينهم ومما رزقناهم ينفقون ﴾[3] شووراو نوێژو بەخت کردنی سامان نیشانەی بڕوان.

**ئیشەکانی ئەنجوومەنی ڕاوێژ:**

دەستوور لە ڕژێمی سیاسی ئیسلامیدا لە کۆمەڵە "حوکمێکی شەرعی" پێك هاتووە، ئینجا ئەم حوکمانە لقی "خوا پەرستی و مامەڵە و تۆڵە "العبادات والمعاملات والعقوبات" یان لێ پەیدا دەبێت، مامەڵە و تۆڵە وەرگرتن یاسای گشتی و تایبەتی بەهەموو جۆرەکانییەوە دەیان گرێتەوە .

---

[1] ) بناغەی پەیوەندییە لەنێوان کۆمەڵگە و فەرماندەدا و، بنچینەی گوێڕایەڵی لەلایەن کۆمەڵەوە بۆ (حاکم) و فەرماندەر، دادگەریش بۆ ئەم ڕاوێژە گەورەترین مەرجە، واتە شوورا کە هەر لەسەرتاوە مانای (( عەدالەت )) ی تێدا لەپێش چاو بگیرێت .

[2] ) سوورەتی/ آل عمران / 160 .

[3] ) الشورى / 35 .

حوکمە شەرعییەکان _ کە ئەم هەموو مانایانە و هەموو ڕووەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ و میری دەگریتەوە _ هەندێکیان قورئانی پیرۆز بە ڕۆشنی دانی پێدا ناون، یان فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)، یان ئیجماعی موسڵمانانی لەسەرە، یان حوکمەکەی لە ڕێگەی "ئیجتهاد" ەوە دەرهێنراوە.

ئیجتهاد ئەگەر چی ئەوی دەسەلاتی ئیجتهادی بێ _ موسڵمانان _ بۆی هەیە ئەنجامی بدات، بەڵام ئەگەر لە کۆڕێکدا وەك کۆڕی ئەنجوومەنی ڕاوێژ (مجلس الشوری) چەند موجتەهیدێك کۆبوونەوە ئەوا کاریان تەنها ئەوەیە کە "حوکمە شەرعییەکان" وەردەگرن و ئامادەیان دەکەن بۆ پیادەکردنیان، ئیتجا ئەنجوومەنی ڕاوێژ هەڵدەسێ بە پیادەکردنیان بەو شێوەیەی لەلایەن تێکڕای کۆڕەکەوە بڕیاری لەسەر دراوە. ئەمەیش دوای ئەوەی کە "پێشەوا = ئیمام" فەرمان بە پیادەکردنیان دەدات. جا کە پێشەوا بڕیاری دا هەردەبێ ئەوەپیادەبکرێ: ﴿... أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الامر منكم.. ﴾[1].

دەگێڕنەوە کاتێ ئەم ئایەتە _ وشاورهم في ألامر... _ هاتە خوارەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: "بزانن خواو پێغەمبەرەکەی پێویستیان بە ڕاوێژ نییە، بەڵام خوای گەورە بەزەیی و سۆزی بۆ ئوممەتەکەم هەیە، دەرووی خێری بۆ کردوونەتەوە، جا هەرکەسێك ڕاوێژ بکات ڕێگە هەڵە ناکات، هەر کەسێکیش پشتگوێی بخەن تووشی گێروگرفت دەبن".

پێغەمبەر (ﷺ) زۆرجار موسڵمانانی بۆ بنەمای "شوورا" هەڵناوە وەك ئەم فەرموودەیە:

"ماندم من استشار، ولا خاب من استخار"... وە فەرموویەتی: "المستشار مؤتمن"... وە فەرموویەتی: "ماتشاور قوم قط الا هدوا الى رشد أمرهم".

دەستەی زانایانیش بێ جیاوازی لەم نەخشەوە ڕۆیشتوون بۆیە دەفەرموون: "هەر فەرماندەو سەکردەیەك بنەمای"شوورا" پشت گوێ بخات لادانی واجیب و پێویستە[2].

---

[1] ) النساء / 59 لە پێشەوە مانا کراوە .

[2] ) الاسلام واوضاعنا السياسية / عبدالقادر عوده .

کەوابوو هەرباسێك و پێویستییەك بێتە گۆڕەپانی ژیانەوە _ یاسایی بێت، ئابووری بێت، سیاسی بێت.. هتد _ دەبیٚ بدرێت بە ئەنجوومەنی ڕاوێژ تا لەژێر ڕووناکی قورئان و فەرموودەکاندا حوکمەکەی بۆ دەربهێنیٚ واتە: دەبیٚ لەسنووری ئەم دووانە دەرنەچن....

ئەنجوومەنی ڕاوێژ کە لەدەستەی زانایان و موجتەهیدەکان و هەندیٚ پسپۆڕ لە بڕیٚ بواردا پێکهاتووە نابیٚ ڕایەك بدات لەگەڵ تەرازووی ئیسلامیدا نەگونجاو بێت، ئەندامەکان هەریەکەیان لەگەڵ بەڵگەدا "لە قورئان و فەرمودەو ئیجماع و قیاس ئیستحسان و مەصلەحەو..." وتەی خۆی ئاڕاستەی کۆڕ دەکات واتە هەرکات شتێك هاتە بەردەم پێشکەشی ئەنجومەن دەکریٚ و لە ڕاگۆڕینەوەدا ئەویش حوکمی بۆ دەردەهێنیٚ و دەکرێتە یاسای دەوڵەت.

دەسەڵاتی ئەنجوومەنی ڕاوێژ بە ئیجتهادێکی ڕەواوە بەسراوە، کە لەگەڵ یاسا بنەڕەتییەکانی ئیسلامدا بگونجێت، کەوابوو نابیٚ بڕیاریٚ دەربکات کە لەگەڵ قورئان و فەرمودەدا نەگونجێت، ئەگەر وایکرد ئەوە لە یاسای خوا دەرچووە و بەدەستدرێژی کەر دەدرێتە قەڵەم ﴿ ومن يتعد حدود الله فقد ظلم نفسه ﴾ [1]. واتە: هەرکەسێك لە سنووری خوا دەرچێت ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە.

"ام لهم شركاء شرعوا لهم من الذين مالم يأذن به الله [2]..؟!.

**کارەکانی نوێنەرانی گەل:**

دانانی دەستەیەك بە نوێنەرانی هەموو گەل کارێکی پێویستە لەئیسلامدا بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر چاوێك بگێڕین بە فەرموودە و ڕەوشتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە ڕۆشنی ئەم تیۆری نوێنەرایەتی کردنە لە کۆمەڵدا (نظرية النيابة عن الامة) بەرچاو ئەکەویٚ. واتە لە ئیسلامدا ڕەوایە "کۆمەڵێك" ببنە نوێنەری هەموو گەلی موسڵمانان.

1- کۆمەڵێك هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) لە پەیمانی "عەقەبە" دا ئەویش پێی فەرموون: "دوازدە کەستان هەڵبژێرن بۆم تا ببن بەدەسەبەر "کەفیل" ی گەلەکەیان...

[1] ) الطلاق / 1 .

[2] ) الشورى / 21 .

ئەوانیش دوازدە کەسیان بۆ هەڵبژارد"[1]. ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموون: "أنتم – کفلاء – علی قومکم، وأنا علی قومی قالوا نعم".[2] واتە ئێوە _ ئەی کەفیلەکان _ بەرپرسیارن بەسەر هۆزەکەتانەوە منیش بەرپرسیارو چاودێری کەری گەلەکەمم. ئەوانیش وتیان بەڵێ؟

ئەمە مانای وایە کە مرۆڤ بۆی هەیە کەسێك هەڵبژێرێ و بیکا بەنوێنەر "ممثل" ی خۆی بۆ پیادە کردنی کاروباری ژیانی، وەك ئەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێکردن و ئەوانیش ئەو دوازدە کەسەیان هەڵبژارد و ئەمیش بێ پێچ و پەنا فەرمووی ئێوە کەفیل و نوێنەری تیرەکەتانن.

2– لە ڕۆژی "بەدر" دا پێغەمبەر (ﷺ) ڕاوێژی بە هاوەڵەکانی کردو فەرمووی: "أشیروا علی _ وانما یرید الانصار_ فقام سعد بن معاذ فقال: أنا أجیب عن الانصار، کأنك یا رسول الله تریدنا قال: أجل قال: فامض یا نبی الله لما أردت فوالذی بعثك بالحق لواستعرضت بنا هذا البحر فخضته لخضناه معك مامنا واحد. فقال رسول الله (ﷺ) سیروا علی برکة الله".[3] ڕای خۆتانم بۆ دەربڕن _ مەبەستی لە یارمەتیدەرەکان بوو _ سەعدی کوڕی معاذ هەڵساو وتی: وا دیارە مەبەستت لە ئێمەیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی بەڵێ، سەعد وتی: ئەی پێغەمبەری خوا چیت ئەوێ: بیکە سوێند بەو کەسەی تۆی بەهەق ناردووە ئەگەر تۆ بمانخەیتە ئەم دەریاوە و خۆت بڕۆیتە ناوی لەگەڵت دێین، تا پیاوێکمان بمێنێت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کەوابوو لەسەر "بەرەکەت"ی خوا ڕێگە بگرنەبەر.

ئەمەیش وا نیشان ئەدات کە دروستە تەنها مرۆڤێك بێ بە "ممثل" و جێگری کۆمەڵێك وەك "سەعد" کە یەکێکە لە پیاوە گەورەکانی یارمەتی دەرەکان، ئەوە بوو کاتێ وتی: "من لەباتی ئەنصار وەڵام ئەدەمەوە پێغەمبەر (ﷺ) بێ دەنگ بوو و کارەکەی پەسەند کرد.. لەولایشەوە یارمەتیدەرەکان بێدەنگ بوون لێی، بەتایبەت ئەگەر سەرنجی وشەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بدەین کە فەرمووی "بەڵێ، اجل" پتر دەرئەکەوێ دانانی

---

1) الطبقات الکبری / لابن سعد(ج3 / ص602)

2) سەرچاوەی پێشوو .

3) الطبقات الکبری / لابن سعد( ج2 ص14 )

یاسای نوێنەرایەتی تەنها کەسێك لەجیاتی هەموو تیرەکەی ئەگەر پەسەندی نەکردایە ئەی فەرموو: "لاتجبنا عنهم ولنسمع آراءهم". تۆ لەباتی ئەوان قسە مەکە، با خۆیان قسە بکەن.

3- کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی "ئەوس و خەزرەج" ئاشت بکاتەوە لەگەڵ "بنی غطەفان" دا ڕاوێژی بە "سەعدی کوڕی معاذ و سەعدی کوڕی عبادە" کرد سەبارەت بە مەسەلەکە لە سەر سێ یەکی بەروبوومی "مەدینە".

دەی کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاوێژ تەنها بەو دووانە ئەکات لە کاتێکدا بەروبومی مەدینە لە گیرفانی هەموویان دەردەچێت ئەمە مانای وایە دروستە تەنها کەسێك نوێنەرایەتی تیرەیەك بکات.

### ئیجماعیش نوێنەرایەتی ئەسەلمێنێ :

دیارە لە یاسایی ئیسلامی پیرۆزدا هەڵبژاردنی "خەلیفە" و پێشەوا لە ڕووی پەیمان و "بەیعەت"ەوەیە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە ئەبێت کە نوێنەرو "ممثل" ی کۆمەڵن کە بەیاسای فیقهی ئیسلام پێیان ئەڵێن "ئەهلی حەل و عەقد = ئەنجوومەنی ڕاوێژ" ئینجا دوای بەیعەتەکە "هاوەڵەکان" "ئیجماع" یان لەسەر بەست.

گرنگترین بەڵگە بۆ ئەمە سەردەمی ئیمامی "عومەر"ە (خوا لێی ڕازی بێت) ئەوەبوو دانی نەنا بە هیچ کەسێکدا دوای خۆی بکرێت بە جێ نشین، بەڵکو دایە دەست گەل و کۆمەڵ، دایە دەست نوێنەرەکانی خەڵك کە ئەنجوومەنی ڕاوێژی ئەو کاتە بوون وەك: ئیمامی "عەلی، عوسمان، تەلحە، زوبەیر، سەعد، عەبدولرەحمان". ئەوەیشمان لەبیر نەچێت کە ئەمانە لە پیاوە هەڵکەوتووەکانی هاوەڵەکان بوون. واتە ئەبێت کاروبار بە دەست ئەهلی خۆیەوە بدرێت، وەك چۆن عومەر لە ناو هەموو هاوەڵاندا ئەوانەی پەسەند کرد. ئاشکرایە ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ دان نان بە تیۆری نوێنەرایەتیدا [1].

1) هەڵبژاردنی ئەمیر (مافێکی ڕەوای کۆمەڵە و بە کرداری پێغەمبەر (ﷺ) ثابت بووە. چونکە ئەوەتا لە لایەکەوە (پێشەوا) یی پێویست کردووە، لە لایەکی تریشەوە کاتێك کۆچی کرد هیچ کەسێکی دانەنا لە جێگەی خۆیدا، بەڵکو هێشتیەوە. ئەمە مانای ئەوەیە کە هەڵبژاردنی پێشەواو سەرۆك مافی گەلە . ئەوەبوو

ئیبن سەعد لە کتێبی "الطبقات الکبری"دا و"ماوەردی" لە کتێبی "الاحکام السلطانیة"دا لاپەڕە "12" ئەفەرموون: کاتێك ئەنجوومەنی ڕاوێژەکە کۆبوونەوە (عەبدولرەحمان) فەرمووی: کاروبارتان بدەنە دەست سێ کەستان "واتە ڕاتان کۆبکەونەوە و بیسپێرن بە سیانتان" ئینجا "زوبەیر" ئیمامی عەلی کرد بە "وەکیل" تەلحە ئیمامی عوسمانی کرد بە نوێنەری خۆی، سەعدیش عەبدولرەحمانی هەڵبژارد، ئینجا ئەو سێ کەسەیش کۆبوونەوەیەکیان کرد. عەبدولرەحمان فەرمووی: ئەم ئیشە ئەسپێرن بەمن ـ وا من لێی دەرچووم ـ سوێند بەخوا هەرگیز چاو نانوقێنم لە چاکتان؟ وتیان بەڵێ، ئینجا بەتەنها لەگەڵ ئیمامی "عەلی" دا کۆبووەوە و پێی وت: سوێند بە خوا ئەم کارە شایەنی تۆیە، چونکە خزمایەتیت لەگەڵ پێغەمبەردا هەیە، وە زۆر لە کۆنەوە بڕوات هێناوە، وە ئەگەر تۆ ببی بە جێ نشین سوێند بە خوا بە دادگەریانە ڕەفتار ئەکەیت، خۆ ئەگەر "عوسمان" یش بکرێ بە "خەلیفە" تۆ وتەی وەرئەگریت و فەرمان بەرداری ئەکەیت وتی بەڵێ. بەتەنها لەگەڵ عوسمانیشدا کۆبوویەوە و چی وت بە "عەلی" وتیشی بەو، عوسمانی فەرمووی: بەڵێ "تۆ هەرچی دابنێیت من بەگوێت ئەکەم،. ئینجا (عبدالرحمن) فەرمووی: عوسمان دەستت بێنە، ئەویش دەستی هێنا و عەلی پەیمان و "بەیعەتی" لەگەڵ بەست و، خەڵکەکەیش چاویان لەو کردوو بەیعەتیان پێکرد".

ماوەردی ئەفەرمووێ: "ئەنجوومەنی ڕاوێژەکە دوای ئەوەی کە شەش بوون، بوون بە سێ ئینجا دوای ئەوە بوونەوە بە دوو "عەلی و عوسمان" ئیتر (عبدالرحمن) ڕۆیشت تا خەڵکەکە ئاگادار بکات بە باسەکە.

بەڵێ ئەم شەش کەسە کە نوێنەری کۆمەڵ بوون بۆ هەڵبژاردنی "ئەمیر" سەرئەنجام هاتەوە سەر یەك کەسیان و ئەوانی تریان کارەکەیان بەئەوسپارد

ئەنجوومەنی شوراکە بۆ یەکەمجار ئەمانە بوون:

---

دوای کۆچ کردنی ئەوەیش هاوەڵەکانی (ئیجماع) یان بەست بۆ (ویلایەت)ی ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت).[1]

"عەلی، عوسمان، تەلحە، زوبەیر، سەعد، عبدالرحمن"، بۆ دۆخی دووەم هاتنەوە سەر ئەمانە "عبدالرحمن، عەلی، عوسمان" ئەم سیانە بوون بە نوێنەری کۆمەڵ بۆ هەڵبژاردنی "ئەمیر" بۆیان، ئینجا "عەلی و عوسمان" "عبدالرحمن" یان هەڵبژارد تا ئەویش سەربەست بێت بۆ هەڵبژاردنی "ئەمیر". دوای ئەوە "عبدالرحمن" ئیمامی عوسمانی هەڵبژارد.

با ئەوەیش بخەینە پێش چاو کە بەهیچ شێوەیەك ڕەخنە نەگیرا لەو شەش هەڵبژێرراوانە لە لایەن هاوەڵەکانەوە، هەروەك بۆ هەڵبژاردنی سێ کەسەکەیش ڕەخنە نەگیرا، لە کۆتاییشدا بۆ تەنها کەسەکە هیچ کەسێك دوو دڵی پێشان نەدا. کەوابوو ئەم کارە بوو بە "ئیجماع" لەسەر ئەوەی کە دروستە نوێنەر بۆ گەل "هەڵبژێری".

"ئەو ئەنجوومەنەیش کە بەمکارە هەڵدەستن وەنەبێت کار بۆ خۆیان بکەن، بەڵکو هەرچی ئەکەن "وەکیل" و جێگری کۆمەڵن [1]*.

## "فەرزە کیفاییەکان بناغەن بۆ بیرۆکەی نوێنەرایەتی"

بەڵێ، فەرزە کیفاییەکانیش بەڵگەیەکی ترن بۆ دروست بوونی نوێنەرایەتی لەجیاتی کۆمەڵ واتە ئەو شتانەی کە پێویستن لەسەر شانی هەموو کۆمەڵ بیکەن لە ناوچە و کۆمەڵەکەدا، بەڵام ئەگەر تەنها کەسێك پێی هەڵسێ لە کۆڵی هەموویان ئەکەوێ و تاوانبار نابن لای خوای خۆیان، چونکە ناگونجێ هەموو کۆمەڵەکە خەریکی تەنها ئیشێ بن وە دەست لە پێویستی یەکانی تر هەڵبگرن.

---

[1] ) د. محمد ضياء الدين الريس / النظريات السياسية الاسلامية ص 177 .

* لێرەدا سەرنجێك بە پێویست ئەزانین، سێ ڕۆژ دانراوە بۆ ڕاوێژکردن بە خەڵکی و "عەبدولرەحمان (رەزای خوای لێ بێ)" ڕاوێژی بە هەموو خەڵکی کرد، ئایا کێ دەنگ بە (عەلی) و کێ دەنگ بە (عوسمان) ئەدات ! "ئیبن کەثیر "له البداية والنهاية: (146/7) دا ئەڵێ: عەبدولرەحمان پرسی بە هەموو کەسێك کرد لە فەرماندەی سوپاو کارمەندانی حکومەتی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەنصارو موهاجرین و تەنانەت پرسی بەو کچە گەنجانەش ئەکرد کەلەپەردەدا بوون، پرسی بەو منداڵانەش ئەکرد کەلە حوجرەکاندا بوون، هەموو دەنگیان بۆ عوسمان ئەدا".. "عبدالرحمن ڕای ئەو ڕێبوارو سوارانەشی وەردەگرێت لەو سێ ڕۆژەدا کە دانرابوو بۆ ڕاوێژکردن بەخەڵك ئەهاتنە مەدینە، هەمووڕایان بۆ عوسمان ئەدا تەنیا (عەمار) و (میقداد) نەبێ کە ڕایان بۆ (عەلی) ئەدا"..(تیشك)

ئاشكرایه هەموو كۆمەڵ ناتوانن ببن به "ئەمیر"، وه هەموویشی ناگونجێت بۆ ئەو ئیشه، كەوابوو دانانی جێگر بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری وڵات "فەرزی كیفایه" یه. تەنها كەسێك _ وەك وەكیلی كۆمەڵەكە _ هەڵئەسێ به پیادەكردنی ئەو كارانەی گەل پێویستی پێیان هەیه.

بێجگه لەمەیش بەپێی یاسای ئیسلام كۆمەڵی موسڵمانان هەرگیز لەسەر تاوان و گومڕای كۆنابنەوه: واته كه تیۆری نوێنەرایەتی به "ئیجماعی ئوممەت" سەلمێنراوه، مانای ڕاستێتی و پەسەند بوونیەتی له تەرازوی ئیسلامدا، چونكه پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێ: "ان أمتی لاتجتمع علی ضلالة"[1]، واته: بێگومان گەلی من لەسەر گومڕایی كۆنابنەوه.

## كێ ئەبێ به نوێنەری كۆمەڵ...؟

بۆ ئەو كەسانەی ئەبن به نوێنەری گەل دەستەی زانایان گەلێ ناویان لێ ناون گەلێ مەرجیشیان بۆ داناون و بۆ دیاری كردوون...

"ماوەردی" پێیان ئەڵێت: "ئەهلی حەلل و عەقد" و سێ مەرجیشی بۆ داناون:

1– ئەبێ دادگەر بێت...

2– ئەبێ شارەزایی ئەو زانیارییەی ببێت كه بتوانێت ئەو كەسەی پێ بدۆزێتەوه كه شایەنی "ئیمامەت" و پێشەوایەتی بێت.

3– خاوەن ڕاو حیكمەت بێت تا بتوانێت ئەو كەسەی كه شایەن تربێت بۆ پێشەوایەتی هەڵبژێرێ. واته: ژیرو وریا و تێگەیشتوو و خاوەن حیكمەت بێت.

"بەغدادی" پێیان ئەڵێت: "ئەهلی ئیجتهاد".

(*) لێرەدا سەرنجێك بەپێویست ئەزانین، سێ ڕۆژ دانرا بۆ ڕاوێژكردن بەخەڵكی و خاوەنی "تەفسیری ئەلمەنار" یش مانای "ئەهلی حەلل و عەقد" به ڕۆشنتر ئەكات بۆیه ئەفەرمووێ: "خاوەن دەسەڵات "أولوا لامر" دەستەی (حەلل و عەقدن) كه ئەوانیش

---

[1] ) سنن الترمذی 4/ 466 وسنن ابن ماجه 2/ 1203 و الجامع الصغیرالسیوطی، ص88 .

بریتین له "ئه‌میر"ه‌كان و فه‌رمانده‌كان وزاناكان و ئه‌فسه‌ره‌كان و ئه‌وانه‌ی تریش كه خه‌ڵكه‌كه له كاتی ته‌نگانه و پێویستی دا پرس وڕایان پێ ئه‌كه‌ن"[1] .

ئیمامی نه‌وه‌ویش (خوای لێ ڕازی بێت) "ئه‌هلی حه‌لل و عه‌قد" به‌م شێوه‌یه پێناسه ئه‌كات و ئه‌ڵێت: ئه‌هلی حه‌لل و عه‌قد ده‌سته‌ی زانایان و سه‌رۆكه‌كان و ئه‌و پیاوه ماقوڵانه‌ن كه ده‌ست بدات بۆ كۆبوونه‌وه‌یان" [2] .

مامۆستای زیره‌ك و وریایش "ئیبن ته‌یمییه" (خوای لێ ڕازی بێت) پێناسه‌یان ئه‌كات كاتێك باس له "أولو الامر" ئه‌كات و ئه‌ڵێت: "خاوه‌ن كردارو فرمان ئه‌و كه‌سانه‌ن فرمان ئه‌ده‌ن به خه‌ڵك له‌مه‌یشدا ده‌سه‌ڵاتدارو ده‌ستت دار، زانا و ئه‌هلی "كلام" به‌ر ئه‌كه‌ون... كه‌وابوو خاوه‌ن فرمانه "اولوا الامر"ه‌كان دوو تاقمن: زانایان و فه‌رمانده‌كان... ئینجا پاشا و هه‌ر پیاوێكی تری هه‌ڵكه‌وته‌یش له‌مه‌دا به‌ر ئه‌كه‌ون" [3] .

ئیبنی خه‌لدونیش ئه‌ڵێت: ڕاوێژو "حه‌لل و عه‌قد" بۆ كه‌سێك ئه‌بێت ده‌سه‌ڵاتی كردنه‌وه و گرێدانی كار كردن و نه‌كردنی ببێت... ئه‌و كه‌سه‌ی كه هێزی ئه‌وه‌ی نه‌بێت و نه‌یشتوانێ كاروباری خۆی ببیاته سه‌رو پارێزگاری خۆی بكات و باریش بێت به‌سه‌ر خه‌ڵكییه‌وه، ئه‌وه ئه‌و كه‌سه چ په‌یوه‌ندییه‌كی به ئه‌نجوومه‌نی ڕاوێژه‌وه هه‌یه؟ !.

دیاره ئه‌وه پرس و ڕا و ته‌كبیرو ڕاوێژی بێ سووده.. سا مه‌گه‌ر پرس وڕای ئه‌وه‌نده‌ی پێ بكرێت بۆ ده‌رهێنانی "حوكمه شه‌رعییه‌كان" و "فتوا" لێوه‌رگرتنی. ئیتر له ڕووی سیاسی یه‌وه هیچ ڕۆڵێك نابینێت" [4] .

به‌كورتی: ئه‌نجوومه‌نی ڕاوێژ ئه‌و زانا و سه‌رۆكانه‌ن ئه‌و مه‌رجانه‌یان تێدابێت كه ماوه‌ردی باسی كردن. دیاره هه‌موو كه‌سێك ئه‌و مه‌رجانه‌ی تێدا نایه‌ته جێ و نابێته زاناو دانا، بۆیه كۆمه‌ڵ كاروباری خۆی ئه‌سپێرێ پێیان و ئه‌یانكات به نوێنه‌ری خۆیان.

---

[1] ) تفسیر( المنار) ( ج 5 ص181 ) ، دیاره ئه‌مه ته‌فسیری ئایه‌تی : (( یاایهاالذین امنوا اطیعواالله واطیعوا الرسول واولی الامر منكم ...)) ه

[2] ) المنهاج للنووی .

[3] ) الحسبة في الاسلام ص 102 ابن تیمیة .

[4] ) ابن خلدون : المقدمة ص 224 .

## نوێنەری كۆمەڵ چۆن ئەگاتە ئەنجوومەنی ڕاوێژ؟

بەڵێ ئەم پرسیارە خۆی دێنێتە بەردەم و ئەڵێت: ئایا ئەندامەكانی كۆڕی ئەنجوومەنی ڕاوێژ چۆن ئەگەنە پلەی جێگریەتی..؟ ئایا بە خزمەتە؟ وەیا بە"تەقوا" و خوا ناسینە؟ یان چۆن و چۆنە؟.

لە وەڵامدا ئەڵێین: هەركەسێك چاوێ بگێڕێ بە مێژووی پێشووی ئیسلامدا بۆی دەرئەكەوێ كە ئەنجوومەنی ڕاوێژ _ ئەهلی حەلل و عەقد _ ناسراو ودیاری بوون و بە پەنجە ئاماژەیان بۆ كراوە.. خەڵكەكە هاتووچۆی كردوون، داوای فەتوایان لێكردوون.. سەرئەنجام كردەوەی پاكی خۆیان و تەقواو دادگەریی و ڕاستیان و هەوڵ و جیهادیان و خزمەتیان لەگەڵ پێغەمبەر دا (ﷺ) و خۆشەویستی موسڵمانەكان بۆیان و متمانەیان پێیان و ڕەزامەندییان لێیان، ئەمانە هەموو بەرزی ئەكردنەوە بۆ ئەو جێگە و ڕێگەیە كە پێی ئەڵێن: ئەنجوومەنی ڕاوێژ .

ئینجا با بزانین ئەو"عەقد" و پەیمانەی ئەو نوێنەرانە پێی هەڵئەسن و ئەبێ بە بەڵگەی ڕاستی و ڕەوانی كارەكەیان چییە؟ واتە هەر ئیشێك ئەكرێ و كەسێك پێی هەڵئەسێ ئەبێ لەلایەن خاوەن كارەوە مۆڵەت بدرێ و ڕەزامەندی بخرێتە پێش چاو، دەی ئایا ئەم ئیشی ئەنجوومەنە "وەكالەتە" یان؟ وە ئەگەر وەكالەتە ئەبێ چ جۆرە وەكالەتێك بێت؟ چونكە ئاشكرایە وەكالەتمان دوو جۆرە:

ا/ وەكالەتی ڕاشكاوانە و ڕاستەوخۆ "الصراحة".

ب/ وەكالەتی ناڕاستە وخۆ "ضمنية".

كەوابوو وەكالەت _ كە پەسەند بێت لە فیقهی ئیسلامیدا _ ئەو دوو جۆرەیە.. ئەگەر سەیری سەردەمی "خیلافەی ڕاشیدین" بكەین بۆمان دەرئەكەوێ كە هەڵسانی ئەو كۆمەڵە پاكانە بۆ جێبەجێكردنی كاروباری موسڵمانان بە شێوەی "وەكالەتی ناڕاستەوخۆ = ضمنيي" بووە.

بۆ ئەو سەردەمە وەكالەتی ناڕاستەوخۆ بەس بووە، چونكە موسڵمانان پتر لە خەڵكی ئەم سەردەمە دادگەرو ڕاست تر بوون، وە هیچ كات ئەگەر "صیفەتە" كانی نوێنەرایەتیان تێدا نەبێت هەرگیز خۆیان ناهێننە پێشەوە.

کەوابوو ئەی ئێستا چۆن ئەنجوومەنی ڕاوێژ هەڵئەبژێرن؟ ئایا وەکالەتی ناڕاستەوخۆ بەسە وەك سەردەمی جیّ نشینەکانی ئیسلام؟ یا ئەبیّ بە وەکالەتی ڕاستەوخۆوڕاشکاوانە بێت؟.

بەڵیّ، ئەگەر سەرنجێك لە یاسای ئیسلام بدریّ کە چۆن هەموو گۆشەو قوژبنێکی ژیانی گرتۆتەوە، دەرئەکەویّ زۆر بە ڕۆشنی کە لە ئیسلامدا یاسای هەڵبژاردنیش هەیە، چونکە کاروبار ناڕوات بیّ ئەو ئەنجوومەنەیە، هەرشتێکیش کاروباری لەسەر بڕوا بەڕێوە پێویستە و واجبە، کەوابوو یاسای هەڵبژاردنیش پێویستە، بەڵام بەو شێوەیە کە لەگەڵ "ڕۆحی" ئیسلامدا بگونجێت، ئەویش بەم جۆرە ئەبێت کە: دوور بێت لە دەست بڕین و پڕو پاگەندە و چاو بەس و کڕین و فرۆشتنی دەنگ و ڕەنگەکان وەك ئەمڕۆی سەدەی بیستەم !!، وە بەومەرجەی کە مەرجەکانی هەڵبژاردن _ لە ئیسلامدا _ لە نوێنەرەکاندا بێنەجیّ، واتە نوێنەرەکان ئەو کەسانە بن لە ئیسلامدا پەسەند بن، ئینجا با ئەوەیشمان لە بیر نەچێت کە ئێستا "وەکالەتی ناڕستەوخۆ" بەس نییە، بەڵکو ئەبیّ بە ڕاستەوخۆ "ئەو ئەنجوومەنە بکرێن بە نوێنەر لەلایەن کۆمەڵەوە،چونکە "پەسەندکردنی" ئەم جۆرە وەکالەتە ناڕاستەوخۆیانە دەرگایەکی ناهەموار ئەکاتەوە بۆ گەل و کۆمەڵ، بە شێوەیەك "زۆر جار" سەر بکێشیّ بۆ ئاشوبوو "بشێوی"، چونکە هەموو کەسێك _ با مەرجیشی تێدا _ نەبێت _ هەوڵ ئەدا و خۆی ئەگەیەنێتە ئەو ڕێگەیە و خۆی ئەکات بە نوێنەری گەل بە بەڵگەی ئەوەوە کەگوایا نوێنەرایەتی یەکەی "ضمنيي" و ناڕاستەوخۆیە"[1].

## نوێنەرانی کۆمەڵ پاسەوانیان بۆ دائەنرێت:

نوێنەرەکان، ئەهلی حەلل و عەقد، یا کۆڕی ئەنجومەنی ڕاویژ مافیان هەیە لەڕژێمی سیاسی ئیسلامدا پاسەوانیان بکریّ و چاودێرییان بکەن لەدەست ناپاك و پیاوخراپ، بۆ ئەوەی دەست درێژییان بۆ نەکەن، لەولایشەوە بشتوانن بەڕێکو پێکی کارەکەیان ئەنجام بدەن بیّ ئەوەی ترس و بیمیان لەهیچ کەسێك ببیّ.

[1] ) د. عبدالكريم زيدان أصول الدعوة ، ص160 .

خاوەنی کتێبی "الطبقات الكبرى)" ئەڵێت: پێشەوا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) بە چەند کاتێك پێش مردنی_ ناردی بۆ لای ئەبوو طەلحە و "فەرمووی: پەنجا کەس لە خزمە "ئەنصاری" یەکانت هەڵبژێرە بۆ چاودێری کردنی ئەنجوومەنی ڕاوێژ..." [1].

ئەبوو (طەلحە) یش _ خوای لێ ڕازی بێت _ دەستبەجێ هەڵسا پەنجا کەسی هەڵبژارد و لەدەرگای ئەنجوومەنی ڕاوێژدا وەستاندنی و کردنی بە پاسەوانیان.. کاتێ ئەوان کارەکەیان سپارد بە "عەبدولڕەحمان" بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمەڵ، ئەوەبوو (طەلحە) خۆی و پەنجا کەسەکە هاتنە بەر دەرگای ماڵی (عبدولڕەحمان)، بەجێیان نەهێشت تا پەیمانیان بەست و بەیعەتیان کرد بە ئیمامی عوسمان _ خوا لێی ڕازی بێت _ کەوابوو پێویستە _ بۆ ئەمڕۆ زیاتر لەو سەردەمە _ کە ئەنجوومەنی ڕاوێژ پاسەوان و چاودێریکەریان بۆ دابنرێ.

خوێنەری بەڕێز: پێم خۆشە هەردووکمان سەرنجێکی ئەم جێگایە بدەن و بیرێکی لێ بکەینەوە... تەماشا بکەین چۆن پێشەوا عومەر فەرمانی دا کۆمەڵێك لە یاران بکرێن بە پاسەوان، تا تێ بگەین کە موسڵمان ئەبێ دوور بین بێت، وریا بێت، هۆ بەکاربهێنێت بۆ مانەوەی خۆی.

خاتوو عائیشە "خوا لێی ڕازی بێت" فەرمووی: شەوێکیان پێغەمبەر (ﷺ) نەخەوت و مایەوە تا شەوێکی درەنگ، _ بەهەر هۆیەکەوە بوو _ فەرمووی: "ليت رجلا صالحا من أصحابي يحرسني اليلة إذ سمعنا صوت السلاح، قال من هذا؟ قيل: سعد يارسوا الله !جئت احرسك فنام النبي (ﷺ)حتى سمعنا". [2] واتە: خۆزگە ئەم شەو پیاوێکی چاك لە هاوەڵەکانم ئەهات پاسەوانی ئەکردم... کتوپڕ دەنگی چەکمان بیست، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کێیە؟ لەلایەن سەعدەوە وەڵام درایەوە: ئەی پێغەمبەری خوا: سەعدم بۆ ئەوە هاتووم پاسەوانیت بکەم، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) (بە دڵنیایی پاڵی دایەوە و) نوست، (هەرچەندە زۆر پشت سوور بوو کە خوا ئەیپارێزێ) وە گوێمان لە پرخەیەوە

---

[1]) ابن سعد / الطبقات الكبرى (ج3 ص61 ).

[2]) ارشاد الساری كتاب التمني/ ،( ص278 ) .

بوو. ئەمە مانای وایە بۆ موسڵمان پێویستە پاسەوانی خۆی بکات بە "چەك" و هەرشتێکی تر بە کەڵکی ئەو سەردەمە بێت.

هەرچەندە _ زۆر بەداخەوە _ موسڵمان ناوێرێ نزیکی چەك بکەوێتەوە ئەم قسەیە قسەی هەشتاکانە وەدواترئەو قسەیە جێگەی گاڵتەی خەڵك بوو (تیشك)_ خێرا بە فیکەی دوژمنانی خوا _ جاڕی بۆ ئەکێشن و ئەڵێن: موسڵمان ئەگەر موسڵمان بێت چەکی بۆ چییە؟ پاسەوانی کەی ئەویٰ؟ !.

## پێکهێنانی ئەنجوومەنی ڕاوێژ بە چەند جۆر ئەبیٰ؟

لە مێژووی ئیسلامیدا شێوەیەکی تایبەتی دیاری نەکراوە بۆ ڕاوێژکردن بە خەڵکی، بەڵکو چەندەها جۆری هەبووە وەك:

یەکەم: پرس و ڕا بە پێشەوایانی کۆمەڵ... ئەمەیش لە جەنگی "خەندەق = چاڵ" دا دەردەکەوێت. ئەوەبوو پێغەمبیەر (ﷺ) پرس و ڕای کرد بە "سەعدی کوڕی معاذ و سەعدی کوڕی عوبادە" کە گەورەو سەرکردەی "ئەوس وخەزرەج" بوون، پێغەمبەر (ﷺ) پرس و ڕاو ڕاوێژی پیٰ کردن بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ تیرەی "بەنی غەطەفان" دا لە سەر سێ یەکی بەروبوومی شاری "مەدینە" لەبەرامبەر ئەوەوە کە بگەڕێنەوە و نەیەنە سەر موسڵمانەکان و شەڕیان پیٰ نەفرۆشن.

پرسی پێکردن کە ئایا چی بکەن باشە، بەروبوومەکە بدەن، وەیا جەنگیان لەگەڵدا بکەن؟ !. ئەمە مانای وایە دروستە پرس و ڕا بە گەورە و سەرکردەی تیرەو هۆز بۆ وەرگرتنی ڕاو ڕاوێژی بۆ هەر شتێك بێتە کایەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) پرسی پێکردن، ئەوانیش وتیان: ئەی پێغەمبەری (ﷺ) ئەمە کارێکە تۆ خۆت پێت خۆشە، وەیا خوا فەرمانی پێکردووی ئەم ئیشە ئاوا بکەیت؟ فەرمووی شتێکەهەر خۆم ئەیکەم بۆتان، لەبەرئەمەیشە ئەبینم عەرەبەکان هەموویان یەکدەنگن لەسەرتان، منیش ئەمەوێت "بەهۆی ئەم بەروبوومەوە" تا ماوەیەك دەسەڵاتیان دوور خەمەوە لێتان و پارێزراو بن لێیان، (سەعدی کوڕی معاذ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە و ئەوان کاتی خۆی هەموومان هاوەڵمان بۆ خوا دائەنا و خوامان نەئەپەرست و نەیشمان ئەهێشت لەماڵ و سامانمان بخۆن بە میوانداری

نەبێت... جا ئێستا کەخوا کردووینە موسڵمان و پلە و ڕێزیشی پێداوین، ئیتر مایەی نەنگی نییە بۆ ئێمە بەروبوومیان بدەینێ لە کاتێکدا بڕوامان هێناوە؟. نەء سوێندم بەخوا ئێمە ئەمە ناکەین، وە سوێند بەخوا تەنها شمشێریان ئەدەمێ تا بڕیاری خوای گەورە دەرئەچێ... ئینجا پێغەمبەریش فەرمووی دەی ئەوە خۆت و کاروبار چی ئەکەی بیکە [1]".

ئەمە بوو بە بەڵگەی ئەوە کە دروستە بۆ پێشەوا پرس وڕای خۆی بکات بە پێشەوایان و سەرکردەی تیرەو هۆزو گەل، وە دوایش بە گوێیان بکات.

دوای پێغەمبەریش (ﷺ) جێ نشینەکانیش پرس و ڕایان بەسەرکردەو فەرماندەکانی گەل ئەکرد: "ئەبوو بەکری صدیق _ خوا لێی ڕازی بێت _ ئەگەر ڕووداوێکی لێ ڕوو بدایە و بیویستایە ڕاوێژ بە ئەهلی "حەلل و عەقد" بکات کۆمەڵە پیاوێکی بانگ ئەکرد لە کۆچکەرەکان و یارمەتیدەرەکان، بانگی عومەر و، عوسمان و، عەلی و، عەبدول ڕەحمان و، مەعازو، ئوبەی کوڕی کەعب و، زەیدی کوڕی ثابت" ی ئەکردو پرس وڕای لێ وەرئەگرتن" [2] .

بەڵێ، ئەمەیش دوای ئەوە ئەیانکرد کەحوکمی ئەوڕووداوەیان بەرچاونەکەوتایە نە لە قورئاندا، نە لە فەرموودەدا.

دووەم: ڕاستەوخۆ ڕای گەل وەرگیراوە :

ئەم جۆرەشیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە چەندەها جێگەدا کردوویەتی و کارەکەی نواندووە و داوای ڕای لە هەموو تیرە و هۆزەکان کردووە، بۆ نموونە:

لەگەڵ هۆزی "هەوازین" دا بەجەنگ هاتن سەرئەنجام موسڵمانەکان شەش هەزار کەسیان لێ دیل کردن، ئینجا خاوەنەکانیان هاتن بڕوایان هێنا بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام

---

[1] ) ابن هشام : السيرة النبوية ( ب3 / ص707 ) . موقریزی ئەڵێت : هەردوو سەعد وتیان بە پێغەمبەر _ ﷺ _ ئەگەرئەمە بڕیاری ئاسمان بێت ئەوا مل کەچین ، وە ئەگەر تۆ خۆت پێت خۆشە ، ئەوا هەر گوێ ڕایەڵین .. خۆ ئەگەر پرس و ڕایش بێت ئەوە ئێمە تەنها شیرمان هەیە . ئیتر پێغەمبەر _ ص _ ڕاکەی وەرگرتن و ڕێکەوتنەکەشی نەکرد لەگەڵ (( غەطە فان )) دا ، ص 236 .

[2] ) الطبقات الكبرى( ب2 ص350) .

و داوای ماڵ و خێزان و سامانەکەیان ئەکردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) ڕای دایە دەستیان بۆ ئەوەی: یا منداڵ و خێزانەکانیان بدەنەوە، سامانەکەیان بەجێ بهێڵن بۆ موسڵمانەکان، یاخود بە پێچەوانەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) باسەکەیشی خستە پێش چاو جەماوەری موسڵمانان تا بزانێ ڕایان چۆنە بۆ ئەم کارە. هەر لەم بابەتەیە پرس و ڕای پێغەمبەر (ﷺ) بە جەماوەری موسڵمانان لە جەنگی "خەندەقدا" دا سەبارەت بەوەی کە ئایا هەر لەناو شاری "مەدینە" دا بمێنێتەوە بۆ جەنگ، یا بڕۆنە دەرەوەی شار؟.

یا لە پەیمانەکەی "حودەیبییە" دا پێغەمبەر (ﷺ) عوسمانی ناردو کردی بە نوێنەری خۆی بۆ ڕێکخستنی نێوان موسڵمانەکان و بێ باوەڕەکان، وە لەو ماوەیەی بۆی دیاری کرابوو بۆ گەڕانەوەی دواکەوت، ئینجا دەنگو باس وا بڵاو بوویەوە کە "قورەیش" عوسمانیان کوشتووە، ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) خستیە پێش چاوی کۆمەڵ کە جەنگیان لەگەڵ بکات، ئەمەیش بە شێوەی "بەیعەت" و پەیمان بەستن بوو لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) ئەوانیش هەر هەموویان _ جیدی کوڕی قەیس نەبێت _ ئامادەیی خۆیانیان دەربڕی بۆ جەنگ و بۆ پیادەکردنی فرمانەکەی.

کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد ئیمامی ئەبوو بەکر فەرمووی: ((... بێگومان موحومەد چوو بە ڕێگەی خۆیدا (واتە گەڕایەوە بۆ لای خوای خۆی) وە پێویستە بۆئەم کارە چاودێری کەرێك دابنرێ کەوابوو چاو بگێڕن و بزانن و ڕای خۆتان دەربڕن"[1] .

کەوابوو شێوازی ڕاوێژ زۆرە، وە لە ئیسلامدا شێوەیەکی دیاریی کراوی نییە و موسڵمانان بۆیان هەیە بنەمای ڕاوێژکردن چۆن باری بەرژەوەندییە وا جێبەجێی بکەن.

## کەڵکەکانی ڕاوێژکردن و بەرهەمەکانی:

شوورا لە یاسای سیاسی ئیسلامدا گەلێ کەڵك و سوودی هەیە ئەمانە هەندێکیانن :

[1] ) الشهرستانی / نهایة الاقدام( ص 479 ) .

یەکەم: گەل هاوبەش ئەبێت _ کاتێ کە ئەنجوومەنی ڕاوێژ ئەکات بە نوێنەر _ لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و بیرکردنەوە بۆ پیادە و پێشخستنی لەگەڵ "ئەمیر" ە کەیاندا.

دووەم: حاکم و فەرماندە ئەپارێزێ لە "ئیستبداد" و خودڕەئی و دیکتاتۆری.

سێهەم: خۆشەویستی وئاشتی و تێکەڵی ئەکەوێتە نێوان گەل و دەسەڵاتدارانەوە، چونکە پێشەواکان هەڵبژێراوی کۆمەڵن و خۆیان _ بەزۆر _ سواری "کورسی حوکم" نەبوون.

چوارەم: هەڵە ڕوونادات لە بڕیارەکاندا، چونکە گەلی موسوڵمانان _ کاتێ کۆبوونەوە _ پارێزراو ئەبن لە هەڵە و گومڕایی: "إن امتی لا تجتمع علی ضلالة" .

کەوابوو پێکهێنانی ئەنجوومەنی ڕاوێژ واجیب و پێویستە، هەروەك لە پێشەوە هەندێ ئایەتمان هێنایەوە... پێغەمبەریشمان (ﷺ) ئەفەرمووێ: "استعینوا علی امورکم بالمشاورة" واتە: کاروبارتان بچەسپێنن بە "موشاوەرە" و ڕاوێژ.. وە ئەفەرموێ: "ما تشاور قوم قط إلا هدوا لأرشد امرهم" واتە: هەرتیرەیەك ڕاوێژیان بەکار هێنا بێت باشترین باریان نیشان دراوە.

## چ کارێ ڕاوێژی بۆ ئەکرێ..؟

ئەو کارانەی "وەحی" و سرووشی لەسەر نەهاتبێ شایەنی تەگبیرو ڕاوێژە و ئەنجوومەن بۆی کۆئەبێتەوە و بڕیاری بۆ ئەدۆزێتەوە لە قورئان و فەرموودەدا.. بەڵام ئەوکارانەی کە قورئان، یا فەرموودە حوکمەکەی باس کردبن ئەوە بەهیچ شێوەیەك ڕاوێژی تێدا ناکرێ _ بەڵگە بۆ ئەمەیش ئەوەبوو کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاوێژی کرد بە هاوەڵەکانی سەبارەت بۆ پێشەوە چوون بۆ ڕووداوی "تەبووك"، ئینجا "عومەر" فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا: ئەگەر فرمانت پێ کراوە بە ڕۆیشتن فەرموو بڕۆ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: "ئەگەر فرمانم پێبکرایە ڕاوێژو پرسم پێ نەئەکردن" .

---

2 ) لە پێشەوە ماناکراوە .

1) موقریزی ( ب1 / ص 463 ) .

خاوەنی "احكام القرآن" ئەڵێ: "ئەبێ ڕاوێژی پێغەمبەر بە هاوەڵەكانی لە شتێكدا بوو بێ كە (نەص)ی بۆ نەهاتبێ..." .

كەوابوو ڕاوێژ لە كاروباری دەوڵەتدا _ وەك دانانی جێنشین و پێكهێنانی وەزارەت و ئاگاداری بۆ جەنگ و پەیمان بەستن لەگەڵ دەوڵەتێكی تردا، وە لە كاروباری ئابووریی و كۆمەلایەتی و سیاسی و هەرشتێكی تریش كە سرووشی لەسەر نەهاتبێ _ ئەكرێ.

**جیاوازی نێوان جێنشین "خەلیفە" وئەنجوومەنی ڕاوێژ:**

ئەنجوومەنی ڕاوێژ- وەك وتمان- پێكدێت لە دەستەی زانایان و "موجتەهید"ەكان و سەركردەو پسپۆڕەكانی گەل، و ئەمانەیش بە هیچ جۆرێك دروست نییە حەزی خۆیان بخەنە پێش چاو، واتە دوای هەواو ئارەزووی خۆیان بكەون... نەخێر بەڵكو ئەبێ وردە وردە هەنگاو هەڵگرن بەدوای بەرنامەكەی خوادا و وە هەریەكە بەڵگەی خۆی بێنێ.

جا كە ئەنجوومەن لەوانە پێك بێت دیارە وائەبێت لە "مەسئەلە" كاندا ڕایان یەك ناگرێ و هەریەكە بەشێوەیەك بۆی ئەڕوا، ئیتر مەسئەلەكە یاسایی بێت، یا ئابووریی، یا سیاسی... هتد چونكە _ لە ئیسلامدا مرۆڤ سەربەستی بیرو هۆشی دراوەتێ _ چ بیرێ ئەكاتەوە؟ چ شتێ دائەهێنێ؟ ئاشكرایشە سروشتی مرۆڤەكان و وریایی و زیرەكییان جیاوازی هەیە:

ئەم موجتەهیدەیان بە شێوەیەك بۆی دەرئەكەوێ، ئەوی تریان بە جۆرێكی تر هەر بەو شێوەیە... وایش ئەبێت زۆربەیان قسەیان یەكە لە "مەسئەلەكە" دا، كەمێكشیان هاودەنگن لە بۆچوونەكەیاندا لەو لایشەوە (حاكم = سەرۆكی دەوڵەت) وا ئەبێ ڕاكەی لەگەل زۆرینەدا گونجاوە، وایش ئەبێت لەگەڵ كەمینەدا بێت، هەڵیشس ئەگرێ خۆی

---

2) هەندێ لە نوسەرەكان ئەڵێن : (( پێویست نییە شووراو ڕاوێژ لە هەموو كاروبارێكی دەوڵەتدا لە بچووك و پارچەكانی ... چونكە ئەمە ناگونجێ و پێویستیش نییە و كەڵكیشی نییە ، بێجگە لەمەیش هیچ بەڵگەیەكی تێدا نەهاتووە)) / اصول الدعوة / عبدالكريم زيدان (ص 170 ).

سەربەخۆ بێت و ڕای جیاوازی ببێت" [3] ئایا لەم کاتانەدا حوکم چۆن ئەدرێ و ڕای کام لایان هەڵئەبژێرێ؟ !.

سەرەتا ئەوە بڵێین هەرکات کێشە لە ڕاوێژکردندا دروست بوو ئەبێ بگێڕڕێتەوە بۆ قورئان و فەرموودە، وەك لەقورئاندا هەندێ ئایەت هەیە:

"وما اختلفتم فيه من شىء فحكمه الى الله.." (شورى: 10). "فان تنازعتم فى شىء فردوه الى الله والرسول ان كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر.." (النساء: 59). "فلا وربك لايؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم..." (النساء: 65).

جا ئەگەر یاسای ئەو کارە لە قورئاندا هەبوو، وەیان لە فەرموودەدا، وەیا "ئیجماع" دا ئەوە پێویستە گوێ ڕایەڵی بکرێ و، بکرێ بە پڕۆگرام... سەبارەت بەمە مامۆستای موجاهید و تێکۆشەر "ئیبنی تەیمیە"ئەفەرموێ "ئەگەر موسڵمانەکان جیاوازی ڕایان هەبوو لە شتێکدا ئەوە ئەبێ هەریەکەیان ڕای خۆی و بەڵگەکەی باس بکات و بکێشرێ بە قورئان و فەرموودەدا کامیان گونجاوە لەگەڵ قورئان و فەرموودەدا ئەوەیان هەڵئەبژێرێ" [2] خۆ ئەگەر ڕۆشن نەبوویەوە کامیان گونجاوە لەگەڵیاندا و ناکۆکی و جیاوازییەکەیش هەربەردەوام بوو لە نێوان سەرۆك دەوڵەت و ئەنجوومەنی ڕاوێژدا ئایا لەم کاتەدا چار چییە؟.

قسە قسەی سەرۆك کۆمارە، یا ئەنجوومەنی ڕاوێژ، وەیا ناوبژیکەر (حەکەم) بڕیار ئەدا؟. بۆ ئەمە چەند ڕایەك هەیە:

---

3) ئەبێ ئەوەیش بزانرێت کە ئەم زۆرینەوکەمینە نابێ لەسەر شێوەیەکی ڕەگەز پەرستی و پارتایەتی دروست ببێت ، چونکە ئەنجوومەنی ڕاوێژ لە بتەڕەتدا : (( نابێ بن بەچەند بەشێکی جیاوازەوە و (( هەریەکە بە لایەکدا بڕوا )) بەڵکو ئەبێ ڕای خۆی دەبڕێ بە سیفەتی ئەوە کە ئەندامێکە لە موسڵمانان، چونکە ئیسلام بەرگری ئەکات لەوە کە ئەنجوومەنی ڕاوێژ لەگەڵ پارتەکەیدا بن ئیتر لەسەر هەق بێت یا نە ؟ بەڵکو ئەبێ لەگەڵ هەقدا بن ، وەنابێ بەئەندازەی تاڵە موویەك لێی جیاببنەوە ، ئەگەر ئەمڕۆ ڕای یەکێکیان ڕاست و پەسەند بوو دوای کەون ، خۆ ئەگەر سبەینێ ناڕاست بوو بەربەرەکانی لەگەڵ بکەن )) نظرية الاسلام السياسة/ للاستاذ ابى الاعلى المودودى ، ص 56 .

[2] ) ابن تيمية : السياسة الشرعية ، ص136 .

یەکەم: ڕای زۆربەی ئەنجوومەنی ڕاوێژ پەسەند ئەکرێ و "ئەمیر)) یش ئەبێ بڕواتە سەرڕاکەی ئەوان _ بەڵگە بۆ ئەمەیش وتەی هەندێ لە زاناکانە. بۆ نموونە:

پێشەوا "غەزالی" ئەفەرموێ: "ئەگەر زانایان جیاوازی و ناکۆکیان بو لە کارێکدا، ئەوە پێویستە ڕای دەستەی زۆرەکەیان هەڵبژێرێ" [1]. وە ئەفەرموێ: "ئەگەر کۆمەڵێك سیفەتی سەرکردایەتیان تیا بوو ئەوەیان هەڵئەبژێرێ ڕای زۆربەی خەڵکەکەی لەگەڵە..." [2].. وەنەبێ تەنها غەزالی ڕای وابێت، بەڵکو لەلای زانایانی "اصول" یشدا "زۆرینە" ئەکەن بە بەڵگە بۆ هەڵبژاردن.

سەرەڕای ئەمانە هەمووی پێغەمبەریش (ﷺ) ئەفەرموێ: "اتبعوا السواد الاعظم" [3] واتە ڕای زۆربەی خەڵکی هەڵبژێرن.. وە ئەفەرموێ: "عليكم بالجماعة والعامة" [4] واتە لە کۆمەڵ و گشتی جیا مەبنەوە.

"ابن سعد" ئەڵێ: پێشەوا عومەر وەسیەتی کرد کە ڕای زۆربەی موسڵمانەکان بگرن بەدەستەوە، "..لەکاروبارتاندا ڕاوێژ بکەن، جا ئەگەر دوو کەس دوو کەس بوون بڕۆنەوە سەر ئەنجوومەنی ڕاوێژ.. وە ئەگەر دەستەیەکیان چوار کەس بوون و دەستەیەکی تریان دوو کەس بوون ئەوا ڕای زۆرینە هەڵبژێرن" [5].. ئەم هەواڵە وائەگەیەنێ کە ئیمامی عومەر ڕای زۆرینە هەڵئەبژێرێ. دیسان ئەمەیش ئەکەن بە بەڵگە کە: پێغەمبەر (ﷺ) لە جەنگی (ئوحود) دا ڕای زۆربەی هاوەڵەکانی پەسەند کرد. ئەمە بەڵگەی ڕای یەکەم.

دووەم: پەسەند کردنی ڕای "حاکم = سەرۆك وڵات" نەك ڕای ئەنجوومەنی ڕاوێژ: بۆ ئەم ڕایەش دەستەیەك لە زانایان ڕایان داوە، خاوەنی تفسیری (طەبەری)لە تەفسیری ئایەتی "فأذا عزمت فتوكل على الله.." دا ئەفەرموێ: "جا کە ڕاکەت جێگیر بوو و ثابتمان

---

[1] ) الامام الغزالی : الرد علی الباطنیة ، ص 62 .

[2] )( رشید رضا ) ئەیهێنێ لە ئیمامی غەزالی یەوە لە کتێبی (( الخلافة )) ص 48 .

[3] ) رواه الترمذی وابن ماجه بلفظ (( علیکم بالسواد الاعظم )) .

[4] ) لخرجه الترمذی وابن ماجه بلفظ (( علیکم بالجماعة فأن یدالله مع الجماعة )).

[5] ) تفسیر الطبری/ ( ب7 / ل346) .

کردی لەسەری، ئەوە لەسەری بڕۆو دوودڵ مەبە، ئیتر بگونجیٚ لەگەڵ ڕای هاوەڵەکانتا، یا جیاوازی ببێت.. "[1].

پێشەوا "ئیبن تەیمیە" یش هەر ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە.." [2] واتە، ئەگەر لە قورئان و فەرموودەدا حوکمەکە ڕۆشن بوویەوە ئەوە چاك و پەسەندە، خۆ ئەگەر هەر بەئاڵۆزی مایەوە ئەوە "ئەمیر" خۆی بۆی هەیە ڕایەك هەڵبژێریٚ و پیادەی بکات.

دەستەیەکی تر لە زانایان: دوای ئەوەی قسە ئەکەن لە ناکۆکی و کێشەی سەرۆك دەوڵەت و ئەنجوومەنی ڕاوێژ، ئەڵێن: "ئەگەر ڕایەك بەرنەکەوت کە بگونجێت لەگەڵ قورئان فەرموودەدا، وە کێشەی نێوان ئەنجوومەنی ڕاوێژو سەرۆك دەوڵەت هەر بەردەوام بوو ئایا بڕیار چییە، وە چۆن ئەم ناکۆکی یە کۆتایی پیٚ بهێنین..؟ ئەم دەستەیە ئەڵێن: ئەوەی پەسەندی بکەین و هەڵیبژێرین قسەی "ئەمیر = سەرۆك دەوڵەت" ە. واتە ئەو ئارەزووی خۆیەتی ڕای زۆرینە، یا ڕای کەمەینە هەڵبژێریٚ" [3].

".. پێشەوا ئەبوو بەکر (خوای لیٚ ڕازی بێت) لە دوو مەسئەلەدا ڕای کۆمەڵەکەی ڕەت کردەوە و بە ڕای خۆی جوڵایەوە: یەکەمیان: جەنگ کردن بوو لەگەڵ پاشگەزبوووەکان لە ئیسلام... هیچ کەسێکیش ڕەخنەی لیٚ نەگرت و نەیان وت تۆ چۆن سەرپێچی ڕای "ئیجماع" ی موسڵمانان ئەکەیت..؟ ! دووەم: سەبارەت بە پیادەکردنی سوپاکەی "ئوسامەی کوڕی زید" ە.. دەی ئەم یەك دوو ڕووداوە _ هەرچەند کەمیش بن _ بەڵگەن بۆ ئەوە کە "حاکم = سەرۆك دەوڵەت" پێویست نی یە بچێتە سەر ڕای ئەنجوومەنی ڕاوێژ ئەگەر باری بەرژەوەندی ڕاکەیانی بۆ دەرنەکەویٚ" [4].

مامۆستای خزمەتگوزاری ئیسلام "ئەبو ئەعلای مەودودی" ئەڵێت: "زانایان لە ڕەوشتی هاوەڵەکانەوە _ لەسەردەمی خیلافەتی ئیسلامیدا _ وەریان گرتووە کە: لە

---

[1] ) تفسير الطبری .

[2] ) ابن تيمية / السياسة الشرعية ، ص 136 .

[3] ) دکتۆر عبدالكريم زيدان : اصول الدعوة ، ص 172 .

[4] ) د. عبدالحميد متوالی: مبادي نظام الحكم في الاسلام ، ص 667 .

پلەی یەکەمدا سەرۆك دەوڵەتە لێپرسراوی ڕاستەوخۆ سەبارەت بە کاروباری وڵات، وە پێویستیشە لەسەری کە بەپێی تەکبیرو ڕاوێژی ئەهلی "حەلل و عەقد" بڕوا بە ڕێوە.. لەگەڵ ئەمەیشدا نەبەستراوە بەوەوە کە ئەبێ هەر بەگوێرەی ڕاکەی ئەوان ــ هەموویان یا هەندێکیان ــ ڕەفتار بکات، وەیا بە لێکدانەوەیەکی تر بڵێین: سەرۆك دەوڵەت بۆی هەیە مافی ڤیتۆ(vito) بەکار بهێنێت"[1]. بەڵێ مەودودی یەکێکە لەو زانایانە کە زۆر پێشکەوتوو و باڵا دەستن لە ــ (فیقهی دەستوری ئیسلامیدا) بەڵام ــ هەرچەند ڕای ئەوە بوو باسمان کرد ــ ئەو چارەیەکی تری داناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان سەرۆك دەوڵەت و ئەنجوومەنی ڕاوێژ لەم چەرخەدا، ئەویش ئەوەیە کە: پێویستە سەرۆك دەوڵەت بڕواتە سەر ڕای زۆربەی ئەندامەکانی ڕاوێژ کە کاری یاسادانان لە ئەستۆ دەگرن.

(مەودودی) نموونە دێنێتەوە بۆ ڕاکەی بەو دوو بەسەرهاتە کە لەسەردەمی ئەبوو بەکردا ــ ڕەزای خوای لێ بێت ــ ڕوویاندا، ئینجا دوای ئەوە ئەفەرموێ: "هاوەڵەکان کە دابەزین لە ڕاکەی خۆیان: "لەبەر ئەوە نەبوو کە یاساکە مافی دابێ پێی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕاکەیان و ناچار بن بۆ وەرگرتنی ڕاکەی ئەو، یا پێیشیان ناخۆش بێت، هۆکە ئەمە نەبوو، بەڵکو ئەوان متمانەی تەواویان بوو بە ئەبوو بەکر و پێشتر ناسیبوویان بە دەم ڕاست و ڕەوشت پاك.. جا لەدوایدا کە بینییان ڕاکەی تەواو پەسەندە و بەرژەوەندی یەکی گەورەی تێدایە بۆ ئایین لە ڕاکەی خۆیان دابەزین و زۆریش سوپاسیان کرد سەبارەت بە ڕاکەی و وتیان: ئەگەر ئەبوو بەکر نەبوایە بەو هەموو خۆگرتن و ئارامی یەوە بەتەواوی ئیسلام ڕیشەکەن ئەکرا.."[2].

## ڕای هەڵبژێراو:

ڕای پەسەند کراو ــ بەپێی بەڵگە و شایەتی مێژوو ــ ئەمەیە کە: سەرۆك دەوڵەت خۆی هەڵستێ بڕیار دەربکات بۆ وتەی لایەك و لایەکیان پەسەند بکات، ئیتر ڕای زۆرینە بێت، یان کەمینە بێت وەیا هەر ڕای خۆی بێت بە تەنیا؟.. با ئەوەیشمان لەبیر نەچێت

---

[1] ) ابوالاعلى المودودى: نحو الدستور الاسلامي ، ص 63 .

[2] ) ابو اعلى المودودى : نحو الدستور الاسلامى ص 65 .

که مه‌به‌ست به‌م (سه‌رۆك ده‌وڵه‌ته) ئه‌و پیاوه‌یه كه په‌سه‌نكراوی (ئیمامه‌ت) و خیلافه‌ت بێت به‌پێی شه‌ریعه‌تی خوا، وه هه‌ڵبژێراوی ئه‌هلی (حه‌لل و عه‌قد) بێت، واته خاوه‌ن بڕوا و دامه‌زراو و دوور له هه‌واو ئاره‌زووی گیانی و دوور له حیزبایه‌تی و چینایه‌تی بێت له فیكری ئیسلامیدا دوو ڕا هه‌یه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ئایا (شورا) سه‌رۆكی ده‌وڵه‌ت ئیلزام ئه‌كات، یان سه‌رۆكی ده‌وڵه‌ت (شورا) ئیلزام ئه‌كات، هه‌رچه‌نده مامۆستا ئه‌حمه‌د ڕای دووهه‌میانی هێناوه، به‌ڵام ڕاست ئه‌وه‌یه كه (شورا) سه‌رۆكی ده‌وڵه‌ت و حكومه‌ت ئیلزام ئه‌كات و مه‌ودودیش به‌ڕه‌حمه‌ت بێت له نوسینه كۆتاییه‌كانیدا هاته‌وه سه‌ر ئه‌م ڕایه و فه‌رموی: ئه‌م ڕای یه‌كه‌مه باشترین گرنتی یه بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رۆكه‌كان تاكڕه‌وی ودیكتاتۆرییه‌ت ده‌ست نه‌ده‌نێ، له فكری ئیسلامیدا (حه‌كه‌م) یان به‌زاراوه‌ی تازه (مه‌حكه‌مه‌ی ده‌ستوری) بڕیار له‌م حاڵه‌تانه‌دا ئه‌دات.. (تیشك).

**به‌ڵگه‌ش بۆ ئه‌م هه‌ڵبژاردنه:**

یه‌كه‌م: فه‌رمووده‌ی زانایان و پیاوه هه‌ڵكه‌وتووه‌كانی تفسیری قورئان كه ئه‌ڵێن: خوا ئه‌فه‌رموێ به پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) "وشاور هم في الامر فإذا عزمت فتوكل على الله" واته كه لایه‌نه‌كه‌ت هه‌ڵبژارد _ دوای ته‌كبیرو ڕاوێژ پێیان _ ئیتر پشت به خوا ببه‌سته.

جا زانایان ئه‌ڵێن خوا پێغه‌مبه‌ری ناچار نه‌كردووه به‌وه‌ی كه ڕای لایه‌كیان _ زۆرینه یا كه‌مینه _ هه‌ڵبژێرێ، به‌ڵكو ئاره‌زووی خۆیه‌تی ڕایه‌ك په‌سه‌ند بكات و له‌سه‌ری بڕوات.

دووه‌م: كۆمه‌ڵه فه‌رمووده‌یه‌ك هاتوون داوا ئه‌كه‌ن گوێ بۆ ڕاو بۆچوونه‌كانی (ئیمام) بگیرێ به مه‌رجی ئه‌وه لانه‌دات له فه‌رمانی خوای گه‌وره وه‌ك:

أ _ السمع والطاعة على المرء المسلم فيما احب وكره مالم يؤمر بمعصية، فاذا أمر بمعصية فلا سمع ولا طاعة

ب _ اسمعوا وأطيعوا وان استعمل عليكم عبد حبشى كأن راسه زبيبة.

ج_ من رأى من أميره شيئا فكرهه فليصبر فأنه ليس أحد يفارق الجماعة شبرا فيموت الامات ميتة جاهلية. (البخاري)

سێهه‌م: پێشه‌وایان (ئیجماع) یان به‌ستووه له‌سه‌ر ئه‌وه كه باسه ئیجتیهادییه‌كان كاتێ ئه‌بن به حوكمی شه‌رعی و یاسا كه "حاكم = سه‌رۆك ده‌وڵه‌ت) په‌سه‌ندیان بكات و ڕایان له‌سه‌ر بدات. ئیمامی قورافی ئه‌فه‌رموێ: ((...... ده‌سته‌ی زانایان به تێكڕا له‌سه‌ر

ئەوەن کە ئیجماعیان دا لەسەر باسێکی ئیجتیهادی ئەوە ئەبێت بە فەرمانی شەریعەت و پێویستە گوێڕایەڵیش بکرێ و هیچ کەسێکیش بۆی نییە هەڵیوەشێنێتەوە".

چوارەم: مێژووی پێشووی ئیسلام _ لە چەرخی جێ نشینەکانا _ وانیشان ئەدا کە ئەگەر کێشەو جیاوازی پەیدا بوو لە نێوان سەرۆك دەوڵەت و ئەنجوومەنی ڕاوێژدا ئەبێ بە قسەی سەرۆك بکرێ.

پێنجەم: شەریعەتی ئیسلامی بەتەواوی سەرۆك دەوڵەت لێپرسراو ئەکات لە پلەی یەکەمدا لە هەموو هەڵسووکەوتێکیدا.. لەگەڵ ئەمەیشدا پێویستە سەربەستی بدرێتێ بۆ هەڵبژاردنی بارێك "پێویست نی یە لەسەر سەرۆك دەوڵەت بکەوێتە دوای ڕای ئەم و ئەو ئەگەر قەناعەتی پێ نەبوو، چونکە مرۆڤ کە ئەڵێین بەرپرسیارە لە هەڵسووکەوتیدا.. ئەمە مانای وایە بە ئارەزووی خۆی ئیش ئەکات و ڕای خۆی دەرئەبرێ نەك کار بکات و ڕای ئەم و ئەو پیادە بکات لەگەڵ ئەمەیشدا پێی ناخۆش بێت"[1] ... ئەمانە و هەندێ بەڵگەی تریشمان بەدەستەوەیە بۆ ئەم ڕایە، ئیتر بە هیوام سوود بەخش و بەکەڵك بێت.

بەڵێ ئەمە _ کە ڕای سەرۆك دەوڵەت بخوات _ کاتێ وایە کە زۆربەی ئەندامەکانی کۆڕی ئەنجوومەنی ڕاوێژ سوور نەبن لەسەر وتەکەی خۆیان، خۆ ئەگەر لە ڕاکەیان دانە ئەبەزین و بەلایانەوە وابوو کە ڕای سەرۆك دەوڵەت ڕاست نییەو ناگونجێ لەگەڵ قورئاندا، ئەوە دروست نییە ڕەفتاری پێ بکرێ و بکرێ بە یاسا، بەڵکو ئەبێ ناوبژیکەرێك (حەکەم) دابنرێت.

ئەمەیش ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەبێ لەناو دەوڵەتدا ئەندامەکانی ڕاوێژ، ئەم دادگایەش ئەبێ سەرۆك دەوڵەت و ئەندامەکان پێی ڕازی بن. وە ئەبێ دوای ئەوەی بڕیاریان دەرکرد ئیتر سەرۆك دەوڵەت و ئەنجوومەنەکە بچنە سەر ڕایان و بەگوێیان بکەن.

وە ئەبێ ئەو دادگایە لەژێر تیشکی قورئان و فەرمودەدا ئەو گرێیە شیتاڵ بکەن... وە ئەگەر کێشە و ناکۆکیان کەوتە ناوەوە ئەبێ ڕای زۆربەیان هەڵبژێرن.

بەڵگە بۆ ئەوە ڕەوا بێت کە (حەکەم) بکەوێتە نێوان سەرۆك دەوڵەت و ئەنجوومەنی ڕاوێژەوە ئەوە بوو کە: لە سەردەمی (عومەری کوڕی خەتتابدا) ڕوویدا: ئیمامی عومەر ڕای وابوو ئەو زەوییەی کە لە (عێراق) و (شام) دا کەوتۆتە دەستی موسڵمانەکان دابەش

---

[1] د. عبدالكريم زيدان : اصول الدعوة ،ص 174 .

نەكرێ لە نێوان (موجاهیدەكان) دا بەڵكو (وەقف) بێت لەسەر موسڵمانانی ئەو كاتە و دواتریش، وە ڕای زۆربەی ئەهلی (حەلل و عەقد) وابوو كە دابەش بكرێ بەسەر موجاهیدەكانا" [1] كاتێ خەلیفە لەسەر ڕاكەی دانەبەزیی، وە ئەوانیش لە ڕاكەی خۆیان دانەبەزیین چونكە بەلایانەوە وابوو كە لەگەڵ دەقی قورئاندا ڕاكەی ئیمام ناگونجێ...

ئینجا لەم كاتەدا (عومەر) ڕاوێژی كرد بە دەستەی (حەلل وعەقد)، سەرئەنجام هەندێكیان هاتنە سەر ڕاكەی و هەندێكیشیان ڕایان پێچەوانە بوو، بەتایبەت موجاهیدەكان، وە ئەم كۆمەڵە زیاتر بوون لەوانی تر... كاتێ هەردوولایان هەر سوور بوون لەسەر ڕاكەیان، وە نەگەیشتنە ئەنجام، ئینجا ئیمامیش و ئەوانیش (دە) كەسیان لە یارمەتی دەرەكان ـ پێنجی ئەوس و پێنجی خەزرەج ـ كرد بە حەكەم و داوایان لێكردن كە ئیمامی عومەر وادابنێ كەتەنیا موسڵمانێكە و هیچی تر، واتە بە چاوی جێ نشینینیەوە سەیری نەكەن، جا ئەو كاتە ئیتر بەپێی قورئان و فەرمودە حوكم بكەن.

ئینجا بڕیاری ئەم دەستەیە دەرچوو كە ڕاكەی (ئیمام) لەگەڵ قورئانا گونجاوترە... ئیتر عومەر بێ دوودڵی بڕیارەكەی خۆی پیادە كرد.

لێرەدا شتێك ماوە كە بیخەینە پێش چاوی خوێنەرە ئازیزەكان، ئەویش ئەمەیە: ئەگەر كۆڕی ئەنجوومەنی ڕاوێژ پێویستیان كردلە سەر سەرۆك دەوڵەت كە هەركات كێشە لە نێوانیاندا پەیدا بوو، وە زۆربەی ئەندامەكان ڕایان جیاواز بوو لەگەڵیا ئەبێ لە ڕاكەی خۆی دابەزێ و بێتە سەر ڕاكەی ئەمان، ئینجا لەسەر ئەم بناغەیە پەیمانیان دایە، ئایا ئەم مەرجە دروستە، یا نەء؟ وە ئایا ڕەفتاری پێ ئەكرێ، یا نەء..؟.

بەڵێ، ئەم مەرجە ڕەوایە و ڕەفتاری پێ ئەكرێ، چونكە پەیمان و بەیعەت لە نێوان "ئەمیر" و نوێنەری گەلدا دروستە هەندێ مەرجی بخرێتە پاڵ، بەڵام ئەویش بەومەرجەیە كە نەڕوا بە گژ دەقێكی قورئاندا، یا فەرموودەدا، چونكە (عبدولڕەحمان) كاتێ پەیمانیدا بە ئیمامی عوسمان داوای لێكرد كە بەپێی قورئان و فەرموودە بجوولێتەوە، وە لەسەر نەخشە و سیاسەتی خەلیفە پێشووەكان بڕوا. ئیمامیش بڕیاری دا وابێت. كەچی ئیمامی

[1] ) خوێنەری ئازیز ئەم باسی (( شوورا )) یە كە خرایەپێش چاوت كەمێك بوو لە یاسا قەشەنگەكەی ئیسلامی پیرۆز . و زۆربەی ئەم باسەم لە كتێبی (( الدولة القانونیة والنظام السیاسی الاسلامی )) وەرگرتووە . لە نووسینی / د. منیرحمید البیاتی .

(عەلی) ئەم مەرجەی ڕەفز کردو پێش چاوی نەگرت فەرمووی ئەگەر بتوانم. دەی ئەگەر (بەیعەت) مەرجی تری هەڵنەگرتایە نە (عەبدولڕەحمان) باسی ئەکردو نە ئیمامی عوسمانیش وەری ئەگرت . خوا لە هەموویان ڕازی بێت.

ئەمە شێوەی هەڵبژاردنی سەردەمی یەکەمی موسڵمانان بوو، سەبارەت بە دەست نیشان کردنی ئەنجوومەنی ڕاوێژ. ئینجا بۆ ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامیی ئەبێ "کۆمەڵ" هەڵسێ بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکە، وە ئەبێ سەربەستیان بدرێتێ لە هەڵبژاردنەکەدا، تا پتر هەق و ڕاستی وە دەرکەوێ و بتوانن مرۆڤی چاك بدۆزنەوە ئینجا پێویستە ئەم سەربەستیشە لە چوار چێوەی فیقهی ئیسلام دەرنەچێ، واتە لە پێش هەموو شتێکەوە "ئایین" پێش چاو بگیررێت، وە مەبەست لەو هەڵبژاردنەیە دەرکەوتنی هەق بێت،... نەك بکرێت بە پەیژە بۆ توانج و تەشەر لە زانایانی ئیسلام، نابێ تۆوی (گەندەڵی) و خراپەکاری ـ بەناوی دەربڕینی ڕای خۆیەوە ـ بڵاوبکاتەوە.

لەڕاستیدا تەنها ئازادکردنی گەل بۆ دەربڕینی ڕای خۆی بەس نییە، بەڵکو ئەبێ ـلەگەڵ ئەوەیشدا ـ ئیسلامێکی پاك و ڕاست و ڕەوان بڵاوبکرێتەوە و بخرێتە مێشکی گەلەوە، ترسی خوای گەورە بخرێتە دڵیانەوە، تا نەتوانن گزی و ناپاکی بکەن[1] . (بەپارە ڕای خەڵکی بکڕن، خزمایەتی و حیزبایەتی ڕۆڵ ببینێ) چونکە ئەگەر مرۆڤەکان ترسی خوایان لەدڵدا نەبێت وەك ئێستامان لێ دێت.

لە کۆتاییدا:

بەپێی تۆمارکردنی ئەو ڕووداوە مێژووییانە ڕوون بوویەوە کە: ئەوانەی سەرۆك دەوڵەت ڕاوێژیان پێ ئەکات جیاوازییان هەیە بە گوێرەی بابەتی "شوورا" کە، ئەگەر بابەتی شووراکە لەکاروبارە گشتیەکان بوو، ئەوە ئەگەر ـ بگونجێ ـ پێویستە ڕای گشتی کۆمەڵەکە وەربگرێ، ئەگەر ئەمەیش نەگونجا، دەستەی "حەلل و عەقد" یان. وە ئەگەر بابەتی شووراکە پێویستی بە هەندێ وردەکاری و بیر تیژییەوە بوو، ئەوە ئەبێ سەرۆك دەوڵەت تەگبیرو ڕاوێژ بەوانە بکات کە پسپۆڕن لەو ئیشەدا.

---

[1] ) اصول الدعوة، ص177 .

ئیمامی قورطبی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) لە تەفسیرەکەیدا ئەمەی ڕۆشن کردۆتەوە:
"واجب على الولاة مشاورة العلماء مما لايعلمون وما اشكل عليهم من امور الدين، ووجوه الجيش فيما يتعلق بالحرب، ووجوه الناس فيما يتعلق بالمصالح. ووجوه الكتاب والوزراء والعمال فيما يتعلق بمصالح العباد و عمارتها... الى ان قال".. "قال العلماء صفة المستشار ان كان في الاحكام ان يكون عالما ودينا / و صفة المستشار إن كان في الامور الدنيا ان يكون عاقلا مجربا".

## دووەم: دەسەڵاتی پیادەکردن لە ڕژێمی ئیسلامیدا

ئیسلامی پیرۆز لە ڕێگەی بەیعەت وەرگرتنەوە دەسەلات دەداتە حاکم "ئەمیر" تا لەجیاتی گەل و کۆمەڵ کاروبار ببات بەڕێوە و مافی بێ دەستەڵاتان جێبەجێ بکرێ.

"ئیبن خەلدوون" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت "بەیعەت بریتیە لە پەیمان دان بە گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری، واتە بەیعەتدەر پەیمان ئەدات بە "ئەمیر" کە ئەو کاروباری خۆی و موسڵمانان ببات بەڕێوە، بێ ئەوەی سەرپێچی بکات، ئینجا ئەمیش ئامادە بێت بۆ گوێڕایەڵی لە هەموو کاتدا، لەو سەردەمەدا شێوەی بەیعەت وابوو هەرکات بەیعەتیان بکردایە بە ئەمیر دەستیان ئەخستە ناو دەستیەوە بۆ زیادە متمانە بوون بەبەیعەتەکە"[1]

شێوە و شێوازی بەیعەتەکەیش بەم جۆرەیە: "ئەوا بەیعەتمان دایتێ بەیعەتی ڕەزامەندیی، بۆ بەرقەرارکردنی دادگەری و هەڵسان بە کاروباری پێشەوایەتی.." [2].

هەندێ کاتیش لەلایەن تاقمی "حەلل و عەقد"ەوە، وە لەلایەن جەماوەری موسڵمانانەوە سەرۆك دائەنرێ. بۆ ئەمەیش "ئەبوول حەسەنی ئەشعەری" ئەڵێت: "بەڵگەی پێشەوایەتی ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) ئەوەبوو موسڵمانەکان بەتێکرا ملکەچی بوون و شوێنی کەوتن و وتیان "یاخلیفة رسول الله".

ئەو کەسەی موسڵمانەکان هێزی ئەدەنە دەست و ئەیکەن بەسەرۆك دروستە ـ لە فەرهەنگی ئیسلامدا ـ پێی بگوترێ "ولی الامر" چونکە خوا ئەفەرموێ: "…. وأولی الأمر.." وە دروستە پێی بگوترێ "خەلیفە" لەبەر ئەو فەرموودە کە ئەفەرموێ : "… وأنه لانبی بعدی وسیکون خلفاء…" پێی بگوترێ "ئەمیر" لەبەر ئەو فەرموودەیە کەئەفەرموێ: "من بایع امیرا…" وە پێی بگوترێ: "أمیر المؤمنین" چونکە ئیمامی عومەریان ناونا "ئەمیرلمؤنین" و هاوەڵەکان هەموویان پێی ڕازیی بوون. وە هەروەها دروستە پێی بڵێن: "ئیمام" لەبەر ئەم ئایەتە: "ونرید ان نمن علی الذین استضعفوا فی الارض ونجعلهم أئمة" [3]. وە ئایەتی: "إنی جاعلك للناس إماما" [4]، یا پێی بڵێن "حاکم"

---

[1]) ابن خلدون: المقدمة ،ص 209 .

[2]) الاحکام السلطانیة ، ص9 ( ابو یعلی الفراء ) .

[3]) القصص /5 .

[4]) البقرة / 26 .

لەبەر ئەم ئایەتە: "یا داود إنا جعلناك خلیفه فی الارض فاحكم بین الناس بالحق.." [1] .
واتە پێشەوای موسڵمانان بەهەر ناوێكەوە لەمانە ناوبنرێ دروست و ڕەوایە....

**بەڵگە بۆ ڕەوایی بەیعەت:**

1ـ لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: "إن الذین یبایعونك انما یبایعون الله یدالله فوق ایدیهم.." الفتح / 10..

"یاأیها النبی إذا جاءك المؤمنات یبایعنك علی ان لایشركن بالله شیئا..." الممتحنة / 12...

"لقد رضی الله عن المؤمنین إذ یبایعونك تحت الشجرة..." الفتح / 18.

2ـ لە فەرموودە شیرینەكانی پێغەمبەردا هاتووە: "من بایع أمیرا فأطاه صفقة یده وثمرة قلبه فلیطعه إن استطاع..)) [2]

هەركەسێك بەیعەت بكات بە "ئەمیر" ێك وە دەستی نایە ناو دەستی و دڵی دایە... با بەپێی دەسەلآت گوێ ڕایەڵی بكات. "ومن مات ولیس في عنقه بیعة مات میتة جاهلیة" [3] .. "تبایعوننی علی أن تشهدوا ان لا اله الا الله وانی رسول الله..." [4] . دیارە لەم دەقانەوە دەرئەكەوێ كە "بەیعەت" عەهد و پەیمانێكە ئەبێ بایەخی بدرێتێ و ببرێ بەڕێوە. بێجگە لەوەی كە قورئان و فەرموودە بەیعەت ئەسەلمێنن ئیجماعیشی لەسەرە، وەك لەسەردەمی "ئەبوبەكر"دا (خوا لێی ڕازی بێت) موسڵمانەكان بڕیاریان دا كە بە بەیعەت دەسەلآت و هێزی پیادەكردنی كاروباربخەن ئەستۆی "ئەمیر" .

**نوێنەرایەتی لە پەیماندان "بەیعەت" دا**

بەڵێ لە یاسای ئیسلامدا دروستە ئەنجوومەنی ڕاوێژ لە جیاتی "گەل" بەیعەت بدەن بە ئیمام... پاشان خەڵكەكە، تاكە، تاكە دێن بەیعەت ئەدەن بۆ پتەوكردنی زیاتری بەیعەتەكە.

---

[1] ) ص / 26 .

[2] ) ابن حزم : المحلی ، (ب9 ل439 ) .

[3] ) لەپێشەوە ماناكراوە .

[4] ) الطبقات الكبری ب3 ل609 .

بەڵگەی ئەمەش ڕەوشتی پێغەمبەری ئازیزمانە (ﷺ) ئەوە بوو لە "حودەیبییە" دا خۆی لە باتی ئیمامی عوسمان بەیعەتی کرد.

## پایەکانی بەیعەت

### یەکەم: "ئەمیر یا خەلیفە"

دیارە ئەمە هەموو مرۆڤیك بەکەڵکی ئەم کارە نایەت، بەڵکو ئیسلامی پیرۆز هەندێ مەرجی بۆ دەست نیشان کردووە تاهەموو کەسێك، چاك و خراپ، دەست نەکێشێتە کارەکەوە، چونکە "خیلافەت" ئەرکێکی قورسە، کارو باری کۆمەڵ هەمووی ئەکەوێتە سەرشانی ئەمیر.

ماوەردی ئەفەرموێ: "ئەو کەسەی ئەبێ بە "ئیمام" پێویستە ئەم حەوت مەرجەی تێدا بێتە دی:

1- داد گەری بەمەرجەکانیەوە.

2- زانیارییەکی وای هەبێت کەڕووداوێك ڕویدا بتوانی "ئیجتهادی" بۆ بکات.

3- کەڕو کوێرو لاڵ نەبێت تابتوانێ هەڵسێ بە ئەرکی سەرشانی خۆی.[1]

4 - ئەندامەکانی سەلامەت بن لەهەرناتەواەییەك کەبەرگری بکات لەجم و جووڵ و چوستی و چالاکی.[2]

5- خاوەنی ڕاو بیرێکی وابێت کەبتوانێ بەشێوەیەکی سیاسیانە چاودێری بەرژەوەندی یەکانی گەل و کۆمەڵ بکات.

6- وریاو چالاك بێت، بەسێوەیەك کەبتوانێ سنورەکانی بپارێزێت و بڕوا بەگژ دوژمنانی ئیسلامدا.

7 - بەنەژادو ڕشتە "قورەیشی" بێت، چونکە ئیجماعی "ئوممەت"ی ئیسلامی لەسەرەو فەرموودەی پێغەمبەریشی دەربارەی بۆ هاتووە.."[3].

---

[3] ) ئەم مەرجە دەقێکی ئەو تۆی لەسەرنییە .

[2] ) ئەم مەرجەش دەقێکی ئەو تۆی لەسەرنییە.

[3] ) ئەم مەرجە جێگەی مشت و مڕی زانایانە و لافی " ئیجماع " لەمەدا ڕاست نی یە و فەرموودەی زۆر هەیە کە خەلیفە هەرکەس بێت پێویستە بەیعەتی پێ بدرێ ئەگەر عەبدێکی حەبەشیش بێت ، ئیمامی عومەریش ( رض ) ئەفەرموێ (( لو کان سالم مولى حذيفة حيا لوليته )) ، لە مێژوی ئیسلامیشدا تەنیا لەکاتی بەهێزی

بێجگە لەمانیش دوو مەرجی ترمان هەیە بۆ دانانی "خەلیفە":

یەکەم: موسڵمان بێت.. چونکە خوا ئەفەرمووێ: "... اطيعوا الله واطيعوا الرسول وأولي الامر منكم.." واتە: موسڵمانەکان گوێڕایەڵی فرمانی "ئەمیر"ێ بن کە لەخۆتان بێت. کەوابوو "والی" هەرئەبێ موسڵمان بێت. بێجگە لەمەیش خوا ئەفەرمووێ: "ولن يجعل لله للكافرين على المؤمنين سبيلا". (النساء: 141). خوا بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی نەداوە کافر دەسەڵاتی هەبێ بەسەر موسڵماندا.

دووەم: ئەبێ نێرینە بێت: "الرجال قوامون على النساء..". (النساء: 24). پیاوان زۆر شایەن و زۆر بەدەسەڵاتن بۆ ڕاگرتنی ئافرەتان. هەم فەرموودەیەکی پێغەمبەریش (ﷺ) هەیە ئەفەرمووێ: "لن يفلح قوم ولوا امرهم امرأه" هەرگیز سەرکەوتوو نابێت ئەوگەلەی کاروباریان بسپێرن بەئافرەت.

بەڵێ ئەمە ڕای ئیسلامە سەبارەت بەوەی ئافرەت دروست نییە بکرێ بە "خەلیفە". دیارە بۆ مرۆڤی موسڵمان هیچ بەڵگەیەکی تر پێویست نییە، دوای ئەوەی کە فەرموودەی خوا و پێغەمبەری لەسەرە... بەڵام ئەو کەسە بڕوای وانییە، بابڕوا چاوی بگێڕێ بەوڵاتاندا و ئینجا قەڵەمێك بگرێ بەدەستییەوە بۆ نووسینی سەرۆك دەوڵەتەکان ـ لەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا ـ تابزانێ چەندیان ئافرەت بوون و، چەندیشییان پیاو بوون، جا بەراوردێکیان بکات بزانێ کامیان زۆرن؟ ئینجا ئەو کاتە بۆی دەرئەکەوێ کەڕێژەی ئافرەتان زۆر زۆر کەم بوە لەچاو پیاواندا... دیارە ئەمە مانەی وایەکە ئافرەت زۆر کەم گونجاوە بەپێی تاقییکردنەوە بۆ سەرۆکایەتی وەئەو تاکە تاکەش هەلومەرجی تایبەتیان هەیەو...، ئاشکرایشە "ئاین" ڕۆڵی نەبووە لەمەدا .

## لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مەرجی نەژاد "نەسەب":

ئیبن حەزمی ئەندەلووسی ئەڵێت: "خیلافەت ڕەوانییە بۆ کەسێ نەبێت کە لە قوڕەیش بێت.." چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: "لايزال هذا الامر في قريش مابقى في

قوڕەویشداکار بەو مەرجە کراوە وەك " ئیبن خلدون " لە (( المقدمة )) دا ئەم ڕایەی پشت ڕاست کردوەتەوە .. (( تیشك ))

3 ) الشوکانی ، نيل الاوطار( 8 /219 ) .

1 ) اصول الدعوة ، عبدالرحمن زيدان ، ( ل163 – 164 ) .

الناس اثنان"[1]. واتە: ئەم کاروبارە هەر ئەبێ بەدەست قورەیشەوە بێت تا دوو کەس بمێنێ، دیسانەوە هاتووە: "عن معاوية انه قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: ان هذا الامر في قريش لايعاديهم احد الا اكبه الله على وجهه ما أقاموا الدين"[2] واتە: بێ گومان ئەم فرمانە "خەلیفە" لە قورەیش دەبێت، وە هەرکەسێك دوژمنایەتیان لەگەڵ بکات خوا ئەیخات بەڕوودا بەناو دۆزەخدا بەو مەرجەی کە کاروباری ئایین ببەن بەڕێوە، ئەم ڕیوایەتە وای گەیاندووە کە کاتێ "ئیمامەت" لە قورەیشدا ئەبێت کە بەپێی فرمانی ئەم ئایینی پرۆزی ئیسلامە بجووڵێتەوە، خۆ ئەگەر لایاندا ئەوە هەموو کەس، قورەیش و ناقورەیش، یەکسانن لە خیلافەتدا و هیچ کەسێکیش پێی گوناهبار نابێت.

"بەغدادی"یش ئەڵێت: "بەڵگەی ئەهلی "سوننەت" بۆ ئەوەی کە "ئیمامەت" هەر ئەبێ لە قورەیشدا بێت ئەم فەرموودەیە: "الأئمة من قريش" بۆیە لە ڕۆژی "سەقیفە" دا ئەنصارییەکان خیلافەتیان دایە دەست قورەیشەکان.

کۆمەڵە فەرموودەیەکی تر هاتوون بۆ ئەم مەرجە: "الأئمة من قريش ما انا حكموا عدلوا"... "الأئمة من قريش، ان لى عليكم حقا ولهم عليكم مثل ذلك ما ان استرح وا رحموا، وان عاهدوا وفوا، وان حكموا عدلوا فمن لم يفعل ذلك منهم فعليه لعنة الله والملائكة والناس اجمعين"...

"وان هذا الأمر في قريش ما أطاعوا الله واستقاموا على امره"..

"ئەبویەعلا" لە کتێبی "الاحكام السلطانية" دا لاپەڕە (4) ئەڵێت: "مەرجەکانی ئەو کەسەی ئەبێ بە ئیمام چوارن: یەکێکیان ئەوەیە لە قورەیشیەکان بێت... ئیمامی ئەحمەدیش لە ڕیوایەتێکدا ئەڵێت: خەلیفە لە قورەیش نەبێت نابێت".

"باقلانی" کاتێ باسی سیفەتەکانی پێشەوا ئەکات ئەڵێت: "پێویستە پێشەوا خاوەنی چەند سیفەتێك بێت، یەکێکیان ئەوەیە کە لە قورەیشیەکان بێت"[3].

د. محمد ضياء الدين خاوەنی کتێبی "النظريات السياسية الاسلامية" ئەڵێت: باقلانی یەکەم کەسێك بووە کە مەرجی "قورەیشیەت"ی پشتگوێخستووە.

---

[1]) رواه البخارى ومسلم .

[2]) رواه البخاري .

[3]) الباقلانى: التمهيد ل181 .

## تێبینیەك لە وتەی زاناكان و هەڵبژاردنی ڕای پەسەند:

زانایان  بەتێكڕا لە مەرجەكانی پێشەوا دواون، وتوویانە "قوڕەیشیەت" یەكێكە لەمەرجەكانی، بەڵام هیچ كەسێكیان باسی حیكمەتەكەیان نەكردووە. تەنها مێژوو نوس و "قەفیە"ی ئیسلام ـ ئیبن خەلدوون ـ نەبێت، ئەوئەڵێت: وە نەبێت مەرج گرتنی ((قوڕەیشیەت" داخلی مەرجەكان بێت بێ هۆو حیكمەت؟ !. نەخێر.. بەڵكو بۆیە بە مەرج گیراوە قوڕەیشی بێت، چونكە قوڕەیشی خاوەنی هێزو پێز بوون لەو سەردەمەدا، و دەسەڵاتیان بووە ـ كە ئەمەیش خاڵی سەرەكی پێشەوایەتییە ـ "ئەگەر چاك بكەین بەلادا و توێژینەوە بكەین لە حیكمەت و فەلسەفەی ئەوە كە پێشەوا بۆ ئەبێ بە ڕشتە قوڕەیشی بێت... دەرئەكەوێ كە نیازو مەبەستی "شارع" تەنها ئەوە نییە كە پیرۆز ببین بەهۆی ئەوەوە كە قوڕەیش ئەگاتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ).. هەرچەندە ئەم ئەم پەیوەندییەش ببێت، چونكە مەبەست و نیازی خوای گەورە "تەبەرەكی و پیرۆز بوون نییە" كەوابوو پێویستە حیكمەت و بەرژەوەندییەكی ببێ لەم مەرج گرتنەی "قوڕەیشیەت"دا.

جا هەرچەندە چاو بگێڕین حیكمەتەكەی ئەمەیە كە: قوڕەیشی كاتی خۆی دەسەڵات و هێزوپێزیان هەبووە... دیارە كە ئەمیر لەوان بێت ئیتر پارێزراو ئەبێت لە پەلاماردان و ناكۆكی و شتی وا... كەوابوو ئەو كەسەی كاروباری موسڵمانان ئەگێڕێتە ئەستۆ و ئەبێ بە خەلیفەیان ئەبێ لە هۆزێكی بەهێزو خاوەن دەسەڵات بێت، وە هیچ كەسێكی تر نەتوانێ بەرامبەری بكات بۆ ئەوەی خەڵكەكەی تر ملی بۆدانەوێنن..." .

جا زانیمان فەلسەفەی ئەوە كە پێشەوا بۆیە ئەبێ قوڕەیشی بێت چونكە قوڕەیش دەمارگیری و ڕەگەزپەرستیی تێدایە، دیارە ئەم سیفەتانەش ئەبن بەهۆی پاراستنی

---

[1] ) بێجگە لە (خەواریج) و هەندێ لە ( موعتەزیلە)كان كە بەلایانەوەوایە ئیمامەت بۆ كەسێك ئەبێت حوكم بكات بە قورئان و فەرموودە) ئیتر قوڕەیشی بێت، یا بڵێین (عەرەب بێت، یان عەجەم) وە فەرموودەی: (الأئمة من قريش) ڕەت ئەكەنەوە و ئەڵێن (ئاحاد)ە ... تەنانەت (زەڕاری كوڕی عومەر) لەناویاندا و پشتیوانی وای نییە تا یاخی بێت یان ئەڵێت: ئیمامەت لە قوڕەیش نەبێت باشترە، چونكە ئەوخەلیفە بنەماڵە و تیرەی كەمە، وە هەركات لای دا لە فەرمانی خوا ئاسانتر بۆمان لائەبرێت.

[2] ) ابن خلدون : المقدمة، ص 195 .

ئەمیرو هەڵمەتی ئەمو ئەو و هیچ کەسی تر ناتوانێ بەربەرەکانێی بکات.. وە ئێستایش ئاشکرایە پەیوەندی بەهۆی "ڕشتە، نەسەبە"وە تواوەتەوە لەناو کۆمەڵگە تازەکانی ئەمڕۆدا و نەماوە. لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە هەرکەسێك مەبەستی ئەو مەرجەی تێدا بێت ـ کە ئەویش ئەوەیە زۆربەی جەماوەری لەگەڵ بێت ـ تا خۆشەویستی دەرکەوێ و ناکۆکیشی نەمێنێ لەناو کۆمەڵەکەدا ئەوە دروستە بکرێ بەسەرۆك کۆمار با قوڕەیشیش نەبێت.

بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە زۆربەی خەڵك کێیان خۆشی ئەوێ وەك لە پێشەوە باسمان کرد هەڵبژاردن باشترین ڕێگەیە بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی کۆمەڵ.

کەوابوو سەرئەنجام هاتینە سەر ئەمە کە: هەرکەسێك جەماوەری موسڵمانان خۆشیان بوێ، ئەوە ئەو کەسە شایەنی ئەوەیە بکرێ بە پێشەوا و خەلیفەی موسڵمانان بەو مەرجانەی باسمان کردن.

خوێنەری بەڕێز:

ئەمانەی باسمان کردن کۆمەڵە مەرجێك بوون پێویستە لە "ئیمام = سەرۆك دەوڵەت" دابێنە جێ، ئەگینا سەرۆکایەتیەکەی دانامەزرێ و هەر حوکمێکیش بکات ناڕەوایە. خۆ ئەگەر ـ بێجگە لەوان ـ هەندێکی تریش پێش چاو بگیرێن، بەپێی شوێن و کات، و بەپێی بەرژەوەندی گشتیی ناوچەو وڵات ئەوە هەر پیرۆزە و قەیناکات، بۆ نموونە:

دروستەساڵ دیاری بکرێ "واتە ئەو کەسەی ئەکرێ بە "خەلیفە" پێویستە تەمەنی بگاتە ئەوەندە ساڵ ئەوجا بکرێ بەجێنشین" وە دروستە پلەی زانیاریی بۆ دیاری بکرێ وەیا بڕوانامەی فلان جۆرە زانیاریی بێت، وە هەروەها..." [1].

## کردنی باش(مفضول) بەخەلیفە لەگەڵ بوونی باشترین(افضل) دا

پێویستە پێشەوا بەرزترین خەڵکی ئەو سەردەمەی خۆی بێت لەڕووی مەرجەکانی پێشەوایەتییەوە، بەڵام ئەگەر ئەنجوومەنی ڕاوێژ "بەیعەت"یان کرد بەکەسێك خوارتر (مەفضوول) بوو لە چاو کەسێکی تردا... واتە (ئەفضەل) دەست ئەکەوێ کەچی بەیعەت بە (مەفضوول) کرا ئایا ئەم بەیعەتە دائەمەزرێ یانەء...؟

[1] ) الاسلام وأوضاعنا السياسية ص145 .

"ماوەردیی" ئەم وەڵامەمان ئەداتەوە: ئەگەر ئەم "مەفضوول"ە لەناو خەڵکەکەدا ناو و شۆرەت و ڕێزی زیاتر بوو، وە زیاتر گوێڕایەڵی ئەکرا لە ئەفضەلەکە، ئەوە دروستە و ئەو بەیعەتە دائەمەزرێ، خۆ ئەگەر وانەبوو، ئەوە زانایان دوو دەستەن سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو بەیعەتە.. "جاحیظ" ئەڵێ: دانامەزرێ و ناڕەوایە، بەڵام زۆربەی زانایانی "فیقه" و "کەلام" لەسەر ئەوەن کە ئەو بەیعەتە دروستە و دائەمەزرێ ئەگەر مەرجەکانی ئیمامەتی تێدا بێت، چونکە زیادە "فەضل" مەرجی ئەوە نییە کە زیاتر شایەنی هەڵبژاردن بێت" [1].

دیارە لەم کاتەدا کە کێشە هەیە لەنێوان زاناکاندا قسەی جەماوەری زانایان هەڵئەبژێررێ ئەویش بریتییە لەوە: دروستە "مەفضوول" بکرێ بە جێنشین، با "ئەفضەل" یش ببێت، بەڵام باشوایە هەوڵ بدرێ بەیعەت بە (ئەفضەل)ەکە بکرێ.

بۆ پشتگیری ئەم ڕایە زانای وەك "ئیبن حەزمی ئەندەلووسی، ئیمامی غەزالی، ئیمامولحەرەمین". لەگەڵ ئەوەدان کە ئەڵێن: دروستە "مەفضوول" بکرێ بە پێشەوا با "ئەفضەل" یش دەست بکەوێ.

## دووەم: کۆمەڵ و گەل

پایەی دووەم [2] بۆ پیادەکردنی حوکم لە ئیسلامدا "گەلە" کە ئەویش لە دیمەنی ئەنجوومەنی ڕاوێژدا دەردەکەوێت، واتە ئەنجوومەنی ڕاوێژ- وەك باسمان کرد- نوێنەری گەلە، کەوابوو "پێشەوا" با (ئەفضەل)ی ئەو سەردەمەیش بێت نابێ لەخۆیەوە بەیعەت بۆ خۆی وەربگرێت، بەڵکو ئەبێ لەلایەن ئەنجوومەنی ڕاوێژەوە بەیعەتی پێ بکرێ و پەسەند بکرێ.

بەڵگەی ئەمەیش وتەی هەندێ لە زاناکانمانە:

بەغدادی ئەفەرموێ: "دەستەی زۆری ئەهلی سوننەت و "موعتەزیلە و خەواریج و نەجارییە" کان لەسەر ئەوەن کە هەڵبژاردنی پێشەوا هەقی گەل و کۆمەڵە" [1].

---

[1] ) الماوردی : الاحكام السلطانیة، ص8 .

[2] ) پایەی یەکەم لە پایەکانی بەیعەت بریتی بوو لە خەلیفە و پێشتر باسکراوە .

1) شیعە جەعفەریەکان دان نانێن بەوەدا کە پێشەوا گەل هەڵی ئەبژێرێ، بەڵکو ئەڵێن: پێشەوایەتی لە پێغەمبەرەوە براوەتەوە بۆ (ئیمامی عەلی) و کوڕەکانی دوای خۆی، وە خوا بە خورپە (ئیلهام) هەڵی

"ئیبن خەلدوون" یش ئەفەرموێ: کاتێ قسە ئەکات لە دانانی پێشەوا "هەڵبژاردنی ئیمام فەرزی کیفایەیە و بەدەست ئەهلی حەلل وعەقدیشە" [1].

"ماوەردی"ی ئەفەرموێ: "پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی کوڕی حاریسەی کردە پێشەوای سوپاکەی (مؤتة) فەرموی: ئەگەر ئەو پێوە بوو "جەعفەری کوڕی ئەبوو تالیب" وە ئەگەر ئەویش پێوە بوو "عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە"، ئەگەر عەبدوڵلایش پێوە بوو ئینجا با موسڵمانەکان خۆیان پیاوێ هەڵبژێرن... دوای ئەوموسڵمانەکان " خالیدی کوڕی وەلید" یان هەڵبژارد... ئاشکرایە پێغەمبەر (ﷺ) لە "ئیمارەتا" ئەمە بکات مانای وایە لە "خەلیفە" تیشدا دروستە" [2] ئەم فەرموودەیە وا ئەگەیەنێ کەڕەوایە بۆ گەل "حاکم" هەڵبژێرێ" [3].

"ئیمامی غەزالی"یش ڕای وەك ماوەردی وایە.

---

بژاردوون و تایبەتی کردوون بە (خیلافەتە)وە، وە لەهەموو هەڵەو (زەللە) یەك پاراستوونی ... ئەگەر (ئیمام) یان بۆ نەگونجا ئەوە هەر خۆیان ئیمام دائەنێن، جا با (حاکم) یش بیێ وکاروبار ببات بەڕێوە، جا لەم کاتەدا کە (ئیمام) یان خۆی حەشارداوە و نادیارە (جێگر) ی بۆ دائەنێن تا چاو دێری و سەرپەرشتی کاروباری کۆمەڵە ودەستەکەیان بکات .. ئیتر دەوڵەتی سەرحوکم هەر جۆر ببێت. ئینجا دەستەی ئەهلی (سوننەت)یش لێکۆڵینەوە (موناقەشە) یان لەگەڵ ئەکەن، (ئیمامولحەرەمین) ئەفەرموێ: (ئیمامییە) کان ڕایان وایە کە پێغەمبەر (ﷺ) ددانی ناوە بە پێشەوایەتی ئیمامی عەلی دا هەرکەسێك وەری گرێ بۆ خۆی ئەوە ستەمی لێکردووە .. ئینجا پێیان ئەڵێن: ئایا (عیلم) تان بەم مەسئەلەیە هەیە ، یا خۆتان بە ڕەوای دائەنێن ؟ ئەگەرعیلمتان هەیە ، ڕێگەی سەلماندنی چۆنە ..؟ ئەگەر ئەڵێن فەرمودەمان بەدەستەوەیە، ئەڵێین : فەرموودە ئەبێ بەدوو بەشەوە: (موتەواتر)، (ئاحاد) دیارە دەقی (موتەواتیتر) تان بەدەستەوە نییە، (ئاحاد) یش عیلم ناگەیەنێ، .. کەوابوو چۆن لافی عیلم لێ ئەدەن ؟ بێجگە لەمەیش (ئیمامییە)کان هەموویان قسەیان یەکە بۆ ئەوە کە: (خەبەری ئاحاد) پێویست نییە عەمەلی پێ بکرێ چ جای ئەوە (عیلم بگەیەنێ) ؟ .

[1] ) الارشاد الى قواگع الّدله فى اصول الاعتقاد) ل419

[2] ) المقدمة ل193 .

[3] ) الماوردی : الاحكام السلطانية ل13 .

"ئیبن قدامەی مەقدیسی"ی ئەڵێ: "ئەو کەسەی موسڵمانەکان بڕیاری بۆبدەن بۆ ئیمامەت، وە بەیعەتی پێ بکەن، ئەوە پێویستە لەسەر موسڵمانان یارمەتی بدەن" [1].

ئەمەیش - پایەی دووەم - چونکە بەپێی قورئانی پیرۆز "ئوممەت" لێپرسراوە بۆ پیادەکردنی بەرنامەی خوای گەورە لە مامەڵە و تۆڵە و شتی وادا، بەپێی ئەم ئایەتانە: (والمؤمنین والمؤمنات بعضهم اولیاء بعض یأمرون باالمعروف وینهون عن المنكر) [2].

وئایەتی: (والسارق والسارقه فاقطعوا أیدیهما...) [3] ... (الزانیة والزانی فاجلدوا كل واحدة منهما مائة جلدة..) [4] ..ئەم ئایەتانە و چەندەهای تریش "گەل" ئەکەن بە بەرپرسیار بۆ پیادەکردنی حوکمی خوا، ئاشکرایشە گەل هەمووی پێی ناکرێ هەڵسێ بەم ئیشە کەوابوو پێویستە لەسەری جێنشینێك بۆ خۆی دابنێ.

لە فەرموودەی پێغەمبەریشدا (ﷺ) هاتووە کە:لەسەر "گەل " پێویستە دانانی ئیمام و پێشەوا. ئیتر بێجگە لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کردوو بە هیچ شێوەیەك جێ نشینی دیاری نەکرد... بەڵکو دایە دەست "گەل" تائەوان بەئارەزووی خۆیان پێشەوا هەڵبژێرن. سەرەڕای ئەمانە، هاوەڵەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) ئیجماعیان لەسەر ئەوەیە کە هەڵبژاردنی "پێشەوا" هەقی "گەلە".

**سێیەم: دەستەبەرکردنی هێزە بۆ پیادەکردنی شەریعەتی خوا:**

گەل - کە ئەنجوومەنی ڕاوێژ نوێنەرایەتی دەکات - لەسەرەتاوە "دەسەلات" بەدەست ئەوە، وەدەسەلاتی ئەوەیشی هەیە ماف هەرکەسێکی تر بسپێرێ.

زانایان لە "بەیعەت" ئەدوێن و باسی ئەوە ئەکەن کە: "حاکم" هەڵسێ بە پیادەی شەریعەت بەم شێوەیە:

---

[1] ) المغني ب8 ل107 .

[2] ) النساء /135 .

[3] ) المائدة / 38 .

[4] ) النور / 2 .

ئەبویەعلا ـ کە باسی بەیعەت ئەکات ـ ئەڵێ: "شێوەی "عەقد" ەکە بەم جۆرە ئەبێ: ئەوا پەیمانی ڕەزامەندیمان پێدایت بۆ پیادەکردنی دادگەریی وە بەجێهێنانی فرمانەکانی "ئیمامەت و... هتد" [1].

"ئیبنی خەلدوون" ئەڵێ: "ئیمامەت دانراوە بەجێ نشینی پێغەمبەرایەتی، بۆ پاراستنی ئایین و "سیاسەتی" دنیا بە ئایین" [2]. پاراستنی ئاین واتە پیادەکردنی و بڵاوکردنەوەی لە نێوان موسڵمانانداو ڕاگەیاندنیەتی بەو شێوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) گەیاندویەتی [3].

پێویستە لەسەر شانی ئیمام بە شێوەیەکی تێرو تەواو چاودێری بەرنامەی خوا بکاو هەوڵ بدا بۆ پیادەی بەرنامەکەی لەعەقیدەو باوەڕو ڕەوشت "خوا پەرستی و مامەڵەی تاك لەگەڵ تاکدا، تاك لەگەڵ دەوڵەتا، دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتی تردا لەلایەنی ڕەوشتی و، کۆمەڵایەتی و، داوەریی و، سیاسی،یاسایی و، ئابوورییەوە، بەکورتیی: پیادەکردنی ئیسلام لەهەموو ڕووداوێکدا لەژیانی تاك و دەوڵەتدا: (ثم جعلناك على شريعة من الامر فاتبعها...)[4]

ئەبێ دونیا تێکەڵ بکرێ بە ئایینەوە بەو مانایە کە: دەوڵەت چاودێری کۆمەڵ بکات بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی تێدا بێتە جێگە و "زیانی" لێ دوور بخرێتەوە... دیارە ئەمە کاتێك ئەبێت کە ژیان سەد لەسەد بەپێی بەرنامەی خوا ببرێ بەڕێوە، وە بەو نەخشەیە بێت کە ئیسلامی پیرۆز دیاری کردووە" [5].

هەروەها "سیاسەت"ی شەرعیی وا داوا ئەکات بۆ پیادەکردنی کاروباری دنیا ئەبێت ترازووی عەدالەت دابنرێت و ستەم قەڵاچۆ بکرێ لەهەموو لایەنەکانی ژیاندا، گەورە تا بچووك" [6].

---

[1]) الاحكام السلطانية، لەم دەقەی (ئیبنی خلدون )دا، سیاسەت بەمانای (( بەڕێوبردن )) دێت ل9.

[2]) المقدمة /ل145.

[3]) عبدالكريم زيدان: اصول الدعوة ل183.

[4]) الجاثية / 18.

[5]) د. عبدالكريم زيدان : اصول الدعوه ل85 بەدەستکارییەوە .

[6]) ابو يعلى، الاحكام السلطانية ل9 .

تەرازووی دادگەری کاتێ ئەبێت هەموو خاوەن مافێك مافی خۆی بۆ دیاری بکرێ.

"ئیبن خەلدوون" ئەڵێت: "وا نەزانن ستەم هەر ئەوەیە کە سامان و دارایی لە خەڵکی بسێنرێ بێ بەرانبەر "عیوەض" وەك وابلاوە لەناو کۆمەڵدا... نەخێر، بەڵکو ستەم زۆر فراوانترە لەوە. هەرکەسێك سامانی هەرکەسێك داگیر بکات، وە یا مافی خۆی نەداتێ وەیا شتێك بسەپێنێ بەسەریاکە ئیسلام دای نەنابێ.. ئەوە بێگومان ستەمی لێکردووە و بە ستەمکار دائەنرێ، کەوابوو ئەوانەی سامان کۆئەکەنەوە بە ناحەق بە ستەمکار دائەنرێ، کەوابوو ئەوانەی ماڵی خەڵکی ئەفرێنن ستەمکارن، ئەوانەی مافی مرۆڤ نادەن ستەمکارن... و ئۆباڵی ئەوانە ـ هەر هەموویان ـ لەسەر بەڕێوەبەری دەوڵەتە" [1].

دیسانەوە "سیاسەتی" ئیسلام وا داوا ئەکات کە ئەبێ ئیشوکار بەپێی "کەفائەت" و لێهاتن دابەش بکرێ، وە پێویستە لەلایەن دەوڵەتەوە چاودێری ئەو کار بەدەستانە بکرێ: ئاخۆ چۆن ڕەفتار ئەکەن لەگەڵ ئەو کارەی پێیان سپێراوە... بەڵگەی ئەمەیشمان ئەم ئایەتە پیرۆزەیە: (إن خير من اسأجرت القوي الامين). واتە: ئەوی بەکرێی ئەگرێت بەڕاستی خاوەن هێزوو دەست پاکە. کەوابوو ئەبێ هەر کەسێك بەپێی دەسەلات و زانیاری یەکەی کاری بدرێتێ وە لەچیدا بڕوانامەی هێناوە لەوەدا بخرێتە سەرکار.

ئاشکرایە پێشەوا بەتەنها وڵاتی بۆ ناڕوا بەڕێوە، بەڵکو ئەبێ بە یارمەتی دەستەیەك لە لێپرسراوان بێت، وە تەرازووی دادگەریشی کاتێ هەڵئەواسرێ لەناو وڵاتدا کە ئەوانەی لە دەورووبەری پێشەوادان شایەنی ئەو کارە بن و دادگەریش بن، بێجگە لەمەیش "واقیع" ئەیسەلمێنێ کە هەرکات کاربەدەست لێهاتوو و وریا و چالاك و زیرەك بێت خۆشی و کامەرانی پەلوپۆ بڵاو ئەکاتەوە.. خۆ ئەگەر تەممەڵ بوو نرخی نیشتمانی لەلانەبوو، وەیا چاوچنۆك و پارەخۆر بوو دیسانەوە ئاسەواری لەوڵاتدا دەرئەکەوێ، چونکە ئەبێ بەهۆی دواکەوتنی گەل و کۆمەڵگە لەو ڕووەوە.

جا کە هەموو پیاوەکانی دەوڵەت پێکهاتن لە کۆمەڵێکی بە "کەفائەت" و دەستپاك و داوێن پاك لە خواترسن، ئەوجا دادگەری بەتەواوەتی سێبەر ئەکات بەسەر وڵاتدا، وە

---

[1]) المقدمة ل223 .

ستەم نامێنێ، وە دەرگای ستەم و تەماح بازی و زیان گەیاندن بەیەکتر دائەخرێن، لەو لایشەوە ئادەمیزادەکانی ـ هەموویان ـ دەست ئەگرن بە دەوڵەتەکەیانەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆشەویستیان بۆی زیاد ئەکات و نزای بۆ ئەکەن تا خوا بیپارێزێ... ئاشکرایشە تا خەڵك لەگەڵ دەوڵەتدا بێت، بەڵام بەڕاستی ئەوە وڵات لە پێشکەوتن و بەختیاریدا ئەبێت، و زێتر ئەمێنێتەوە لە ناوچەکەدا. دەڵێ ئەگەر کاربەدەستەکانی بێ "کەفائەت" وبێ توانا بوون لەکارەکەیاندا ئەو کاتە دادگەری ئەپێچرێتەوە ستەم دێتە جێگەکەیەوە، هەق و ڕاستی پێشێل ئەبێ، مۆری بەدبەختی ئەدرێ لەناو چاوی کۆمەڵگەکە... لە هەمووی خراپتر خەڵکەکە خۆشەویستیان نامێنێ بەرامبەر دەوڵەت، وە هەریەکەیان حەز بەڕوخانی و نەمانی ئەکات، وەئیتر هەوڵ ئەدەن بۆ تیاچونی و بەرگریشی لێ ناکەن لەکاتی تەنگانەدا... و "ئۆباڵی ئەمەیش ـ هەمووی ـ لەسەرشانی دەوڵەتە" [1].

کاتێ کۆمەڵگە بەرەو خراپە ملی نا، ئەوە تاوانەکەی لەسەر "پێشەوا" یە، باپێشی ناخۆش بێت، چونکە ئەم شوانیانەو بەرپرسیاریشە لەهەڵسوو کەوتیان.

بۆیە دەستەی زانایان زۆر "ئیحتیاط" یان کردووە لەم باسەدا ئەوەتە ئەڵێت: پێویستە لەسەرشانی "ئیمام" چاودێری نوێنەران و کاربەدەستەکانی وڵات بکات: "پێویستی سەرشانی سەرەك دەوڵەتە خۆی بۆ خۆی چاودێری کاروبار بکات، چونکە "سیاسەت" ئەوەیە کە گرنگی و بایەخ بدات بەکۆمەڵگە و پاسەوانییان بکات... وەنابێ چاودێریەکە بسپێرێت بەخەڵکی و خۆیشی خەریکی ڕابواردن بێت، یان خەریکی خوا پەرستی بێت !! واتە چاودێری ڕەعیەت و ژێر دەستە بکات ئەوە گرنگترە لە خواپەرستی بێجگە لە "فەرزەکان": "یاداود اناجعلناك خليفة في الارض فاحكم بين الناس بالحق ولا تتبع الهوى.." کەوابوو خەلیفە هەرئەبێ خۆی بگەڕێ و هەوڵ بدات ستەم لە هەژاران دوور بخاتەوە، ئەگەینە هەرکەسێ ستەمی لێ بکرێ تاوانەکەی دێتە ئەستۆی ئەو، بۆیە خەلیفە کانی ئیسلام هەر خۆیان ئەگەڕان بەناو کۆمەڵ و بازاڕەکاندا.

هەروەها پێویستە لەسەرشانی ئیمام "بڵاوکردنەوەی هێمنی و ئاسایشی لە خاکی ئیسلامدا، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ترسیان لەگیان و شەرەف و سامانیان نەبێت، ئاشکرایە

---

1 ) ابن خلدون / االمقدمة، ل 223

ئەگەر یاسای تۆڵە وەرگرتن "القانون الجنائیە" لە ئیسلامدا پیادە بکرێ ئەم مەبەستە دێتە جێگە" [1] واتە: هێمنی و ئاسایشی بڵاو ئەبێتەوە.

"ماوەردی" ئەڵێت: "خەلیفە ئەبێ هەڵسێ بەجێبەجێ کردنی "حدود"ەکانی خوا، تا ئەو شتانەی قەدەغەی کردوون بەستیان نەشکێ، وە بۆ ئەوەی ماڤی ئادەمیزادەکان تیدا نەچێت" [2].

پێویستە لەسەر سەرەك دەوڵەت ئەو شتانەی کۆمەڵگە پێویستی پێی ئەبێ - وە پیشەسازی و هەموو جۆرە زانیارییەك - بیهێنێتە ڕوو، چونکە ئەو جۆرە شتانە هەموویان "فەرزی کیفایە"ن، وەبە پێی فیقهی ئیسلامی هەرشتێك پێویستی کۆمەڵ بێت ئەبێ دەوڵەت فەراهەمی بهێنێ بۆیان، ئەگەینە بە تاوانبار ئەژمێرێ لای خواو تۆڵەیشی لێ ئەسێنێ، زانای بەڕێز "ئیبن عابدین" ئەڵێت: "ئەو پیشەسازیانەی کۆمەڵگە پێیان ئاتاجە فەرزی کیفایەن" [3] ئەبێ فەراهەم بهێنرێن بۆ و لات و گەل.

ئاشکرایشە پیشەسازی بەپێی کات و شوێن ئەگۆڕێن، جاکە فەراهەمهێنانی هەموو پیشەسازییەکان و جۆراو جۆری زانیارییەکان - کە جیهان بەمانەوە ئەڕوات بەڕێوە - فەرزی کیفایە بن لەمەوە دوو بەرهەممان دەست دەکەوێ:

یەکەم: ئەمە کە پێویستە فەراهەمهێنانیان لە کۆمەڵگەدا، بۆئەوەیە فەرزە کیفایەکە بێتە جێ، جا ئەگەر فەراهەم نەهێنران ئەوە هەم "حاکم"، وەهەم کۆمەڵ گوناحبار ئەبن لای خوای گەورە.

دووەم: خاوەن پیشەسازییەکان بۆیان نییە دەست لەو کارانە هەڵبگرن.. خۆ ئەگەر نەچوونە سەر ئیشەکانیان ئەوە "حاکم" ەکان بۆیان هەیە زۆریان لێ بکەن بەزۆر ئیشەکەیان پێ بکەن... تا فەرزە کیفاییەکان جێبەجێ بن... بۆیە پێشەوا "ئیبنی قەییمی جەوزی" ئەفەرموێت: "والی بۆی هەیە زۆر بکات لە خاوەن پیشەکان بۆ کارکردن بەمافی هاو وێنەیی "أجرة المثل" ئەگەر مانیان گرت لە ئیشەکەیان، لە کاتێکدا ناوچەکە پێویستیان بەو پیشەسازییە هەبوو" [4].

---

1 ) د. عبدالکریم زیدان : اصول الدعوة ل 188

2 ) الماوردی : الاحکام السطانیة ل14

3 ) حاشیة ابن عابدین ( ردالمختار ) علی ( الدرالمختار ) ب3 ل32

4 ) ابن قیم الجوزیة : الطرق الحکمیة ل222 .

هەروەها پێویستە لەسەر سەرەك دەوڵەت هەوڵ بدات بۆ "بەرهەم" وەدەستهێنان لە خێرو بێری وڵات، چونكە ئەوە یەكێكە لە پێویستیەكانی "ئیمامەت"، واتە ئەبێ دامودەزگای حوكم تێ بكۆشن بۆ فەراهەمهێنانی بەروبووم لەوناوچە و وڵاتەكەدا، تا دانیشتوان و هلو وڵاتیان بەرەفاهییەت ژیان بەرنە سەرو بۆ هیچ شتێك دانەمێنن، ئەگینا بێگانەكان دەست ئەخەنە ناو وڵاتمانەوە بەناوی پیشەسازییەوە وە جاسووسی و سیخوڕی ئەكەن بەسەر هاو وڵاتیانەوە زۆربەی هاونیشتمانیەكان ـ بێ ئەوەی كەس پێیان بزانێ ـ دەبنە سیخوڕ بۆیان.

كەوابو ئەبێ دەوڵەت هەوڵ بدات چەندەها كارگەو پیشەسازیی دروست بكات بۆ وڵات، تا مرۆڤەكان پێی بژین و ئیش زۆر ببێ و قات و قڕی دروست نەبێ لەناویاندا...

پێویستە چاوبگێڕێ ـ بەهۆی پسپۆڕی تایبەتییەوە ـ بۆ دەرهێنانی ئەو خێرو بێرانەی لە كانگا "مەعادن"ەكاندا هەن. واتە ئەبێ دەستەیەك لە زانایانی "جیولوجیا" بێنێ تا نهێنیەكانی ژێر زەوی ببشكنن، ئەمەیش بەوە ئەبێت لەگەڵ هەندێ وڵاتدا دەست تێكەڵ بكات تا كۆمەڵە قوتابییەك فێری ئەو زانیارییە ئەبن ئەگەر خۆی نەیبوو...

پێویستە لە ڕووی كشتوكاڵ و مەزراوە تێ بكۆشێ بۆ چاككردنی زەوی و نەهێڵێ هیچ سەرمایەیەكی بە بۆشی و بێ دەرامەت بمێنێتەوە، چونكە زەوی و ئاو گەورەترین هۆن بۆ بەدەستهێنانی دەرامەت و زۆر بوونی گەنم و دانەوێڵە و هەموو جۆرەكانی تری پێداویستەكانی ناوچە و وڵات.

پێویستە دەستەی كرێكاران بخاتە سەر ئیشوكار تا بەرهەم زۆر بێ بۆ هاوڵاتیان، ئەمە لەلایەكەوە، لەلایەكی تریشەوە بێكارە زۆر نەبێ لەمەیشەوە سەر بكێشێ بۆ "بشێوی" و خۆ پیشاندان "مظاهرة" و مان گرتن "اضراب" لە پێشخستنی ناوچە و وڵات.

بەكورتیی: پێویستە "حاكم" تێ بكۆشێ بۆ فەراهەمهێنانی هەموو پێداویستییەكان وڵات لە دروست كردنی دەرزییەكەوەتا ئەگاتە مەكینە و سەیارەو یەخچاڵ وتانك و زرێپۆش و ڕۆكێت و.... هتد.

ئەم قسەیەش وەنەبێ لە گیرفانی خۆماندا دەری بهێنین، نەخێر بەڵكو لەكۆنەوە "كتێبە پەڕە زەردەكان" و مامۆستا گۆش كراوەكانی وڵاتمان پەنجەیان بۆ ڕاكێشاوە و

بیریان لێ کردۆتەوە، بەڵام ئیتر بەداخەوە دەستەی حوکمڕانی پشتگوێیان خستووە و بە گوێیان نەکردوون تا ئەوەیە کە ئەیبینین بارودۆخی ناوچە و وڵات بەکوێ گەیشتوە ! !.

زانای داناو بیر تیژ "ئەبویوسف" لەو نوسراوو پەیامەیدا نووسی بۆ هارونە ڕەشید، باسی بیر هەڵکەندن و جۆگە و ڕووبار و چاککردنیان ئەکات بەمشێوەیە: "ئەگەر کۆڕی - ئەنجوومەنی ڕاوێژ - ڕایان وابوو کە لە دەسکاری ئەوەدا - بیر هەڵکەندن وجۆگەو شتی وادا - خێروبێر زیاد بوونی بەروبوومی وڵاتی تێدایە ئەوە خێرا ئەنجامی بدە و ئەرکەکەیش لەسەر خەزێنەی موسڵمانان "بيت المال" و هیچیان لێ مەسێنە... وە هەرچی خاوەن زەوییە (خەراج) دەرەکان داوای ئەکەن وەك چاککردنی زەوی و مەزراکانیان ئەوە بە خێرایی بۆیان جێبەجێ بکەو وەڵامیان بدەرەوە بەمەرجێ ئەوە زیانی خەڵکەکەی تری تێدا نەبێت" [1] .

بەڵێ: ئایینی پیرۆزی ئیسلام هیچ کات ڕازیی نابێت لە فەرماندە و کۆمەڵگە دانیشن بێ دەرامەت و بەرووبووم، وە ئەگەر وڵات گرانی و نەبوونی تێکەوت گوناح و تاوان ڕوو ئەکاتە فەرماندەو کار بەدەستەکان... کەوابوو موسڵمانان ئەبێ وریا و زیرەك و ئیشکەر بن، وە بێ وچان بەرووبوم بەدەست بهێنن بە شێوەیەك بۆ هیچ شتێك پێویستیان بە بێگانە نەبێت. وە ئەبێ ئەوەندە زانا و دانا فەراهەم بهێنرێ - لەهەمەجۆر - کە بۆ هیچ شتێك دانەمێنن.

ئەمەیە "سیاسەت" ئیسلام لە گرێدانی "دین و دنیا" بەیەکەوە، وە لە ئیسلامدا ئایینی بێ دنیا قەت سەرکەوتوو نەبوویەوە و نایشبێت، هەروەك دنیای بێ ئایین هۆی نەنگی و ئابڕوو چوونی هەردوو جیهانە.

## سنووری دەسەڵاتی سەرەك دەوڵەت

لە پێشەوە وتمان "خەلیفە" جێگرو جێ نشینی گەلە، وە ئەم خەلیفەیە وەکیلی ئەو کۆمەڵەیە، کەوابوو ئەبێ بەپێی "وەکالە" تەکەی بجووڵێتەوە، واتە لەسنوری ئەو دەرنەچێ، وە ئەبێ ئەو خەلیفەیە بەپێی دەسەڵاتی کۆمەڵەکە بجووڵێتەوە، وە ئەو لەچییدا بۆی هەیە کار بکات ئەمیش _ خەلیفە _ هەرئەوەندە بۆی هەیە.

---

[1] ) ابو يوسف : الخراج ل110 .

ئاشكرايە "گەل" ئەبێ بە گوێرەی بەرنامەی خوا بجووڵێتەوە، دەی خۆ ئەمیش (پێشەوا) وەكیلی ئەوە (گەلە) كەوابوو ئەبێ تەنها دوای بەرنامەی خوا بكەوێ.. بۆی نییە لابدات لەو بەرنامەیە، ئەگینا ئەم ناوانەی پێوە ئەنرێ: "كافر، فاسق، زاڵم" وە نابێ خۆی قسە بتاشێ و ـ نەیشگونجێ لەگەڵ ئەودا ـ ناوی بنێ یاسا، چونكە پێغەمبەران بۆیان نییە، ئیتر ئەمان چۆن بۆیان هەیە؟! (قُلْ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِن تِلْقَاء نَفْسِي إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ).[1]

پێشەوا "سەرەك دەوڵەت" بۆی نییە شتێك بخاتە ناو بەرنامەی خواوە، "شەریعەت" پەسەندی نەكا، پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: "من احدث في امرنا هذا ماليس منه فهو رد"[2] هەركەسێك شتێك دابێنێ لە كاروباری ئاییندا و لەم ئایینەیش بە دوور بێت ئەوە ڕەت ئەكرێتەوە.

سەرەك دەوڵەت بۆی نییە قت و گوڵ لە "شەرع" دا بكات، واتە بگەڕێ هەرشتێك نووسا بەدڵیەوە بڵاوی بكاتەوە و بیكاتە یاسا، هەرچیشی بەدڵ نەبوو لەگەڵ دەوڵەتەكەیدا نەگونجا بیخاتە پشتگوێییەوە، سەبارەت بەم مانەیە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەفەرموێ: (أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاء مَن يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنكُمْ إِلاَّ خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ)[3] .

پێشەوا لەبەردەم یاسای ئیسلامدا جیا ناكرێتەوە لەهاوڵاتیان، واتە هەركات كارێكی كرد ئەبێ دادوەریی بكرێ هەرچۆن هاوڵاتییەك دادوەری ئەكرێ.

"ئیبن حەزمی ئەندەلۆسی" ئەڵێت: "پێشەوا تا پەیڕەوی قورئان و فەرموودە بكات ئەبێ گوێڕایەڵی بكرێ... خۆ ئەگەر لایدا ئەبێ دادوەریی بكرێ ئەگەر سەرپێچی كرد ئەبێ لابرێ و كەسێكی تر بخرێتە جێگەكەیەوە"[4] .

ئەمەیە سیاسەتی ئیسلام لەدانانی "كاربەدەست" دا.. جیا ناكرێتەوە لەبەردەم یاسادا لەهاووڵاتیان، ئەگەر ویستی لابدا لەدادگاو داوەری نەكرێ لەپلەو پایەكەی دادەماڵرێ و دوور ئەخرێتەوە.

---

[1] ) یونس / 15 .

[2] ) ، متفق علیه.

[3] ) سورەی بقرة / 85 .

4 ) الفصل في الملل والا هواء والنحل ، 102 ب4

## ئەرکی کاربەدەست چییە؟

بەڵێ خاڵی یەکەم لەیاسای ئیسلامدا بۆ دانانی سەرەك (جێنشین) پیادەکردنی بەرنامەی خوایە.

"ئیبن تەیمییە" ئەفەرموێ: "مەبەست لەهەموو "ویلایەتەکان" لە ئیسلامدا ئەمەیە کە: فرمان و کاروباری ئایین هەر هەمووی بۆ خوا بێت، وە بۆ ئەوەیە کە تەنها وشەو بەرنامەی خوا گەشەدار بێت، چونکە خوای گەورە تەنها بۆ ئەمە خەڵکی دروست کردووە، وە بەو نیازەوە پەڕاوەکان و پێغەمبەرەکانی ناردووە، وە هەر بۆ ئەوەیش بوو پێغەمبەر و موسڵمانەکان جیهادیان ئەکرد" [1].

"ئیبن قەیمیی جەوزی"ش ئەفەرموێ: "مەبەست لە هەموو "ولایەتە" ئیسلامییەکان فەرمان کردنە بە چاکە و بەرگری کردنە لە تاوان و خراپەکاری" [2]. کەوابوو ڕۆشن و ئاشکرایە کە ئیشی سەرەکی "خەلیفە" ئەمەیە کە بڕیار تەنها هی خوا بێت و، تەنها هەربەرنامەی ئەویش پیادە بکرێ.

خاوەنی "العقائد النسفية"ش ئەڵێت: "موسڵمانان پێویستە پێشەوایەکیان ببێ تا هەستێ بەجێ بە جێ کردنی کاروباریان و سنوری خواییان بەسەرا جێبەجێ بکات و لە هاشوڵی دوژمن بیان پارێزێ و، لەشکر و سوپایان بۆ ڕێك بخا، زەکات و خێرو بێری وڵاتیان بۆکۆبکاتەوە، ئەوانەی ڕووبەڕووی "حاکم" ئەوەستن دایان مرکێنێتەوە و یاسا بەسەر ڕێگرو جەردەدا پیادە بکات، جومعە و یاسای جەژنیان بۆ ببات بەڕێوە، وە کێشەیان بۆ ببڕێتەوە، شایەتیان ـ بۆ چەسپاندنی مافەکان ـ لێ وەرگرێ..." [3].

بەکورتیی: دەستەی زانایان هەموویان هاودەنگن لەمەدا کە: کاروباری پێشەوا پیادەکردنی بەرنامەی خوایە لەم بوونەوەرەدا بەو شێوەیەی خوا خۆی مەبەستی یەتی.

* ئەگەر چەند ڕایەك کۆبوویەوە بۆ هەڵبژاردنی بارێك لەسیاسەت ئەوە بۆ پێشەوا ڕەوایە و ئەتوانێ بەئارەزووی خۆی بارێکیان هەڵبژێرێ و پیادەی بکات، وە ئەبێ گەل و

---

[1] ) ابن تيمية : الحسبة في الاسلام، ل4 و السياسة الشرعية ، ل12 .

[2] ) الطرق الحكمية في السياسة الشرعية ،ل238 .

[3] ) العقائد النسفية، ل478 .

کۆمەڵ گوێڕایەڵی بکەن ودروستیش نییە سەرپێچی ڕاکەی بکەن، چونکە بەپێی "ئیجتهاد"ی خۆی ئەو ڕایە هەڵئەبژێرێ.

ئیسلامیش بۆیە تا ئەم پلە سەربەستیی داوەتێ تا نەهێڵێ کێشە و دووبەرەکی لە ناو موسڵمانەکاندا ڕووبدات، سەرەنجام چەندەها دەستە و تاقم و چین بەرپا ببن لە وڵاتا، کە سەرەنجامی ئەمەیش زۆر مەترسی لێ ئەکرێ بۆ باری ئاسایشی وڵات. جا وا بەگوێرەی دەسەڵات هەندێ نموونە بۆ ئەم ڕاستییە دەخەینە پێش چاو:

1- بۆ دابەشکردنی دەستکەوتە جەنگییەکان دوو ڕا هەیە، کە هەردووکیان خاوەنەکەی بەپێی "ئیجتیهاد" بارێکیان هەڵئەبژێرێ: یەکەم: ئەبێ بەیەکسانی لەناویاندا دابەش بکرێ بێ ئەوەی هیچ ئیعتیبارێك بکرێ. دووەم: ئەڵێ نەخێر بەیەکسانی نا.. بەڵکو هەندێ سیفەت پێش چاو ئەگرین، ئەو کاتە بەپێی ئەو سیفەتانە دەستکەوتەکەیان بەسەردا دابەش ئەکرێ وەك ئەو موسڵمانانەی کە هەر لەسەرەتاوە بڕوایان هێنلو کۆچیان کرد بۆ "مەدینە" و گیان و سامانی خۆیان کرد بە قوربانی بانگەوازەکەی ئیسلام.

حەزرەتی ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت) بەپێی ئیجتیهادی خۆی ڕای یەکەمی هەڵبژارد، بە بەڵگەی ئەمە کە گوایا ئەو موسڵمانانە لە بەر خاتری خوا بڕوایان هێناوە، هەموو وەك یەك وان، وە هاوەڵەکانیشی ملکەچی ئەم ڕایە کرد.

حەزرەتی "عومەر"یش (خوای لێ ڕازی بێت) باری دووەمی هەڵبژارد، هەندێکیان زیاتریان بدرێتێ لە وانی تریان، بە بەڵگەی ئەوە کە کەسێك بە ئارەزووی خۆی و بێ زۆر و زۆرکاری باوەڕی هێنا بێت و نیشتمانی و سامانی خۆی بەخت کردبێت و دوای دروست بوونی دەوڵەتی ئیسلامی و پێغەمبەر کەوتبێت نابێ وەك ئەو کەسە تەماشا بکرێ کە لەم دوا دواییەدا بڕوای هێنا بێت.

"ئەبویوسف" لە کتێبی "الخراج"دا ئەفەرموێ: "کۆمەڵێك لە موسڵمانەکان هاتن وتیان: ئەی جێنشینی پێغەمبەری خوا (ﷺ): تۆ ئەم سامانەت دابەش کرد بە یەکسانی لەناو موسڵمانەکاندا، لە کاتێکیشدا هەندێکیان زیادە ڕێزێکیان هەیە و پێش تر هاتوونەتە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە !! ئەویش فەرمووی: ئەوەی ئێوە ئەیڵێن ـ زیادە ڕێز

و... ـ من ئەمانە نازانم، چونکە ئەوانە پاداشتیان لای خوای گەورەیە ئەمەیش ژیان و ژیوارە "لەگەڵ ئەوەدا جیاوازیان هەیە"، کە وا بوو یەکسانی باشترە لە جیاوازی و نا یەکسانی.

جا کە سەردەمی "عومەری کوڕی خەتتاب" هات وڕزگار کردنی وڵاتان "فتوحات" دەستی پێکرد، هەڵسا پلەبەندی کرد و فەرمووی: ئەوەی لەگەڵ پێغەمبەردا جەنگی کردووە واتە دژی وەستاوە یەکسانی ناکەم لەگەڵ ئەو کەسەدا کە یارمەتی پێغەمبەری داوە و جیهادی لەگەڵ کردووە"[1].

عومەری کوڕی خەتتاب دابەزی لە ڕاکەی خۆیی و چووە سەر ڕاکەی ئەبوبەکر (خوا لێیان ڕازی بێت) لە سەردەمی جێنشینییەکەی ئەبوبەکردا، چونکە ئەیزانی ئەو پێشەوایە و بۆی هەیە بە ئیجتیهادی خۆی ڕایەکیان هەڵبژێرێ و باوی بدا بەسەر ئەوی تریاندا و ئەمیش ئەبێ فەرمان بەرداری بکات.. ئینجا دوایی کە سەردەمی خۆی هات و بۆی دەرکەوت کە مافی ئەوەی هەیە ڕاکەی خۆی ـ بە پێی ئیجتیهاد ـ هەڵبژێرێ و، سەرپێچیشی تێدا نییە بۆ هیچ کەسێك یەکسەر ڕەوای کرد و هاوەڵەکانیش هاتنە سەر ڕاکەی و سەرپێچیشیان نەکرد، چونکە ئەم پێشەوایە بۆی هەیە ئاوا بکات و ئەوانیش ئەبێ گوێڕایەڵی بکەن.

2ـ دەست گرتن بەسەر پیاوە ناودارەکانی قورەیشدا تا لە "مەدینە" دەرنەچن[2]. جا ئەمەیش دوو ڕای ئیجتهادیی تێدایە: یەکەم: نابێ دەرچن، مەگەر بە ئیجازە و ماوەیشی بۆ دیاری بکرێ، تا تێکەڵاوی ئەم و ئەو نەکەن ـ ئەوانەی لەگەڵ دنیادا دەستیان تێکەڵ کردووە ـ و بە پاکی لەسەر ئایینەکەیان بمێننەوە"[3]. دووەم: ئەوەیە کە بۆیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان بۆ کوێ ئەڕۆن بڕۆن، ئازاد بن.

---

1 ) ابو یوسف : الخراج ل 42 . و ابن سعد: الطبقات الکبری ب 3 ل 294 .

2 ) مەبەست ئەوەیە نەهێڵرێ هاوچۆی هەندێ شوێن بکەن تا ئەو تەبیعەت و ئایین دارییەی وەریان گرتووە لە مەدینەدا لێیان تێك نەچێ .

3 الاستاذ محمد سلام مدکور : الاباحە عند الاصولین والفقهاء ل315 . دکتۆر منیز ــ خاوەنی کتێبی الدولة القانونیة والنظام السیاسی الاسلامي ـ ئەڵێت: وا دەرئەکەوێ هۆی سەرەکی بۆ ئەمە ــ نەهێشتنی

ئینجا پێشەوا "عومەر" یەکەمیانی هەڵبژاردوو هاوەڵەکانیش هاتنە سەر ڕاکەی، وە لە دوایشدا ئیمامی "عوسمان" (خوای لیٚ ڕازی بیٚت) ڕای دووەمی هەڵبژاردوو هاوەڵانیش سەرچێیان نەکرد.

دیارە بەپێی "فیقهی ئیسلامی" هەردوو ڕاکە پەسەندە و هەردوو پێشەواکەیش بۆیان هەیە بەپێی سیاسەتی ڕۆژو کات و پێویست ڕەفتار بکەن لەگەڵ هاو وڵاتیاندا، سەردەمی پێشەوا "عومەر" ئەوەی هەڵئەگرت، سەردەمی جیٚ نشینی سێهەمیش ئەمەی هەڵئەگرت.

زانایانیش ئەم بیرو بۆچوونەیان پیادە کردووە و قسەیان لەسەر کردووە:

"جێنشین داوای لە پێشەوا "مالیك" کرد کە کتێبێکی "فیقهی" دابنێت سەبارەت بەو کارو بارانەی کە مامناوەندی بن "لە نێوان توند و ئاساندا، وە دەربارەی ئەو کارانەی کە پێشەواکان و هاوەڵان لەسەری کۆبوونەتەوە، دوور بێت لە توندو تیژی عەبدوڵای کوڕی عومەر، لەمۆڵەت و ئاسانگرتنی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و تارنانی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود، تا خەڵك هەڵنێین بەتێکڕا بۆ ئەوەی ڕەفتاری پیٚ بکەن و ئێمەیش بە شارەکاندا بڵاوی بکەینەوە و پەیمانیشیان لیٚ وەرگرین کە سەرپێچی لیٚ نەکەن"[1] . ئیمامی مالیك وەڵامی خەلیفەی نەدایەوە، بە بەڵگەی ئەوەی کەزاناکانی تریش ڕاو ئیجتهادیان هەیە، چۆن ئەبیٚ فیقهی ئەوان پشت گویٚ بخریٚ.

## تا چ ئەندازەیەك گویٚ ڕایەڵی حاکم ئەکریٚ؟

دوای ئەوە کە (جێنشین) بەپێی فەرمانی بەرنامەی خوا جووڵایەوە پێویستە لەسەر "گەل" فەرمانبەرداری بکات و یارمەتی بدات بۆ پیادەکردنی بەرنامەکە.

"ماوەردی" ئەفەرمویٚ: "هەرکات ئیمام مافی کۆمەڵی جێبەجێکرد مانای وایە هەر مافێك خوا بۆی دانا بن، وەیا لەسەری دانا بن بۆی جێبەجیٚ کردوون... ئینجا ئەوانیش دووشت پێویستە لەسەریان بۆ ئیمام: گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری، و یارمەتیدانی لەکاتی پێویستدا، بەو مەرجە بەردەوام بمێنێتەوە لەسەر بەرنامەکەی خوا"[2] .

---

دەرچوونی ناودارەکانی قورەیش بۆ دەرەوەی مەدینە ـ ئەمەیە کە هەمووکات لە مەدینەدا ئامادە بن بۆ ئەوەی پێشەوا لە کاتی پێویست بوون بە ڕاوێژ سوودیان لیٚ وەرگریٚ .

[1] ) الاستاذ محمد سلام مدکور: الاباحة عند الاصولیین والفقهاء ل312 .

[2] ) الماوردی: الاحکام السلطانیة، ل17 .

بناغەی ئەمەیش ئەم ئایەتە پیرۆزەیە: (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئاً وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ).[1] زانایان ئەڵێن: کە خوا ئەفەرموێ: (ولايعصينك في معروف) لە شتی پەسەند وگونجاو لەگەڵ ئاییندا نابێ سەرپێچیت بکەن، ئەڵێن بۆیە ئەفەرموێ لەشتی پەسەند و "معروف" دا.... لەگەڵ ئەوەیشدا هەرگیز فەرمان ناکات بەبێ شەرعی... ئەمە ماناى ئەوەیە کە نابێ گوێڕایەڵی فەرماندەو شتی وا بکرێ لەو شتانەدا سەرپێچیین لە فەرمانی خوای گەورەدا، بێجگە لەمەیش ئەم مانایە ـ بەگوێ نەکردنی فەرماندە لەکاری ناپەسەندا ـ لەهەندێ ئایەتی تردا پێش چاو ئەکەوێ: (وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ * الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ)[2]، (وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَن ذِكْرِنَا ..)[3].

هەروەها لە فەرمودەیشدا هاتووە: "السمع والطاعة حق مالم يؤمر بالمعصية فاذا امر بمعصية فلا سمع ولا طاعة".[4] واتە: فەرمانبەرداری پێشەوا مافێکی ڕەوایە تا لەسەر نەخشەی خوا هەنگاو هەڵگرێ، جا کە پشتی هەڵگرد لە بەرنامەی خوا ئەوە مافی گوێڕایەڵی نامێنێ بەسەر خەڵکەوە. وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە ئەم مەبەستە ڕوون ئەکاتەوە: "انما الطاعة في المعروف"[5].. وە هەروەوها ئەفەرموێ: "لاطاعة لمخلوق فى معصيه الخالق".[6] بەپێی ئەم ئایەت و فەرموودانە، بەهیچ شێوەیەك ڕەوا نییە گوێڕایەڵی هیچ حاکمێك لەکاری ناڕەوا حەرامدا... وە ئەو فەرموودانەیش هاتوون فەرمان ئەدەن بەگوێڕایەڵی "ئەمیر = سەرەك" بێ چەند و چوون، ئەوانە "موطلەق"ن، ئەمانەی بەردەستیشمان "موقەییەد"ن.. دەی هەرکات "موطلەق" و "موقەیەد" کۆبوونەوە لە

---

[1] (الممتحنة : 12 )
[2] ) الشعراء / 151 _ 152 .
[3] الكهف / 28 .
[4] البخاری: صحيح البخاری (ب4، ل126).
[5] البخاری، (ب9، ل113).
[6] البيهقى ( السنن ب3، ل122).

باسێکدا و نەساز (متعارض) بوون، ئەبێ "موطلەق"ەکە حوکمی "موقەییەد"ەکەی بدرێتێ. وەك لە "ئوصول" دا باسکراوە.[1]

هەروەك زاناکانیش لەم بارەیەوە وتەیان هەیە... ئیمامی ڕازی ئەفەرموێ: "کۆمەڵی موسڵمانان هەر هەموویان یەك دەنگن لەوەدا کە کاتێ ڕەوایە گوێڕایەڵی پێشەوا و فەرماندەکان بکرێ کە وتە و کردارەکانیان ڕێك و ڕەوان بێت"[2].

زەمەخشەریش ئەفەرموێ: "خواو پێغەمبەرەکەی بەخەشم و قینن لە فەرماندە ستەمکارەکان وە نابێ فەرمانیان پیادە بکرێ".[3]

خاوەنی تەفسیری (البیضاوی) دەفەرموێ: "یەکەم جار خوای گەورە فەرمان ئەدات بە دادگەریی پێشەواکان، ئینجا فەرمان ئەدات بەخەڵکی بۆ گوێڕایەڵییان، ئەمە مانای وایە کاتێ گوێڕاڵیان ڕەوایە کە لەسەر حەق و ڕاستیی بن، مەبەستی "مامۆستا عومەر بەیضاوی" ئەم ئایەتانەی سورەی "النساء"ە: (وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ)[4]. (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ...)[5].

بێجگە لەمانەیش پێشەوا "ئەبوو بەکر" ئەفەرموێ: "تا من گوێڕایەڵی فرمانی خواو پێغەمبەربم ئێوەیش گوێ ڕایەڵم بن.. خۆ ئەگەر سەرپێچیم کرد ئەوە گوێ ڕایەڵیم بەسەرتانەوە نامێنێ"[6].

## تاك بەرپرسیارە ئەگەر گوێڕایەڵیی بکات لەتاواندا

بەڵێ بەپێی ئەو بڕیارەی وەرگیراوە لە "فیقهی" ئیسلامییدا، تاك نابێ گوێڕایەڵی پێشەوایەك بکات سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە بکات.. خۆ ئەگەر کردی ئەوە شایەنی سزاو تۆڵە ئەبێت لەلایەنی خوای گەورەوە... خوا (جل جلالە) دەستەیەکی

---

[1] سەیری (( ارشاد الساري)) بەرگی 10 ل 220بکە.

[2] الرازی : التفسیر الکبیر، ب10 ل145

[3] الزمخشری : الکشاف، ب1، ل405

[4] (النساء : 58 )

[5] (النساء : 59 )

[6] ابن هشام : السیرة النبویة ب4 ل341.

خستە ناو ئاگرەوە بە تاوانی ئەوەوە کە گوێڕایەڵی گەورەکانیان کرد بوو لەکاری تاوان و دژ بە ئایینی خوادا: (وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا). [1] ئایەت زۆر زۆرە بۆ ئەوەی هەرکات تاك مل ڕابکێشێ بۆ فەرماندەی ستەمکار خوای گەورە سزای ئەدات.

هەروەها فەرموودەی زۆریشمان بەدەستەوە هەیە، یەکێ لەوانە:

"لو دخلتموها ماخرجتم منها أبدا، انما الطاعة في المعروف" [2].

ئەم فەرموودەیە لە "بخاری"یشدا هاتووە، بەڵام بەم دەستەواژەیە: "لو دخلوها ماخرجوا منها أبدا انما الطاعة في المعروف" [3].

هۆی وتنی ئەم فەرموودەیە ئەمە بوو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەشکرێکی "300 ـ 400" کەسیی ناردو "عەبدوڵڵای کوڕی حوزەیفە" ی کرد بە ئەمیریان، داوای لێ کردن کە گوێڕایەڵی عەبدوڵڵا بکەن، بەڵێ لەسەر شتێك ڕقی عەبدوڵڵایان هەستان، عەبدوڵڵایش وتی ئایا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی نەدا ئێوە گوێڕایەڵیم بکەن؟ وتیان بەڵێ. وتی دەی هەر ئێستا ئەمەوێ هەندێ دارو چیلکە کۆبکەنەوە و ئاگریان تێبەردەن و بڕۆنە ناویەوە، ئەوانیش فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد، ئاگرەکەیان کردەوە، کاتێ ویستیان بڕۆنە ناویەوە هەندێکیان وتیان: ئێمە بۆیە دوای پێغەمبەر کەوتووین نەڕۆینە ناو ئاگر، دەی ئێستا بڕۆینە ناوییەوە؟!بەڵێ نەڕۆیشتن، دوایی بۆ پێغەمبەریان گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: "لو دخلوها..." ئەگەر بەگوێتان بکردایە و بڕۆیشتنایە ناویەوە هەرگیز ڕزگاریان "یا ڕزگارتان" نەئەبوو لێی. گوێڕایەڵی پێشەواو سەرکردە تەنها لەکاری پەسەندایە.

## گەل تووشی سزا ئەبێت ئەگەر گوێڕایەڵی سەرکردەی خراپ بکات:

هەرکات کۆمەڵ و گەل بەڵێی ناهەقی کرد بۆ پێشەوا، ئەوە نزیکە خوای گەورە بەڵاو سزایان بۆ بنێرێ ـ چاك وخراپ ـ چونکە ئەگەر چاکەکانیان هەوڵ و تێکۆشانیان ببوایە

---

[1] الاحزاب / 67.

[2] ) الجامع الاحكام القرآن ب7 ل391 .

[3] ) ارشاد و الساری بەرگی 10 ل221

ئابەو شێوەیە کەسە خراپەکانیان دەستیان نەئەگرت بەسەر وڵاتتدا، سەبارەت بەم مانایە ئەم ئایەتە پیرۆزەی بەردەستمانە: (وَاتَّقُواْ فِتْنَةً لاَّ تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ)[1]

قورتوبی لە ئیبنی عەبباسەوە ئەیهێنێ و ئەڵێ: "خوای گەورە فرمانیدا بە بڕوادارەکان کە هیچ کات دان نەنێن بەکاری ناپاسەند "مونکەر" دا لەنێوان خۆیاندا، ئەگینا خوا سزایان بۆ ئەنێرێ و هەر هەموویشیان ئەگرێتەوە"[2].

پێغەمبەریش (ﷺ) ئەفەرموێ: "بترسن و خۆتان دوور بگرن لە بەڵاو سزایەك کەلە ستەمکارە کانەوە ئەگاتە "چاك و خراپ".

"ئیبن کەثیر"یش ئەفەرموێ: هەر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: "خوا ئەیەوێ بەندەکانی خۆی ڕاچڵەکێنێ و تاقییان بکاتەوە، بە تاقیکردنەوەیەك هەر هەموویان ـ چاك و خراپ ـ بگرێتەوە نە تەنها تاوانکەرەکە و ئەو کەسەی خۆی کارەکەی کردووە".

ئینجا لە چەندەها فەرموودەیشدا ئەم بناغەیە ـ گەل بەهۆی تاوانی خراپەکارانەوە تووشی سزاو تاقیکردنەوە ئەبێت ـ هاتووە: ﴿... والله لتأمرن بالمعروف والتنهون عن المنكر، و لتأخذن على يدي الظالم، ولتأطرنه على الحق أطرا، ولتقصرنه على الحق قصرا او ليضربن الله بقلوب بعضكم على بعض ثم ليلعنكم كما لعنهم)[3].

لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە: (... ان الناس اذا رأوا الظالم فلم يأخذوا على يديه أوشك ان يعمهم الله بعقاب منه"[4] مرۆڤەکان هەرکات ستەمکاریان بینی و "خەریکی ستەم کردن بوون" دەستیان نەگرتن، نزیکە خوای گەورە هەموویان بەسزا بگرێتەوە،

[1] (الأنفال : 25 )

[2] ) ابن كثير ب2 ل298.

[3] واتە: سوێندم بەخوا ئەبێ فرمان بدەن بە چاکەو بەرگری بکەن لە خراپە و دەستی ستەمکار بگرن، (لەناهەقی دووری بخەنەوە) وە لەسەرهەق و ڕاستیی دای مرکێنن... یاخۆ(ئەگەر وانەکەن) بێگومان هەندێکتان بەر ئەداتە ئەوانی ترتان، ئینجا دوورتان ئەخاتەوە لە سۆزو میهرەبانی خۆی، وەك گاورو جولەکەکانی وا لێ کرد. (رواه ابو داود والترمذي).

[4] البيهقي: (السنن : ب7، ل91).

ئاشکرایە ئەم فەرموودەیە بێ پێچ و پەنا گەل و کۆمەڵ ئەکاتە بەرپرسیار لەکاری ستەمکارەکان ئەگەر لێیان بێ دەنگ بن و دەستیان نەگرن لە ستەمەکەیاندا.

## پێشەوا بەرپرسیارە لەلای خوای گەورە:

حاکم و سەرکردە و پێشەوا بەپێی یاسای ئیسلام بەرپرسیارە لەلای خوای گەورە لە هەموو هەڵسووکەوتێکدا، گەورە تا بچوك، چونکە ئایینی ئیسلام سیاسەتی خۆی لەسەر بناغەی بڕوا بوون بەخوای گەورە دائەڕێژێ، جا کە بڕوای وا لە دڵیدا جێگیر بوو ئینجا ناتوانێ هەڵە و کاری ناپەسەند بکات، چونکە ئەزانێ خوا لە هەموو کاتێکدا ئامادەیە، کەوابوو هەموو شتێکی بە پارێزەوەیە، نەوەك هەڵەیەك بکات و بەهۆیەوە بەرەو دۆزەخ بچێت.

ئاشکرایە دروستکردنی هێزێکی ئاوا لەدڵ و دەروونی سەرەك دەوڵەتدا تەنها لە ئیسلامدا هەیە، چونکە تەنها ئەم بڕوای بە ڕۆژی دادگەری و دادوەریی خوای گەورە هەیە.

بەڵگەیش بۆ ئەمە: کە سەرەك دەوڵەت بە پارێزەوە کار دەکات نەوەك تووشی خەشم و قینی خوا بێت لە قورئان و فەرموودەدا زۆر زۆرە، لە قورئاندا وەك:

أ ـ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُواْ أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ).[1]

ب ـ (وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يُنصَرُونَ * وَأَتْبَعْنَاهُمْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ هُم مِّنَ الْمَقْبُوحِينَ)[2]. واتە: ئێمە فیرعەون و سەربازەکانمان گێڕا بە پێشەوا و سەرکردەی "دەستەی بەدبەختان" چونکە خەڵکی بانگ ئەکەن بۆلای ئاگری دۆزەخ وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا یارمەتی نادرێن، وە لەم جیهانەیشدا دوورمان خستنەوە لە بەزەیی و سۆزمان، وە لە دوا ڕۆژیشدا هەر دەرکراون لە دەرگای بەسۆزی خوای گەورە.

لە فەرمودەیشدا وەك:

---

[1] (الأنفال : 27 ).

[2] (القصص: 41ـ 42).

أ ـ "كلكم راع و كلكم مسئول عن رعيته، الامام الذى على الناس راع ومسئوول عن رعيته"[1]. واته: هەمووتان چاودێریکەرو نیگابانن، وە هەمووتان بەرپرسیارن لەوەی لەبەردەستانایە، پێشەوا شوان و چاودێریکەری مرۆڤەکانی ژێر دەستیەتی.

ب ـ "مامن عبد يسترعيه الله رعية يموت يوم يموت وهو غاش لرعيته الاحرم الله عليه الجنة"[2]. واته: هەربەندەیەك خوا بیکات بە چاودێریکەری کۆمەڵ، کاتێ مرد گزیکارو خیانەتکار بێت لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا، ئەوە خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ و حەرام دەکات.

ج ـ "من ولاه الله من امر الناس شيئا فاحتجب عن حاجتهم وخلقتهم وفاقتهم احتجب الله عن حاجته يوم القيامة"[3].

د ـ پێغەمبەر (ﷺ) بە "ئەبوزەڕ" ئەفەرموێ: "انها امانة وانها يوم القيامة خزي وندامة الا من اخذها بحقها وادى الذي عليه منها"[4]. واته: سەرەك دەوڵەتی و هەر کارێکی تر پەیوەندی بە دەوڵەتەوە بێت ئەمانەت و سپاردەیە وە بۆ ڕۆژی قیامەتیش سووك و ڕیسواییە وە پەشیمانی بە دواوەیە، سامەگەر یەکێك مافی خۆی بدات بەو کارە:.

## کاربەدەست لەبەردەم یاساو کۆمەڵدا بەرپرسیارە:

لە ڕژێم و یاسای ئیسلامدا حاکم بەرپرسیارە لەبەردەم کۆمەڵدا، بە سیفەتی ئەوە کە پێشەوایە لە کاروباری سیاسیدا.. وە لەو لایشەوە لەبەردەم دادگای ئیسلامدا هەر بەرپرسیارە، ئەگەر کارێکی بێ شەرعی بکات و هۆی "حەد" بێت، بۆی جێبەجێ ئەکرێ، وە ئەگەر پەیوەندی بە سامان و دارایی و خەڵکەوە بێت دادوەریی ئەکرێ و ئەبێ بە "ضامن"ی.

کۆمەڵ "چاودێری سەر" پێشەوایە، حیسابی لەگەڵدا ئەکات، ئامۆژگاری ئەکات، لەبەردەم هەقدا ڕای ئەوەستێنێ، لە هەڵە ئەیگێڕێتەوە... نابێ هیچ کات پێشەوا تاوان بکات و بێدەنگ دانیشێ، بەڵکو ئەبێ پێی بڵێین و بەرامبەری بووەستن.

---

[1] صحيحى موسليم.

[2] موسليم.

[3] البيهقى

[4] موسليم.

یاسای ئیسلامی پیرۆز سەربەستیی داوە بە "گەل" بۆ ڕاستکردنەوەی سەرەك دەوڵەت، ئەبێ ئامۆژگاری بکات پێش هەمووشتێك... جا ئەگەر کەڵکی نەبوو و ڕاست نەبووە و ئەبێ لەسەر حوکم لایببەن... بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ڕزگاریان ببێ لێی.

گەل بۆی هەیە لەگەڵ حاکمدا بکۆڵێتەوە دەربارەی حوکم و هەڵسووکەوتی لەبەرئەم هۆیانە:

یەکەم: چونکە سەرەك دەوڵەت وەکیلی گەلە و جێگریەتی وەك لە پێشەوە باسمان کرد، ئاشکرایە وەکیل گر بۆی هەیە سەرپەرشتی وەکیلەکەی بکات، بۆی هەیە لە ئیشی بخات و "عەزل" ی بکات.

دووەم: لە بناغەدا گەل خۆی بەرپرسیارە بۆ پیادەکردنی بەرنامەی خوا، وەك لە پێشەوە لەمە دواین.. ئەوەبوو وتمان گەل نابێ هەمووی بەسەرکردایەتییەوە خەریك بێت، کەوابوو لەجیاتی خۆی "ئیمام" هەڵئەبژێرێ و کاروباری وڵاتی ئەداتە دەست... هەرکات ئیمام بوو بەگرێ لەبەردەم پیادەکردنی بەرنامەی خوادا کۆمەڵ "موحاسەبە"ی ئەکات.

سێهەم: خوا داوای لە سەرکردەکان کردووە کە ڕاوێژ بکەن بە خەڵکی: ﴿ وشاورهم فی الامر.. ﴾.

چوارەم: کۆمەڵ لەلای خوا بەرپرسیارە سەبارەت بەوەی کە پێویستە هەستێ بە ئامۆژگاری پێشەوا بە چاکە و بەرگری کردن لە خراپە بۆ ئەمەیش ئایەتمان زۆر زۆرە.

پێنجەم: حاکم لە ڕژێم ویاسای ئیسلامدا ئەندامێکە وەك ئەندامەکانی تری کۆمەڵەکە، وە ئەم ئیشەی ـ حوکم کردن ـ باوی نادات بەسەر مرۆڤەکانی تردا، ئەوەتە لەلایەکەوە موحاسەبەی خەڵك ئەکات... لەلایەکی تریشەوە ـ لەلایەنی گەلەوە ـ موحاسەبەی ئەکرێ... بەرنامەی ئیسلام لە فرمانەکانییدا جیاوازی ناخاتە نێوان کاربەدەست و ژێر دەستەکان، ئەوەتە هەردوو لایان موحاسەبە ئەکرێن و سزایش ئەدرێن لە کاتی خۆیدا ئەگەر لایاندا. لەبەرنامەی ئیسلامدا تەنها شتێك بناغەی ڕێزە، ئەویش "تەقوا"یە، ئیتر حوکم و پلەو پایە نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی هیچ کەسێك بەسەر مرۆڤەکانی تردا، بەڵام ئیسلام داوا ئەکات بە چاوی ڕێزەوە تەماشا بکرێ ئەگەر دادگەر بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم کەسێکە یاسای بەرپرسیاری حاکمی داناوە لەبەردەم یاساو کۆمەڵدا:

بۆ نموونە: "فەضلی کوڕی عەبباس چوو بۆ لای پێغەمبەر لە نەخۆشییەکەیدا، ئەویش فەرمووی: فەضل: ئەو مەندیلەیە شەتەك بدە لەسەرم ئەویش شەتەکی دا، دوای ئەوە پێغەمبەر فەرمووی: دەستت بێنە، فەضل ئەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) هەردوو دەستی گرتم و هەڵسایە سەرپێی و بەرەو مزگەوت ڕۆیشت، دوای ئەوە کە ڕۆیشتە مزگەوتەوە سەناو سوپاسی خوای کردوو فەرمووی: مردنم نزیك بۆتەوە، "وەك ئێوەش ئەزانن" منیش مرۆڤم وەك ئێوە، جا هەرکەسێك هەستی بریندار بووبێ ئەوەتام ئامادەم مافم لێوەرگرێتەوە، وەیا گەردنم ئازاد بکەن...".[1] لەم ڕووداوەوە ڕوون بوویەوە کە سەرەك دەوڵەت بەرپرسیارە لەبەردەم گەلدا، ئەگینا پێغەمبەر (ﷺ) داوا ناکات لە مرۆڤەکان کە چ مافێکیان بەسەریەوە هەبێت یا لێی وەرگرنەوە، وە یا گەردنی ئازاد بکەن.

ڕوونیش بوویەوە کە تەنها کەسێك پێشبڕکێی کردبێت بۆ ئەم مەسەلەیە پێغەمبەری خوا بووە (ﷺ) تەنها ئەو بووە مافی گەل دیاری بکات، وە ڕوونیش بوویەوە کە سەرەك دەوڵەت و ژێردەستە "رعییەت" لەبەردەم یاسادا یەکسانن، وە یاسا بەسەر هەردوولایاندا پیادە ئەکرێ.

### وتەی هەندێك لە زانایان بۆ پاڵپشتی ئەم باسەمان:

1ـ ئبن حەزم ئەفەرموێ: "گوێڕایەڵی ئیمام و پێشەوا پێویستە بەپێی قورئان و فەرموودە بجووڵێتەوە، جا ئەگەر لایدا ئەوا سەرپێچی لێ ئەکرێ و "حەد" ی بەسەرا ئەدرێ، خۆ ئەگەر ئەمین نەبووین لێی و مەترسی لێ ئەکرا، ئەوا لەسەر کار لای ئەبەین و یەکێکی تر ئەخەیەنە جێگەکەی" .[2]

2ـ بەغدادی ئەفەرموێ: "هەرکات پێشەوا لابدات ئەبێ کۆمەڵ ڕاستی بکاتەوە، وەیا یەکێکی تر بخەنە جێگەکەی" .[3]

---

[1] ابن سعد الطبقات الكبرى ، ب2 ل255 و التشريع الجنائى الاسلامي ، ب1 ل318.

[2] ) ابن حزم : الفصل في الملل والاهواء والنحل ، ب4 ل175 .

[3] ) البغدادى : اصول الدين ، ل287 .

3ـ ماوەردی ـ قسە لە گۆڕانی ڕەوشتی پێشەوا ئەکات ـ ئەفەرموێ: "ئەو شتەی پێشەوای پێ لائەچێ لە سەرکردایەتی دوو شتە، یەکەم: بریندار‌بوونی دادگەریەتی. دووەم: ناتەواوییە لە لاشەیدا" [1].

بەکورتیی: کۆمەڵگە هەرچەندە هەموویان مەرجی ئیمامەتیان تیاکۆنابێتەوە، بەڵام هەموویان یەکسانن بۆ ڕاست کردنەوەی پێشەوا لە هەڵەکانیدا.

پێشەوایانی پێشوی ئیسلام ئەوەیان سەلماندووە بە موسڵمانەکان کە پێشەوا بەرپرسیارە لەبەردەم کۆمەڵدا.

ئەوەتە "ئەبوو بەکر" (خوای لێ ڕازی بێت) ئەفەرموێ: "ئەگەر نارێك ڕۆیشتم ڕاستم بکەنەوە" ئیمامی عومەر توند تر ئەڕوات، تەنانەت ئەفەرموێ: کۆمەڵ بۆی هەیە جێ نشینی ستەمکار بکوژێ... دوای فەرموودەکەی ئەو "طە لحە" فەرمووی: ئەی بۆ نالێی ئەگەر لایدا لە ئیشەکەی لای ببەن؟ لەباتی کوشتنەکەی عومەر فەرمووی: نەء کوشتنەکەی ئەبێ بە پەند بۆ ئەوەی دێت بە دوایدا" [2].

ئیمامی عومەر ـ لەسەردەمی خۆیدا ـ دای لە پیاوێك، پیاوەکەیش پێی وت: تۆ یەکێکی لەمدوو جۆرە پیاوانە: پیاوێك نەیزانیوە و شارەزا کراوە، وەیا هەڵەی کردووە و چاو پۆشی و عەفوو کراوە، عومەریش فەرمووی ڕاست دەکەیت فرمانەکە بەجێ بهێنە" [3]. واتە مافی خۆت وەرگرەوە. ئەمە لەم ڕووەوە، زیاد لەمەیش ئەگەر دادگابانگی کردبن سەرپێچیان نەکردووەو یەکسەر ئامادەی بوون، ئەوەتا ئیمامی عەلی ـ لەوکاتەدا ـ کە سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامییە داوا ئەنوسێ بۆ دادگا بۆ ئەوەی داوەری بکرێت لەگەڵ کابرایەکی جوولەکەدا، ئەویش ئەوەبوو کڵاوخوودەیەکی ون کردبوو و جوولەکەیەك دۆزیبوویەوە. پاشان دادگاکە بڕیاری خۆی دەرکرد بە قازانجی جووەکە تەواوبوو، چونکە دادگاکە داوای شایەتی لە ئیمام عەلی کرد ئەویش نەیبوو !! ئینجا ئیمامیش بێ سەرپێچی و پێ ناخۆش بوون ملی دا بۆ دادگاکە، چونکە شایەتی نەبوو.

---

[1]) الاحکام السلطانیة ، ل17 .

[2]) تأریخ ابن الاثیر ، ب3 ل30 .

[3]) التشریع الجنائی الاسلامی ، ب1 ل323 .

جەماوەری زانایان ـ وەك شافیعی و مالیكي و حەنبەلی وظاهیری و بێجگە لەوانیش ـ یەكدەنگن لەوەدا كە: "پێشەوا بەرپرسیارە لە هەر تاوانێك ئەیكات، ئیتر پەیوەندی بە مافی خواوە بێت، یان بە مافی تاكەوە، چونكە دەقەكان گشتین و تاوانەكانیش یاساغن بە تێكرِا لەسەر هەموو ئادەمیزاد بە ئیمامیشەوە..."[1]. تەنانەت هەندێك لەزاناكان ئەڵێن: هەركات ئیمام تاوانێكی یاساغی كرد... ئەوە بەو هۆیەوە لەسەركردایەتی لائەبرێ..."[2].

بەم وتووێژەی سەرەوە ڕۆشن بوویەوە كە هیچ یاسایەكی ڕامیاریی ئابەو شێوەیە پێشەوا ناخاتە بەردەم موناقەشەو لێكۆڵینەوە وەك ئیسلام لەگەڵیدا ئەكەوێتە وتووێژو لێكۆڵینەوە،. بەم وتووێژەی سەرەوەدا دەركەوت كە یاسای ئیسلام پیادە ئەكرێ بەسەر هەموو كەسێكدا، بە شێوەیەك كەس چاوپۆشی لێ ناكرێ، ئیتر دەوڵەمەند بێت، یان هەژار، ناودار بێت، یان بێ ناو، سەرەك بێت، یان نەء، دەستەی یاسا دانەران بن، یان نەء، پیاوانی سوپا و لەشكر بن یان نەء.

كەچی ڕۆژهەڵاتناسەكان واناڵێن!

دوای ئەم هەموو موحاسەبەو لێپرسینەوەی ئیسلامە لە پێشەوایان كەچی هێشتا بێ شەرمانە هەندێ لە ڕۆژ هەڵاتناسەكان ئەڵێن: ڕژێمی ئیسلام خود ڕەئی و "ئیستیبداد"ەو حاكمەكان هەرچی بێت بە خەیاڵیاندا ئەیكەن ! ! جا فەرموو تۆو هەندێ لە وتەكانیان:

"ئەرنۆڵد" ئەڵێت: بینشی سیاسی ئیسلامیی وا دەرئەكەوێ لەلایەن خواوەیە و خوا دیاریی كردووە، بۆیە پێویستە لەسەر ڕەعیەت گوێڕایەڵی هەموو فەرماندەكان بكەن، ئیتر ئەو حاكمە دادگەر بێت، یان ستەمكار، چونكە تەنها لە بەردەم خوادا بەرپرسیارە".

"مویر" ئەڵێت: "حاكمیی ئیسلامیی، حاكمێكی خودڕەئی و سەربەخۆیە" چی ئەكات ئەیكات.

---

[1] ) التشریع الجنائی الاسلامی، ب1 ا322 .

[2] ) التشریع الجنائی الاسلامی، ب1 ل323 .

"ماكدونالد" ئەڵێت: "لەگەڵ پێش چاو گرتنی هەندێ مەرجدا ئەبێ حاكم وەك حاكمێكی بێ سنوور و سەربەست حوكم بكات".

ئەمانە و هەندێكی تریشیان ڕایان وایە !!! بەڵام ـ خوێنەری بەڕێز ـ خۆت و ویژدانت دوای ڕۆشن كردنەوەی بەرپرسیار بوون "پێشەوا" لەبەردەم خواو كۆمەڵدا ئایا وتەی ئەوانە تاچ ئەندازەیەك لەگەڵ هەق و ڕاستیدا گونجاوە ؟.

## ئایا سەرەك دەوڵەت لەسەر حوكم لائەبرێ؟

ئەگەر یادمان بێت لەپێشەوە وتمان گەل و كۆمەڵ ئەبێ هەمووكات لەگەڵ پێشەوادابێت، ئەگەر لایدا بەند و ئامۆژگاری بكا و هەوڵ بدات بۆ ڕاست كردنەوەی، خۆ ئەگەر بێ كەڵك بوو و نەهاتەوە سەر ڕێ، ئەوە لەسەركارەكەی دووربخرێتەوە و جل و بەرگی جێ نشینی لەبەر داماڵرێ چونكە گەل كاتی خۆی ئەوەیان هەڵبژاردوە بۆ پیادەكردنی بەرنامەكەی خوا.. جا هەركات پیادەی نەكرد، وەیان خۆی بوویە گرێ و بەربەست بۆ كارەكە ئەوە ئەبێ لەكارەكەی لابرێ و یەكێكی تر بخرێتە جێگەكەیەوە.

دەستەی زاناكانیش هەموویان یەك دەنگن لەسەر بنەمای "لابردنی خەلیفە ـ عزل الخليفة ـ ئەگەر كارێكی كرد لەگەڵ بەرنامەی خوادا نەگونجا... ئەمەیش چەپكێكە لەوتەكانیان:

1ـ ماوەردی ئەڵێت: دووشت ئەبێتە هۆی لابردنی پێشەوا یەكەم: بریندار بوونی دادگەریی، واتە فاسیق بوونیەتی بەم شێوەیە دوای حەزوئارەزوەكانی خۆی بكەوێ و گوێ بە بەرنامەی خوا نەدا، دووەم: ناتەوابوونی لاشەیەتی بە جۆرێك نەتوانێ ئیشەكەی جێ بەجێ بكات.

ئیمامی شافیعی (خوای لێ ڕازی بێت) ئەفەرموێ: پێشەوا بەهۆی "فسق" و ستەمییەوە لە پێشەوایەتی ئەكەوێ، هەروەك هەموو قازی و سەركردەیەكیش لائەبرێ بەو هۆیەوە"[1].

2ـ ئیمامی جووەینی نیسابووریی ئەڵێت: "بێ هۆو تاوان دروست نییە ئیمام لابرێ بەڵام هەركات لایدا و تاوانی كرد لە سیفەتی ئیمامەت لایدا، ئەوە لاچوونی لەسەر حوكم ـ لابردنی ـ گونجاوە باكۆمەڵیش حوكم نەكات...".

---

[1]) العقائد النسفية ل145 .

3ـ باقلانی ئەڵێت: "ئەگەر کەسێك بڵێت هۆی لابردنی ئیمام ـ لای ئێوە ـ چییە؟ ئەڵێین: هۆی لابردنی پێشەوا زۆرە وەك: لە بازنەی ئیسلام دەرچێت. نوێژ نەکات. سامانی خەڵکی داگیر بکات، "حودوود"ی خوا وەك حەددی زیناو دزی و پیاو کوشتن و... هتد جێ بەجێ نەکات" [1].

4ـ شەهرستانی ئەڵێت: ئەگەر پێشەوا ـ دوای ئەوەی کراوە بە پێشەوا ـ نەفامی و ستەم و گومڕایی و کوفری لێوە دەرکەوێ ئەوە لە ئیمامەت ئەکەوێ "بێ ئەوەی هیچ کەسێك لای ببا"، وەیان خۆمان لای ئەبەین" [2].

5ـ ئیمامی غەزالی ئەفەرموێ: "سەرەك دەوڵەتی ستەمکار ئەبێ دەست لە "ویلایەتەکەی" هەڵگرێ... چونکە ستەمکارە، یا خۆی شەرعیەتی نامێنێ و بە کەڵکی حوکم کردن نایەت، وەیان پێویستە لابردنی... وە ئەو جۆرە پێشەوایە بێگومان سوڵطان و پێشەوا نییە" [3].

ئەمانە و هەندێکی تر لەزانایانی وریاو تێگەیشتوو هەموو ڕایان وایە هەرکات سەرەك دەوڵەت بەپێی نەخشەی ئیسلام نەجووڵایەوە ئەوە بێ ئەوەی موسڵمانان لای ببەن خۆی لەسەر حوکم لائەچێ و هەرچیش بکات ناپەسەندە، وەیا پێویستە لەسەریان هەوڵ بدەن بۆ لابردنی و "عەزل"ی بکەن.

ئەڵێن: ئەگەر ڕێك و پێك بوو بەڵام نەی ئەزانی بەگوێرەی کات حکومەتەکەی ببات بەڕێوە لەوکاتەیشدا هەر لائەبرێ.

خوێنەری بەڕێز: بەپێی ئەو خاڵانەی سەرەوە ڕۆشن بوویەوە کەسەرەك دەوڵەت هەرکات لایدا پێویست کۆمەڵ لای ببات.. بەڵام بابزانین چۆنی لاییبات وکەی لای ببات..؟

---

[1]) التمهيد ل164 .

[2]) نهاية الاقدام ل296 .

[3]) احياء علوم الدين ب2 ل111 .

ئاشكرايه ئەمەيش بەشێكه له فرماندان به چاكه و بەرگرى كردن له خراپه... بۆ ئەمەيش زانايان ياسايان داناوه: "نابێ له لابردنى ئەوكاره ناپەسەندە "مونكەر" ەكەدا خراپتر لەو پەيدا بێت" [1].

هەركات سەرەك دەوڵەت لايدا ئەوە ماناى ئەوە نييه كه لابردنەكەى واجيب و پێويسته موسڵمانان شيرى بۆ هەڵگرن... بەڵكو ئەبێ تەماشاى سەرئەنجامەكەى بكرێ: ئەگەر لابرێ لەمەوه موسڵمانان تووشى زيانێكى گەورەتر نابن لەوەى كه بمێنێتەوه، ئەگەر له لابردنەكەدا زيان گەورەتر نەبوو له مانەوەكەى ئەوە ئەبێ لابرێ.

خۆ ئەگەر لابردنەكەى نەگونجاو بوو، وەيا ئەگونجا بەڵام موسڵمانەكان تووشى زيانێكى گەوره و قورستر ئەبوون له مانەوەكەى ئەوه ـ لەم كاتەدا ـ لانەبردنەكەى باشتره" [2].

واته ئەگەر لابردنەكەى ئەبوو بەهۆى تياچوونى كۆمەڵە موسڵمانێك، وەيا خوێنێكى زۆرى تێدا ئەڕژا ئەوا باش وايه شۆڕش نەكرێ و هەروا بمێنێتەوه تا هەلێك وەدەستئەخرێ.

بەڕێز مامۆستا "عبدالقادر عوده" ئەفەرموێ: بۆ لابردنى خەليفه له حوكم ـ له كاتێكدا فيتنەى لێ پەيدا ببێ ـ سێ ڕا هەيه:

يەكەم: هەركات سەرەك كارێكى ناپەسەندى كرد لەگەڵ بەرنامەى ئيسلامدا نەگونجا وەك مەى خواردنەوه و بەرتيل وەرگرتن پێ شێل كردنى مافى چينێك...، ئەوە پێويسته "لەلايەن موسڵمانانەوه، هەوڵ بدرێ بۆ لابردنى و لەكورسى "حوكم" دووربخرێتەوه، با سەريش بكێشێ بۆ فيتنەو ئازارى موسڵمانان. دواى ئەمە ڕاى دووەم و سێهەميش باس ئەكات ئينجا ئەفەرموێ: "ئێمه بەلامانەوه وايه ڕاى يەكەم ڕاستر و گونجاوتره لەگەڵ "ڕۆح"ى ئيسلاميدا لەچاو ڕاى دووەم و سێهەم كه ئەڵێن: ئەگەر له لابردنى "جێنشين"دا فيتنەى لێ ئەكەوتەوه بێ دەنگ بين باشتره، چونكه لابردنى "سەرەك"ى خراپكارو خوێن ڕێژ له ڕاستيدا "ئيصلاح" و ڕاست كردنەوەى بارى چەوتى كۆمەڵە، نەك فيتنه

---

[1] ) فتاوى ابن تيمية ب28 ل129 وه اصول الدعوة ل167 .

[2] ) د. عبدالكريم زيدان: اصول الدعوة، ل167 .

"وەك ڕاكانی تر ئەڵێن"... وە ئەگەر ڕاستیت ئەویَ ملكەچكردن بۆ حوكم و دەسەلاَتی پیاوی خراپ ئەوە "فیتنە" یە.

بەڵگەی دەستەی دووەم و سێهەم ئەو فەرموودانەیە كە پێغەمبەر (ﷺ) داوا ئەكات لە موسڵمانان تەنها "بستێك" یش لە كۆمەڵی خۆیان دوور نەكەونەوە و نەڕۆن بەگژ پێشەوا و خەلیفەكانیاندا، وەك:

أ ـ "من رأى من أميره شيئا يكرهه فليصبر فان من فارق الجماعة شبرا فميتته جاهلية".

ب ـ "بايعنا رسول الله (ﷺ) على السمع والطاعة في منشطنا ومكرهنا وعسرنا ويسرنا وأثرة عليناوان لاتنازع الامر اهله الا أن تروا كفرا بواحا عندكم فيه من الله برهان".

"ئیبن حەزم" ئەفەرمویَ: زۆربەی زاناكان لە مانای ئەم فەرموودانە ـ وەك خۆیان تێنە گەیشتوون ـ لە ڕاستیدا پێویستە لەسەر موسڵمانان قسە لەگەلَ ئیمام و پێشەوا بكەن هەركات ستەمی لێوەشایەوە، وە ئەبیَ بەرگری بكەن... جا ئەگەر گەڕایەوە ئەوا باشە ئەگینا ئەبیَ لابرێ"[1].

## ئایا حاكم ئەتوانیَ دەست لە كارەكەی بكێشێتەوە؟

بەلیَ، لە سیستمی سیاسی ئیسلامیدا جیَ نشین بۆی هەیە "ئیستعفا" بنوسیَ و دەست لە حوكمەكەی هەلگریَ و بیسپێرێتەوە بە كۆمەلَ وەك دەستەی زاناكان ئاماژە ئەكەن بەم مەبەستە:

1ـ ماوەردی ئەفەرمویَ: "پێشەوا بۆی هەیە داوای خۆدامالێن بكات لە ئیمامەت"[2].

2ـ جووەینی نیسا بووری ئەفەرمویَ: پێشەوا ڕەوایە بی هۆ خۆی داڕنیَ لە حوكم"[3].

لەسەردەمی پێشەوا "ئەبوبەكر" دا ئەمە ڕوویدا: "كاتیَ بەیعەت كرا بە ئەبوو بەكر سیَ ڕۆژ مایەوە لەو ماوەیەدا داوای لە خەلك ئەكرد جگە لەم كەسێكی تر هەلبژێرن و ئەی وت: "داوای هەلوەشاندنەوەی ئەم پەیمانەتان لیَ ئەكەم، ئایا كەسێك هەیە پێی ناخۆش

---

[1] ) الاسلام واوضاعنا السياسية ، ل 187 _ 189 .

[2] ) الماوردى : الاحكام السلطانية ، ل25 .

[3] ) الارشاد الى قواطع الادلة في اصول الدعوة .

بێت؟ ڕق و حەشمی ببێ لەم کارەی من؟ ئیمامی عەلی لە پێش هەموو کەسێکەوە هەڵسایەوە سەرپێ و فەرمووی: سوێند بەخوا نەئەهێڵین دەست لەکارەکەت هەڵبگری، و نە بە هیچ شێوەیەك داوایشت لێ ئەکەین... تۆ پێغەمبەری خوا پێشی خستوی بۆ کاروباری ئاییمنان.. کێ بێ تۆ بخاتە دواوە لە کاروباری دنیاماندا...؟"[1].

ئەبوبەکر داوای کرد لە کۆمەڵ بۆ لابردنی خۆی و هیچ کەسێکیش موناقەشەی نەکرد.. ئەوانیش ئەوە بوو داواکەی ئەویان "ڕەفض" کرد.

دەی ئەگەر "ئیستعفا" دروست نەبوایە ئەبوو بەکر داوای نەئەکردو هاوەڵانیش موناقەشەیان ئەکرد، بێجگە لەمەش ئیمامی "حەسەن" ی کوڕی ئیمامی "عەلی" لە "خیلافە" خۆی دارِنی لەسەردەمی"معاویە)) دا[2].

## ئایا سەرۆکایەتی ماوەی بۆ دائەنرێت؟

بەڵێ، کاتێ کۆمەڵ جێنشینیان هەڵبژارد و ئەویش بەپێی بەرنامەی ئیسلام ئەجووڵایەوە ئەوە هیچ هۆیەك نییە بۆ لابردنی، چونکە کاتی خۆی بۆ ئەوە هێنراوە بەپێی قورئان و فەرموودە حوکم بکات، جا کە ئێستا وا بێت، ئەبێ بێ هۆ بۆچی لاببرێ؟ بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا لەکاتی "بەیعەت"ەکەدا ڕەوایە کۆمەڵ لەگەڵ حاکم دا یەك کەون لەسەر دیاری کردنی ماوەیەك بۆ "ئیمامەت"... لەو لایشەوە جێنشین "وەکیل"ی کۆمەڵە کەوابوو کۆمەڵ "ئەصیل" ە.. دەی "ئەصیل" بۆی هەیە ماوەی وەکالەت دیاری بکات بێجگە لەمەیش زانایان بەلایانەوە ڕەوایە پێشەوا ـ هەرکات ئارەزووی بوو ـ دەست لەکار ئەکێشێتەوە... کەوابوو بۆیشی هەیە هەر لەسەرەتاوە لەکاتی "بەیعەت" ەکەدا ڕێککەون لەسەر دیاری کردنی ماوەیەك.

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریشدا (ﷺ) هاتووە: "المؤمنون علی شروطهم الا شرطا حرم حلالا او احل حراما".[3] موسڵمانان بەپێی مەرجەکانیان ئەجووڵێنەوە.... سامەگەر مەرجێك بێت "حەرام" ێك حەڵاڵ بکات وەیان حەڵاڵێك حەرام بکات.

---

[1]) الامامة والسیاسیة ب1 ل16 .

[2]) بۆ ئەم باسە سەری (( الاسلام واوضاعنا السیاسیة ، ل184 بکە .

[3]) ترمزی هێناویەتی و ئەفەرموێ فەروودەیەکی ڕاست و صەحیحە .

خوێنەری بەڕێز: پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بهێنین پێمان باشە تیشکێك بخەینە سەر پەیوەندی دەوڵەتان و مافی هاووڵاتیان و بێگانەکان "الاجانب" لە ئیسلامدا.

## مافی هاووڵاتیان و بێگانەکان پێش ئیسلام

پێش ئیسلام دەوڵەتان زۆربەیان لەگەڵ یەکرتدا بەشێوەی دوژمنایەتی و ناحەزانە ئەژیان و یاسای دڕندانە و نامەردانەیان بەکارئەهێنا بۆ ناوخۆو دەرەوەیان !! هێزدار بێ هێزی ئەخواردو ومافی زەوت ئەکرد، لە گۆڕەپاندا تەنها "هێز" ڕۆڵی ئەبینی، کە ئیسلامی پیرۆز هاتە گۆڕەپانەوە تەرازووی دادگەری داناو لە بری زۆرو زەنگ.

ئیسلام هات و یاسای ڕێزو قەدرگرتنی ئادەمی هێنا، یاسای دادگەریی، یەکسانی، ئازادیی، وەفا بە پەیمان، مامەڵەی چوون یەك، لێبوردن، یارمەتیدانی یەکتر، چاك کردنەوەی زەوی لە تۆوی "گەندەڵی" و خراپەکاریی.

لە لایەکی تریشەوە، لە ئیسلامدا ئاشتیی بناغەیە نەك جەنگ بۆ پەیوەندی نێوان دەوڵەتان، خوای گەورە ئەفەرموێ : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ كَآفَّةً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ ..) [3] . (.. فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْاْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً) [4] .

کەوابوو بەم چەند ڕێگایانەی خوارەوە چەواشەکاری دوژمنانی ئیسلام ڕۆشن ئەبێتەوە دژی بەرنامەی خوا کاتێ ئەڵێن: ئیسلام بەزۆرو زۆرکاری و شیر بەرنامەی خۆی بڵاوکردۆتەوە، چونکە بە شایەتی قورئان و فەرموودە و مێژوو: هۆی جەنگەکانی ئیسلام سێ خاڵە، وەك لە هەندێ شوێنی تردا ڕوونمان کردۆتەوە:

1ـ وەستان لە ڕووی ئەو هێزانەدا کە هێرش دێنن بۆ ئیسلام و ئەیانەوێ قەلاچۆی بکەن (أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ). [3] ئاشکرایە هەر گەلێك جەنگی لەگەڵ بکرێ و شەڕی پێ بفرۆشرێ هەموو یاساو ڕژێمەکانی جیهان ـ نەك هەر ئیسلام کە بەرنامەی خوایە ـ ڕێگە بە ئەو گەلە ئەدەن بجەنگێن دژی ئەو ستەمکارە.

---

3) البقرة / 208 .

4) النساء /90 .

3) الحج / 39 .

2ـ ئەگەر بەڵگەو نیشانە ڕوون بوویەوە کە هێزێکی دڕندە خۆی ئامادە کردووە بۆ هێرش هێنانە سەریان، دیارە لەم کاتەیشدا هیچ ڕەوا نییە بۆ بڕواداران چاو دابخەن بەرامبەریان و سەردابخەن، بەڵکو ئەبێ هێز ئامادە بکەن بۆ ئەو دوژمنە خوێن خۆرە، ئەگینا هەر لە دەرگاکەی خۆیاندا سەریان ئەبڕن و لە ناویان ئەبەن.

3ـ ئیسلام ئەیەوێ ڕاڤەی بەرنامەکەی بکات بۆ خەڵك، ئیتر بێ ئەوەی زۆر لە هیچ کەسێك بکات بۆ موسڵمان بوون، لەو لایشەوە مرۆڤە ناموسڵمانەکان سەربەست ئەکات بۆ بەجێ هێنانی جۆری خوا پەرستیان بەپێی بەرنامەکەی خۆیان! ! دەی کە موسڵمانان بەرگری لە خەڵك ناکەن بۆ خواپەرستیان، هەق وایە ئەوانیش بەرگری موسڵمانەکان نەکەن بۆ ئایینداری و بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان، بەڵام ئەگەر دژیان وەستان ئەوە پێویستە لەسەر موسڵمانەکان لە ڕووی ئەو دەستە ناپاکەدا بوەستن، تا "عەقیدەو بیرو باوەڕیان" بمێنێتەوە، با بشگەنە پلەی "چەك" بەکارهێنان، چونکە موسڵمان بەرنامەیەکی ئەوتۆی هێناوە بەختیاری و ئاسوودەیی هەموو گەل و تاك و نەتەوە و چینێکی تێدایە، کەوابوو ـ هەرکات ـ هەوڵدرا بۆ کوژانەوەی ئەو چرایە ئەبێ ئەم بڕواتە گۆڕەپانەوە بۆیان.

دوژمنەکەی بەهەموو جۆرە چەکێك لێی ئەدات و ئەویش هەر ئەڵێ: "انا لله وانا الیه راجعون...." خۆ ئەگەر خێر خواهێك باسی چەکیان بۆ بکات ئەڵێن پیاوی ئەم و ئەوە ! ! موسڵمان چۆن چەك هەڵئەگرێ[1] ؟ !.

## مافی هاووڵاتیان و بێگانەکان لە ئیسلامدا

لەپێش سەردەمی ئیسلامدا ئەو مرۆڤەی هاوزمان، وەیا هاوپەیمان نەبوایە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا کەحوکم ئەکات هیچ مافێکی بۆ دانەئەنا، نەك هەرئەمە، بەڵکو بە دوژمنیشی دائەنا... ! ! ئیسلام هات چەندین ڕێبازی ناوازەی هێناو مافی هەموو کەسێکی دیاریکرد ـ هاو وڵاتیان و بێگانە، موسڵمان و ناموسڵمان ـ کە چۆن بژی لەژێر سێبەری ئەو دەوڵەتەدا، تەنانەت ئەگەر هاوەڵ بڕیار دەرێکی جەنگی "مشرك حربی" هاتە خاکی موسڵمانانەوە، پێویستە لەسەر دەوڵەت چاودێری بکات تا ئەیگەیەنێتەوە جێگەی خۆی، بۆ ئەوەی هیچ کەسێك دەست درێژی بۆ نەکات.

---

[1] ) سەرێك لەسەربەستیی لە ئیسلامدا بدە / باسی سەربەستیی لە ئاییندارییدا .

دەستەی زانایان ئەوانەی لەژێر چاودێری ئیسلامدا ئەژین ئەکەن بەسێ دەستەوە:

1ـ موسڵمانەکان:

ئەمانە ئەو کەسانەن ئایینی ئیسلامیان وەرگرتووە بە "ئایین و، بەیاسای ژیانیان" وە خۆیان بەسەربازی ئیسلام ئەدەنە قەڵەم، هیچ کات دوور ناکەونەوە لێی.

ئەو موسڵمانە لە هەرشوێنێکدا بژی بە هاووڵاتی، ئیسلام دائەنرێ، هەموو هۆیەکانی ژیانی لەسەریەتی، وە ئەبێ هۆی کامەرانیی و، بەختیاری بۆ بەدەست بێنێ. وە بۆی ڕەوایە لەهەر شوێنێکدا ئارەزووی هەیە ـ لەشار، لە گوند، لەدەشت، لە کێو، .. ـ دانیشێ و خانوو بکاتەوە، و بۆی هەیە بچێتە ئەوێ و بەرگری ناکرێ.

2ـ زیمی "الذميون":

ئەمانیش ئەو کەسانەن کە ئیسلام وڵاتێکی گرتووە، وە دانیشتووەکانی لەسەر ئایینی خۆیان ماونەتەوە و لە بەرامبەر ئەوەوە شتێکی دیاریکراو ئەدەن بە دەوڵەت کەلە فەرهەنگی ئیسلامدا پێی ئەڵێن "جزیە".

پەیمان ئەدەن کە لەهەموو ڕوویەکەوە ملکەچی دەوڵەت بن بێجگە لە یاسای "ژن و ژنخواستن و تەڵاق و میراث و جۆری خواپەرستیان". دیارە ئەمانەیش هەموو مافێکی ژیانیان بۆ هەیە لە ئیسلامدا بێ جیاوازی لەگەڵ موسڵمانەکاندا، هەرچەندە دوژمنانی ئایینی ئیسلام بەسەدەها پڕوپاگەندەیان نووساندووە بە ئیسلامەوە سەبارەت بەمانە، بە تایبەت مەسەلەی سەرانە "جزیە"[1]!! ئەم سەرانە لەبەرامبەر ئەوەوە بووە کە موسڵمانەکان ئەوان بپارێزن لە هەڵمەتی دوژمنان تەنانەت ئەگەر ویستبێتیان ئەو شوێنە بەجێ بهێڵن، موسڵمانەکان هەرشتێکیان لێ وەرگرتبێ بۆیان ڕەت کردوونەتەوە، وەك صلاح الدين (خوا لێی ڕازی بێت) هەرچی وەرگرتبوو لەگاورەکانی "شام" هەمووی ڕەت کردەوە کاتێ ناچار بوو بەگەڕانەوە.

3ـ بێگانەکان "المستأمنون" "الأجانب":

---

[1] معالم الثقافة الاسلامية ، ل 223 _ 232 / و بۆ ئەم مەبەستە کتێبی: التشريع الجنائى الاسلام، ى ل372 سەیربکە.

ئەمانیش بریتین لەو کەسانەی دێنە وڵاتی ئیسلامییەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ـ لەلایەن دەوڵەتەوە ـ وە لەدڵیاندا نییە کە لەوێدا بمێننەوە، خۆ ئەگەر ویستیان لەو وڵاتەدا بمێننەوە ئەوە مامەڵەی "ئەهلی زیمەیان" لەگەڵ ئەکرێ.

ئەمەیش سەروەرییە بۆ ئیسلام کە بەو شێوەیە مافی هەموو کەسێك دیاری بکات پێش ئەوەی جیهان خەبەری بێتەوە. ئافەرین بۆ ئەو دەوڵەتەی کە مافی هەموو کەسێك دیاری بکات و بییانو بەکەس نەگرێ، زمان و ڕەگەزو ڕشتە لەبەرچاو نەگرێ!

ئەم بێگانانە بۆیان هەیە بەسەربەستیی لەوڵاتی ئیسلامدا جموجۆڵ بکەن، ئەم شار بۆ ئەو شار، ئەم گوند بۆ ئەو گوند، چ ئیشێ ئەکەن، چۆن بازرگانی ئەکەن؟ چۆن خانوو ئەکەن؟ موسڵمانەکان چۆن هاوڕێانن لەدەوڵەتدا، بەو شێوەیە ئەوانیش هاوڕێیانن، وە ئەم بێگانانە ئیسلام داوایان لێ ناکات ملکەچی یاساو ڕژێمی ئیسلام بن، مەگەر ڕێزی یاسای گشتی دەوڵەت نەبێت یان سوکایەتی بە بیروباوەڕیان بکەن.

ئەم بێگانانە هەر دارایییەك پەیدا ئەکەن بەهی خۆیان دائەنرێ، تەنانەت با بیشگەڕێتەوە بۆ وڵاتی کوفرو خوانەناسی و چەکیش هەڵگرێ دژی موسڵمانەکان.

ئەگەر لەوڵاتی ئیسلامدا مرد "دارایییەکە"ی ئەنێرێتەوە بۆ میرات بەرەکانی لە وڵاتی خۆیدا، بەڵام تۆڵە "عقوبە" ئەو جۆرەی پەیوەندی بە مافی ئادەمییەوە بێت، لێی وەرئەگیرێ... بەڵام مافی خوایی "حقوق الله" جەماوەری زاناکان لەسەرئەوەن تۆڵەی لێوەرگیرێ.. هەرچەند "ئەبوحەنیفە" ڕای جیاوازە[1].

خوێنەری بەڕێز:

بۆ ئەوەی دەرکەوێ بۆ هەموو کەسێك ـ دۆست و دوژمنی ئیسلام ـ کە ئایینی ئیسلام پێش هەموو دەوڵەتانی جیهانی کەوتووە و دانیناوە بە یاسای "بنەمای ڕاوێژ"، یان "دیموکراتییەت" دا لە هەموو کاروبارێکی گرنگدا، وە بە ڕۆشنتر بڵێین لە شێوەی دیاریکردنی "خەلیفە" کاندا، جا وا شێوەی جۆری هەڵبژاردنی خەلیفەکان باس ئەکەین:

---

[1] معالم الثقافة الاسلامية ، ل 223 _ 232 / و بۆ ئەم مەبەستە کتێبی: التشريع الجنائي الاسلامي ، ل372.

پێغەمبەر (ﷺ) ئەزانێ کاتی گەڕانەوەی بۆلای خوای خۆی نزیك بۆتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا "خەلیفە" یان بۆ دیاری ناکات، ئەوەتا لە حەجی ماڵ ئاواییدا ئەفەرموێ: "لعلي لا القاكم بعد عامكم هذا" واتە: لەوانەیە ئیتر دوای ئەم ساڵە پێتان نەگەمەوە!!.

بەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و هەر لە نەخۆشییەکەیشدا بۆی دەرکەوت کە ئەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، وە هیچ کەسیشی دانەنا بە خەلیفە!! هەندێك لەوانە کە نەخۆشن ئەڵێن: بۆیە خەلیفەی دیارینەکرد، چونکە زۆر زۆر نەخۆش بوو، بەشێوەیەك دەرفەتی نەدا تا بیربکاتەوە لە دانانی خەلیفە!!.

دیارە ئەو وتەیە ئەدرێتە دواوە بەم بەڵگەیە: پێغەمبەر (ﷺ) بۆ یەکەمجار ئەوەندە نەخۆشیەکەی قورس نەبوو تا نەتوانێ بیری لێ بکاتەوە، بێجگە لەمەیش ئەوەتە ئەنێرێ بەدوای (ئەبوبەکر) بۆ پێشنوێژی، دەی ئەگەر پێویست بووایە "خەلیفە" دیاری بکرێ پێغەمبەر پشت گوێی نەختستەوە.

هەندێ لە دوژمنان ئەڵێن: محمد (ﷺ) ئەیزانی کە ڕژێمی هۆزایەتی ناڕواتە ژێر یاسای "تەواروث"ەوە، لەبەرئەوە هیچ کەسی دیاری نەکرد!! ئەم قسەیش ڕەتئەکرێتەوە بەمە کە: پێغەمبەر (ﷺ) منالی نێرینەی نەبووە بکەوێتە دوای خۆی تا جێ نشینایەتی پێ بسپێرێ و ئینجا "حوکم" ببێ بە میرات.

کەوابوو ئەیتوانی بە ئارەزووی خۆی کەسێك هەڵبژێرێ، بەڵام ئەو وای نەکرد، تا یاسای دیکتاتۆری و خوود ڕەئی جێگەی نەبێتەوە لە ئیسلامدا، بەڵکو موسڵمانان خەلیفە هەڵبژێرن. وە بۆئەوەی یاساو بنەمای ڕاوێژ بچەسپێنێ لە جیهاندا، لەگەڵ ئەمەیشدا کە خەلیفەی دیاری نەکرد هێماو ئاماژە ئەکات بۆ "ئەبوو بەکر" لەبەر دڵسۆزی و نەرم ونیانی بە موسڵمانان تا ئەو بکرێ بە خەلیفە: "لوكنت متخذا خليلا من امتى لأتخذت ابابكر...)). "ارحم الناس بأمتى ابوبكر".

خوا باشتر ئەزانێ ئەگەر دیاری بکردایە موسڵمانەکان وایان ئەزانی ئەمە بە فرمانی خوا دانراوە، کەوابوو هیچ کەسێك بۆی نییە ڕەخنەی لێ بگرێ، وەیا چاودێری کارو باری بکات، دیارە ئەو کاتە ئەبویە دیکتاتۆری... یاوایان ئەزانی خەلیفە لە پلەی پێغەمبەردایە، جا لەبەر ئەوە بۆی دیاری نەکردن، هەرچەندە وای نیشان ئەدا حەز

ئەکات ئەبوو بەکر بکرێ بە خەلیفە، وە هەروەها موسڵمانەکانیش هەستیان وابوو ئەبوو بەکر ئەبێ بەجێ نشین، چونکە ئەو هاوڕێی پێغەمبەر بووە لە ئەشکەوتی "سەور" دا وە ئەو بڕوای پێ کردووە کاتێ خەڵك بەدرۆیان ئەخستەوە...

## هەڵبژاردنی ئەبوبەکر ( خوای لێ ڕازی بێت )لە 11 ی کۆچییدا.

بێگومان یەکەم کارێك موسڵمانەکان پێی هەڵسان دوای مردنی پێغەمبەر (ﷺ) هەڵبژاردنی خەلیفە بوو، تەنانەت پێش بە خاکسپاردنی تەرمە پیرۆزەکەی حەزرەتیان خست! ! چونکە تەرمەکە ئەگەر ماوەیەکیش دوابکەوێ زیانێکی ئەوتۆی نییە، بەڵام دواکەوتنی دانانی خەلیفە زۆر سامناك و جێگەی مەترسییە بۆ جیهانی ئیسلامەتی، بەتایبەت دەوڵەتێکی تازە لە دایك بوو و ئەو هەموو دوژمنەیش ـ لە جوولەکە و دوو ڕووەکان و فارس و ڕۆمەکان ـ لە کەمیندا بن بۆی.

یارمەتیدەرەکان و کۆچکەرەکان خێرا کەوتنە بیرکردنەوە بۆ دانانی خەلیفە. کاتێ عومەر بەمەی زانی بەپەلە ڕۆیشت بۆلای ئەبوبەکر (خوای لێ ڕازی بێت) ئاگاداری کرد کە "ئەنصار"ەکان لە "سەقیفە"ی "بەنی ساعدە" دا خەریکی موناقەشەی مەسەلەی خەلیفەن، بەڵێ ڕۆیشتن، لە ڕێگەیشدا "ئەبوو عوبەیدە" یان برد لەگەڵ خۆیاندا ئینجا لەگەڵ یارمەتیدەرەکان و کۆچکەرەکاندا ـ هەر هەموویان ـ کۆبوونەوە.

هەر دەستە و کۆمەڵێك بە ئازادی ڕای خۆی دەرخست و بە تێکڕا لەڕاکان کۆڵینەوە، بێ ئەوەی ترسی ئەوەیان بێ کە تاقمێکیان پێیان ناخۆش بێت ! ! چونکە لە دڵی هەموویاندا پێش چاوگرتنی بەرژەوەندی موسڵمانانە "ئیتر هەرکەسێك عاجز ببێت ناهەقی ئەکات".

نوێنەری کۆچکەرەکان ڕای خۆیانیان پێشکەش بە کۆڕەکە کرد و، ڕەخنەیان لە ڕای یارمەتیدەرەکان گرت، ئەوانیش ـ ئەنصار ـ هەر بەو شێوەیە، ئینجا دوای ئەو لێکۆڵینەوەیە هەموو بڕیاریان دا بۆ هەڵبژاردنی "ئەبوو بەکر" (خوا لێی ڕازی بێت).

مێژوو نووسی دەستپاك "طەبەری" ئەم ڕووداوەی بە پوختە کراوی هێناوە، منیش پێم خۆشە دەقەکەی ـ وەك خۆی ـ بێنم بۆ خوێنەرانی خۆشەویست: "لما قبض النبي (ﷺ) اجتمع الانصار في سقيفة بني ساعدة وقالوا: نولي هذا الامر بعد محمد (عليه السلام) سعد بن عبادة، وأخرجوه اليهم وهو مريض واخذوا يتداولون فيما بينهم هذا الامر وفيما

يقولونه للمهاجرين , واتى عمر الخبر، فأقبل الى منزل النبي (ﷺ) فارسل الى ابي بكر وكان في الدار هو وعلى ابن ابى طالب في شغل بجهاز الرسول (ﷺ): ان أخرج فقد حدث أمر لابد لك من حضوره، فخرج اليه، فقال له عمر: اما علمت ان الأنصار قد اجتمعت بسقيفة بنى ساعدة يريدون ان يولوا هذا الأمر الى سعدبن عبادة، وأحسنهم مقالة من يقول: منا أمير ومن قريش أمير؟. فخرجنا اليهم، ولقيا أبا عبيدة بن الجراح في الطريق، فصحبهما الى اجتماع الأنصار، واراد ان يتكلم كلاما زواه من قبل، فقال له أبوبكر: رويدا حتى أتكلم. فبدأ أبوبكر فحمد الله واثنى عليه ثم قال: إن الله بعث محمدا رسولا الى خلقه و شهيدا على امته ليعبدوا الله ويوحدوه، وهم يعبدون من دونه آلهة شتى ويزعمون انها لهم عنده شامخة، وانما هى من حجر منحوت، و خشب منجور ثم قرأ: "و يعبدون من دون الله مالا يضرهم ولا ينفعهم ويقولون هؤلاء شفعاءنا عند الله"... "وقالوا ما نعبدهم إلا ليقربونا الى الله زلفى".

بەڵێ "ئەبوبەكر" لە بەشێكی تری وتارەكەیدا فەرمووی: خوای گەورە ئەم ئیسلامەی بۆ ناردین، لەسەرەتاوە عەرەبەكان - بەلایانەوە - زۆر جێگەی عەیب و نەنگ بوو بێنە سەری و دەست لە ئایینی باوباپیرانیان هەلگرن، تا خوا كۆچكەرەكانی بۆ هەڵبژاردو بڕوایان پێ هێنا ودەستی یارمەتیان بۆ ڕاكێشاو ئارام و صەبریان هێنا بەسەر خۆیانا، بەرامبەر بەو هەموو ئەشكەنجە و ئازارە كە خزمەكانیان ئەیاندان! ! كۆچكەرەكان بوون یەكەمجار - لەم سەرزەمینەدا - خوابپەرستن و بڕوایان هێنا بە پێغەمبەرەكەی (ﷺ)، ئەوانن دۆست و ئاشناو خۆشەویستی پێغەمبەر، دیارە هەر ئەوانیش شایەن ترن بۆ هەڵگرتنی ئەم كارە دوای خۆی، هەقیش نییە كەسێكی تر داوای بكات.

ئێوەیش "ئەنصارەكان" پیاو حەق بلێ فەضل و ڕێزتان بۆ ئیسلام ناشارێتەوە، پێش بڕكێتان بۆی ئاشكرایە، خوا ئێوەی هەڵبژارد و كردنیی بە یارمەتی دەری ئایینەكەی و پەناگا بۆ پێغەمبەرەكەی (ﷺ) وە زۆربەی خێزان و هاوەڵانی لە ئێوەیە، وە بێجگە لە كۆچكەرانی یەكەمجار كەس ناگاتە ئێوە...."

ئینجا ئەنصار پیاوێكیان هەڵسایەوە و داوای لێكردن بۆ ئەوەی ئەوان كاروباری جێ نشینی بگرنە ژێردەست چونكە شایەنی ئەوانە، وە وتی:ئەگەر هەر ناگونجێ با ئێمە "ئەمیر" ێكمان بێ و، ئەوانیش ئەمیرێك ! ! .

پێشەوا عومەر فەرموی: ناگونجێ لەیەك سەردەما دوو خەلیفە هەبێت... ئینجا پیاوێکی تر لە ئەنصار دوا بەدوای عومەر هەڵسایەوە وتارەکەی عومەری ڕەتکردەوە. بە ئازادیی و بێ ترس و بیم "ئەمەیش نیشانەی سەربەستی وئازادیی بیروڕایە".

دوای ئەو "بەشیری کوڕی سەعد"ی ئەنصاری هەڵسایەوە ڕووی کردە ئەنصارەکان و وتی: ئاشکرایە ئێمە جێگە دەستمان هەیە بۆ جەنگ لەگەڵ کافراندا، بەڵام ئێمە مەبەستمان ڕەزامەندی خوایە، نەك ناوونیشانی دنیایی، کەوابوو نابێ ناکۆکی وهەرای تیا دروست بکەین، خۆیشتان ئەزانن پێغەمبەر (ﷺ) لە "قورەیشە" کەوابوو تیرەکەی ئەو شایەنترە بۆ ئەم کارە، لەخوا بترسن و ناکۆکی بڵاو مەکەنەوە.

ئینجا "ئەبوبەکر" هەڵسایەوە فەرمووی: ئەمە "عومەر" و ئەمەیش "ئەبوعوبەیدە" هەرکامێکیان ـ بە ڕای خۆتان ـ پەسەندە هەڵی بژێرن. عومەر و ئەبوو عوبەیدە وتیان: تا تۆ لە ناومان ببی ئێمە شتی وا ناکەین، تۆ لە هەموو کۆچکەرەکان بە "فەضل" تری، هاوڕێی پێغەمبەر بووی لە ئەشکەوتەکەدا، جێنشینی پێغەمبەر بوویت بۆ پێش نوێژی، وە نوێژیش پایەیەکی بەرزی ئایینی موسڵمانانە" ئیتر کێ شایەنی پێشکەوتنی هەیە؟ دەستت بێنە با "بەیعەت"ت پێ بکەین.

ئەمان ویستیان پەیمانی بدەنێ، لەولاوە "بەشیر" ی ئەنصاری پێشیان کەوت، ئینجا تیرەی "ئەوس" هەموویان، دوای ئەوان کۆمەڵ کۆمەڵ موسڵمانەکان بەیعەتیان پێکرد.

خوێنەری ئازیز: ئابەم شێوەیە عومەرو ئەبوو عوبەیدە "ئەبوو بەکر" یان کاندید "ترشیح" کردو ئەوجا کۆڕی ئەنجوومەنی ڕاوێژ هەڵیان بژارد.

ئەم وتووێژەیش ئەوپەڕی دیموکراتییەت و یەکسانی پیشان ئەدات، وە هیچ جێگەی ڕەخنە نییە، چونکە حەق هەر بە لێکۆڵینەوە دەرئەکەوێ، بێجگە لەمەیش مەبەستی هەردوولایان دەرکەوتنی هەق و ڕاستییە و بەرژەوەندی موسڵمانیان ئەوێ.

کەوابوو ئیشەکە بە بنەمای ڕاوێژ ڕۆیشت، بەڵێ سەئەنجام ئیشەکە کەوتە دەست کۆچکەرەکان بەڵام ئەمە مانای وانییە ئیسلام وای پێویست کردووە، بەڵکو ڕێکەوتن و ڕێزگرتنی موسڵمانەکانە بۆ یەکتر، لەو لایشەوە کە لە قورەیش خەلیفە دائەنرێت، لەبەرئەوە نییە ئیسلام واجبی کردبێت، چونکە ئەگەر وابوایە عومەر نەی ئەفەرموو:

"ولو كان سالم ـ مولى أبي حذيفه ـ حيا لأستخلقنه" ئەگەر سالم ـ کۆیلەی ئەبوحوزەیفەیە ـ زیندوو بووایە ئەوم ئەکرد بەجێنشین لە ئەنجوومەنی ڕاوێژ دا.[1]

## هەڵبژاردنی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لە 13ی کۆچییدا

شێوەی کاندیدکردنی ئەم خەلیفەیە، جیاوازی بوو لەگەڵ کاندیدکردنی خەلیفەی یەکەمدا، ئەم "ئەبوو بەکر" ی کاندید کرد، ئینجا ئەنجوومەنی ڕاوێژ بڕیاریان بۆ دەرکرد.

ئەبوو بەکر (خوا لێی ڕازیی بێت) بینی (فارس‌و ڕۆم) چاویان بڕیوەتە وڵاتی ئیسلام، وە چاوەڕوانی هەلن، هەستا پەیماننامەی نووسی بۆ عومەر، تا دەست بەجێ بڕواتە جێگەکەیەوە وکاروبار بگرێتە ژێر دەست و پشێوی و فەوزا نەکەوێتە وڵاتەوە.

بۆیە هەستا پەیوەندی کرد بە گەورە هاوەڵانەوە و کۆڕی ئەنجوومەنیشی بانگ کرد و ڕاوێژی پێکردن، بەتایبەتی "عەبدولڕەحمان و عوسمانی کوڕی عەففان و، سەعیدی کوڕی زەیدو، ئوسەیدی کوڕی حوضە یر"، یەکەیەکە لێی پرسین: ڕاتان بەرامبەر عومەر چییە...؟ هەریەکەیان بە شێوەیەك وەڵامیان دایەوە، کە هەر هەموویان ڕەزامەندییان نیشاندا بەرامبەری و شایەنی "خیلافەت" ی هەیە، هەرچەندە هەندێکیان وتیان: توندو تیژەو توڕەیە، ئەبوو بەکریش فەرمووی وانامێنێ! بەڵێ پیاو حەق بڵێ دوایی بوو بەو عومەرەی دۆست و دوژمن وەسفی ئەکەن.

کەوابوو شێوەی هەڵبژاردنی عومەر جیاوازییەکی زۆری بوو لەگەڵ ئەبوبەکرا، ئەبوبەکر عومەری دیاریکردوو موسڵمانەکانیش دەنگیان بۆ دا.

ئەمەیش دەقی نوسراوەکەی "ئەبوبەکر"ە کە نووسی ـ بە ئیمامی عوسمان ـ بۆ عومەر (خوا لێیان ڕازیی بێت): "بسم لله الرحمن الرحيم: هذا ما عهد به ابوبكر خليفة محمد رسول الله (ﷺ) عند اخر عهده بالدنيا واول عهده بالاخرة. وفي الحال التى يؤمن فيها الكافر ويتقى الفاجر، إنى استعملت عليكم عمر بن الخطاب، فان بر و عدل فذلك علمى به ورأي فيه ـ وإن جار وبدل فلا علم لي بالغيب، والخير اردت، ولكل امرئ مااكتسب "وسيعلم الذين ظلموا أي منقلب ينقلبون".[2]

---

[1] العدالة الأجتماعية، ل202.

[2] ) تأريخ الاسلام ، ( ب1/ ل212 ) .

## هەڵبژاردنی عوسمان ( خوا لێی ڕازیی بێت ) لە 23 ی کۆچییدا.

کاتێ "ئەبوو لۆلوئە" ی خوا نەناس ڕمەکەی دا لە پێشەوا عومەر، کۆمەڵێك لە هاوەڵان چوونە لای ووتیان: "خۆزگە کەسێکت دیاری بکردایە بۆ خەلیفە... ئەویش فەرمووی بەڕای ئێوە کێ دیاری بکەم؟ ئەوانیش چەند کەسێکیان بۆ هەڵدا، یەکێ لەوانە "عەبدوڵلا" ی کوڕی بوو !! ئەمیش تووڕە بوو و فەرمووی: بنەماڵەی عومەر تەنها کەسێکی بەسە بۆ ئەوەی "موحاسەبە" بکرێ لەسەر ئوممەتی پێغەمبەر (ﷺ) مەبەستی خۆی بوو".

دوای وتویژێکی زۆر لە نێوانیاندا فەرمووی: کاروبارتان ئەسپێرم بەو شەش کەسە کە پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوای کرد، لێیان ڕازیی بوو، ئەوانیش ئەمانەن: "عوسمان، عەلی، عەبدولڕەحمان، زوبەیر، طەلحە، سەعدی کوڕی ئەبوو وەققاص" وە داوای لەوانیش کرد کە یەکێکیان هەڵبژێرن لەناو هەموویاندا.

بۆ ئەم کارەش ماوەی بۆ دانان، فەرمووی: لەماوەی سێ ڕۆژدا هەموو ئیشێك تەواو بکەن و "ئەمیر" تان هەڵبژێرن.

پیاوانی ڕاوێژ "هەر شەشیان" کۆبوونەوە، سەرئەنجام عەبدولڕەحمان خۆی لە مافی "خیلافەت" دوورخستەوە، ئەوانیش داوایان لێکرد، هەڵسێ بەجێبەجێ کردنی کاروبارو ئیشەکە تەواو بکات وکێ موسڵمانەکان زۆر ڕایان لەسەریەتی ئەویش ئەوە هەڵئەبژێرێ.

بەڵێ، ئەمیش شەووڕۆژ قۆڵی لێ هەڵماڵی و پرس و ڕای کرد بە خەڵکەکە سەرئەنجام وتیان یەکێ لەم دوو کەسە "عەلی، یا عوسمان "هەرکامێکیان ببێ باشە". عەبدولڕەحمان تەماشای کرد خەڵکەکە پتر مەیلیان بۆ "عوسمان" ە، چونکە نەرم تر بوو لە عەلی"... دیارە لەم کاتەدا ئەبێ مافی یاسای هەڵبژاردن پیادە بکات، بێ ئەوەی شەرم لە هیچ کەسێك بکات، بۆیە هەستا خەڵکەکەی کۆکردەوە لە مزگەوتەکەی پێغەمبەر دا (ﷺ) ئینجا بانگی کرد لەئیمامی عەلی و وتی تۆ: ئەتوانی بە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر و شێوەی ڕەوشتی دوو خەلیفەکەی پێشی خۆت ڕەفتار بکەیت؟ عەلی وتی: تا بتوانم وا ئەکەم. ئینجا داوای لە عوسمان کردوو هەمان پرسیاری لێکرد، ئەویش وتی: بەڵێ "ئەم نەی وت ئەگەر بتوانم بەڵکو وەلامی تەواوی دایەوە". ئیتر دوای ئەم هەڵسوکەوت و وتوو وێژە عەبدولڕەحمان "بەیعەتی" کرد بە ئیمامی عوسمان،

دوای ئەویش موسڵمانەکان هەڵسان بەیعەتیان پێکرد. ئەمەیش کۆتایی مانگی "ذی الحجة" دا بوو، ساڵی 23 ی کۆچی.

**هەڵبژاردنی عەلی ( خوا لێی ڕازیی بێت ) لە 35 ی کۆچییدا.**

شێوەی هەڵبژاردنی ئەم خەلیفەیە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنی خەلیفەکانی تردا، چونکە بە کوشتنی ئیمامی عوسمان هەندێ جیاوازی و ناکۆکی کەوتە ناو موسڵمانەکانەوە، وە دەرگای بەڵاو فیتنەیان لێکرایەوە، شاری "مەدینە" پڕ بوو لە قەڵەباڵغی هەمە جۆرە، وەك "ئینذاری" جەنگ کرابێ وابوو !! موسڵمانەکان لەبەر سامناکی ئەو ڕووداوە نەیانئەزانی چی بکەن، لەولایشەوە بەشێکی زۆر کەمی هاوەڵان وان لە "مەدینە" ئەوانی تریان لە حەج و عومرە بوون لە مەککە.

کۆمەڵێك هاتن داوایان کرد لە ئیمامی عەلی بەیعەتی پێ بکەن، ئەمیش زانی ئەمانە "ئەهلی حەلل و عەقد = کۆڕی ئەنجوومەنی ڕاوێژ" نین، لەبەر ئەوە داواکەیانی ڕەتکردەوە و فەرمووی: ئەبێ هاوەڵان (ئەنصارو مهاجرین) هەڵسن بەدیاری کردنی خەلیفە تا ئیشە کە دامەزرێ و بەڵا بڵاوە نەکات ـ لەمە زیاتر ـ بە جیهانی ئسلامیدا.

بەڵێ، پیاوە خاوەن ڕاکان کۆبوونەوە و زۆریان کرد لە ئیمام بۆ وەرگرتنی ئەو کارە ئەویش کە زانی هیچ دەرفەتی نییە، داوایکرد ئەبێ ئەم "بەیعەتە" لە مزگەوتدا بێت.. ئیتر ئەنجوومەنی ڕاوێژ کۆبوونەوە لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) وە پەیمانیان دا بەئیمامی عەلی و خەڵکەکەیش بە دوای ئەواندا، ئەمەیش لە ڕۆژی هەینی 13 ی مانگی ذی الحجە ی ساڵی "35" ی کۆچی بوو.

بەڵام ئەو "ئیجماع" ەی لەبەیعەتی "ئەبوو بەکر و عومەر و عوسمان" دا کرا، بۆ ئیمامی عەلی دروست نەبوو! ! لەبەر ئەوە هەندێ ناکۆکی و ساردو سڕی پەیدا بوو بوو لەناو هاوەڵەکاندا لە کوشتنی ئیمامی عوسمانەوە و داوای بکوژەکانیان ئەکرد لە ئیمامی عەلی بییاندا بەدەستیانەوە، ئەویش بە باشی نەئەزانی، چونکە کاروباری ناوخۆ ئاڵۆز تر ئەبوو.

ئینجا لەمەوە ـ زۆر بەداخەوە ـ چەندەها جەنگ و ناکۆکی و هەراو ئاژاوە کەوتە نێوان موسڵمانەکانەوە، ئەوەی کە کرا کرا بە جیهانی ئیسلامەتیی، کافران وجوولەکە و گاوریش دەستیان ئەهێنا بە سمێڵیاندا و سەیریان ئەکرد، هەروەك ئێستا موسڵمانەکان

له هەمووی جیهاندا ـ بەتایبەت خاوەرمیانە دا ـ بەربوونەتە یەکتر و جوولەکەکانیش خەریکی پێشخستنی وڵاتی خۆیانن وە هەموو کات لە بۆسەدان بۆیان و خەریکی موتاڵای "تەورات"ەکەیانن، ئێمەیش خەریکی خۆ کوشتنین و کەللەی سەری یەکتر ئەفرۆشین لە پێناوی پارەو پولێکی بیٚ نرخدا !!!.

جوولەکە هەرگیز "خەیبەرو بەنی نەزیرو بەنی قەینوقاع و..." یان لەبیر ناچێتەوە بۆیە هەر لەوێوە دەستیان پێکرد، وەك "عەبدوللای کوڕی سەبەء" و هەندێکی تریان کە بە درۆوە هاتبوونە نلو موسڵمانانەوە. تا توانیان جیاوازی و ناکۆکی دروست بکەن لە نێوانیاندا، کەوابوو جیاوازی و پەرەوازەیی دەردێکی کوشندەیە لەناو هەرگەلێکدا پەیدا بوو ڕیشەکێشی ئەکات، (اللهم) مەگەر پەشیمان بێتەوە و یەکبگرێتەوە و یەك بیرو یەك بۆچوون و یەك ڕایان بیٚ.

ئابەم شێوەیە باسمان کرد یاسای "حوکم و شوورا" ڕۆشن بوویەوە، کە ئەمیش ئەوە نیشان ئەدا هەموو کاربەدەستەکان، موسڵمانەکان هەڵیان بژاردوون... ئاوایان بەباش زانی کە لە پێشەوە "ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان، ئینجا عەلی" بکەن بە خەلیفە.

پاشان "بەنی ئومەییە" هاتن کە لە "موعاوییە"وە دەستیان پێکرد لە "مەروان"ی دووەمدا حوکمیان لە دەست نەما، واتە لە "41 ـ 132 ، 661 ـ 750". نزیکەی هەشتا ساڵێکیان خایەند. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا کاریان هەر بەپەیمان و "عەهد" ئەکرت، موعاوییە بۆ"یەزید"، مەروان بۆ "عەبدولمەلیك"ی کوڕی، ئەمیش بۆ وەلیدی کوڕی، ئینجا بۆ سولەیمان... هەروەها.....

خەلیفە هەر لەژیانی خۆیدا "بەیعەتی" وەرئەگرد بۆ ئەوەی دێت بەدوایدا، ئینجا کە ئەچووە سەر حوکم موسڵمانەکانیش بەیعەتیان پیٚ ئەکردن.

هەندیٚ ئەڵێن: بۆیە موعاویە یاسای "ویراثی" داهێنا، چونکە پشێوی و "فەوزا" یەك ڕوویدا بوو لەناوچە و وڵاتدا کەس بەگوێی کەسی نەئەکرد، ئەگەر یاسای دەمارگیری و هێز نەهاتایە کایەوە، لەو لایشەوە ئیسلام هێشتا خەریکی کۆتکردنی دوژمنانی بوو و

خەریکی "فتوحات" بوو، ئومەییەکانیش لەو ڕووەوە زۆر بەهێز بوون[1]. ناچار هەڵستا بەو ڕژێمە.

## دانانی وەلی عەهد

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە - لەباسی دیاری کردنی خەلیفەکاندا کردمان - دەرکەوت کە (بەیعەت) بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ڕاویژ - هەموویان، یان زۆربەیان - تەواو بووە، هەر ئەو خەلیفەیەیش جێ نشینی پێشووی دیاری کردووە، بەڵام هەر بەوە "خیلافەت"ەکەی دانەمەزراوە، بەڵکو ئەو (تەشریح، کاندیدی) کردووە و ئەنجوومەنیش بڕیاری لەسەر داوە، وەیا پشتگوێی خستووە و کەسێکی تری هەڵبژاردووە.

"عومەری عەبدولعەزیز" (خوا لێی ڕازی بێت) ئاوا تێگەیشتبوو"واتە هەرچەندە خەلیفەی پێشوو وەصیەتی بۆ کردبێ، هەر ئەبێ ئەنجوومەن بڕیاری خۆی بدا" بۆیە کاتێ "سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك"ئەمی هەڵبژارد بوو وەسیەتنامەی بۆ بەجێهێشتبوو و نووسراوەکەی مۆر کرد بوو، تیایدا نووسی بوو کە: "ڕەجاء" بنەماڵەکەی کۆبکاتەوە و بەیعەت بکەن بۆ ئەو کەسەی ناوی لەم نووسەراوەدا هاتووە بێ ئەوەی ناوەکەی بزانن! !... بەڵێ دوای ئەوەی سولەیمان مرد "ڕەجاء" خەڵکێکی کۆکردەوە و پەیمانی لێ وەرگرتن بۆ ئەو کەسەی ناوی لەم نوسراوەدا هاتووە، ئینجا دوای بەیعەتەکە پەیامەکەی "سولەیمانی خوێندەوە کە ئەمەیش دەقەکەیەتی: "هذا الكتاب من عبدالله سليمان أمير المؤمنين لعمر بن عبدالعزيز. اني قد وليته الخلافة بعدي، ومن بعده يزيد بن عبدالملك فاسمعوا له وأطيعوا واتقوا الله ولا تختلفوا فيطمع فيكم" واتە: ئەم نووسراوە لەلایەن بەندەی خواوەیە ئەمیری موسڵمانەکان "سولەیمان" بۆ عومەری عەبدولعەزیز. ئەوا عومەرم کردە جێ نشینی خۆم، ئینجا دوای ئەویش "یەزەیدی کوڕی عەبدولمەلیك"... ئەوە بوو لە شانسی موسڵمانەکانی ئەو سەردەمە "خەلیفە ی پێنجەمی ڕاشیدین وەك ئیمامی شافیعی ئەفەرموێ" ناوی دەرچووو.

بەڵام دوای ئەوە دەرکەوت کە: "عومەر" دەبێ بڕواتە سەرتەختی حوکم بیری لێکردەوە کە پەیمانەکەی تەواو نییە، چونکە:

---

[1] تأريخ الاسلام / دکتۆر حسن ابراهيم حسن و( معالم الثقافة الاسلامية ) دکتۆر عثمان.

یەکەم: (سلیمان) خۆی بە ڕاوێژی موسڵمانەکان نەبووە بە خەلیفە.

دووەم: خۆیشی پێی ڕازی نییە "چونکە وتمان ئەبێ ئەو کەسە کە ئەکرێ بەجێنشین خۆیشی پێی ڕازیی بێت" هەروەك لە وتارەکەیدا هاتووە: "انی والله ما استؤمرت في هذا الأمر وأنتم بالخيار". واتە: سوێند بە خوا من ڕای خۆم لەسەر ئەم کارە وەرنەگیراوە و ئێوەش ئازادن لە ڕەتکردنەوەیدا یان لە قەبوڵکردنیدا"...."يا ايها الناس إني قد ابتليت لهذا الأمر من غير رأى كان منى فيه ولا طلبة له و لامشورة من المسلمين، وإني قد خلعت مافى أعناقكم من بيعتى فاختاروا لأنفسكم".

واتە ئادەمیزادەکان من ئەم کارەم دراوە بەسەرا بێ ئەوەی خۆم ڕام بۆ بووبێ، وەیا داوام کردبێ، وەبێ ڕاوێژ کردن بە کۆڕی موسڵمانەکان، ئەوا ئەو بەیعەتەی وا بە ئەستۆتانەوە "کە بۆ من کراووە لەلایەن ڕەجاوە" داماڵی و لەسەرشانی ئێوەم لابرد، ئیتر ئێوە بڕۆن پێشەوا بۆ خۆتان هەڵبژێرن.

عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) ئەیزانی بەیعەت وەك چوار خەلیفەکان ئەبێ، کەوابوو دانانی "وەلی عەهد" بێ ئەوەی موسڵمانەکان هەڵیبژێرن و، بێ ئەوەی خۆی پێی ڕازی بێت ـ بەتایبەت ناویشی نەهێنرا بێت ـ پەیمانی ئاوا ناڕەوا و نادروستە.

جا بۆ ئەوەی ئەم باسەمان ـ دانانی وەلی عەهد ـ پتر ڕۆشن تر بێتەوە لای خوێنەر ئەڕۆین بۆ خزمەتی زاناکان ـ ئەوانەیان خاوەن ڕان و دەستی وردەکارییان هەیە:

(ماوەردی) دەڵێ: دانانی "ئیمام = وەلی عەهد" لەلایەن خەلیفەی پێشووەوە "ئیجماع"ی لەسەرە کە دروستە و دادەمەزرێ لەبەر دوو بەڵگە: یەکێکیان ئەمەیە (ئەبوبەکر" وەصیەتی کرد بۆ عومەر، موسڵمانەکانیش سەلماندیان.

ئەوی تریان ئەوەیە: عومەر خیلافەتەکەی سپارد بە ئەنجوومەنی ڕاوێژو ئەوانیشیان وەریان گرت و خەڵکیش چوونە نلو پەیمانەکەوە.... جا هەرکات ئیمام ویستی "خیلافەت" بسپێرێ بەکەسێك، ئەبێ هەوڵ بدات و کەسێکی شایەنی بۆ بدۆزێتەوە...".[1] بەڵێ، ئابەو شێوەیە "وەلی عەهد" دیاری ئەکرێ، وە ئەبێ مەرجەکانی "ئیمامەتی" تیا بێتە دی، چونکە هەر تەنها بە دانانی خەلیفەی پێشوو نابێ ببێ بە خەلیفە.

---

[1] ) الاحكام السلطانية ،ل10 .

زانایان ئەڵێن: ئەو "وەلی عەهد"ە نابێ کوڕی خەلیفە پێشووەکە بێت "چونکە ئەبوبەکر عومەری دانا" وە نابێ خزمایەتیەکی نزیك لە نێوانیاندا بێت چونکە ئەبوو بەکر عومەری دانا [1].

ئیبن حەزم ئەفەرموێ: موسڵمانان ـ هیچیان ـ جیاوازییان نییە لەوەدا کە: دروست نییە بەکارهێنانی ڕژێمی "پشتاو پشت" لە "خیلافەت"دا.

ـ "ئەبوویەعلی" قاضیی ئەفەرموێت: "ئیمامەت" هیچ کات بە میرات وەرناگیرێ.

ـ بەغدادی ئەفەرموێت: هەرکەسێك دان بنێت بە "ئیمامەت"ی ئەبوو بەکردا ئەڵێت: جێ نشین بە میراتی وەرناگیرێ.

ـ ئیبن خەلدوون ئەفەرموێت: ئەگەر مەبەست لە دیاری کردنی "وەلی عەهد" پاراستنی بێت بۆ بنەماڵە و کوڕەکان، ئەوە پەیوەندی بە ئایینەوە نییە.

ـ ئیبن تەیمییە ئەفەرموێت: هەر بەوە خەلیفە یەکێك بخاتە جێگەکەی خۆی، ئەو کەسە نابێ بە جێ نشین، بەڵکو ئەبێ ئەنجوومەنی ڕاوێژ دانی پیادا بنێ.

بەپێی وتەی ئەم زانایانە و هەندێکی تریشیان ڕوون بوویەوە کە "وەلی عەهد" ئەبێ ئەنجوومەنی ڕاوێژ وەریگرێت و دانی پیادا بنێن[2].

هەندێکی تریان ـ زاناکان ـ بەلایانەوە وایە کە "خیلافەت بە دانانی وەلی عەهد" دائەمەزرێ، بەڵام تا خەلیفەی وەصیەتکەر ـ لەژیانا بێت، وەصیەت بۆ کراوە کە دەستکاری کاروبار ناکات... ئەم دەستەیەیشیان هەرچەندە وا ئەڵێن، بەڵام خەلیفەی وەصیەت بۆ کراو ئەبێ ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ جێ نشین تێدا بێتە دی، ئەگینا دانامەزرێ[3].

هەر ئەم دەستەیە ئەچن بەگژ ئەو کەسانەدا کە بەلایانەوە دروستە ئەو جموجووڵو ئاڵوگۆڕەی "بەنی ئومەییە و عەبباسییە"کان کردیان، چونکە "وەلی عەهد"ەکانیان هیچیان مەرجەکانی ئیمامەتیان تێدا نەبووە.

---

[1] ) من اصول الفكر السياسي الاسلامي ، دكتۆر محمد فتحي عثمان ، ل433 .

[2] من اصول الفكر السياسی الاسلامی ، دكتۆر محمد فتحی عثمان.

[3] من اصول الفكر السياسی ، دكتۆر محمد فتحی عثمان.

ئینجا بۆیە موسڵمانانیش بێ دەنگ دانیشتبوون بەرامبەریان، چونکە خاوەن دەسەڵات بوون و زاناکانیش ترسی بەرپابوونی "فیتنە" و بەڵایان بووە.

ئەم دەستەیەش ـ کە بەلایانەوە ـ وەصیەت کردن بۆ ئەوەی دێت بەدوای ئەودا دروستە، ئەبنە دوو دەستەوە: بەشێکیان ئەڵێن ئەبێ ئەنجوومەنی ڕاوێژیش دانی پێدا بنێ، وەك چۆن خەلیفەی پێشوو هەڵیبژاردووە و بەیعەتی پێکردووە، ئەگەر وانەبێت ئەو وەصیەتە ناڕەوا و ناپەسەندە.

بەشێکی تریشیان بەلایانەوە وایە کە: خەلیفەی پێشوو بەیعەتی پێ کردووە، لەسەر موسڵمانانیش گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری پێویستە، وە ئیتر ڕازی بن یانە، ئەو خیلافەتە دائەمەزرێ. ئاشکرایە ئەم ڕایە زۆر هەڵەیە.

ئێنجا لێرەدا شتێك ماوە باسی بکرێ ـ ئەویش ئەوەیە ئایا ڕەوایە "عەهد و بەیعەت" بۆ کوڕ؟! کۆمەڵێ لە زاناکان ئەفەرموون: ڕەوایە، بەڵام بەو مەرجەی ئەنجوومەنی ڕاوێژ دانی پیادا بنێ و بەلایانەوە شیاوی "خیلافەت" بێ.

دیسانەوە ئەو دەستەیەش کە بەلایانەوە "بەیعەتی" خەلیفەی پێشوو دروستە و پێویست ناکات ئەنجوومەن ڕای بۆ بدەن ئەوانیش ئەڵێن ئەگەر بەیعەتەکە لە باوکەوە بوو بۆ کوڕ، وەیا لە کوڕەوە بوو بۆ باوك، ئەوە پێویستە ئەنجومەنی ڕاوێژ بیسەلمێنێ و بەلایەوە ڕاست بێت.

## ئەو کەسەی بەزۆر ئەڕواتە سەر حوکم

هەندێ لە زانایان ـ دیسانەوە ـ بەلایانەوە دروستە کە ئەگەر کەسێك بەزاڵبوون کاروباری وڵاتی گرتە ژێردەست، ئەوە پێویستە گوێڕایەڵی و فەرمانی پیادە بکرێ لەلایەن موسڵمانانەوە، ئەم جۆرە جێ نشینە لە فەرهەنگی زاناکاندا پێی ئەڵێن "إمامة المتغلب".. یا "إمارة الاستيلاء" کە هەردووکیان یەك مەبەست ئەگەیەنن، وە هەندێ کاتیش بەم ڕستەیە لێکیان داوەتەوە: "إمامة الضرورة". چونکە لە ناچارییدا پێشەوایە و بە زۆر خۆی سەپاندووە بەسەر کاروباردا، ئەگینا لە ڕاستیدا زاناکان ئەڵێن: لەبەر ئەوەی "فیتنە" بەرپا نەبێت لەناو موسڵماناندا و خوێنیان نەڕێژێ پێویستە ملی بۆ بدەن، با مەرجەکانی "ئیمامەت" یشی تێدا نەهاتبێتە جێگە، بەڵام ئەڵێن: ئەگەر لەدژی

هەڵسان ولە شۆڕش بەرپاکردندا فیتنەیەکی ئەوتۆ بەرپا نەبوو، ئەوە پێویستی سەر شانی موسڵمانانە هەڵسن هەوڵ بدەن بۆ لابرنی و دوور خستنەوەی لە موسڵمانان.

ئەم دەستەیە هەندێ بەڵگە دێننەوە بۆ دامەزراندنی سەرۆکایەتی بە زۆر، کە بەڕاستی ئەوەندە لاوازو پووچەڵن بەکەڵکی ئەوە نایەت بیانخەینە سەر کاغەز! !.

بەڵام با ئەوەیش بڵێین ئەگەر ئەو زانایانە بیان زانیبا ئاوا "جیهانی ئیسلامەتی" ئەکەوێتە تاریکیەوە بەهۆی ئەو سەرۆکە ستەمکارانەوە هەرگیز فەتوای ئاوایان نەئەدا چونکە ئەوان، بۆیە فەتوایان دا تا فیتنە و کوشتار نەکەوێتەوە... دەی خۆ ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا... کەوابوو ئەگەر لەم سەردەمەدا بژیایەن هەرگیز فەتوای دامەزراندنی "ئیمامەت" ی زۆرکاریان نەئەدا.

تەنانەت هەندێکیان "تەشبیهی" ئەم جۆرە حوکمانە ئەکەن بە خواردنی گۆشتی "بەرازو سەگ" ەوە لەکاتی ناچارییدا، وە ئەڵێن هەمووکات ئەبێ هەوڵ بدرێ بۆ لابردنیان و دوورخستنەوەیان لەدامودەزگای موسڵمانان [1].

بەکورتیی:

پێشەوایەتی بە سێ جۆر دائەمەزرێ، وەك زاناکان ئەڵێن:

یەکەم: ئەوەیە ئەنجوومەنی ڕاوێژ - ئەوانەیان ئەگونجێ کۆببنەوە - بەیعەتی پێ بکەن و هەڵیبژێرن.

دووەم: ئەوەیە خەلیفە دیاری بکات هەر لە ژیانی خۆیدا، بەو مەرجە ئەنجومەنی شوراش، دیاریکراوەکە قبووڵ بکەن.

سێهەم: ئەوەیە بەزۆر و زۆرکاری سواری کورسی دەسەڵات ببێ، بانا ئەهلیش بێت بۆ ئەو ئیمامەتە، بەم شێوەیە بە هێزی سەربازو چەك حوکمەکەی ببات بەڕێوە... .

جا ئەمە دروستە بۆ ئەوەی - بەحیسابی ئەوان - کاروباری موسڵمانان بڕوات بەڕێوە ! [1].

---

1) الاسلام واوضاعنا السياسية ، عبدالقادر عودة، وەکتێبی ( من اصول الفكر السياسي الاسلامي) ، د . محمد فتحي عثمان .

1) ارشاد الساري ( ب10 ل218 ) .

بەڵام "قەسطەلانی=ڕاڤەکەری بوخاری" ئەفەرموێت: "وقد أجمع الفقهاء على ان الامام المتغلب تلزم طاعته ماأقام الجماعات والجهاد الا اذا وقع منه كفر صريح فلا تجوز طاعته في ذلك بل تجب مجاهدته لمن قدر" (2).

واتە دەستەی زاناکان ـ هەموویان ـ ئیجماعیان لەسەر ئەوەیە ئەو ئیمامەی کە بەزۆر کاروباری گرتۆتە ژێر دەست پێویستە فەرمان بەرداری و گوێڕایەڵی، تا ئەوکاتەی هەڵستێ بە "جومعە و جەماعەت وجیهاد " ئەوە ئیتر سەرپێچی ناکرێ سامەگەر لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەڵستێ بە جومعە و جەماعەت..." کوفرێکی ئاشکرای لێوە دەرکەوێ، ئەوە ئیتر دروست نییە گوێڕایەڵی... بەڵکو پێویستە هەرکەسێك بتوانێ هەڵسێ بە جیهاد و هەوڵ و تێکۆشان دژیی، تا لەناو ئەبرێ وحوکمەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ژێر ڕکێفی فەرماندەیەکی چاك. هەزار هەزا رجار ڕەحمەت و سۆزی خوای گەورەت لەسەر بێ بۆ ئەو بۆچوونەت کە چەند گونجاو و ڕێکە لەگەڵ "ڕۆح" ی ئیسلامدا، لەگەڵ بەرنامەی خوادا، چونکە بەرنامەی خوا بۆ ئەوە نێرراوە بە پێی ئەو حوکم بکرێت، ئەو بەرنامە بێت، جا هەرکات حکومەت درایە دەست "هەرزەو منداڵ" و ئەوان کاروباریان داگیر کردو هیچ کەسیش دەنگی نەکرد ئەی چۆن دەستی ستەمکاران ئەشکێنرێت؟!

زانایان (خوا لێیان ڕازی بێت) بۆیە فەتوای دامەزراندنی حکومەتی ئەم وئەویان دا تا فیتنە و بەڵا دووچاری موسڵمانان نەبێت، کەچی ئەوەی ئەوان ڕایان لێکرد لێی خراپتر هاتە جێگەی.

بەڵای هەرە گەورە ئەوەیە ڕازی بیت بە دەرچوون لە فەرمانی خوای گەورە و سەر دابخەیت. کاروباری "دین و دنیا" لەسەر غەیری ڕێبازی خوا پیادە بکرێت.

نابێ هیچ موسڵمانێك ڕازیی بێت بەوەی خوا پێی ڕازی نییە، یا پاڵ بداتەوە لێی تا خوا خۆی چاکی ئەکات!

ئەگەر ئێمە لەترسی "فیتنە و سزاو ئەشکەنجە و ئازار" چاو بنووقێنین لە ستەمی ستەمکاران و دنیا خۆرەکان ئەی کێ پێی هەڵستێ..؟.

---

2) ارشاد الساری ( ب10 ل169 ) .

ئەگەر دروستە چاو نووقاندن بەرامبەر بەکار بەدەستە ستەمکارەکان "لەترسی فیتنە" ئەی ئیسلام چۆن هاتووە؟ ! ئەی موسڵمانانی پێشووی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ قبووڵی ئەو هەموو ئازارەیان کرد..؟ !

فیتنە لەوە گەورەتر ئەبێ کە ڕوویدا لەوان ! ماڵ و سامانیان لێ داگیرکردن، دەربەدەریان کردن، سەریان بڕین، خستنیانە ناو "زەیتە" وە، خستنیانە ناو "ئاگرەوە ! !" چەند جار ئاوارە بوون، جارێ بۆ حەبەشە، جارێ بۆ "طائیف"، جارێ بۆ "مەدینە"…. وە هەروەها.

خوێنەری خۆشەویست !

ڕاستیەکەی ئەمەیە هەر ڕژێمێك لەگەڵ بەرنامەی خوادا نەگونجێ پێویستە لابرێ ئیتر هەرچەندە قوربانی و فیداکاری تێ بچێت، هەرچەندە دارایی و سامانی بۆ خەرج بکرێ، دیارە ئەمەیش ڕێگەی خۆی هەیە، کە ئەویش ئەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) بەکاری هێنا بۆ سەرخستنی یەکەم کۆمەڵی بڕواداران، کە ئەوە بوو هیچ کات سەریان دانەخست لە ئاستی ستەم، تا خوایش سەری خستن.

ئیتر ئاواتە خوازم خوا "ڕۆح" ی جیهاد بخاتەوە دڵمانەوە و ڕێگەی شۆڕش بگرینە بەر بۆ هێنانەوەو سەلماندن و چەسپاندنی ئەم دینە.

## ئایا چەند ئیمامێك لە یەك کاتدا دروستە؟

بۆ ئەم پرسیارە ئەڵێین: لەبناغەدا ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەریەکێتی دامەزراوە، واتە وادامەزراوە کە لەناو خاکی ئیسلامدا یەك "پێشەوا" ی ببێ، تابتر ڕیشەی یەکێتی و هێزی ڕەچاو بکرێ. بابزانین زانایان چی دەڵێن:

أ ـ (باقەلانی) ئەفەرمووێ: لەبناغەدا هەرکات چەند کۆمەڵێك لەئەنجومەنی ڕاوێژ بەیعەتیان کرد بەچەند "ئیمام" ێك، لەچەند شارێکی جیاجیادا، وە هەمویشیان ئەگونجان بۆ پێشەوایەتی، وە لەو سەردەمەیشدا نە "ئیمام" بوو، وەنە "وەلی عەهد" یش ئەوە ئەم تێ بینیانە ئەکەین: یەکەم: کامیان پێش کەوتووەو بەیعەتی پێ کراوە "ئیمامەت" ە کە بۆ ئەوەیان دائەمەزرێ، ئینجا ئەبێ ئەوانی تریان دابەزن. خۆ ئەگەر مانەوەو دانەبەزین ئەوە جەنگیان لەگەڵ ئەکرێ و بەتاوانبار ئەژمێررێن.

دووەم: ئەگەر نەزانرا بەیعەتی کامیان پێشکەوتووە ئەوە هەموویان بەناڕەوا دائەنرێن و ئەبێ سەرلەنوێ بەیعەت بکرێتەوە بەتەنیا کەسێکیان، وەیا بەکەسێکی تریش بالەوانیش نەبێت، ئەگەر ئەمانیش ویستیان دانەبەزن جەنگیان لەگەڵ ئەکرێ... خۆ ئەگەر هیچیان دانەبەزین ئیتر بەسەردەمی "فیتنە" دێتە قەڵەم و موسڵمانان گوناهبار نابن بۆ ئەوەی ئیمامیان نییە....".

ب ـ (بەغدادی) ئەفەرمووێ: "هاوەڵانمان ئەڵێن لەیەك کاتا نابێ دوو پێشەوای فرمان پیادە کراو ببێ، بەڵکو تەنها "بەیعەتی" یەکێکیان دائەمەزرێ و ئەوانیش ئەبێ لەژێر ڕکێفی ئەمدابن، ئەگەر سەر پێچیان کرد بێ هۆی شەرعی ئەوا (یاخی) "بغات" دا ئەنرێن و جەنگیان لەگەڵ ئەکرێ... "بەیعەتی تەنها یەکێکیان دائەمزرێ" سامەگەر دەریایەك لەنیوان شارەکەدا بێت، بە شێوەیەك هاوارو یارمەتی هیچیان نەگاتە ئەوی تریان، ئەوە لەم کاتەدا دروستە هەرشارێك بەیعەت بکات بە "ئیمام" ێك لەناوچەکەی خۆیدا.

بەغدادی لەوتەکەیەوە وادەرئەکەوێ کە "ئەصڵ" ئەوەیە جیهانی ئیسلام یەك ئیمامیان ببێ، هەروەك ئەوەی ڕەچاو کردووە کە ئەگەر سیاسی ئیسلامیی، یا شێوەی جوگرافیای وڵاتەکەی بەش بەش کردبوو دروستە چەند پێشەوایەك.

ج ـ (ماوەردی) ئەفەرموێ: ئەگەر لەیەك سەردەمدا بەیعەت کرا بەدووپێشەوا لەدوو شاردا ئەوە هیچیان دانامەزرێ. هەروەها لەسەر باسەکەی ئەڕوات ئەفەرموێ "دوای

هەندێ کێشەی زانایان" ئەوەی زاناکان پێیان خۆش بێت ئەمە یە کە: هەرکامیان بەیعەتەکەی پێشکەوتبێ بۆ ئەوەیان دائەمەزرێ.."

ح ـ قاضي "ئەبوویەعەلل" ئەفەرمووێ: "نابێ لەیەك کاتدا دووپێشەوا دابنرێ بۆ موسڵمانان، هەرچەند هەندێ زانا ئەڵێن: لەشارە دوورەکاندا ـ لەکاتی پێویستیدا ـ دروستە دووئیمام..." [2].

بەڵێ بەپێی ئەو دەقانەی سەرەوە وا دەرئەکەوێ دروستەچەند دەوڵەتێك ـ ئەگەر سیاسی ئیسلام ـ داوای بکات... بەتایبەت لەم دوا دوایایەنەدا کە ئیسلام ـ سوپاس بۆ خوا ـ ئاڵای خۆی داچەقاند لەسێ کیشوەری گەورەدا، ئاشکرایشە چاودیری ئەو وڵاتە دوورانەوەو کۆکردنەوەی هەموویان ـ لەگەڵ جیاوازی شێوە ی زاراوەو نەریتیان ـ لەژێر حوکمی تەنها ئیمامێکدا ئاسان نییەو گرانە، بەتایبەت لەو سەردەمانەدا کەبە یەکگەیشتن زۆر نارەحەت بووە، چونکە وەك ئێستا فڕۆکە و ئۆتۆمبیل و پاپۆڕ... نەبووە.

پێشەوا "ئیمامولحەرەمەین" هێما بۆ ئەم ڕاستییە ئەکات "هەر کات پێویست بوو" [1].

ئەمە ڕای زانایان بۆ ئەم پرسیارە، وە ئەوە بوو هەر هەموویان ئەوەیان پێ خۆش بوو کە تا بگونجێ دروست نییە دوو ئیمام، وەیا پتر، بۆ ئەوەی جیاوازی و پەرەوازەیی نەکەوێتە جیهانی ئیسلامەتییەوە، خوای گەورە ئەفەرموێ: (وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ ..) [3]. (وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَـئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ) [4]

ئاشکرایە هەرکات وڵاتی ئیسلام پارچە پارچە کراو، بۆ هەر پارچەیەکی (سەرۆك" ێك دیاریکرا ـ وەك ئەمڕۆ ـ دیارە کاریش سەرئەنجام هەروەك ئەمڕۆ ئەبێت ! ! !.

---

1 ) اصول الفكر السياسي الاسلامي ، ل 444 – 446 .

[2]) الاسلام واوضاعنا السياسية ، ل218 .

[3] آل عمران / 102

[4] (آل عمران : 105 )

(وَإِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ).[1]

خوای گەورە پێویستی کردووە لە سەر موسڵمانان یەکدەنگ بن، یەك ئامانج بن، یەك بەرنامە بن، یەکێتیان ببێ، وە هەموویان لەژێر یەك ئاڵادا ـ ئاڵای قورئان ـ کۆببنەوە.

پێغەمبەری ئازیزیشمان (ﷺ) ئەم مانا و واتەیەی دووپات کردۆتەوە بەم فەرموودە شیرینانەی:

أ ـ "اذا بويع لخليفتين فاقتلوا الاخر منها..." ئەگەر لەیەك کاتا پەیمان درا بە دوو خەلیفە، دواییینەکەیان بکوژن. واتە بۆ ئەوەی پەرەوازەیی لاوازی نەکەوێتە نێوانیانەوە ئەگەر کەسێك ـ دوای یەکەم ـ داوای "خیلافەت"ی کرد و هەندێك بەیعەتیان پێکرد، ئەوە داوای دابەزینی لێ بکەن، خۆ ئەگەر هەرسوور بوو لەسەر قسەی خۆی ئینجا بیکوژن.

ب ـ هەر مەبەستی ئەم یەکێتی و یەك ڕایەیە کە ئەفەرموێ: "من اتاكم وامركم جامع على رجل واحد يريد ان يشق عصاكم ويفرق جماعتكم فاقتلوه".

ج ـ "ستكون هنات وهنات فمن اراد ان يفرق هذه الامة ـ وهي جميع ـ فاضربوه بالسيف كائنا من كان".

ئەم فەرمودانە هەر هەموویان داوای یەکدەنگی، وەیەك دەوڵەتی، وەیەك بەرنامەیی ئەکەن لەجیهانی ئیسلامدا".[2]

---

[1] (المؤمنون : 52 )

2) کەوابوو سەربارەت بە ئێستای جیهانی ئیسلامەتی ـ کە بەیەکگەیشتن زۆر ئاسانە بەهۆی ئەو ئامێرانەوە کە دانراوە لە ئۆتۆبیل و فرۆکە و بێ تەل و ـ تەلەفون ... هتد پێویستە لە ژێر یەك ئاڵادا کۆببنەوەو هەمویان یەك: (حوکمەتیان ببێ، بە تایبەت دوای ئەوەی کە ئەو هەموو لاوازی و بێدەسەلاّتییە هاتووە بەسەریاندا بەهۆی پەرتەوازەیانەوە. ئای چەند خۆشە ولاّتە موسڵمانەکان هەر هەموویان کۆببنەوە (سنوور) لە نێوانیاندا هەڵگرن و یەك سەرەك بۆ خۆیان هەڵبژێرن و (ئەی "بێگانە" بۆ دەرەوە)ی لێبکەن، جا ئەوکاتە بزانم (ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یا ڕووس) ئەوێرن بەرامبەریان بکۆکن. ئەمیش هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە ـ کە هەموویان ببن بە دەوڵەتێکی یەکگرتوو ـ چونکە ئەوەتا (ئەمریکا) لەچەند ولاّتێك پێکهاتووە هەروەها (ڕووس)، دەی خۆ ئەمە هیچ کەسێك ڕەخنەی لێ ناگرێ، بەڵکو بە پێشکەوتوویش ئەدرێتە قەڵەم، بەلاّم ئەگەر بڵێن باموسڵمانەکان ـ هەموویان ـ یەکبگرن و یەك پێشەوا (ئیمام)یان بێت و سنوور لە نێوانیاندا نەبێ، کوفرو دامودەزگای جیهان چاومان لێدەرز ئەکەونەوە و

## سێیەم : هێزی دادوەری لە یاسای ئیسلامدا

لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا پێویستە هێزێك ببێ بۆ ئەوەی هەستێ بە پیادەکردنی بەرنامەکەی خوای گەورە بەو شێوەیەی ناردوویەتی و مەبەستیەتی.. تا دادگەری و یەکسانی بڵاو بکاتەوە لەناو بەرەی ئادەمیزاددا بێ جیاوازی لە نێوان "زەید و عەمر" دا .

ئەم هێزەیش لە فەرهەنگی ئیسلامدا پێی ئەڵێن: "هێزی دادوەری = السلطة القضائیة" جاکە خەلیفە پیاوێکی دەست نیشان کرد بۆ ئەم کارەیەو سەربەستی کرد بۆ ئەنجامدانی کاروبار بە ئارەزووی خۆی، لە هەموو شوێنێك و، لە هەموو کاتێك، ئەوە مانای وایە لە هەموو ئیشێکدا دەستی ئەبێت و لە هەموو ناوچەیەکدا حوکم ئەکات... بەم جۆرە "دادوەرانە" ئەڵێن "دادوەری گشتی".

هێزی دادوەری ـ لە ئیسلامدا ـ نوێنەری کۆمەڵ و ئوممەتە ـ بەلای هەندێ لە زانایانەوە ـ بۆیە ئەگەر جێ نشین بمرێت ئەم لەکاری خۆی ناکەوێت و "عزل" ناکرێت [1] .

دادوەری لە یاسای سیاسی ئیسلامدا شێوەیەکی بەرزی سەرسوڕهێنەری هەیە، وە لەهەموو دادوەرییەکانی تری جیهان جیا ئەبێتەوە بەمە کە ئەم پتر لە هەموویان سوورە بۆ بڵاوکردنەوەی دادگەری و پیادەکردنی بەسەر کاربەدەست و مرۆڤەکانی تری کۆمەڵەکەدا.

قورئانی پیرۆز پڕە لەم جۆرە ئایەتانەوە هانی "حاکم"ەکان ئەدات بۆ فەراهەمهێنانی دادگەری: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ

---

بەسەدان درۆو بوختانمان بۆ هەڵئەبەستن. تەنانەت هەر بەچکە موسڵمانەکانی لای خۆیشمان دەست ئەکەن بەچەواشەکاری! با ئیتر شاگردەکانی (ڕووس و ئەمریکا) بوەستن چۆن ئەکەونە پەلە قاژێ و خەریکە گیان ئەسپێرن بە خاك، نازانم بۆ...؟ ئەگەر لەبەر ئەوە بێت تەنها ئیشی ئەوانیان بەدڵ بێت، دەی خۆ ئێستا ئەوان پێکهاتوون لەچەندان دەوڵەت. بۆچی بۆ ئەوان ڕەوایە و بۆ ئێمە یاساغە؟ دیارە هەر ڕقیات لە ئیسلامە، ئەزانن ئەگەر ئەم دەوڵەتە موسڵمانانەکە ئێستا ئەوان یارییان پێ ئەکەن ـ یەکبگرن و ئالآیان یەك بێت، ئامانجیان یەك بێت، بەرنامەیان یەك بێت، لە هەموویان سوپایەکی بڕوادار پێکبهێنن. ئەزانن ئەو کاتە ئیتر ناتوانن ئابەو شێوەیە خۆیان بکەنە کۆنجت لە خاوەرمییانەدا.

1) الاسلام واوضاعنا السیاسیة ،ل187 وە کتێبی : (( نظریة الاسلام السیاسیة ،ل57 ، وە کتێبی(( الدولة القانونیة والنظام السیاسی الاسلامی))، ل422 .

وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ [3] .

خوای گەورە داوا ئەکات لە پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی هەڵسێ بە بڕینەوەی کێشە لە نێو خەڵکەکەدا (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ...) [2].

هەروەك لە فەرموودەی حەزرەتدا (ﷺ) هاتووە کە سیفەتێکی ئەو پێغەمبەرە ئەوە بووە: دادوەری نێوان خەڵکی کردووە: "انما انا بشر مثلكم وانكم تختصمون الى، فلعل بعضكم ان يكون الحن بحجتة من بعض فاقضى له على نحو مااسمع منه فمن قضيت له بشى من حق اخيه فلا يأخذن منه شيئا فإنما اقطع له قطعة من النار..". [3] واتە: من ئادەمیزادێکم وەك ئێوە، ئێوەیش کێشە دێنن بۆ لای من، وایش دەبێت هەندێکیان قسەزان ترن لە هەندێکی ترتان، ئینجا منیش بەپێی ئەوە بڕیاری بۆ ئەدەم کە لێی ئەبیسم جا ئەوەی من بڕیاری بۆ ئەدەم و هەقەکەی ئەدەمێ و (لە ڕاستیدا هیی ئەو نییە) با ئەو کەسە هچی لێوەرنەگرێ، چونکە بەشێکی دۆزەخم بۆ دابڕیوە، بەو مانایە ئەگەر کەسێك ـ لە کاتی داوەرییەکەی مندا ـ قسەی ڕەوان و بەڵگەی پتەو وبەهێزی ئەبەست بەیەکەوە تا سەرئەنجام منیش بەپێی قسەکەی ئەو حوکمم بۆ دا، جائەگەر دادوەرێك مافێکی ناڕەوای بۆ دەستخستین، ئەوە با نزیکیی نەکەوینەوە، چونکە حوکمی حاکم حەرام حەڵاڵ ناکات، وەسامانی هیچ کەسێك ناکا بەهی کەسێکی تربەشێوەی شەرعی [4] .

بێجگە لەمانەیش دەستەی زانایان ئەڵێن: پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم کەس بووە "دادوەر"ی داناوە بۆ چاودێریکردنی موسڵمانان و بڕینەوەی کێشەی نێوانیان... هەر

---

3) سوورەی الحديد / 25 .

2) النساء / 65 .

3) صحيح مسلم .. وە لە بوخاریشداهاتووە لەگەڵ هەندێ جیاوازییدا. بڕوانە: ارشاد السارى، ل240، ب10 .

4) ئەم فەرموودەیە ئەوەی لێوەرئەگیرێ کە پێغەمبەر (ﷺ) کارو بارە نهێنیەکانی نەزانیوە، سامەگەر خوا ئاگاداری کردبێت، بۆیە پێویستی بەگەواهی و شایەت هەیە بۆ ڕوون بونەوەی داوای دواکار. وە ئەمەیشی تیایە کەحوکمی (حاكم) تەنها لەڕووی ڕەواڵەتەوە (منفذ) و پیادە کراوە ... بەڵام (باطنا) وە لەڕووی نهێنیەوە لەقیامەتا بەرپرسیارە .

لەسەردەمی خۆیدا کۆمەڵێکی دەست نیشان کرد، وەك "عومەر کوڕی خەتتاب" و"ئیمامی علی" کە "عەلی نارد بۆ "یەمەن" لەکاتێکدا هێشتاهەر لاو بوو. جاپێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: "هەرکات دوو خاوەن کێشە هاتن بۆ لات بڕیاریان بۆ نەدەیت تاقسەی ئەولاکەی تریشان نەبیستی، ئەمە پتر ئەبێتە هۆی ڕۆشن بوو نەوەی بڕیارەکەت.

"موعاذ"یش یەکێك بوو لە (قاضی)یەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەبوو ناردی بۆ "یەمەن" تاببێ بە "قاضی" و فێرکەریان [1].

ئینجا دوای ئەویش جێ نشینی یەکەم "ئەبوبەکر (خوا لێ ڕازی بێت) "دادوەری سپارد بە "عومەر کوڕی خەتتاب" دوو ساڵ مایەوە هیچ کەسێك نەهات بۆ لای "سەبارەت بە یەکخستنی کێشە و ناکۆکیان" [2]. کە سەردەمی خیلافەتی "عومەر" یش هات، ئەوەبوو وڵات و ناوچە زۆر بوو ناچار چەند کەسێکی دیاریکرد بۆ دادوەریی، واتە "ویلایەت" و "قەضاوەت" ی جیا کردەوە.

ئیمامی عومەر نووسراوێکی نووسی بۆ "ئەبوموسای ئەشعەری" تیایدا جۆرو شێوەی دادوەریی ڕۆشن کردۆتەوە.. کە بەڕاستیی نموونەی لێهاتوویی و زانیاری ئەو دەست نیشان ئەکات.

لەسەردەمی "ئەبوو جەعفەری مەنصوور"یشدا "قاضی القضاة = دادوەریی دادوەران" دامەزراو ئیتر ئەو سەرپەرشتی هێزی دادوەریی ئەکرد، وە دانان و لابردنی "قاضی"ی بەدەست ئەو بوو.

---

1) لە خەلیفەکانیشدا یەکەم کەسێك (قاضی) ی دانا عومەری کوڕی خەتتاب بوو، ئەویش بەم شێوەیە: ئەبوو دەردای کرد بە قاضی (مەدینە) ئەبوو موسا هیی (کوفە) شورەع بۆ (بەحرە) ... ئەمەیشی کرد تاتۆزێ کارە ڕامیارییەکان ڕامیاری لەسەر شانی سووك بن، چونکە ئەوەندە بەزەیی و سۆزو برایەتی و یارمەتی و دەروون پاکی و بێ تە مەعی بڵاو بوو بوویەوە لەنیوانیاندا هیچ کەسێك نەدەچوو بەگژ کەسدا، وە کەسماڵی کەسی داگیر نە ئەکرد تابڕۆن سکاڵای یەکتر بکەن

2) د. حسن ابراهیم ، تأریخ الاسلام السیاسی ل526 ب1 .

## دادوەر چاودێری هەموو دەزگاکانی تایبەت بە خۆی ئەکات:

"قاضی" ی کە دیاریکرا لەلایەن "ئولی ئەمرەوە" تەواوی دەسەلآتی دایەو بەپێی هەموو شوێنێك جوولآیەوە، ئەوە پێی ئەڵێن "عام الولایه والنظر" چونکە ڕێئەکەوێ داوا لەسەرکراو تەنها کەسێك بێت، وە یان دەزگایەك بێت.

دەستەی زاناکانیش بەلایانەوە هیچ جیاوازی نییە لەوەدا داوا لەسەر کراوەکە تاك بێت، یان "والی" و سەرەك دەوڵەتێك بێت... چونکە بەلایانەوە پێویستە لەسەر (دادوەر) هەموو ستەمی ستەم لێکراوێك ڕۆشن بکاتەوە و بڕیاری بۆ دەربکا، ئیتر هیچ جیاوازی نییە لەمەدا ـ وەك وتمان ـ ئاخۆ ستەمکارەکە تاك بێت، وەیا دەزگا بێت.

واتە هەر ئیشێك دەزگاپێی هەڵئەسێ ئەگەر دەستدرێژی تیدا بەدی ئەکراو ئەبوو بەهۆی پێشێل کردنی مافی کۆمەڵ وەیا مافی تاك ئەوە بەخێرایی ئەبێ "قاضی" دەستی بۆ ببات و نەهێڵێ.

تاك لەدیدی ئیسلامدا ـ ئیتر کرێکار بێت، یان جوتیار، هەژار بێت یان دەوڵەمەند ـ بۆی هەیە داوای خۆی بەرز بکاتەوە بۆ لای "قاضی"، "قاضی" یش ئەبێ بەشێوەیەکی زۆر پڕ لە دادگەری دادوەری بکات.... وە ئەگەر "دادگایی" ی سەرەك دەوڵەت کەوتە لای پێویستە وەك هەر هاوولآتییەك لەگەڵیدا ڕەفتار بکات، چ بەقازانج چ بەزیان. سەرەك بۆی نییە خۆی فافی خۆی وەربگرێ ئەگەر کەوتە لای کەسێك، بەڵکو ئەبێ دادگا بیبرێتەوە بۆی.

ماوەردی ئەفەرمووێ: "قاضی ئەبێ بەیەکسانی بجولێتەوە لەنیوان ئەوانەدا دێنە لای بۆ بڕینەوەی کێشەیان لە: چوونە ژوورەوەو دانیشتن و هەڵساندا، لەنێوان ناودارو بێ ناودا، ئازادو بەندا، موسڵمان و نا موسڵماندا... تەنانەت ئەبێ وەك یەك تەماشایان بکات".. (ماوەردی) بەڵگە بۆ ئەم قسەیە دێنێتەوە بەمەکە: عومەری کوڕی خەتاب و ئوبەی کوڕی کەعب ڕۆژێکیان ـ دادگاییان بوو ـ چوون بۆلای "زەیدی کوڕی ثابت" بۆ ماڵەوە... زەید ڕایەخێکی هێنا بۆ ئەوەی عومەر لەسەری دانیشێ... عومەر وتی: ئەمە یەکەم ستەمت بوو هەر لەئێستاوە، ئەبێ وەك یەك سەیرمان بکەیت لەدانیشتندا، ئینجا هەردووکیان ـ عومەر و ئوبەی ـ لەبەردەم قاضی دا دانیشتن"[1]

---

1 ) ئیبن خەلدون : المقدمة، ل 225 . الماوردی : الأحکام السلطانیة، ل 67 .

بەڵێ ئەم پێشەوایە جێگەی خۆیەتی ئەوەندە هەق ڕەوبێت، چونکە لەهەموو دادگەرەکان بەدادتر بووە، بۆیە سەبارەت بەدادوەری نوسراوێکی ئاڕاستەی ئەبوو موسای ئەشعەری کرد، وەبڵاوی کردەوە بەناوچەو وڵاتدا تیدا گەلێك ڕاستی و واقیعی خستە پێش چاو، جاێ ئەوەی خوێنەر پتر لەلای ڕۆشن بێت دەقەکەی ئەهێنین: "دوای سوپاس و ستایشی بێ پایان، دادوەریی فەرزێکی سابت و نەگۆڕاوە، وەڕێگەو ڕچەیەکی پەیڕەوی کراوە، جا هەرکات ڕووداو هێنرایە لات بەجوانی لێی تێبگەو بڕیاری بۆ بدەو پیادەی بکە، چەنکە وتەی هەق ئەگەر پیادە نەکرێ هیچ کەڵکێکی نییە. مرۆڤەکان وەك یەك تەماشا بکە لە ڕووتدا لەکۆڕی دانیشتنتداو لە دادگاییکردنیدا تا ناودارێك بەتەمای ئەوە نەبێت بەستەم حوکمەکەی بۆ پیادە بکرێ... وە تابێ دەسەڵاتێك بێ ئومێد نەبێت لە دادگەریەکەت. شایەت لەسەر داواکەرە. سوێندیش لەسەر نکوڵی کەر. صوڵح و ڕێکەوتن ـ لەنێوان موسڵماندا ـ ڕەواو دروستە، ڕێکەوتنێك نەبێت حەرامێك حەڵاڵ بکات، وەیا حەڵاڵێك یاساغ بکات.

ئەگەر دوێنی حوکمێکت دابوو ئیمڕۆ بیرت لێکردەوەو بارە هەقەکەت دۆزییەوە، ئەوە بێ چەندو چوون دەست لەو حوکمە کۆنە هەڵبگرەو ڕەفتار بەپێی تازەکە بکە، چونکە "هەق" کۆنەو هەربووە، پیاچونەوەی هەق و ڕاستی زۆر زۆر باشترە لەدرێژەوان بەناهەقی.

ئەوی دێت بەدڵتدا و لەقوورئان و فەرموودەیشدا نییە بە باشی لێی تێبگەو نموونەی هاوچەشن و چوونیەکی وەك ئەو بدۆزەرەوە "قیاس" ی بکەرە سەرهاو وێنەی خۆی، هەرکەسێك داوای مافێکی نادیاری کرد، وەیا داوای شایەتی کرد ماوەیەکیان بۆ دیاری بکە کە بەپێی ژیری بیگاتێ..."[1]

داوەری بۆ ئەوەیە نەهێڵرێ هیچ کەسێك ـ ئەندامێکی کۆمەڵە یان دەزگا ـ ستەم بکات، وەیا ستەمی لێبکرێ.

دادوەری لەئیسلامدا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە هەرکات سەرەك دەوڵەت سەرپێچی دادگای خوای گەورە بکات، وەك تاکێك لە کۆمەڵەکە دادگایی بکات.

---

1 ) ئیبن خەلدون : المقدمة ، ل 225 . الماوردي : الاحكام السلطانية ، ل 68 .

## دادوەری ئەبێ بە پێی بەرنامەی خوا بێت

(قاضی) ئەبێ بەپێی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر و "ئیجماع" ڕەفتار بکات و حوکم بدات، جائەگەر ڕووداوێك پەیدا بوو و حوکمەکەی لە قورئان و فەرموودەوە.... دەست نەکەوت ئەوە "ئیجتیهاد" ئەکات و بڕیاری بۆ ئەدات.

جا بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بۆی نەبێت دەم بکوتێتە ئەم باسەوە، بۆ ئەوەی هەر نائەهلێك هەڵنەسێ و دەست بکات بەدادگایی خەڵکی و خۆی ناوبنێ "قاضی".. ! وەك لەم ڕۆژە ڕەشانەدا پێش چاو ئەکەوێت ... هەر عەوام و نەخوێندەوارە خۆی کردووە بە (قاضی) ناوچەووڵات، ئەکاتە سەر خەڵکی بۆ پارەو پووڵ، بڕیار ئەدات: فلان ئەوەندەی لێ بسێنرێ فلانیش بکوژرێ، یا لەسێدارە بدرێ...!!! بۆ ئەوەی هەق و ناهەق "قاضی" پەسەند کراوی ئیسلام جیا بکرێتەوە لە "قاضی" ناپەسەندو نائەهل، دەستەی زانایانی ئیسلام کۆمەڵێك مەرجیان بۆ دەست نیشان کردووە:

مەرجی دادوەری سەر ڕاست:

1 ـ باڵغ بوون: کەوا بوو ڕەوا نییە منداڵ بکرێ بە "قاضی" وە ئەگەر کرایش هەر حوکمێ بدات ناڕەوایە و دانامەزرێ، چونکە "قەضاوەت" و دادوەری لە "کاروباری" "ویلایەت" وسەرپەرشتی کردنی کۆمەڵگەیە، منداڵیش بۆی نیە دەست بخاتە ئیشی خۆیەوە کەوا بوو باشتر ناتوانێت دەستکاری ئیشی خەڵك بکات.

پێغەمبەر (ﷺ) عەتتابی کوڕی ئوسەیدی کرد بە (والی) مەککە لە تەمەنی بیست و ئەوەندە ساڵی دا.. دیارە ئیشی (والی) یش دادوەریی کردنە لە نێوان خەڵکیدا.

2 ـ ژیریی: کەوا بوو شێت و هەرکەسێکی تریش کە عەقڵی نا تەواو بێت ناکرێ بە "قاضی" و دادوەر بۆ بینین و بڕینەوەی کێشەی موسڵمانان. بێجگە لەمەیش "ماوەردی" ئەڵێت: تەنها "عەقڵ" بەس نییە بۆ دادوەر، بەڵکو ئەبێ هەستێکی وایشی ببێت بتوانێ بەباشی شت لێکبداتەوە، وە ئەبێ زیرەك و وریایش بێت و دووریش بێت لە "سەهوو غەفلەت".

ئەم دوو مەرجەی وتمان دەستەی جەماوەری زانایانی لەسەرە، بەڵام ئەوانی تریان زانایان ڕای جیاجیان لەسەر هەیە.

3 ـ موسڵمان بێت: ئەم دادوەرییە ئەگەر لەنێوان موسڵماناندا بێت ئەوە ئەبێت ئەو "قاضی" یە موسڵمان بێت، خوا ئەفەرموێ: (وَلَن يَجْعَلَ اللّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ

سَبِيلاً). [1] خوا دەسەڵاتی نەداوە بەکافرەکان بەسەر موسڵمانەکاندا بە هیچ شێوەیەك، ئاشکرایشە دادوەریی یەکێکە لەوکارو دەسەڵاتانەی کەنابێ بدرێتە دەست کافر، خۆ ئەگەر دادوەریی بێت لە نێوان ناموسڵماندا ئەوە دەستەی زاناکان ـ بێجگە لە حەنەفیەکان ـ ئەم مەرجەی پێشەوە پێش چاو ئەگرن، واتە ئەڵێن قاضي ناموسڵمان هەر نابێت ئیتر دانیشتووەکان و حوکم بۆ کراوەکان موسڵمان بن یا نەء؟!.

حەنەفیەکان بەلایانەوە دروستە ناموسڵمان بکرێ بە "قاضي" با دروستیش نەبێت حوکمەکەی بۆ موسڵمان تا لەسەر ئایینی خۆی بێت.

مەبەستی حەنەفیەکان ئەوەیە کە: لەسەرتاوە قاضي با موسڵمانیش نەبێت دروستە دابنرێ، جا ئەگەر دوای ئەوە کە دانرا بڕوای هێناو موسڵمان بوو، ئەوە سەرلەنوێ دانانرێتەوە بەڵکو پێشووەکەی ئیعتبار ئەکرێ و لەسەری ئەڕوا.

دەستەی زاناکان هەموویان یەك دەنگن لەوەدا کە "ئەهلی ذیمة" لەسەریان نییە ملکەچی دادوەریی ئیسلامی بن بەزۆر... بەڵکو ئەگەر خۆیان ـ بە ئارەزووی خۆیان ـ داوایان هێنا بۆ لای، ئەوە ئەمیش ئارەزووی خۆیەتی بۆی هەیە تەماشای داواکەیان بکاو بۆیشی هەیە دەستی لێ هەڵبگرێ.

لێرەدا شتێك ماوە و پێویستە بزانرێ ئەویش ئەمەیە: ئایا دروستە ناموسڵمان شایەتی و گەواهی بدات بۆ موسڵمان...؟.

کۆمەڵێك لە زانایان لەسەر ئەوەن کە دروستە لە "سەفەر" دا گەواهی بۆ بدات لەسەر "وەصیەتە" کەی، بەڵگەیشیان ئایەتی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ شَهَادَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ). هەروەها ریوایەت کراوە لە "عەبدوڵلای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل" وە کە دروستە لە میراتیشدا ناموسڵمان شایەتی بدات بۆ موسڵمان بە "قیاس" لەسەر "سەفەر".

لەئیمامی "مالیك" یشەوە ئەگێرنەوە کە دروستە دوو پزیشکی ناموسڵمان شایەتی بدەن لەسەر موسڵمان ئەگەر موسڵمان دەست نەکەوێت.

بەکورتی: ئەم باسە جۆرە درێژە پێدانێکی هەیە لەناو زاناکاندا.. دکتۆر "عبدالخالق نەداوی" ئەڵێت: گەواهی ناموسڵمان لەسەر موسڵمان تەنیا لەکاتی ناچارییدایە.

---

[1] (النساء : 141 )

4ـ نێرینه بێت: زاناكان لەمەدا یەك قسە نین و هەرەیەكەیان بۆچوونێكی هەیە:

أ ـ ڕای ئیمامی شافیعی ومالیكی و حەنبەلییەكان:

ئەمانە بەلایانەوە وایە قاضي ئەبێ نێرینە بێت، نەك ئافرەت، ئەوكاتە دروستە دابنرێ و هەر حوكمێكیش بدات دا ئەمەزرێ، واتە بە هیچ شێوەیەك نابێ ئافرەت ئەم كارەی بدرێتێ، ئەگەر پێیشی درا ئەوە ناڕەوایە، بەڵگەیشیان:

یەكەم: ئەم ئایەتەی سوورەی (النساء)یە، (الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء..)

خوا سەرپەرشتی و چاودێری كردنی ئافرەتی سپاردووە بە "پیاو" لەهەموو ڕوویەكەوە. "قورطبی" ئەفەرموێ: لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: حاكم و ئەمیر و سەرەك دەوڵەت وئەمیری جیهاد لە پیاودا ئەبێت نەك لە ئافرەتدا، چونكە پیاوان سەلیقەی تەكبیرو ڕاوێژو ژیرییان پتر ترە لە ئافرەتان... لەگەڵ هەندێ سیفەتی تردا كە زانیاریی تازەیش دانی پیادا ناوە [1].

جا لەبەر ئەم سیفەتانەیە خوای گەورە "قەوامە" ئەداتە دەست پیاو، ئەم قەوامەیشە سیفەتی گشتیەو فراوانە وەك: سەرەك دەوڵەتی و، دادوەریی و، چاودێری كاروباری جەنگ و فەرماندەی سوپا بە پیاو ئەسپێرێ نەك بە ئافرەت.

دووەم: ئەم فەرموودەیە "لن يفلح قوم ولوا امرهم امرأة" كە ئیمامی بوخاری وئیمامی ئەحەمەدو ئیمامی تیرمیذی هێناویانە كە: كاتێ پێغەمبەر (ﷺ) بیستی فارسەكان كچەكەی "كیسرا"یان كردووە بە پاشای خۆیان، ئەم فەرموودەیە فەرموو و دای بە گوێی جیهاندا كە هەرگەلێك كاروباری خۆیان بسپێرن بە ئافرەت بە هیچ شێوەیەك بەختیارو سەرفراز نابن، دیارە مەبەست بەو "ئەمرە" كە پێغەمبەر ئەیفەرموێ: كاروباری گشتییە، نەك كاری تاكی و"فەردی" ی .

سێهەم: ئیجتماعی دەستەی زانایانە.

بەڵێ زانایان و موجتەهیدەكان ئیجماعیان لەسەر ئەوەیە كە دروست نییە ئافرەت بكرێ بە "قاضي"ی، بەڵگەیشیان قورئان و فەرموودەیە. وە موسڵمانەكان بە درێژایی ڕۆژگار ـ لە چەرخی پێغەمبەرو خەلیفەكاندا ـ والی و ئەمیرو فەرماندەی سوپاو (قاضی)

---

[1] ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە كتێبی (سەربەستیی لەئیسلامدا) .

یان لە شارەکان داناوە، وە کۆڕی ئەنجوومەنی ڕاوێژیان بەستووە هەر هەمووی لە پیاوان بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ کار بووە هەردووکیانی (پیاو ئافرەت) گرتۆتەوە. ئەگەر پێویست بوایە ئافرەتیش بەشداری ئەکرد.

ئەنجوومەنی ڕاوێژ لە "سەقیفە"دا بەشدار بۆ دانانی خەلیفە و دیاریکردنی نەخشەی داهاتووی موسڵمانەکان لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) وە ئیمامی ئەبوو بەکر ڕاوێژی کرد بە موسڵمانان دوای خۆی کێ بکەن بە خەلیفە، ئیمامی "عومەر" کۆڕێکی بەست بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە دوای خۆی، ئەمانە و چەندەها ڕووداوی تریش لە ژیانیاندا ڕوویداوە... تا ئێستا هیچ کەسێك باسی نەکردووە کە تەنها ئافرەتێك ئامادەی ئەو کۆڕانە بووبێ و هاوبەشی کردبێ. لەگەڵ ئەوەیشدا چەندەها ئافرەتی دانلو زانا وشارەزا لە کاروباردا هەبووە.

چوارەم: کردنی ئافرەت بە (قاضي) چەندەها شتی ناهەموارای لێ پەیدا ئەبێت بۆ ناو کۆمەڵی موسڵمانان، چونکە ڕێئەکەوێت لەگەڵ بێگانە و مەحرەم و نامەحرەمدا، دائەنیشێ و ئەڕواو دێت و.. هتد ئەمەیش توشی هەڵوێستی گوماناوی ئەکات..

بێجگە لە مانەیش ئیشی "قاضي" پێویستە هەموو ڕۆژێك پیادە بکرێن بۆ ئەوەی ئیشێکی زۆر کۆنەبێتەوە لەسەری و لە دواییدا بۆی جێبەجێ نەکرێ... دەی ئەگەر "قاضي" یەکە ئافرەت بێت بێگومان کە تووشی "حەیزو دوگیان بوون و منالْ بوون و...)) ئەبێت دیارە لەو سەردەمانەدا ناتوانێ دەوام بکات،و کارەکانی ئەو پەکیان ئەکەوێت.

ب ـ ڕای حەنەفیەکان:

حەنەفیەکان ئەڵێن: بەمەرج نەگیراوە قاضي نێرینە بێ، با بەپێی شەریعەتیش یاساغ بێت دانانی ئافرەت بە دادوەر... بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەرکات دانرا بە دادوەر ئەوە کارەکەی دائەمەزرێ و هەر حوکمێکیش بدات بەڕەوا دائەنرێ و پیادەیش ئەکرێ تەنها لە "حدودو قصاص" دانەبێت، ئەوە پێویستە هەر پیاو بێت وحوکمی ئافرەت نابێت.

ج ـ ڕای "ظاهر"ییەکان:

ئەمانیش ئەڵێن : دروستە ئافرەت بە دادوەر دابنرێ فەرمانی داوەریی بدرێتێ، بێ ئەوەی هیچ گوناهێك ڕووبکاتە ئەوەی دای ئەنێت و هەر بڕیارێکیش دەربکات پیادە ئەکرێ ئەمانەیش بەڵگەکانیانن:

یەکەم: ئافرەت هەر بەمە صیفەتی "مێینی"یەتی تێدایە بەرگری ناکرێ لە "قەضاوەتی" چونکە صیفەتی "مێینەیی"ەکەی بەرگری ئەوەی ناکات کە بەڕێکوپێکی و بە وردی لە قسەی ئەمو ئەو تێبگاو کێشەی نێوانیان ببڕێتەوە بە شێوەیەکی ئیسلامیی [1].

دووەم: زانایان هەموو یەك قسەن لەوەدا کە: دروستە ئافرەت "فەتوا" بدات. کەوا بوو بۆیشی هەیە ببێ بە قاضی لەناو خەڵکیدا [2].

سێهەم: عومەری کوڕی خەتتاب "شیفای کچی عەبدوڵلای" کرد بە "بەرپرس" بەسەر دارایی وساماندا، ئاشکرایشە "ویلایەتی حیسبی"ی وەکو "ویلایەتی" دادوەریی وایە [3].

چوارەم: پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمووێ "والمراة راعية فی مال زوجها وهی مسؤلة عن رعيتها"، ئافرەت شوان وچاودێریکەری ماڵی مێردەکەیەتی، وە بەرپرسیاریشە لەوەی لەژێر دەستیدایە.دەی کە "ویلایەت" ی درایە لە ماڵی مێردەکەیدا، کەوابوو لە ئەهلی ویلایەتە و سەئەنجامیش فەرمانی داوەریشی ئەدرێتێ [4].

1) دەستەی زانایانی تر ئەم بەڵگەیە بەوە ڕەت ئەکەنەوە کە ملە ملێی ناوێ ئەمە کە: ئافرەت هەندێ صیفەتی تێدایە ئەبنە کۆسپ بۆی لە پیادەکردنی کاروباری شەرعدا، وەك دڵ نەرمی و ، دڵ گەرمی و ، زوو تێکچوون و هەڵچوونی لە بەردەم کاری نەهاتدا ....

2) جەماوەری زاناکان ئەڵێن: دادوەریی حوکمەکەی ئەبێ پیادە بکرێ بێ چەندو چوون ، بۆیە لە ( ویلایەت ) دانراوە ، ئاشکرایشە ئافرەت ویلایەتی بۆ نییە . بەڵام (فەتوا) پێویست نییە لەسەر پرسیار کەرەکە بەگوێرەی حوکمی (( موفتی ))یەکە ڕەفتار بکات .

3) ئەمیشیان وا ڕەت داوەتەوە کە بەڵگەیەکی ڕاست ورەوان نییە بۆ ئەوەی ئیمامی عومەر وای کردبێت ، چونکە مێژوونووسەکان جیاوازییان هەیە .

4) وەڵامی ئەم خاڵەیش بەم جۆرەیە : ئەو (ویلایەت)ەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆی دیاری کردووە ویلایەتی تایبەتییە و پەیوەندی تەنها بە ماڵەوە هەیە ، دەی هیچ کەسێکیش لەمەدا ڕای جیاوازی نییە ... کەوابوو مافی (ویلایەتی خاصە) مافی (ویلایەتی عامة) پێویست ناکات بۆی .

5 ـ هەستەکانی ساغ بن "سلامة الحواس":

بەڵێ بۆ ئەوەی "قاضی" پتر بڕواتە ناو کۆمەڵەوە و بتوانێ هەڵسێ بە پیادەکردنی کاروباری ناوچەو وڵات بەمەرج گیراوە زمان و گوێی و چاوی ساغ بن، وە دوور بێ لە لاڵی و کەڕیی و کوێریی.

زانایان بۆ ئەوەی "قاضی" گۆیا (ناطق) بێت هەموویان یەك دەنگن و جیاواز بیان نییە تێیدا، چونکە هەمووکەس لە ئاماژە "إشارة" تێناگات، جا لەبەر ئەوە پێویستە گۆیا بێت.

بەڵام بۆ ئەوەی "بینا" بێت زاناکان یەك دەنگ نین، بەڵکو جەماوەریان لەسەر ئەوەن کە پێویستە کوێر نەبێت و ئەبێ بینابێت تا بتوانێ بە تەواوەتی هەڵسێ بە پێداویستی یەکانی خەڵك.. هەرچەندە لە پێشەوا مالیکەوە و لە هەندێ شافیعییەکانەوە گێڕڕاوەتەوە کە: دروستە کوێر بکرێ بە قاضیی، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵڵای کوڕی مەکتوومی کرد بە "والی" مەدینە و کوێریش بوو.

بەڵام "حەنەفیە" کان بەمەرجییان نەگرتووە ـ بۆ ئەوەی قاضی دابنرێ ـ ئەبێت (بینا) بێت. ئینجا بۆ ئەوەی "بیسندە" بێت ـ دیسانەوە ـ بەمەرج گیراوە، چونکە قاضیی ئەبێ وتەی داواکەرو داوا لێکراو ببیسێ ئەو کاتە ئەتوانێ بڕیاریان بۆ بدات... هەرچەندە حەنەفیەکان ئەڵێن: ئەگەر تەنها دەنگیبەرزی ئەبیست ئەوە دروستە و ڕەوایە بکرێ بە قاضیی، ئەگینا نەء.

ئەمە سەبارەت بە هەستەکانی، سەبارەت بە ئەندامەکانی تری ـ وەك دەست و قاچی و... ـ بەمەرج نەگیراوە تێرو تەواو بن، بەڵکو دروستە قاضییەکی دەست پەڕیو حوکم بدات و حوکمەکەیش پیادە بکرێ. بەڵام دیارە ئەگەر هەموو ئەندامەکانی ڕێك و پێك بن ئەوە چاکترە، چونکە پتر ئەتوانێ هەڵسێ بە ئیشەکەی و "هەیبەت" یشی زیاترە.

6ـ داد گەر بێت:

واتە گوناهی گەورەی نەبێت و خۆیشی بپارێزێ لە گوناهی بچووك، وە خاوەن سپاردە بێت و ڕەفتاری جوان و ڕێك پێك بێت.

ئەمە مانای "عەدالەت"ە... هەرچەندە زاناکان یەك قسە نین لەم باسەدا، چونکە تەنها شافیعییە کان و خەنابیلە کان و مالیکییەکان "عەدالەت" یان بەمەرج گرتووە، واتە دادوەریی "فاسق" دروست نییە.

بەڵام حەنەفیەکان بەلایانەوە (عەدالەت" مەرج نییە بۆ دانانی "قاضیی" و پیادەکردنی فەرمانەکانی، بەڵکو دروستە "فاسق" بکرێ بە قاضیی و هەر حوکمێکیش بدات پیادە ئەکرێ. بناغەی ئەم جیاوازییانە ئەمەیە: بەلای حەنەفییەکانەوە شایەتی "فاسق" وەرئەگیرێ کەوابوو بڕیارەکانیشی پیادە ئەکرێن... بەڵام بەلای مەزهەبەکانی ترەوە شایەتی فاسق وەرناگیرێ و دروست نییە، کەوابوو "قەضاوەت" یشی دروست نییە.

7ـ خاوەن ئیجتهاد بێت:

زاناکان زۆر گرنگیان داوە بەم خاڵی حەوتەمە، وە ئەڵێن کاتێ دروستە "قاضیی" دابنرێ کە ئاگاداری قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر بێت، وە ئەبێ شارەزایی ئیجماع و قیاس بێت.

شافیعییەکان و حەنابیلەکان و مالیکییەکان و حەنەفییەکانیش ـ هەندێکیان ـ ئەڵێن کاتێ دروستە قاضیی دابنرێ کە خاوەن "ئیجتهاد" بێت [1]. کەوابوو شوێنکەوتن و "تەقلید" ی ناموجتەهید دروست نی یە و بڕیارەکانی پیادە ناکرێ.

جەماوەری حەنەفیەکان، وە لەوتەی ڕاستیی مالیکییەکاندا هاتووە کە ئیجتهاد مەرج نییە بۆ دانانی قاضیی و پیادەکردنی بڕیارەکانی، بەڵکو ـ ئەڵێن ـ مەرجی "کەماڵە" واتە باش وایە قاضی "موجتەهید" بێت، خۆ ئەگەر خاوەن ئیجتهادیش نەبێت هەر دروستە و ڕەوایە دابنرێ و بکرێ بە قاضي، بەلای ئەمانەوە دروستە شوێنکەوتنی دادوەری ناموجتەهیدو بڕیارەکانیشی پەسەندن بەو مەرجە دژ بە قورئان نەبێت.

بەڵگەی ئەوانەی ئەڵێن: قاضي ئەبێ موجتەهید بێت

یەکەم: ئایەتی (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ). [2] ئایەتی: (وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُوْلِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ..) [3]. لەئایەتی یەکەمدا داوا ئەکات کە هەرکات کێشە دروست بوو ئەبێ بگەڕێنرێتەوە بۆ لای قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کەوا بوو قاضی ئەبێ موجتەهید بێت.

1 ) بڕوانە ( ارشاد الساری ) ، ( ب10 ل240 ) سەبارەت بە مەرجەکانی ( قاضیی ) .

2 (النساء : 59 )

3 لنساء : 83 )

دووەم: پێغەمبەر "مەعاز"ی نارد بۆ "یەمەن" و کردی بە "والی" ی ئەویٚ فەرمووی: "مەعاز" بەچی حوکم ئەکەیت؟ وتی: بە قورئان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەگەر ئایەت نەبوو و حوکمەکەت بۆ ڕۆشن نەبوویەوە؟ مەعاز وتی: دوای ڕای خۆم ئەکەوم و هەوڵێکی زۆر ئەدەم تاحوکمەکەم بۆ دەرکەویٚ ئەوجا بەڕای خۆم بڕیاری بۆ ئەدەم و پیادەی ئەکەم... پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: "الحمد الله الذی وفق رسول الله لما یرضی الله ورسوله". کەوابوو قاضی ئەبیٚ موجتەهید بێت.

ڕاکەی تر ئەڵێت: ئاشکرایە کە چاك وایە قاضی موجتەهید بێت، بەڵام ئەی ئەگەر موجتەهیدێکی (عادل) نەبوو؟ ئایا داوەریی و "ئەحکام" پەك ئەخریٚ و ماتڵ ئەکریٚ؟ ئاشکرایە ئەم بەرنامەی ئیسلامە بۆ ئادەمیزاد هاتووە، وە ڕوونیشە کە ئەم مەرجانە ـ عەدالەت و ئیجتهاد ـ زۆر بەزەحمەت دەست ئەکەون لەم چەرخی ئێمەدا چونکە ئەوەتە دیارەو لە پێش چاوەوەیە کە موجتەهید دەست ناکەویٚ. کەوابوو چار هەر ئەوەیە هەر کەسێك دەوڵەت دایبنیٚ و بیکا بە قاضیی حوکمەکەی پیادە ئەکریٚ با فاسقیش بێت.

بۆیە زۆربەی زاناکانی ئەم سەردەمە ڕایان وایە کە دروستە تەقلیدو دوای قاضیی ناموجتەهید بکەوین[1].

## قاضی موجتەهیدو قاضی ناموجتەهید:

لە پێشەوە وتمان لە بەرنامەی ئیسلامدا تا بگونجیٚ قاضیی ئەبیٚ "موجتەهید" بێت، چونکە یەکیٚ لەمەرجەکانی ئەوە بوو ئەبیٚ خاوەن ئیجتهاد بێت، بێجگە لە جەماوەری حەنەفییەکان و مالیکییەکان، ئەوان وتیان دروستە ناموجتەهیدیش بێت، کەوابوو قاضیی دوو جۆرە، یەکەم: موجتەهید. دووەم: موقەللید. واتە شوێنکەوتوو (چاولێکەر).

قاضیی موجتەهید:ـ وەك وتمان ـ ئەبیٚ دوای قورئان و فەرموودە و ئیجماع و قیاس بکەویٚ، خۆ ئەگەر حوکمەکەی بۆ ڕۆشن نەبوویەوە ئینجا ئیجتهاد ئەکات و بەپێی ڕای خۆی ئەجووڵێتەوە بەو مەرجە پێچەوانەی قورئان و فەرموودە نەبێت...بەڵگە بۆ ئەمە زۆرە، ئەوە بوو هەندێکمان باس کردن.

---

[1] ) شافیعییەکانیش هەروا ئەڵێن ،واتە کە قاضیی شەرعی نەبوو لەبەر ناچاری حوکمی قاضیی ناشەرعی پیادە ئەکریٚ .

جا ئەگەر دوای هەوڵێکی زۆر حوکمەکەی بۆ ڕۆشن نەبوویەوە ڕاوێژ بە دەستەی زانایان و ئەهلی ڕەئی بکا... ئەگەر یەککەوتن هەموویان لەسەر حوکمێك ئەوا باشە، خۆ ئەگەر جیاوازییان بوو، دیسانەوە هەوڵی تر بدات و بە "ڕایە"کەی خۆی حوکم بکات.

**قاضي ناموجتەهید:**

ئەم جۆرە قاضیانە پێویستە بە گوێرەی مەزەبی پێشەواکەی خۆی حوکم بکات، واتە نابێ بە هیچ شێوەیەك لێی لابدات، وەك "ئیبنی عابدین" ئەڵێت: "يشترط لصحة القضاء ان يكون موافقا لرأية - أي لمذهبه - مجتهدا كان او مقلدا، فلو قضى بخلافه فلا ينفذ". بێجگە لەمەیش پێویستە هەموو کات فەتوا بە "صەحیح" ی مەزەبی ئیمامەکەی بدات خۆ ئەگەر فەتوای بەوتەی لاواز دا ئەوە دانامەزرێ [1].

بەکورتیی:

دادوەریی کارێکی زۆر قورسە، چونکە زۆر جار لەلایەن کاربەدەستە ستەمکارەکانەوە چەندان بڕیاری ناهەق و نادروست ئەدەن بە "دادوەر = قاضي" کان، بۆیە پیاوە گەورە و"فەقیهە" کان ڕایان کردووە لێی و نەیان کردووە.

أ ئەبوو حەنیفە سێ جار بانگیان کرد بۆ دادوەریی، هەر سێ جارەکە داواکەی دایە دواوە، تەنانەت هەرجارەی سێ داریان لێ ئەدا.

ب - حەیاتی کوڕی شوڕەیح: بانگ کرا ببێ بە "قاضی" میصر، ئەمیش نەیکرد، ئینجا "ئەمیر" وتی: ئەو "شیر" ەم بۆ بێنن !! کاتێ شوڕەیح ئەمەی بینی، دەستی کرد بە گیرفانیاو کلیلێکی دەرهێنلو دایە دەست ئەمیر و وتی: ئەوە کلیلی ماڵەکەمە و منیش ئەڕۆم بۆ خزمەتی پەروەردگاری خۆم". کە ئەمیر زانی زۆر سوورە لەسەر نەکردنەکەی وازی لێ هێنا.

ج - ئەبوو خوزەیمە: ئەمیر داوای لێ کرد بۆ دادوەریی، نەیکرد، ئەویش بەیاسای خۆی شمشێرەکەی بۆ کێشا !! ئیتر لە ناچارییدا بەرگەی نەگرت و کردی بە قاضیی میصر، ئەمانەو چەندان زانای تریش هەڵوێستی هەر وابووە.

---

1) بۆ ئەم هێزی دادوەرییە کەڵکم لە کتێبی: "العلاقات الدولية والنظم القضائية في الشريعة الاسلامية" وەرگرتووە . جا ئەوەی ئەیەوێ بە تەواوی ئاگاداری هەموو لایەنەکانی دادوەریی بێت با بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو کتێبە و هەندێ لە کتێبە گەورە فیقهیەکانی تر وەك (المغنى لابن قدامه) و (تحفة)ی ئیبن حەجەر .

بێجگه لەوە کە لەکاربەدەستە ستەمکارەکان ئەترسان کە هەندێ جار ئیشی ناڕەویان پێ بکەن، ئەم فەرموودانەی پێغەمبەریشیان پێش چاو گرتبوو:

1ـ القضاة ثلاثة: قاض في الجنة، و قاضيان في النار، قاض عمل بالحق في قضائه فهو في الجنة. و قاض علم الحق فجار متعمدا فذلك في النار، و قاض قضى بغير علم واستحيا ان يقول لا اعلم فهو في النار".

2ـ "من قعد قاضيا بين المسلمين فقد نبح نفسه بغير سكين". [1]

واتە: قاضیە کان سێ جۆرن: یەکێکیان ئە ڕواتە بەهەشت، دوانیش ئە ڕۆنە ناودۆزەخەوە. بە هەشتیەکان ئەوانەن کە لەگەڵ حەقدا ئەجوولێتەوە. دۆزەخیەکانیش: یەکێکیان هەقەکە ئەزانێ و کەچی ڕەفتاری پێ ناکا. ئەوی تریشیان زانیاری نییە لەگەڵ ئەوەیشدا عەیبی لێ دێت بڵێ نازانم! !.

فەرموودەی دووەمیش ئەفەرمێ: هەرکەسێك دانیشێ بۆ داوەریی لە نێوان موسڵمانانداا ئەوە بێ "چەقۆ" خۆی سەربڕییووە.

ئەم فەرموودانە هەرچەند هەڕەشەن لە قاضییە خراپەکان، بەڵام زاناکان هەر ئەترسان و کەناریان ئەگرت لەترسی ڕۆژی دوایی.

هەزار ڕەحمەت لەوزانایانەی ترسی خوای گەورە هەیە لەدڵیاندا لە هەموو کاتێکدا، لەوکاتەدا وا لە "میحراب" ی مزگەوتدا و، لەو کاتەیشدا لەسەر کورسی حوکمی دانیشتووە.

هەزار ڕەحمەت لەو "قاضییە" کە تەنها لە خوای گەورە ئەترسێ و بەپێی ئەم ئایەتانە ئەجوولێتەوە: (..فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ). [2]

واتە: حوکم و بڕیار بە پێی "هەق و ڕاستی" بدە لە نێوان مرۆڤەکاندا "ئەی قاضیی" نەکەی دوای ئارەزوی خۆت بکەوی و سەرئەنجام لە ڕێگەی خوا بتترازێنێ و گومڕات بکا، بێگومان ئەو کەسانەی ڕێگەی خوا ون ئەکەن سزای توندو سەختیان بۆ هەیە بەهۆی

---

1) رواه الاربعة عن ابی هريرة.

2) (صـ : 26 )

ئەوەوە کە ڕۆژی لێ پرسینەوەیان لە بیر خۆیان بردۆتەوە. (..فَلاَ تَخْشَوُاْ النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَناً قَلِيلاً وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ).[1] ئەی قاضییە کان "لەکاتی حوکمەکانتاندا" لە مرۆڤەکان نەترسن "حوکمەکەتان ڕێك بکەن" تەنها لە من بترسن، وە حومکەکەی من مەگۆڕن بە نرخێکی سادەی کەم و کورت "واتە لەکاتی حوکمەکەتاندا دەعوەت و دەعوەت کاری و شت وەرتان نەگێرێ و چەوت مەڕۆن".

حوکم بەپێی بەرنامەکەی خوا بکەن، "چونکە" ئەو کەسەی بەپێی بەرنامەی خوا حوکم نەکات "بەم شێوەیە بڕوای پێ نەبێ، وەیا بڕوای پێی بێ بەڵام لەسەرکورسیەکە بە یاسا تازە دەست هەڵبەستەکان بجوولێتەوە" ئەوانە کافرو خوا نەناسن.

**بانگەوازێك بۆ قاضییەکان:**

ئەی برا قاضییە کانمان ! بەپێی بەرنامەی خوا بجوولێنەوە، ڕازی نەبن بە بەرنامەی ئەمو ئەو، بە یاسای ئەوروپا، یاسای "خۆر هەڵات و خۆرئاوا" چونکە ئەوانە لەسەر بناغەی بێ خوایی "ئیلحاد" دامەزراون.

ئەگەر هەر ڕێگەتان نەبوو ناچار بوون بەوەی حوکمی پێ بکەن دەستی لێ هەڵگرن، خۆتان مەکەن بە سووتەمەنی دۆزەخ.

ئێوەیش وەك برا پێشووەکانتان بن، با هیچ هێزێك لە خشتەتان نەبات... ئێوە ئەبێ ئازاد بن، سەر بۆ هیچ دەسەڵاتێك دانەخەن، ئەمو ئەو لە هەق نەتان ترازێنێ، کاغەزو نووسراوی "زەیدو عەمر" چەواشەتان نەکات هەق وا لەسەر هەموو کەسێکەوە.

ئیبراهیمی کوڕی ئیسحاق "قاضیی" میصر ساڵی "204 ك"، دوو کەس کێشەیان هێنایە لای، سەرئەنجام هەق بوو بە هیی یەکێکیان، دوایی ئەویان هەڵسا پەنای بردە بەر "والی" والیش داوای کرد لە قاضیی حوکمەکەی بووەستێنێ! ! ئینجا قاضیی "دوای ئەوە کە بینی سەرەك دەوڵەت دەستی کێشاوەتە کارەکەیەوە و داوەریش ئەبێ ئازاد و سەربەست بێت" لە ماڵی خۆی دانیشت و ئەو ڕۆژە دەوامی نەکرد تا بیستی وا "والی" هات بۆلای و داوای لێکرد بڕواتەوە سەر ئیشەکەی.

---

[1] (المائدة : 44 )

"قاضیی"یش وتی: ئیتر تا من ماوم نارۆمەوە سەر کورسی حوکم، چونکە پاڕانەوە و لاڵەنەوە"شەفاعەت" لە حومکدا نییە.

"خەیری کوڕی نوعەیم" ی قاضیی، جارێکیان دادگایی سەربازێکی کرد، لە ئەنجامدا ماوەیەك بەندینخانەی بۆ بڕییەوە... دوای ئەوە "والی" ڕۆیشت لە بەندینخانە هێنایە دەرەوە!! کە قاضیی ئەمەی بیست لە ماڵەوەی خۆیدا مانی گرت و دەستی لە ئیشەکەی هەڵگرت، ئینجا "والی" داوای لێکرد بگەڕێتەوە سەر ئیشەکەی خۆی.

"قاضیی" یش وەك پیاوو مەردی موسڵمانی تێگەیشتوو لە ئیسلام وتی: "تا ئەو سەربازە نەگەڕێتەوە جێگاکەی خۆی ناچمەوە سەر ئیشی خۆم".

لە ڕاستیدا قاضیی ئاوایە، هەق ڕەوە، ئەبێ بە "تەلەفون و تەلەفون کاری" فریو نەدرێ.

## ئەی قاضییەکان

حوکمەکەتان بە ڕەوان بدەن، لە هیچ هێزێك شەرم نەکەن، با ئەوەیش دێتە لاتان سەرۆك کۆمار بێت، چاو لە "شوڕەیحی" قاضیی براتان بکەن، عومەری کوڕی خەتتاب کردی بە قاضیی، پاش ماوەیەك ئیشێکی کەوتە لای شوڕەیح، ئەمیش شەرم نەیگرتوو نەی وت من عومەر کردوومی بە قاضیی، کەوابوو با لە خۆمی ڕازی بکەم، نەخێر، بەڵکو بە زیانی ئەو حوکمی دا.

وەنەبێ ئەمە تەنها لەگەڵ ئەوا وا بووبێ، بەڵکو "ئیمامی عەلی" یش ڕووداوێکی هێنایە لای، قاضیی هەر بەزیانی ئەو حوکمی بۆدا [1].

"ئەبویوسف"ی قاضیی، هاروونە ڕەشید ڕووداوێکی هێنایە لای کە لەگەڵ فەلەیەکدا شتێك کەوتبووە نێوانیان، قاضیش حوکمەکەی بە قازانجی فەلەکە دا، لە کاتێکدا ئەبوو یوسف هاروون کردبووی بە قاضیی.

برای قاضیی!

هەوڵ بدە با هەموو کات دەرگای دادگاکەت کرابێتەوە و دەرگاوانیشت نەبێ تا هەژارەکە بەئاسانی بتوانێ بتگاتێ و سکاڵای خۆی بگەیەنێ پێت... چونکە فەرموودە

---

[1] ) الاسلام واوضاعنا السياسية ، ل231 .

زۆره سەبارەت بەو کەسانە دەرگا لە هەژارەکان دائەخەن و ناڕۆن بەدەم پێویستییەکانیانەوە، جا تۆیش بەزەیت بێتەوە بە خۆتدا، بەتایبەت لەو ڕۆژەدا لەبەردەم دادگاکەی خوادا ڕات ئەوەستێنن و پرسیاری هەژارەکانت لێ ئەکەن، ئەبێ لەو کاتەدا کێ فریات بکەوێ؟! ئەوانەی تەلەفوینان بۆ ئەکردی؟! ئەوانەی بەهۆی خزمایەتیەوە ناهەقیت بۆ ئەکردن؟! ئەوانەی فێری بەرتلیان کردی؟!.

سەبارەت بەدانانی دەرگاوان ئەم فەرموودەیە بخوێنەوە کە ئەفەرموێت: "من ولاه الله من امر الناس شيئا فاجتحب عن حاجتهم اجتحب الله عن حاجته يوم القيامة".[1]

پێغەمبەر (ﷺ) هەڕەشەی توندو سەختی هەیە بۆ ئەو قاضیانەی بەرتیل ئەخۆن، تەنانەت بەناوی "هەدیە و دیاریشەوە" هەر نادروستە.

".. ما بال العامل نبعثه فيأتي فيقول هذا لك، وهذا لی فهلا جلس في بيت ابيه وامه فينظر أيهدى له ام لا؟ والذى نفسى بيده لا يأتى بشئ إلا جاء به يوم القيامة يحمله على رقبته! ان كان بقرة له رغاء، او بعيرة لها خوار، او شاة تعير، ثم رفع يديه حتى رأينا عفرتى ابطيه !ألا هل بلغت (ثلاثا)".[2]

خوا لەگەڵ تۆیەتی کە ئەفەرموێ:

وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ (المائدة: 44 )

وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (المائدة: 45 )

وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (المائدة: 47 )

برای قاضیی!

هەوڵ بدە جێگەی دانیشتنەکەت با ڕێکوپێك بێت و هەموو کەسێك "پیرو شەل و کوێر.." بە ئاسانی دەستیان بیگاتێ و تووشی چەرمەسەرێ نەبن لە ڕێگەدا کاتێ دێن بۆلات.

لەسەردەمی ئیمامی عومەردا (خوا لێی ڕازی بێت) قاضییەك لە شوێنێکی سەخت و ناهەمواردا دانیشتبوو، بەشێوەیەك موسڵمانان زۆر بە ناڕەحەت پێی ئەگەیشتن، ئینجا

---

[1] رواه ابو داود والترمذي.

[2] ) ارشاد الساری ، ( ب10 ل245) ماناکەی لەدواوە دێت .

ئیمام عومەر بۆی نووسی: ".. فاسهل ولا تشق على مسلم ولا معاهد". واتە جێگایەکی ئاسان هەڵبژێرە بۆ خۆت، بە قورس و ناڕەحەت مەجووڵێرەوە، نە لەگەڵ موسڵماندا، وە نە لەگەڵ گاورو جوولەکەدا.

## سیاسەتی ئیسلام لە جەنگدا

بەڵێ، بۆ ئەوەی دنیا خۆرەکان ودوژمنانی تروسکایی و ڕۆشنایی کۆمەڵ بزانن کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام پێش هەموو کەسێك کەوتووە لە دانانی خاڵی گرنگ و جواندا بۆ پیادەکردنی دەوڵەتە زێڕینەکەی خۆی، بە شێوەیەك بە بیری هیچ کەسێکدا نەهاتووە لەو سەردەمەدا... مەگەر تەنها بەرنامەی خوای گەورە ئەو نەخشەیەی دانابێت و پەراوێزی بۆ کردبێ بە "دادگەریی و یەکسانیی و ئازادیی و... هتد". جا فەرموو تۆو هەندێك لە سیاسەتی ئیسلام لە جەنگدا... جەنگی ناچاریی، نەك شەڕ فرۆشتن بەخەڵکی بۆ زۆرکردنی ڕووبەری زەمین و پەرەپێدانی نەخشەی جوگرافیایی! !.

لە ئیسلامدا دروست نییە بە هیچ شێوەیەك هێرش بردن بۆ هیچ دوژمنێك پێش ئەوەی ئاگادار بکرێ، چونکە زۆر جار وا ئەبێ زۆربەی ئەوانەی کە حەزیان لە ئیسلامە کوتوپڕ ئەکەونە ناو ئاژاوە و جەنگەکەوەوئەکوژرێن و تیا ئەچن... وە زۆرجار وا ئەبێت بەهۆی جەنگەکەوە ڕووداوێك پەیدا ئەبێت و سەرئەنجامەکەی سامناکتر ئەبێت لەوەی پێش جەنگەکە. ئەمەیش لە قورئاندا بەرگری لێکراوە: (..وَلاَ تَعْثَوْاْ فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ).[1] واتە: تۆوی "فەساد" و خراپە لە زەوییدا بڵاومەکەنەوە. کەوابوو ئەبێ ئەم خاڵانانە پێش چاو بگیرێن:

یەکەم: پێویستە پێش هەڵگرساندنی جەنگەکە - بە سێ ڕۆژ- دوژمن ئاگادار بکرێ و ڕاپۆرتێکی بدرێتێ و تێ بگەیەنرێ کە خۆی ئامادە بکات بۆ هەڵبژاردنی یەکێ لەم سێ بارەیە:

1- وەرگرتنی ئیسلام و موسڵمان بوون.
2- ملکەچکردن بۆ دەوڵەتی ئیسلام، وە ئاژاوە نەنانەوە.
3- ئامادە بوون بۆ جەنگ.

---

[1] (الأعراف : 74)

ئەم ئاگاداری و "انذار" کردنە یەك جار لەسەرەتای جەنگەوە بڵاو ئەکرێتەوە، واتە پێویست نییە تا ماوەی سێ ڕۆژەکە ئەڕوا هەر بوترێتەوە.

پێشەواکانمان وابوون لە نەخشەی جەنگەکانیاندا، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) تا ئەگاتە هاوەڵە نەجیبزادەکانی... ئەوەتا ـ بۆ نموونە ـ سەلمانی فارسی "کراوە بە فەرماندەی بەشێ لە سوپاکەی ئیسلام" ئەفەرموێ بەسەربازەکانی: "وازم لێ بهێنن با بانگیان بکەم "بۆ لای ئیسلام" چونکە پێغەمبەریش (ﷺ) هەروای ئەکرد. ئینجا سەلمان ئەڕوا بۆ لای فارسەکان و پێیان ئەڵێ: "من پیاوێکم لە ئێوە و بڕوام هێناوە.. خۆ ئەیشزانن موسڵمانەکان چەند ڕێزم لێ ئەگرن... ئێوەیش ئەگەر موسڵمان ببن ئەوا لە مافدا وەك موسڵمانەکان تەماشا ئەکرێن، خۆ ئەگەر بڕوایش ناهێنن، قەیناکا "سەرانە" بدەن، وە ئەگەر ئەمەیش ناکەن ئیتر جەنگتان لەگەڵ ئەکەین". سەلمان سێ ڕۆژ ئابەو شێوەیە ئاگاداری کردن و لاواندنی و کەڵکی نەبوو تا ـ بە ناچاریی ـ بۆ ڕۆژی چوارەم چووە مەیدانی جەنگەوە بۆیان.

موسڵمانان هیچ کات دەستیان لەم "انذار" و ئاگادارکردنە هەڵنەگرتووە، دەستیان نەکردووە بەجەنگ و هەرا، مەگەر لە کاتێکا بە بەڵگەو نیشانە بۆیان دەرکەوتبێ کە بە هەموو شێوەیەك (إنذار) و ئاگادارکردن سوودی نییە.

دەستیان نەکردووە بە جەنگ پێش ئەوەی ئاگاداری دوژمن بکەن، چونکە بێجگە لەوەی کە لە قیامەت و پاشە ڕۆژ تووشی سزاو تۆڵە ئەبن.. لە دنیایشدا هەر گیان و سامان و داراییەك تێدا بچێت بەرپرسیار ئەبن لێی و ئەچێتە ئەستۆیانەوە [1].

لاپەڕەکانی مێژوو گەواهیمان بۆ ئەدەن کە هیچ دەوڵەتێك ئەمەی نەکردووە بە بناغە و ڕچەی جەنگی... تەنانەت لەسەدەی حەڤدەهەمەوە تا نۆزدەهەمیش ئەمە نەکراوە بە بەندێکی نەخشە جەنگییەکان... بەڵێ وەك سوپاردەیەك ئەبێ مرۆڤ بیسەلمێنێ و باسی بکات و بیڵێ کە: لەساڵی (1907) دا لە لاهایدا کۆنگرەیەك بەسرا ئەم خاڵەیە خرایە پرۆگرامەکانەوە [2]. بەڵام ئەویش زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئیسلامدا چونکە ئیسلام:

---

[1] ) الماوردی : الاحکام السلطانیة ، ل38 .

[2] ) القانون الادولي لعلی ماهر، (ل 514 _ 515 ).

یەكەم: هەروەك ئاگادرای دوژمن ئەكات بەوەی كە ئەیەوێ جەنگی لەگەڵ بكات ماوەی "72" كات ژمێریش مۆڵەتی ئەدات، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا بیر لە داهاتووی خۆی بكاتەوە و ڕایەك هەڵبژێرێ ـ لەو سێ خاڵەی ئیسلام بۆی دیاری كردووە ـ بۆ خۆی.

بەڵام ئەوان مۆڵەتی تێدا نییە، تەنها ئاگاداری كردنە.... بۆیە دەوڵەتی "هۆڵەندە" ڕەخنەی گرت لە كۆنگرەی "لاهای" لەسەر ئەوەی بۆ چی ماوەی دیاری نەكردووە، هەروەك پێش جەنگەكە ئاگاداری ئەكات...!! داوای كرد "24" كات ژمێر مۆڵەت بدەن بەو لایەنە كە جەنگی لەگەڵ ئەكرێ. كەچی كۆنگرە داواكەی ڕەتكردەوە..!!.

خوێنەری بەڕێز:

هەندێ بیربكەرەوە لە سۆزو میهرەبانی ئیسلام لەگەڵ مرۆڤدا.. لەگەڵ دوژمنەكەیدا بزانە چۆن پێش ئەوەی هێرشی بۆ بكات ئاگاداری ئەكات و مۆڵەتیشی بۆ دائەنێ..؟! خۆ ئەوە ئەزانێت دەوڵەتانی سەدەی بیستەم چۆن ئەجوولێنەوە لەگەڵ یەكتردا؟!

دووەم: ئەگەر ئەو لایەنە كە جەنگی لەگەڵ ئەكرێ خاوەن پەیمان بوو لەگەڵ موسڵمانەكاندا، وە دەركەوت كە ئەوان وردە وردە لە ژێرەوە خەریكی گزیكاری و ناپاكین لەگەڵ ئەماندا... ئەوە موسڵمانەكان پێش ئەوەی هەڵمەتیان بۆ ببەن ئاگاداریان ئەكەن و پەیمانەكەیان بۆ ڕەت ئەكەنەوە... خۆ ئەگەر ئاوا نەكەن ئەوە ئیسلام بە تاوانبار و گزیكاریان دائەنێ، قورئانی پیرۆز ئەفەرمێ: ﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَانبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاء إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الخَائِنِينَ﴾.[1] واتە هەركات زانیاری تەواوت بوو بەوەی كە هۆزێك ئەیانەوێ ناپاكی و گزیكاریت لەگەڵ بكەن سەبارەت بەو پەیمانەی لەگەڵیاندا بەستراوە، بەو مانایە ئەیانەوێ بتخەڵەتێنن و كوتوپڕ هەڵمەتت بۆ بێنن، ئەوە تۆ وەك ئەوان مەبە، بەڵكو بە ئاشكرا پەیمانەكەیان بۆ ڕەت بكەرەوە، با ئەوانیش ئامادەیی وەرگرن بۆ جەنگەكە، چونكە بە ڕاستی خوا دەستدرێژكەرانی خۆش ناوێ!! واتە ئەوانەی لە كە میندان وەهەل ئەقۆزنەوە پەیمانەكە نادەنە دواوە و بەئاشكرا ناڵێن: ئەوا پەیمانەكەمان هەڵوەشاندەوە! ئەو جۆرە كەسانە بەدەست درێژی كەر دائەنرێن.

---

[1] الأنفال: 58.

بەكورتی: هەركەسێك خاوەنی "وەفا" بێ ئیسلام داوا ئەكات وەفات بێ لەگەڵیدا، بەڵام ئەوانەی ئەیانەوێ لەژێر پەردەی "پەیمانە" كەوە گزیكاری بكەن ئەوە فرمان ئەدا بە هەڵوەشاندنەوەی.

ئیمامی عەلی (خوای لێ ڕازی بێ) ئەفەرموێ: "الوفاء لأهل الغدر غدر، والغدر بأهل الغدر وفاء".

بێجگە لەمە لەفەرموودەیشدا هاتووە: "لە نێوان موعاوییە و ڕۆمەكاندا پەیمان بوو، موعاویەیش بەرەو وڵاتی ئەوان ڕێگەی گرتووەتە بەر "واتە بەهۆی گزیكارییانەوە ویستی جەنگیان لەگەڵ بكات" بە نیازی ئەوەوە كە هەركات ماوەی پەیمانەكەیان تەواو بوو جەنگیان لەگەڵ بكات، ئینجا لەولاوە ئەسپ سوارێك هات ئەیوت: الله اكبر، الله اكبر، پەیمان بەجێ بهێنە، نەك لابدە، تەماشایان كرد وا "عەمری كوڕی عەبەسە" هات، موعاوییە ناردی بۆلای، ئەویش وتی لە پێغەمبەرم بیستووە (ﷺ) ئەیفەرموو: "من كان بينه وبين قوم عهد فلا يحلن عقده ولا يشدنها حتى ينقضى أمدها، او ينبذ اليهم عهدهم على سواء" ئەو كەسەی پەیمانی هەیە لەگەڵ تاقمێكدا نە خاوی بكاتەوە و نە توندیشی بكاتەوە تا ماوەكەی بەسەر ئەچێ، یان پەیمانەكەیان بۆ ڕەتئەكاتەوە "وە ئاگاداری جەنگ ئەبن" چوون یەك ئیتر موعاوییە گەڕایەوە [1].

گرنگتر لەمەیش پێویستە دوای ئەوەی كە پەیمانەكەیان بۆ ڕەتكرایەوە ئەبێ ماوەیەك مۆڵەت بدرێن تا لەو ماوەدا بتوانن لەناو چەو وڵاتە ئیسلامییەكان دەرچن و خۆیان بگەیەننە قایمایی. ئەم ئایەتە ئەم مەبەستەمان بۆ باس ئەكات: (وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ ..). [2] واتە: ئەگەر یەكێ لە (هاوەڵدانەرەكان) داوای پەنای لێكردی، ئەی موحەمەد (ﷺ) تۆیش پەنای بدە.

بەڵێ هەندێ لەزاناكان بە لایانەوە وایە كە كاتێ دروستە پەنادان، لەو پەنادانە موسڵمانەكان تووشی هیچ جۆرە زیانێك نەبن، ئەگینا دروست نییە، وە هەرئەم دەستەیە بەلایانەوە وایە تا دەساڵ دروستە پەنا بدرێن، جا ماوەتەوە سەر ئەوە ئایا سەرانەیان لێ ئەسەنرێ یانە؟ دوو ڕێگە هەیە:

---

[1] ) نيل الأوطار ( ب8 ل45).
[2] (التوبة : 6 )

بەڵام ئەوەی پشتی پێ ببەسترێ ئەوەیە کەکار بەدەستەکان خۆیان ئەزانن، وە چۆن بەژەوەندی داوا بکات ئاوا ڕەفتار ئەکەن[1] .

بەڵێ، ئەمەیە یاسای پڕ لە دادگەریی و، ئازادیی و، سەربەستیی، هەل قۆستنەوە ـ بەلایەوە ـ قەدەغەیە، ئەگەر کاتی خۆی کەسێك، وەیا چەند کەسێك هاتبوونە وڵاتی ئیسلامەوە... کەچی لە پڕێکدا نێوان هەردوولا تێکچوو ئەوە ئەبێ ئەو دوژمنە مۆڵەت بدرێ و بگەیەنرێتەوە جێگەی خۆی.

کوان دەهۆڵ لێدەرانی خۆرهەلات و خۆر ئاوا...؟ ڕوویان هەیە سەر بێننە دەرەوە با بەراوردێکی ئەم لێبوردنەی ئیسلامە و ئەو دەستدرێژییەی ئەورووپایە بکەن لە شەڕەکانی خاچپەرستیدا، ئیسلام ئەگەر کۆمەڵێك هاتبنە خاکەکەیەوە بە شێوەی "ڕەسمی" ی و پاشان دوژمنایەتی بکەوێتە نێوان هەردوولاوە ئەوە زۆر بەنەرم و نیانی ئەیانکاتە دەرەوە "سامەگەر سیخوڕی و هەندێ کاری زۆر ناپەسەندییان کردبێت.."، بەڵام ئەوروپا دەست درێژیان بۆ ئەکات و ئەشکەنجە و ئازاریشیان ئەدات..!! دەستە ناپاکەکەی "ئەڵەمانیا" لە جەنگی دووەمی جیهانیدا شایەتی ئەم داوایەیە.

لەحاڵەتی جەنگدا چوار پرسی گەروە دێتە پێشەوە:

1ـ دیاریی کردنی جەنگکەرەکان.

2ـ کەرەسەکانی جەنگ و کوشتار.

3ـ پەیوەندی سیاسی لە کاتی جەنگەکەدا.

4ـ ڕەفتارکردن بە پلەیەك شایەنی ئادەمیزاد بێت.

جا وا پشت بە خوای گەورە ئەمانە هەموویان ڕۆشن ئەکەینەوە بۆ خوێنەرە بەڕێزەکان، وە بۆیان دیاری ئەکەین کە کاتێ ئیسلام جەنگی کرد ـ بەناچاریی ـ لەگەڵ وڵاتێکدا چ جۆرە هۆیەکی جەنگی بەکار ئەهێنێ، ئایا هەرچی بەردەست کەوت بۆی ڕەوایە بەکاری بهێنێ بۆ دوژمنەکەی، بە بەڵگەی ئەوە وە جەنگی لەگەڵ ئەکات...؟ پەنجە ڕائەکێشێ بۆ ئەوەیش کە ئایا ئیسلام هەموو دانیشتوەکانی شاری دوژمنەکەی بەشەڕ کەر دائەنێ؟ تا دەست پارێزی نەکات لە پیرو منال و ئافرەت و... هتد، یان تەنها

[1] ) تفسیر المنار ( ب10 ل179) .

ئەوانە بەجەنگکەر دائەنێ هاتوونەتە مەیدانی جەنگەوە بۆی...؟!! ئەمانە و هەندێ شتی تریش ڕۆشن ئەکەینەوە بۆ خوێنەری ئازیز بەو هیوایەوە دەست لەم و لەو هەڵگرێ و بە تەواوی ڕوو بکاتەوە ئیسلام.

یەکەم: دیارییکردنی شەڕکەرەکان:

لەسەدەکانی پێشوو ناوەڕاستدا یاسا وابوو: کاتێ جەنگ هەڵبگیرسایە لە نێوان دوو دەوڵەتدا هەموو ژێر دەستەکانیان ـ بێ جیاوازی نێوان شەڕکەرو شەڕنەکەردا ـ بەشەڕکەر ئەدرایە قەڵەم، وە هەرکامێکیان هەرچی ئەو لاکەی تری بەرچنگ بکەوتایە ئافرەت و مناڵ و، پیرو گەنج، جەنگکەرو نەخۆش، هەمووی بە دوژمن ئەدایە قەڵەم و ئەیکوشت ئەگەر دەسەڵاتی بەسەردا پەیدا بکردایە!!.

ئینجا کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هات نەخشەی تایبەتی کێشا بۆ جەنگ و بڕیاری دا تەنها جەنگکەران بکوژرێن، واتە ئەو کەسانەی ئامادە کراون بۆ جەنگ، ئیتر یەکسەرە بەشداری بکەن، وەیا ئامادە کرابن بۆ کاتی تەنگانە و پێویست.

بەڵام نەخۆش، ئافرەت، منداڵ، پیر، ئەوانەی تەنها خەریکی خوا پەرستین، جوتیار، بازرگان پیشە ساز.. ئەوانە بە "مەدەنی" و بێ تاوان دائەنرێن، نەك بە سەربازو جەنگکەر، ئەمانە نابێ بەهیچ شێوەیەك دەستیان بۆ ببرێ و ئازار بدرێن، سامەگەر بەشێکیان بێ لەجەنگەکەدا وەك ئەوە ئافرەتێك سیخوڕی بکات، وەیا چارەسەری بریندارەکان بکات.

ئافرەت و منداڵ و.. هتد ناکوژرێن، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) بەرگری کردووە لە کوشتنی ئەوانە، ئەم ئایەتەیش هەر ئەو مەبەستە ئەگەیەنێ: (وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ ..)[1]. واتە: جەنگ لەگەڵ ئەوانەدا بکەن و ئەوانە بکوژن لەگەڵیانا ئەجەنگێن، نەکەن زیادە ڕەوی بکەن بۆ ئەوانەی جەنگتان لەگەڵ ناکەن. وە ئەمانەیش کۆمەڵە بەڵگەیەکی ترن:

1ـ پێشەوا ئەحمەدو ئەبوو داود ئەگێڕنەوەـ لەو فەرموودەیە کە ڕباحی کوڕی ڕەبیع هێناویەتی ـ کەلە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) ڕۆشتن بۆ "غەزا" یەك، خالیدی کوڕی

---

[1] (البقرة : 190 )

وەلید کرا بوو بە سەرکردەی بەشی پێشەوە "مقدمە" ی سوپاکە، ڕمباح و هاوەڵەکانی تێپەڕین بەلای ئافرەتێکی کوژراودا [1] - دیار بوو سوپاکەی پێشەوە کوشتبووی - تەماشایان کرد و سەرسام مان لە کوشتنەکەی ! ! ئینجا گەیشتن بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش هات سەیری کردوو فەرمووی: "ما کانت هذه لتقاتل" نەئەبوو ئەمە بکوژرایە. دوای ئەوە یەکێکیان نارد بۆلای خالید فەرمووی پێی بڵێ: "لا تقتلوا ذرية ولا عسيفا" منالّ و کرێکار نەکوژن.

2- ئەبوو داود - کەئەنەس ئەیهێنێ - ئەفەرمێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: "انطلقوا باسم الله، وبالله، وعلى ملة رسول الله، لاتقتلوا شيخا فانيا، ولا طفلا صغيرا، ولا امرأة،...".

بەناوی خواوە بڕۆن، یارمەتی هەر لە خواوە وەربگرن، پیرو، منالّ و، ئافرەت نەکوژن...

ئەم فەرموودانە و هەندێ فەرموودەی تریش ئەبنە بەڵگەی ئەوە کە ئافرەت ومنالّ و نەخۆش و پیر و... ناکوژرێن، چونکە ئەمانە دەستیان لە جەنگەکەدا نییە.

دوای پێغەمبەر (ﷺ) جێ نشینەکانیشی هەربەو نەخشەدا ڕۆیشتن، عومەر (ڕەزای خوا لێ بێ) ئەفەرمێ: "اتقوا الله فى الفلاحين، فلا تقتلوهم الا ان ينصبوا لكم الحرب" [2].

بەڵێ ئیسلام ئەمانە ناکوژێ، چونکە بۆ پاککردنەوەی سەر زەوی هاتووە، لە ستەمی ستەمکاران، ئاشکرایە ئەمانە بێ ستەمن، کەوابوو کێ ستەمکارە ئەو کەسە لەناو ئەبات.

ئەوانە ناکوژرێن، بەڵام ئەوەندە هەیە جارێکیان پێغەمبەر (ﷺ) خۆی ئافرەتێکی کوشت، جارێکی تریش هاوەڵەکانی ئافرەتێکی تریان کوشت، ئەم لێی بێدەنگ بوو... وە هەروەها پیرەمێردێك کوژرا تەمەنی پتر لە سەد ساڵ بوو، پێ ناخۆش بوونیشی دەرنەبڕی! !. نەك هەرئەمە، بەڵکو لەگەڵ "بنى قورەيظة" دا جەنگاو تەواوی پیاوەکانی

---

[1] ) وەنەبێ کوشتنەکەی دەست ئەنقەست بوو بێت، بەڵکو لەکاتی شکاندنی بت پەرستەکاندا بوو و ئەوکاتە بوو موسڵمانەکان کەوتنە سەریان ، بەهەڵە ئەو ئافرەتە پێوە بوو ، هەروەك لە هێرشی سەربازیید اچەندەها شتی هەڵە ڕوو ئەدات . الرسول القائد (ﷺ)، ل 262 .

[2] ) واتە: لە خوا بترسن سەبارەت بە جوتیارەکان "مافیان زەوت مەکەن" وە مەیان کوژن ، سامەگەر شەڕتان پێ بفرۆشن.

کوشتن، تەنها چواریان نەبێ، ئەمانە موسڵمان بوون و خۆیان ڕزگار کرد لە کوشتن. وە ژن و منالەکانیشیان هێڵرایەوە [1].

دیارە کرێکارو جوتیارو پیر... ئەمانەیشیان تیا بووە کەچی گوێی نەداونێ و لەناوی بردن!! واتە لە پێشەوە وترا ئیسلام ئافرەت و پیرەمێرد و منال و کرێکار... ناکوژرێت کەچی ئەوەتە پێغەمبەر (ﷺ) هەندێ کات کوشتوونی !! ئەم دوو وتەیە چۆن ئەگونجێن؟. ئێمەیش لە وەلامدا ئەڵێن:

1ـ ئەو ئافرەتەی کە پێغەمبەر (ﷺ) کوشتی ئافرەتێك بوو بەردێکی دا بە موسڵمانێکدا و کوشتی، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ئافرەتەکەی کوشتەوە لە جیاتی خوێنی موسڵمانەکە [2].

ئەو ئافرەتەیش لە پێش چاوی پێغەمبەردا کوژرا و پێشی ناخۆش نەبوو، ئەوە لە ڕۆژی "حونەین" دا بوو، "ئیبنی عەبباس" باس ئەکات کە پێغەمبەر (ﷺ) بە لای ئافرەتێکی کوژراودا تێپەڕی، فەرمووی کێ ئەمەی کوشتووە؟! پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من لە جەنگ دەستم کەوتووەو خستمە پاشکۆی خۆم، تەماشا ئەکەم پەلاماری شیرەکەی دام کاتێ بینی ئێمە تێکشکاین تا بمکوژێ، من مۆڵەتم نەداو ئەوم کوشت، پێغەمبەر (ﷺ) پێناخۆش بوونی دەرنەبڕی.

ئەم دوو ڕووداوە وا مانا ئەبەخشن کە ئەو دوو ئافرەتە هەردووگیان بەشداری جەنگیان کردووە بۆیە کوژراون، لە پێشیشەوە وتمان هەرکەسێك بەشداری جەنگ بکات ئەوە ئەو کەسە بە جەنگکەر دائەنرێ با لە قۆڵی دواوەیشەوە بێت.

2ـ ئەو پیرەمێردەیش کە کوژرا ـ کە بوخاری و مسلیم ئەگێڕنەوە بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) کوشتی لە ڕۆژی "حونەین" دا ـ چونکە پیاوێکی وریاو زیرەك و خاوەن تەجروبە و دنیا دیدە بوو، بە تایبەت لە کاروباری جەنگدا شارەزا بوو، ئەوانیش ـ دوژمن ـ تەگبیرو ڕاوێژیان پێ ئەکرد ئەویش نەخشەی بۆ ئەکێشان.

ئاشکرایە کاروباری جەنگ لەسەر نەخشە ئەڕوات، وە نەخشە گرنگترین شتە لە جەنگدا، تەنانەت ئەو کەسەی نەخشەکە ئەکێشێ گرنگترە لە جەنگاوەرەکان... بۆیە لە

---

[1] ) ژیاننامەی پێغەمبەری مەزن (ﷺ) پارەزانی ( 389 ).

[2] ) سەیری : (( الرسول القائد ـ ﷺ ـ بکە ل170 جەنگی چاڵ ، بەشی / محاسبة القادرین .

جەنگەکەی نێوان موعاوییە و عەلی دا قەیسی کوڕی سەعد ـ پیاوێکی ناودارو خاوەن ڕای جەنگ بوو ـ چووە ناو لەشکرەکەی ئیمامی عەلییەوە، کاتێ موعاوییە ئەمەی بیست وتی: "لو امد علي بمثانية آلان مقاتل ماكان بأغيظ لي من ذلك" ئەگەر هەشت هەزار جەنگاوەرو سەرباز بهاتایە بۆ یارمەتیدانی عەلی بە ئەندازەی ئەوە پێم ناخۆش نەبوو کە "قەیس" هات بۆلایان.

3ـ لەناوبردنی و کوشتنی پیاوەکانی "بەنی قوڕەیزە"، لە فەرمووودەیەکی "صحيح"دا ـ کە ئیمامی مسلیم هێناویەتی ـ هاتووە... واتە ئەمە ڕاستیە کە پێغەمبەر (ﷺ) هەموو پیاوەکانی کوشت، بەڵام ئەمە کاتی تایبەتی خۆی بووە، وە هۆی تایبەتی وای داوا کردووە، چونکە لە یاسای دەوڵەتانی جیهاندا هەیە: "ان الضرورات تقدر تقديرا نسبيا يختلف باختلاف الاشخاص لتبرير الوسائل الصارمة". کە ناچاری و پێویستی دیاری ئەکرێ بە گوێرەی کات و زەلام وهۆکانی جەنگیی.

ئەو جوولەکانەیش هەر هەموویان هاتبوون بۆ لە ناوبردنی موسڵمانەکان لە جەنگی "خەندەق" دا.. هاتبوون بۆ ڕیشەکەنکردنی ئیسلام بەتەواوی، بەونیازەوە، ئیتر جارێکی تر بڕواداریك نەمێنێ، قورئانی پیرۆز ئەمە ئەخاتە پێش چاو: (إِذْ جَاؤُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتْ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا * هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالاً شَدِيداً * وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُوراً * وَإِذْ قَالَت طَّائِفَةٌ مِّنْهُمْ يَا أَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَارْجِعُوا وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ النَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَاراً) (الأحزاب: 10 ـ 13).

نیازێکی زۆر نامەردانەیان بوو.. هەڵسان بە سێ قۆڵی ـ بەنی قوڕەیزە و، قوڕەیش و، غەطەفان ـ هەرچی هێزیان بوو بەکاریان هێنا... بەڵام ئەوە بوو خوای گەورە جموجووڵەکەیانی بێ ناوەڕۆك کردەوە و ڕووخاندنی و نەی هێشت بگەن بەئاواتی بۆگەنی خۆیان.

ئەوان نیازیان ئەوە بوو، ئینجا کە موسڵمانەکان سەرکەوتن بەسەریاندا، ئەمیش ئاوای لەگەڵ کردن کە کردی[1]. بەڵێ ئیسلام خاوەنی عەفوو و لێبووردنە، بەڵام کاتی وا

[1] ) ئەی چۆن لەناویان نەبا ..؟ ئەوان لەگەڵ قوڕەیشدا و پارتەکانی تری ئەو سەردەمە دەستیان تێکەڵ کردو ئەوانیان هێنایە سەریان و شارەزاییان کردن، چونکە شارەزای ڕێگە و بانەکانی "مەدینە" بوون،

هەیە ـ ئەگەر لە دەستدرێژی دوژمنان بترسێ ـ ڕەوایە بۆی وەك ئەوان بكات، بەڵام هەركات دەسەڵاتی بوو و لە دەستدرێژی نەترسا ئەو كاتە عەفوو و لێبووردنەكەی ئەخاتە كار.

بەڵێ لە پێشەوە وتمان "مەدەنی" جەنگی لەگەڵ ناكرێ و دروست نییە دەستی بۆ ببرێ... ئەمە وایە بەمەرجی ئەوە دوژمن نەیانكات بە قەڵغان و لە پاڵ ئەواندا دەست بوەشێنێ... ئیتر بیخاتە پێشەوە، وەك ئەوەی "ئەڵمانیا" كردی بە دیلەكانی جەنگی یەكەمی جیهانی، ئەوە بوو دیلەكانی ئەخستە پێشی سوپاكەیەوە، خۆ ئەگەر مەدەنییەكانی كردە قەڵغان و لە دوایانەوە دەستی ئەوەشان، وەیا سەربازگەیان بردە پەنای دێهات و شارەكانەوە، ئەوە لەم كاتەدا دروستە دەست نەپارێزێ نە لە سەربازگەكە و، نە لە "مەدەنی" یەكان، چونكە ناگونجێ جەنگەكە لەبەر خاتری ئەوان بووەستێنرێ، ئەگینا دوژمن فورسەت دێنێ وخۆی ئەخاتە پەنای "مەدەنی" یەكانەوە و دەستی خۆی ئەوەشێنێ و ئەمیش لەبەرخاتری "مەدەنی" یەكان هیچی پێ ناكرێ. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بەرگری نەكرد لە هێرش بردنە سەر هۆزی "بەنی موصطە لیق"، وە لە دێهاتەكانی جوولەكە.

ئیسلامی پیرۆز ئا بەو شێوەیە ئەو فێڵ و تەڵەكەیەی دوژمن بەكاری ئەهێنێ بۆ لەناوبردنی ڕۆڵەكانی ئیسلام پووچەڵی ئەكاتەوە، پێش ئەوەی وڵاتە یەكگرتوەكان بەندی پانزەهەم دابنێن ساڵی 1861 ز و بڵێت: "ان ضرورات الحرب تجیز اتلاف العدو المسلح، وكل نفس وجدت اثناء النزال ولم یستطع انقاذها"[1]. ناچاری جەنگ لەناوبردنی دوژمنی چەك بەدەست بەڕەوا ئەدات، وە هەروەها هەركەسێكی تریش بێتە ناو گۆڕەپانی جەنگەوە و ڕزگاری نەكرێ، بێ ئەوەی لەناو ببرێن.

---

تەنانەت هەندێكیان خۆیان بەدزیەوە و ئەڕۆیشتنە ناو شارەوە بۆ ئەزیەت دانی خێزانی موسڵمانەكان ! ! ئیتر ئەو عەهدو پەیمانەی لە نێوانیاندا بوو لە بیریان چوویەوە و دەستیان نایە ناو دەستی پارتەكان بۆ لە ناوبردنی موسڵمانەكان. ئایا ئەگەر پارتەكان سەركەوتنیان بەسەر ئەماندا دەست بكەوتایە چییان پێ ئەكردن؟! ئایا لەناویان نە ئەبردن؟ كەوا بوو ئێستا ئەمانیش بۆچی تۆڵەی خۆیان وەرنەگرنەوە ؟ .

[1] ) حقوق الملل ، ل35 .

ئیسلام ئەم یاسایەی هەیە، وڵاتە یەکگرتووەکانیش هەیەتی، بەڵام ئەمەی ئیسلام ـ بێجگە لەوەی پێشی ئەو کەوتووە بەچەند سەدەیەك ـ جیا ئەبێتەوە لەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لای کەمی لەدوو ڕووەوە:

1 ـ بنەمای "بیستو پێنجەم" هەن لەبەندەکانی جەنگە وشکانییەکان بەڕەوا ئەبینێ گوللەبارانکردنی هەر شارو دێهاتێك بتوانێ کەم تا زۆر بەرگری لەخۆی بکات، بەلاوازو نەخۆش و منداڵ و پیرەمێرد و شتی ترەوە، گوایە بەو نیازە کە دوژمن ورەی نەمێنێ و لاواز ببێت و لەناچاریدا خۆی بدات بە دەستەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان ئەمەی بەلاوە پەسەندە کەچی ئیسلامی پیرۆز ـ وەك وتمان ـ بەلایەوە قەدەغەیە، بەڵکو تەنها جەنگ لەگەڵ ئەوانەدا ئەکات بەشداری جەنگەکە ئەکەن.

2 ـ ئەگەر وڵاتێك گەمارۆ درا ئەوە بەپێی یاسای دەوڵەتانی جیهان ـ لەم دواییانەدا نەبێ ـ دەرفەتی "مەدەنی" نادرێ دەرچێ و بڕواتە دەرەوە! ! کەچی ئیسلام بەلایەوە کارێکی پەسەندە و ڕێگە یان بۆ چۆڵ ئەکرێ تابڕۆنە دەرەوە و نەبن بە بەسووتەمەنی جەنگەکە.

بەڵێ، ئیسلام خاوەن سۆزو بەزەییە، بۆ لەناوبردن و قەلاچۆی کۆمەڵ نەهاتووە، بۆ لابردنی دەستدرێژی و ستەمی ستەمکاران هاتووە، دەی بە هەرئەندازەیەك بگونجێ لەوە زیاتر دروست نییە تێپەڕ بکرێ لێی.

یاسادانەرانی (دونیای خۆر ئاوا)یش ئەڵێن: (ان اعفاء بعض رعایا الدولة من اعباء لحرب لایزید علی مجرد خرافة دینية ـ ان صحت فیما مضی من الحروب ـ فلا یمکن أن تطبق علی الحروب الحدیثة).[1] عەفووکردن و لێبوردن لە هەندێ دانیشتوانی دەوڵەت لە ئەشکەنجە و ئازاری جەنگ، شتێکی پووچەڵ و ئەفسانەی ئاینیە، ئەمە ئەگەر کاتی خۆی ڕەوا بوو بێت، ئێستا هەر دروست و ڕەوا نییە پیادەکردنی لەگەڵ جەنگەکانی ئەمڕۆی جیهاندا! ! !.

---

[1] ) مذكرات سامی جنیسنة

دووەم: دیاریکردنی کەرەسەکانی جەنگ:

هەر کەرەسەیەك هۆی سەرکەوتن بێت بەسەر دوژمندا لە جەنگدا ئیسلامی پیرۆز بە ڕەوا و پەسەندی دائەنێت، بەپێی ئایەتی: (وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ ..).[1] مەگەر هۆیەك بێت ئەم زیانانەی لیَ بووەشێتەوە:

أ ـ گزیکاری و خیانەت بۆ دوژمن، ئەوە دروست نییە، چونکە پەیمان شکاندن صیفەتی دووڕوو "منافق"ە.

ب ـ زیان بەخش بێت بە کۆمەڵی موسڵمانان....

ج ـ کارێکی ناپەسەندی وا کە ئیسلام "ڕەفض" ی بکات و بەلایەوە دروست نەبێت بەکارهێنانی لەگەڵ ئادەمیزادا، وەك گویَ بڕین و لووت بڕین و... پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمیَ: "اياكم والمثلة ولو بالكلب العقور" خۆتان دوور بگرن لە ناشیرین و بیَ ڕێزکردنی "مثلة" (گیانلەبەران) تەنانەت لەگەڵ سەگی هاریشدا.

واتە: دوای ئەوە کە سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، نابیَ ناشیرینی بکەیت وەك گویَ بڕین و هەڵواسینی و ڕاکێشانی بەدوای ئوتومۆبیلدا و.... هتد.

**ئەمانەیش هەندێکن لەو کەرەسانەی لە ئیسلامدا بەکارهێنانیان دروستن**

1. چەکی سپی (الاسلحة البيضاء).
2. تۆپی قورس "القذائف الثقيلة".
3. بڕینی سەرچاوەی ئاو لە دوژمن "قطع المياه".
4. غەرق کردن و نوقم کردنی لە ئاودا "التغريق".
5. گەمارۆدانی دوژمن "حصار العدو".
6. کەمین دانان بۆی.
7. دانانی لوغم (مین) "بث الالغام".
8. سیخوڕی و جاسوسی "التجسس".
9. ناکۆکی و دووبەرەکی خستنە نێوان دوژمنەوە .[2]

[1] (الأنفال : 60 )

[2] ) وەك ئەوە کە "نوعەیمی کوڕی سەعد" هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی دایە کە بڕوای هێناوە و موسڵمان بووە، وە هێشتا گەلەکەی نەیانزانیووە . ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: "تۆ تەنها پیاوێکی

10ـ لەناوبردنی دارایی و سامانی دوژمن "ئەو ئەندازەیەی جەنگەکە داوای بکات".

ئەمانەش ئەوانەن کە دروست نییە بەکارهێنانیان:

1ـ گازی ژەهراوی "الغازات السامة".

2ـ گازی تاساندن "الغازات الخانقة".

3ـ ئەو تۆپانەی دەبنە هۆی بریندارکردنی دوژمن، برینێکی ئێش پێگەیەنەر بێ ئەوەی پێویست بێ بەکارهێنانی.

4ـ داوای یەك کەوتن بە درۆوە "المفاوضة بالخداع".

5ـ جلوبەرگ لەبەرکردنی دوژمن، بۆ ئەوەی سەری لێ چەواشە ببێ و نەتناسێ.

6ـ داگیرکردنی ماڵی دوژمن "المصادرة".

ئەمانە و هەندێ هۆکاری تریش هەن دروست نییە بەکارهێنانیان.

---

ـ واتە ئەتوانی خۆت کەنار بگری لە ئێمە بۆ ئەوەی کەس نەت ناسێ ـ کەوابوو تا ئەتوانی با پێت نەزانن، چونکە یەکێ لە هۆ جەنگیەکان بەکارهێنانی وردە کاری و فێڵە بەرانبەر بە دوژمن".

نوعەیمیش لێداو ڕۆیشت بۆ ناو "بەنی قورەیزە" ـ کە کاتی خۆی هاوپەیمان بوون ـ پێی وتن: ئێوە خۆ ئەزانن من تا چ ئەندازەیەك خۆشەویستم بۆتان بیستوومە لەگەڵ قورەیش و غەطفان" دا پەیمانتان بەستووە سەبارەت بە جەنگ کردن لەگەڵ موحەممەدا !! دیارە "وەك خۆتان ئەزانن: ئەوان وەك ئێوە نین ، ئەم شارە شاری ئێوەیە ماڵ و خێزانی ئێوەی تیایە، بەڵام (قورەیش) و (غەطەفان) ئەگەر دەستکەوتیان بوو ئەوا باشە، ئەگینا ئەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و دەست لە ئێوە هەڵ ئەگرن و ئەو کاتە ئێوەو موحەممەد ئەمێننەوە ، دیارە دەرەقەتیشیان نایەن. کەوابوو یارمەتیان مەدەن تا بارمتەیان لێ وەرنەرگن، بەنی قورەیزە وتەکەیان بەلاوە پەسەند بوو، ئینجا هەڵساو لێدا ڕۆیشت بۆ لای قورەیش وتی: "بیستوومە کە "بەنی قورەیزە" پەشیمان بوونەتەوە و ناردویانە لای موحەممەد و وتوویانە: ئەگەر ئێمە هەندێ لە پیاوە ناودارەکانی (قورەیش) و (غەطەفان) بێنین تۆ بدەی لەگەردنیان لێمان خۆش دەبی ؟! ئەویش بەڵێنی پێ داون. کەوابوو ئەگەر قورەیزە داوای بارمتەیان کرد لێتان تەنها پیاوێکیان نەدەنێ" .

هەر بەو چەشنە ڕۆیشتە لای غەطەفان)یش ... ئینجا قورەیش و هاوپەیمانەکەی ناردیان بۆ یارمەتی و ئامادە بوون بۆ لای بەنی قورەیزە، ئەوانیش داوای بارمتەیان کرد !! کە ئەمەیان بینی وتیان: بەڕاستی نوعەیم ڕاستی وت!! بارمتەیان نەدا، بەنی قورەیزەیش وتیان: بەڕاستی نوعەیم ڕاستی وت!!. ئیتر پارتەکان ناکۆکی کەوتە نێوانیان و متمانەیان بە یەکتری نەما. دیارە پەرتەوازەیی ڕووی کردە هەرتاقمێك زوو تیا ئەچێت .

ئینجا پشت بەخوای گەورە درێژە ئەدەین بە چوار خاڵ لەوانەی باسمان کردن لەسەرەوە، لە دروست و نادروستەکان.

1ـ سیخوڕی "التجسس"

2ـ حرب الاعصاب

3ـ اتلاف ممتلكات العدو

4ـ مصادرة مايوجد منها يلادنا

**سیخوڕی**

وشەی "جاسوسی" و سیخوڕی وشەیەکە دەروونی هەموو ئادەمیزادێکی زانا و بەویژدان بێزاری لێ ئەکات، هەرگیز دڵی بۆی لێنادا، چونکە کاری پیاو نییە، پیاو ئەوەیە بە عەرەقی ناوچەوان و هێزی باسك نان پەیدا بکات، نەك وەك مشکی جەواڵدڕ خۆی داگرێ لەم و لەو تا قسەیەکیان لێ بدزێ و بیبا بۆ ئاغاکەی و ئەویش خەڵاتی بکات!! خەڵات لەسەرچی؟ لە پێناوی چیدا؟ لە پێناو ئایین فرۆشتندا !! خۆفرۆشتندا!! نیشتمان فرۆشتندا!!.

"سیخوڕی" ی ئەوەندە ناشیرینە دەروون پیێ ی تاریك و ڕەش ئەبێت، بەڵام چونکە جەنگ کاتێکی تایبەتی خۆی هەیە و لە نائاسایشدا ڕووئەدات، لە ناچارییدا ڕوو ئەدات، ئیسلامی پیرۆز بە ڕەوای دائەنێت، "بەو مەرجە ڕەوا بێت".

ئاشکرایە هەموو فەرماندە و ئامێرێکی سەربازی ئەبێ وریایی و ئامادەیی خۆی دەربڕێ بۆ زاڵ بوون بەسەر دوژمندا، ئەمەیش بەوە ئەبێت بزانێ چۆن هەنگاو هەڵئەگرێ و سوپاکەی چۆن دایمەزرێنێ و لە کوێیدا سەربازگەی بۆ بکاتەوە و چۆن بڕواتە سەر دوژمن؟ چەند هێزو سوپای ئەوێ؟ ئەمانە و هەرچی تریش پێویستی جەنگن... هەر لەبەر ئەمەیە هەموو سوپایەك ـ کۆن و تازە ـ کۆمەڵە سیخوڕێکی بووە بۆ ئەوەی ئەندازەی دوژمنی بۆ دەست نیشان بکات لە ڕووی ئەندازەو هێزو دەسەڵاتەوە. بۆ ئەمەیش پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر لەسەرەتاوە خۆی ئەمەی بەکارهێناوە وەك هۆیەك بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، بەڵگەیشمان:

أ- له ڕۆژی "حونەین" دا پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوو حەدرەدی ئەسلەمیی نارد بۆ ناو دوژمن تا بزانێ چی ئەکەن و خەریکی چین.. [1]؟ ! !.

ب ـ له جەنگی خەندەقدا پێغەمبەر (ﷺ) حوزەیفەی کوڕی یەمانی نارد فەرمووی: "ادخل في القوم فانظر ماذا يفعلون، ولا تحدثن شيئا حتى تأتينا به". بڕۆرە ناو دوژمن و ورد بەرەوە و بزانە خەریکی چین و چی ئەکەن؟ "هەرچیت بۆ دەرکەوت" لای کەس باسی نەکەیت تا دێیتەوە بۆ لامان.

ئەمانە و چەند ڕووداوی تریش وانیشان ئەدەن کە پێغەمبەر (ﷺ) هیچ کات دانەنیشتووە و چاوەڕوانی نەخشەی "قەدەر" بێت، بەڵکو هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا چی بوو بێت بەکاری هێناوە، کەوابوو "سیخوڕی" لەجەنگە ئیسلامییەکاندا ڕەوایە. دەوڵەتە تازەکانیش بەڕەوایان داناوە و بەلایانەوە دروستە بەکارهێنانی ئەو هۆیانە ئەبنە هۆی وەرگرتنی "زانیاری" لە دوژمن و، لە گۆڕەپانی جەنگدا "فقد نصت المادة (23) من لائحة الحرب على جواز استعمال الوسائل اللازمة للحصول على معلومات عن العدو، وعن ميدان القتال" [2].

ئینجا ئەم سیخوڕە پێویست ناکات موسڵمان بێت، وە پێویست ناکات سەربازێك بێت لەناو سوپای ئیسلامدا، بەڵکو ئەگەر موسڵمان نەبێت و لە دوژمن خۆی بێت پتر سەرکەوتوو ئەبێت بەسەر ئیشەکەیدا و ئەتوانێ بڕواتە ناو کۆمەڵ و کۆڕەکانەوە... دیارە بۆ ئەم کارەیش دروستە لە بوودجەی موسڵمانان شتێکی بۆ دیاری بکرێ لە بەرامبەر کارەکەیەوە بەڵگەیشمان ئەمەیە: پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ "ئەبوو بەکر" دا (خوا لێی ڕازی بێت) کاتێ کۆچیان کرد لە "مەککە" وە بۆ "مەدینە" پیاوێکی "موشرك" یان بەکرێ گرت... تا شارەزای ڕێگەیان بکات و بیان گەیەنێتە جێگەی خۆیان، کەوابوو جاسووسیش، ئەگەر جێگەی متمانە و بڕوا پێکراو بوو دروستە

---

[1] ) ئەویش ڕۆیشت و هاتەوە هەواڵەکەی گەیاند کە: هۆزی "هەوازن و سەقیف" لە شیوی "ئەوتاس"ن و خۆیان ئامادە کردووە بۆ هێرش هێنانە سەر موسڵمانەکان، ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) بەپەلە بڕیاری هێرشی دەرکرد بۆ سەریان پێش ئەوەی ئەوان بێن بەسەر ئەماندا .

[2] ) مذكرات لسامي جنينة ، ل74 .

ناموسڵمان بێت. بەڵێ ئیسلام پەنجەی ڕاکێشاوە بۆ هەر شتێك هۆی سەرکەوتن و شۆڕش بێت، پێش ئەوەی قەوارەی سیاسی "خۆرهەڵات و خۆر ئاوا" لە دایك بن، بۆیە بەسەربەرزییەکەوە بە دەنگی زوڵاڵەوە ئەڵێین ئیسلام "دین و دەوڵەتە، دین و ژیانە".

## سزادانی سیخوڕ

لەچەند ڕووداوێکدا هاتووە و دەرکەوتووە کە دروستە ئازارو سزای جاسووس بدرێ بە پێی قەبارەی تاوانەکەی، نەك لەوە زیاتر:

ڕووداوی یەکەم:

بوخاری و موسلیم ئەیگێڕنەوە لە "سەلەمەی کوڕی ئەکوەع" وە ئەڵێت: "غزونا مع رسول الله هوازن، مبينا نحن نتضحى "اي نأكل ضحى: اذ جاء رجل على جمل احمر فأناخثم تقدم يتغدى مع القوم، وجعل ينظر _ وفينا ضعفة "حالة ضعف وهزال" ورقة في الظهر، و بعضنا مشاة _ إذ خرج يشد، فأتى جمله، فقعد عليه فانافه، فاشتد به الجمل "زاد البخاري ان النبى _ ﷺ _ قال: "اطلبوا فاقتلوه". قال: سلمة: وخرجت اشتد... حتى اخذت بخطام الجمل فأنخته، فلما وضع ركبته في الأرض إخترطت سيفي فضربت راس الرجل فنذر (سقط) ثم جئت بالجمل اقوده عليه رحله وسلاحه"[1]. واتە: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشتین بۆ سەر هۆزی "هەوازن" کاتێ خەریکی نانخواردنی بەیانی بووین لە چێشتەنگاودا... سەیر ئەکەین حوشتر سوارێك هات و حوشترەکەی یخ داو هاتەپێشەوە دەستی کرد بە خواردن لەگەڵ خەڵکەکەدا، (ئەبینین) سەیر ئەکات "ئێمەیش لاوازی و بێدەسەڵاتیمان پێوە دیار بوو بەپەلە بۆی دەرچوو سواری حوشترەکەی بوو و بە توندی لێی خوڕی "بوخاری ئەمەیشی بۆ زیاد کردووە". پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دوای کەون و بیکوژن" سەلەمە ئەڵێت: منیش بەپەلە دەرچووم بۆی و جڵەوی حوشترەکەیم گرت و خەواندم. کاتێ ئەژنۆی خستە زەوی شیرم لێ کێشاو دام لەسەری و کەوتە خوارەوە، ئینجا هاتم حوشترەکەیم لێخوڕی بە بارو چەکەکەیەوە و هێنامەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).

ئەم جاسووسە کوژرا، ئاشکرایە موسڵمان نەبوو و خاوەن پەیمان و پەنا هەندەیش نەبوو لەلایەن موسڵمانەکانەوە، ئەوە بوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا بە کوشتنی و دەستبەجێ فەرمانەکەی جێبەجێ کراو کوژرا.

---

[1]) شرح مسلم ، (ج1 ل67 ) .

کەوابوومانای وایە جاسووس با ناموسڵمانیش بێت هەر ئەکوژرێ.

ڕووداوی دووەم:

پێشەوا "ئەحمەدو ئەبوو داود" لە "فوڕاتی کوڕی حەیانە" وە ئەگێڕنەوە کە: "ان النبی (ﷺ) امر بقتله وکان ذمیا، وکان عینا لأبی سفیان، وحلیفا لرجل من الانصار، فمر بحلقه من الانصار فقال: انی مسلم، فقال رجل من الانصار: یارسول الله انه یقول: انه مسلم، فقال رسول الله (ﷺ) ان منکم رحالا نکلهم الی ایمانهم منهم فرات بن حیان".

پێغەمبەر (ﷺ) فرمانی دا بە کوشتنی "فورات"، لەکاتێکدا ئەهلی "زیممە" بوو و جاسووسی ئەبوو سوفیان بوو، وە هاوپەیمانی پیاوێکی "ئەنصار" یی بوو بەلای کوڕێك لە ئەنصاردا تێپەڕی "ویستیان فەرمانەکەی پێغەمبەرجێ بەجێ بکەن و بیکوژن" وتی: من موسڵمانم، ئینجا پیاوێکی ئەنصار وتی: ئەی پێغەمبەری خوا: ئەڵێ موسڵمانم "واتە: چی لێبکەین، بیکوژین یان نەء" پێغەمبەریش فەرمووی: هەندێکتان ئەدەینە دەستی باوەڕەکەی، جا فوڕاتیش یەکێکە لەوانە. واتە کە بڕوای هێناوە لێی گەڕێن و مەیکوژن.

ئەم ڕووداوەیش ئەو وانەمان ئەداتێ کە جاسووسی ئەهلی زیممە دروستە بکوژرێ، چونکە ئەوە بوو بۆ یەکەمجار فەرمانی دا بەکوشتنی، بەڵام کە بڕوای هێنا فەرمانەکەی هەڵوەشاندەوە.

ئەبویوسف (خوا لێی ڕازی بێت) لەم ڕووداوە وە ئیجتهادی کردووە وەریگرتووە، بۆیە کاتێ هارونە ڕەشید پرسیاری ئەوەی لێکرد کە ئایا دروستە جاسووسی ئەهلی زیممە بکوژرێ؟ ئەویش فەتوای بۆ داو فەرمووی بەڵێ: "وسألت یا امیر المؤمنین عن الجواسیس یوجدون من اهل الذمة، او أهل الحرب.. فاضرب اعناقهم" [1].

ڕووداوی سێهەم:

بوخاری و مسلیم لە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیبەوە ئەیگێڕنەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) ئیمامی عەلی و زوبەیری لەگەڵ میقداد ناردوو فەرمووی: "انطلقوا حتی تأتوا روضة خاخ فإن بها ضعینة و معها کتاب فخذوه منها.. فأتینا به رسول الله فإذا فیه: من حاطب بن ابی بلتعة الی ناس من اهل مکة...". واتە: بڕۆن تا ئەگەنە "ڕەوضە تی خاخ" [2].

---

[1] ) الخراج لابی یوسف ل226 .

[2] ) بە جێگایەك ئەڵێن نزیك بە شاری مەککە .

ئافرەتێکی حوشتر سواری تێدایە "ئەیەوێ بەرەو شاری مەککە بڕوا" و کاغەزێکی پێیە، بڕۆن بە خێرایی لێیوەرگرن، وە "مەهێڵێن بڕواو دەرچێ"، ئەوانیش بەپەلە ڕێگەیان گرتە بەرو گەیشتنە ئەوێ و نووسراوەکەیان لێ وەرگرت، ئیمامی عەلی ئەفەرمێ: ئینجا هێنامان بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) سەیر ئەکەین (حاطەبی ئەبوو بەلتەعە) ناردوویەتی بۆ کۆمەڵێ لە "مشرك" ەکانی قوڕەیش و هەندێ هەواڵی موسڵمانەکانی نووسیووە بۆیان "وەك جاسووسێك".

ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: حاطب ئەمە چییە؟ ئەویش وتی ئەی پێغەمبەری خوا پەلەم لێ مەکە، "هەندێ بڕووبیانوی هێنایەوە" عومەر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا مۆڵەتم بدە با بدەم لە گەردنی ئەم ناپاکە، پێغەمبەر فەرمووی: نە ئەم پیاوە کاتی خۆی ئامادەی غەزای "بەدر" بووە "شتی وانەکەیت و شتی وایش نەڵێت پێی" تۆ چووزانی کاتی خۆی خوای گەورە بە چاوی ڕێزو سۆزەوە سەیری ئەهلی بەدری کردووە و پێی فەرموون: "اعلموا ما شئتم فقد غفرت لكم" بڕۆن چی ئەکەن بیکەن ئەوا لێتان خۆش بووم.

لەم ڕووداوی سێهەمدا ئەوەمان بۆ ڕۆشن بوویەوە کە جاسووس با موسڵمانیش بێت دروست و ڕەوایە تۆڵەی لێ وەربگیرێ بە کوشتن، هەرکات لەبەر بەرژەوەندی کۆمەڵێك جووڵایەوە، ئەوە بوو عومەر ویستی بیکوژن، پێغەمبەر نەی فەرموو دروست نییە بکوژرێ لەبەر ئەوە کە موسڵمانە، بەڵکو هەستا بیانوو و بەرگرییەکی تری باس کرد بۆ کوشتنەکەی ئەویش ئەوە یە: ئامادەی "بەدر" بووە.

بەکورتی: ئەو موسڵمانانەی جاسووسی ئەکەن بۆ دوژمن، سەبارەت بە کوشتنیان دەستەی زاناکان تیایدا قسەیان جیاوازە:

أ ـ ئیمامی شافیعی و ئیمامی مالیك (خوا لێیان ڕازیی بێت) ئەفەرموون: کاروباری ئەدرێتە دەست ئیمام و پێشەوا بۆ ئەوەی چی بەلاوە پەسەند بوو بەرامبەری بیکات.

ب) (ئیمامی ئەوزاعیی) ئەفەرموێ: "شار بەدەر "نەفی" ئەکرێت، وەیا "تەعزیر" و سەرزەنشت ئەکرێ بەپێی هەڵبژاردنی ئیمام.

ج) (ئیمامی ئەبوحەنیفە) ئەفەرموێ: ئەکرێتە بەندیخانەوە.

خوێنەری بەڕێز:

لەڕاستیدا ئازارو ئەزیەتدانی جاسووس _ موسڵمان بێت، ئەهلی زیممە بێت، وەیا ناموسڵمان بێت _ ئابەو شێوەیە زۆر جێگەی خۆیەتی بەتایبەت کەسێك هەستێ خۆی بکات بەئامێری دەستی دوژمن و جاسووسی بۆ بکات بەسەر برا موسڵمانەکانییەوە و قسەیان لێ بدزێ و بیانبات بۆ ئاغاکەی ! !.

جاسووسی کارێکی زۆر قێزەون و، ئیشێکی زۆر نامەردانەیە و، نامرۆڤانەیە بۆیە، ئیسلامی خاوەن بەزەیی، بەهیچ شێوەیەك بەزەیی پیایاندانایەتەوە و لەسەر زەویدا ناهێلێ بژین.

کەوابوو داوا لە هەموو براو خوشکێك ئەکرێ خۆیان نەکەنە سووتەمەنی دۆزەخ لە قیامەتدا، لە دنیایشدا لاپەڕەیەکی ڕەش بۆ خۆیان تۆمار نەکەن وخۆیان نەخەنە بەر نەفرینی مێژوو و خەڵکی.

## کوشتنی کتوپڕی "القتل غيلة"

یەکێ تر لەو خاڵە گرنگانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هێناویەتی بۆ کۆمەڵی ئادەمیزاد مەسەلەی "ئیغتیال"ە، واتە یەکێ بنێرێتە وڵاتی دوژمنەوە بە نێهنی، وەیا بە ئاشکرا بڕواتە ناویانەوە و ئینجا وا نیشان بدات کەلەسەر ئایینی ئەوانە، وەیا دڵسۆزیانە تاهەلی بۆ هەڵکەوێ، ئەوجا ئەوەی مەبەستی بێت بیکا... ئەمە لە یاسای ئیسلامدا ناڕەوایە و نا دروستە، یەکێ لە زاناکانی ئیسلام - کە بە مەزهەبی ئیمامی مالیك ڕەفتار ئەکات - بە ئاشکرا دان بەم کارەدا ئەنێ و ئەڵێت: "وليس منها (يعني الخدع الجائزة أثناء الحرب) أن يظهر لهم أنه منهم او على دينهم أوجاء لنصحهم حتى إذا وجد غفلة نال منهم فهذه خيانة لاتجوز"[1]. واتە لەو یاسا جەنگییانە نییە کە چاوپۆشی تێدا کراوە بەکارهێنانیان لە کاتی جەنگدا ئەمە کە: کەسێك بڕواتە ناو دوژمنەوە و هێمنیان بکاتەوە و خۆی وا نیشان بدا کە ئەندامێکە لەوان، یاخود دڵسۆزی ئەوانە... تا هەلی بۆ دەست بدات ئینجا مەبەستەکەی جێبەجێ بکات، ئەوە ناپاکییەو دروست نییە.

یاسای دەوڵەتانی جیهانی ئەمڕۆیش دەستیان ڕاکێشاوە بۆی و لەمادده (23) دا ئەڵێت: ئەوە دەوڵەتەی جەنگ ئەکات لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا بۆی ڕەوا نییە پیاوێك

---

[1]) قوانين ابن حزم ،ل155 .

بنێرێ ـ بەکرێ بێت یا بە خۆڕایی ـ بۆ کوشتنی یەکێ لە ئەندامی دەوڵەتەکەی تر بەبێ ئاگاو بەنهێنی. ئەم یاسایەیان داهێنا... بۆیە ئینگلترە کاتێ جەنگا لەگەڵ "سودان" دا سامانێکی دیاری کرد بۆ ئەوەی بڕوا "کەللە سەر"ەکەی "عثمان دجنە" ـ یەکێ لەسەرکردەکانی سوپاکەی مەهدی ـ بێنێ.. لەلایەن دەوڵەتانەوە ڕەخنەی هاتە سەر ناچار بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە [1].

**جەنگی دەروونی**

لە سەدەکانی ئەم دواییەدا بەڕەوا بینراوە بەکارهێنانی هەر هۆیەك ببێتە هۆی بێ هێز بوونی دوژمن، لە قسە، لەکردار، تەنانەت با درۆیش بێت، وە بۆ ئەم مەبەستە هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندن (اعلام)، تەنانەت بڵاو کردنەوە و فرێدانی بەیان بە فرۆکە و شتی وا بە ڕەوا دراوە، وە لەم ڕێگەدا دارایی و سامانێکی زۆر خەرج ئەگرێ... تەنانەت لە زۆربەی دوڵەتاندا "وەزارەت" کرا بوویەوە بۆ ئەم مەبەستە، تا لەم دوا دواییەشدا پیان ئەوت وەزارەتی پڕوپاگەندە.. جا لەبەر ئەمە زۆر بە دەگمەن مرۆڤ هەواڵی ڕەوان و ڕاستی وەرئەگرت بەدەم ئەو دوو دەوڵەتەوە، هەرکامێکیان بگری باسی سەرکەوتن و بەختیاری خۆی ئەکات لەبەرەی شەڕەکاندا، وە باسی تێکشکاندنی ئەوی تر ئەکات ! ! !.

ئەم (جەنگی دەروونیە) هەموو دەوڵەتانی جیهانی ئەمڕۆ بەلایانەوە پەسەندە و بەکاریشی ئەهێنن، با بزانین ڕای ئیسلام چۆنە سەبارەت بەم کردەوەیە؟ بەڵێ ئیسلام پێش ئەوەی دەوڵەتان دروست بن پەنجەی بۆ ئەم مەبەستە ڕاکێشاوە و بەلایەوە دروستە، چونکە هەرچی هۆی تێ شکاندنی دوژمن بێت بەکارهێنانەکەی ڕەوایە، دەی ئەم جەنگی پڕوپاگەندەیە یەکێکە لەو هۆیانە، بەڵگەیشمان:

أ ـ ئەو فەرمودانەن کە مۆڵەتی درۆکردن ئەدەن لە جەنگەکاندا: وەك ئەو فەرموودەی بوخاری ومسلیم ـ لە ئوممی کەلثومی عەقەبەوە ـ ئەیهێنن: "لم اسمع النبی (ﷺ) رخص في شئ من الکذب مما یقول الناس الا في الحرب، و الاصلاح بین الناس وحدیث الرجل امرأته، وحیث المرأة زوجها". واتە نەم بیستووە پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی درۆکردن بدات لە سێ

---

[1] ) مذکرات لسامی جنیه ، ل72 .

شتدا نەبێت: لە جەنگدا، لە یەکخستنی نێوان خەڵکدا، قسەی پیاو بۆ خێزانی، یان ئافرەت بۆ مێردەکەی.

ب ـ لە جەنگی (مۆتە) دا خالیدی کوڕی وەلید شێوەو شێوازی سوپاکەی گۆڕی و ئاڵوگۆڕی هێنا بەسەر لەشکرەکەیدا و بەشی لای ڕاستی خستە لای چەپەوە، چەپی خستە لای ڕاستیەوە، بەشی پێشەوەیشی گۆڕی، ئینجا بەم ئاڵوگۆڕە دوژمن لێی تێکچوو وایزانی کە سوپای موسڵمانان یارمەتیان بۆ هاتووە، ئیتر ترسیان لێ نیشت و ئەوە بوو سەرئەنجام تێکشکان [1].

بەڵێ ئەمانە و وێنەیان نموونەی ئەوەن کە بەکارهێنانی فێڵ لە جەنگدا شتێکی ڕەوایە و دروستە، وە ئەبێ سەرکردەو فەرماندەکان وریاو زیرەك بن بۆ بەکارهێنانی هۆی سەرکەوتن.

## لەناوبردنی دارایی و سامانی دوژمن

ئەم جۆرە کردەوەیە لەکاتی جەنگدا نەبێت دروست نییە، چونکە دوای ئەوە کە جەنگەکە کپ بوویەوە هەرچی بکرێ لەگەڵیدا ئەبێتە هۆ بۆ لەناوبردنی دارایی بە ناهەق و بێجێ... دیارە ئەمەیش نە "شەریعەت" و نەژیری نایسەلمێنێ، لەناوبردنی شتوومەکی دوژمن لەکاتی جەنگەکەدا ئەبێ بەسێ بەشەوە:

یەکەم: ئەوەیە جەنگەکە بێ لابردنی ئەو شتانە بەرێکوپێکی ناڕوا.... وەك ئەو شتانەی ئەبنە کۆسپ لە گۆڕەپانی جەنگەکەدا، یا لە ڕێگەدا، وەیا دوژمن لە پشتییەوە خۆی قایم ئەکات، وە هەروەها...

ئەم جۆرەیان دەستەی زاناکان هەموویان قسەیان یەکە لەوەدا کە دروستە، بۆیە "ئیبنی قدامە" ئەفەرمێت: "هذا یجوز اتلافە بغیر خلاف نعلمە". [2] بێ جیاوازی زاناکان دروستە لەناوبردنی ئەم جۆرە "ممتلکات"ەی دوژمن. نەك هەر ئەمەندە، بەڵکو هەندێ کات واجیب و پێویستە. وەك ئەوە کە ڕێگەی سەرکەوتن تەنها لەوێوە بێت.

دووەم: بەرژەوەندی داوا ئەکات بهێڵرێتەوە... وەك ئەو شتانەی فەوتاندنیان ئەبێتە زیان بۆ موسڵمانەکان، وەك ئەو عەمارە ئاوانە (الخزانات المائیە) کە ئەگەر لەناو ببرێن

---

[1] ) فتح الباری ( ب7 ل361 ) .

[2] ) المغنی ( ب10 ل509 ).

موسڵمانەکان تووشی بێ ئاوی و شتی وا ئەبن... ئەمەیشیان زاناکان قسەیان یەکە بۆ دروست نەبوونی لەناوبردنی، چونکە بەزیانی موسڵمانەکان تەواو ئەبێت.

سێهەم: بەرژەوەندی جەنگەکە نەداوای هێشتنەوەی ئەکات، نە داوای لەناو بردنی ئەکات، وەك کشتووکاڵ و مەزراکان... ئەم جۆرەیان لەسەر فەرموودەی ڕاستی زانایان دروست نییە لەناوبردنی، چونکە فەوتاندنەکەی - بەرژەوەندی جەنگەکە داوای ناکات - تەنها خراپەکاری و "افساد" ە، واتە هیچ سوودێکی تێدا نەبوو، لە قورئانیشدا زۆر جار بەرگری کردنی هاتووە لە "خراپەکاری"، (..وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ).[1]

لەپێغەمبەریشەوە (ﷺ) هاتووە - کاتێ سوپایەکی ئەنارد بۆ قۆڵێك - : "لا تهدموا بيتا، ولا تعقرن شجرة، إلا شجرا يمنعكم قتالا، او يحجز بينكم وبين المشركين" .[2]

نەماڵ بروخێنن، نە درەخت ببڕن، درەختێك نەبێ نەهێڵێ جەنگەکە بکەن... ماناى وایە هەردارو درەختێك ڕێگەلە سوپاکە بگرێت لەوەی دەستی بگاتە دوژمن ئەوە دروستە لەناوبردنی "الا شجرا يمنعكم قتالا...".

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ماڵەکانی جوولەکەی "بەنی نەزیر" ی سووتاند، هەندێ دارودرەختی ببڕین... یا بۆیە بە "مەنجەنیق" تۆپبارانی (تائیف) ی کردو هەندێ لە باخە ترێکانی بڕین[3] .. چونکە جەنگەکە بێ ئەم کارە سەرکەوتوو نەئەبوو بۆیە پێی هەڵسا ئەگینا هەروا لەبەر ئارەزووی دەروون و نەفس دروست نییە.

## ئایا لەناو بردنی قوتابخانە و شوێنەوارە کۆنەکان دروستە؟

بەڵێ، لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەر شتێك ببێ بەهۆی دواکەوتنی بەدەستهێنانی سەرکەوتن و لەناوبردنی دوژمن دروستە بەکارهێنانی، کەوابوو ئەگەر قوتابخانەیەك دوژمن سوپاو سەربازەکانی تێ برد، وەیا کردنی بە جبەخانە ئەوە هیچ تاوانی تیانییە لەناوبردنی ئەو جۆرە شوێنانە... نەك هەر ئەمەندە، بەڵکو واجیب و پێویستە.

---

[1] (الأعراف : 74 )

[2] ) سنن البيهقى

[3] ) سنن البيهقى .

## لەناوبردنی ئاژەڵ و گیانلەبەر

ئایا ڕەوایە لەناوبردنی ئاژەڵ وگیان لەبەری دوژمن؟ هیچ گومانی تێدا نییە کە زاناکان هەموویان یەك دەنگن لەم باسەداو بەلایانەوە دروستە کوشتن و سەربڕینی ئاژەڵی دوژمن بۆ خواردن، وەیا هەر بۆ لەناوبردنی، بۆ ئەوەی دوژمن زەبوون و بێ بەش و لات بکەوێ. (وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ ..).[1] بەڵام ئەو ئاژەڵەی کە گۆشتی ناخورێ و دوژمنیش بەکاری ناهێنێ بۆ جەنگ، ئەوە بەلای هەندێکەوە دروستە لەناو ببرێن، وە بەلای هەندێکی تریانەوە دروست نییە.

## دەست بەسەراگرتن (المصادرە)

ئەو دەوڵەتەی جەنگ ئەکات لەگەڵ دەوڵەتێکی ترداو سامان و دارایشی هەیە لای ئەم دەوڵەتەکەی تر دروستە بۆ ئەم دەوڵەتە ئەو دارایی و سامانەی لێ داگیر بکات و دەستی بەسەرا بکێشێ...؟.

ئەوانەی توێژینەوەی یاسای دەوڵەتان ئەکەن ئەڵێن: ڕەوایە بۆ هەر دەوڵەتێك جەنگی بوو لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا هەرچی هەیە بەلایەوە داگیری (مصادرە) بکات، واتە موڵکە گشتییەکان (الاملاك العامە) بێجگە لە قەرز، ئەوە هەرچەند دروستە بۆ ماوەی جەنگەکە دەست بکێشرێ بەسەریا، بەڵام بۆ هەتا هەتایی نابێ داگیر بکرێ، ئەمە و هەندێ شتی تریش کە لە یاسای دەوڵەتانا ڕۆشن کراوەتەوە.

ئینجا سەبارەت بە موڵکی تایبەتی، واتە ئەو شتانەیماڵی چەند کەسێکی تایبەتین لە دوژمن ئەوە ئەگەر بەکارئەهێنران بۆ بەرژەوەندی دوژمن ئەویش دەست ئەگیررێ بەسەریا تا جەنگەکە تەواو ئەبێت، ئەوجا ئەدرێتەوە بە خاوەنەکەی.

دوای ئەمە با بزانین بیرو ڕای ئیسلام چۆنە لەم باسەدا... ئایا ئەم کارە بە پەسەند ئەزانێ، وەیا بەستەم و داگیر کردن و زەوت کردن؟

1ـ بەڵێ کاتی خۆی هەندێ کەس ئەهێنرانە خاکی ئیسلامەوە بەناوی (وەفد)ەوە. بەماڵ و سامانەوە ئەهاتن دیارە بە شێوەی ڕەسمی وپاساپۆرتەوە، دەستەیەك بوون کە سەرپەرشتی ئەو جۆرە کارانە بکەن، جا کە مۆڵەتی کەسێکیان بدایە ئەوە لە ماذای

---

[1] (الأنفال : 60 )

پاساپۆرتی ئێستەدا بوو... کەوابوو خۆیان و ماڵ و سامانیان پارێزراو ئەبوو لە هەموو دەستدرێژییەك بە پێی ئەندازە و ماوەی ئەو مۆڵەت و پاساپۆرتەی بۆی کراوە.

بەکورتی:

ئەو بێگانانەی هاتوونەتە وڵاتی ئیسلامەوە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە دەست ببرێ نە بۆ خۆیان و نە بۆ دارایی و سامانیان.

2ـ هەندێ کات ڕێك ئەکەوێ ئەو بێگانانە خۆیان ئەڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و سامانەکەیان بەجێ دێڵن لای وەکیلەکانیان... بۆ ئەمەیشان هەرچوار پێشەواکان لەسەر ئەوەن کە مۆڵەت و (ئەمان) ەکە هەڵناوەشێتەوە سەبارەت بە ماڵەکە، چۆن بووە هەروا ئەمێنێتەوە، هیچ کەسێك بۆی نییە دەستی ناپاکی بۆ ببات.

3ـ ئەگەر کەسێکیان لێ مرد یەکسەرە کەلەپوورەکەی ئەڕوا بێ میراتگرەکان و هیچ کەسێك بۆی نییە لێیان داگیر بکات بە بیانووی ئەوەوە کە گوایا خاوەنە بنەڕەتیەکەی مردووە و کەوا بوو ئێستا داگیر بکرێ.

خۆ ئەگەر میرات بەریان نەبوو، ئەوە ئەو سامانە ئەبێتە ماڵی دەوڵەت، وەك چۆن ئەهلی زیممەیەك بمرێ و میراتبەری نەبێت، ئەمیش ئاوا. جا ئەم مردنە مردنی سروشتی بێت، یا بکوژرێ جیاوازی پەیدا نابێت لەحوکمەکەی پێشەوە... بەڵام (ئەبویوسف) ئەڵێت: ئەو کەسەی تیا ئەچێت دوای ئەوەی کە دیلکرا هەرچی هەیە ئەبێتە ماڵی ئەو دەوڵەتەی وا بەلایەوە. (مالیکییەکان) ئەڵێن: ئەدرێتەوە بە بنەماڵەکەی.. (شافیعیەکان)یش ـ هەندێکیان ـ ئەڵێن، هەرچی دارایی (مستأمن)[1] هەیە هەمووی ئەبێتە ماڵی دەوڵەت.

ئەمە و لەگەڵ هەندێ درێژە پێدانی تردا لە باسەکەدا... ئینجا ئەوەی ئەیەوێ پتر شارەزا ببێت با بگەڕێتەوە سەر کتێبی "العلاقات الدولية و النظم القضائية في الشريعة الاسلامية".

---

[1]) وشەی (مستأمن) وە (اجانب) یەك مەبەست ئەگەیەنن، ئەویش بریتیە لە مۆڵەتدان بە ناموسڵمانێك بۆ ئەوەی بێتە وڵاتی ئیسلامەوە، بۆ بازرگانی و شتی وا. جا ئەم (مستأمن)ە پێویستە ئاگاداری یاساو ڕێژێمی ئەو وڵاتە ئیسلامییە بکات، وە ئەبێ کرین وفرۆشتن و مامەڵەی بە گوێرەی حوکمی ئیسلام بێت ... وە هەرکات دەستدرێژی کرد ( وەك زیناو پیاو کوشتن و ... ) ئەوە حەددی بەسەرا ئەدرێ .

4 ـ ئەگەر موسڵمانێك بڕواتە خاکی ئەوانەوە ـ بێگانەکانەوە ـ ئینجا لەوێ ماڵێکی کەوتە سەر ئیتر بەهۆی کڕین و فرۆشتنەوە بێت، وەیا بەهەر هۆیەکەوە بێت , ئایا ئەم سامانە چی لێ ئەکرێ...؟ !!!.

مەزهەبی شافیعی و حەنەفی و حەنبەلی (خوا لێیان ڕازی بێت) پێویستە ئەو سامانە ڕەت بکرێتەوە بۆ خاوەنەکەی ئیتر هیی زەلامی تایبەتی بێت، وەیا هیی دەوڵەت بێت.

کەوابوو لە ئیسلامی پیرۆزدا (مصادرە) نییە و دروست نییە، وە ئیسلام بەجۆر ستەمێکی داناوە.

(وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ..)[1]

## پاراستنی نوێنەرو باڵوێزەکان

لە کۆن و ئێستاشدا دەوڵەتان نوێنەریان لای یەکتر بووە و پەیوەندییان بووە، بەڵام ئەگەر ئەم دوو دەوڵەتە جەنگ کەوتە نێوانیانەوە نوێنەریان لای یەکتر بوو ئایائەو دەوڵەتە بۆی هەیە دەست رابکێشێ بۆ ئەو نێرراوە و بیکوژێ، پاراستنی نوێنەران و باڵوێزەکان یاسایەکی کۆنە و سەلمێنراوە لە ئیسلام و پێش ئیسلامدا (ئیبنی مەسعوود) ئەڵێت: "مضت السنة أن لا تقتل الرسل"[2]. یاسا واهاتووە کە نوێنەران ناکوژرێن.

ئەمە کە نوێنەر ناکوژرێت بە ئاشکراو ڕۆشنی لە فەرموودەو کرداری پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەر ئەگیرێ وەك:

أ ـ پێشەوا (ئەحمەدو حاکیم) و جگە لەوانیش ئەیگێڕنەوە لە (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود"ەوە کە: "ئیبنی نەوواحەو، ئیبنی ئاسال ـ نێرراوەکانی موسەیلەمە ـ هاتن بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمون: "اتشهدان أني رسول الله؟ قا لا: نشهد ان مسيلمة رسول الله فقال رسول الله (ﷺ) آمنت بالله و رسوله، لوكنت قاتلا رسولا لقتلتكما".
گەواهی ئەدەن من پێغەمبەری خوابم؟ وتیان گەواهی ئەدەین کە موسەیلەمە نێرراوی خویە!! پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی بڕوام بە خواو پێغەمبەرەکەی هەیە... ئەگەر نێرراوم بکوشتایە، ئێوەم ئەکوشت.

---

[1] (المائده : 8)

[2] ) سنن البيهقي ( ب9 ل212 ).

ب ـ ئەحمەدو ئەبوو داود و نەسائی و ئیبنی حەببان: فەرموودەیەك ئەهێنن كە قورەیش (ئەبوو ڕافیع) ئەنێرن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) (بۆ كارێكی خۆیان) كە ئەڕواتە ئەویٚ بڕوا ئەكەوێتە دڵیەوە و ئەڵیٚ: ئەی پێغەمبەری خوا من لای ئێوە ئەمێنمەوە و ناگەڕێمەوە بۆ لای قورەیش، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: "انی لا أخیس بالعهد، ولا احبس البرد فارجع الیهم آمنا فإن وجدت بعد ذلك في قلبك مافیه الآن فارجع الینا". واتە: من گزیكاری و گاڵتە ناكەم بە پەیمان، و پۆستە بەرەكان بەند ناكەم، كەوابوو ئێستا بە ئیمانەكەتەوە بڕۆرەوە بۆلای ئەوان، جا ئەگەر ڕۆیشتیتەوە ئەویٚ و ئەوی ئێستا لە دڵتایە مابوو ئەوە بگەڕێرەوە بۆ لامان.

بەڵیٚ موسڵمان ناپاكی و گزیكاری ناكات لە هیچ كەسێك، ئەوەتا وەفدو پەیامبەرەكان ئەیانەویٚ نەڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و لە خاكی ئیسلامدا بمێننەوە كە چی لێیان وەرناگرن! ! بەڵكو ئەبیٚ بڕۆنەوە كارەكەیان جێبەجیٚ بكەن جا ئەوكاتە بۆیان هەیە بگەڕێنەوە.

تەنانەت ئەگەر كافرەكان دەست بەسەرە (رەهائن) ەكانی ئێمە بكوژن ئێمە نێرراو ونمایندەكانی ئەوان ناكوژین، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرمویٚ: "وفاء بغدر خیر من غدر بغدر" [1].

ئیسلامی پیرۆز هیچ كات دەست نابات بۆ ئەو نوێنەرو باڵوێزانەی هاتوونەتە لای و نێرراون لەلایەن دەوڵەتێكەوە، بەڵكو كارەكەیان چۆن بووە و بۆچی هاتبن ئاوا بۆی جێبەجیٚ كردون و ناردوونیەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

## مامەڵە كردنی چوونیەك لەگەڵ دوژمندا

پێویستە لەسەر موسڵمانان لە گۆڕەپانی جەنگدا بەڕێكوپێكی بجولێنەوە و بە دادگەریانە ڕەفتار بكەن لەگەڵ دوژمنیاندا، واتە زیادەڕەوی نەكەن لە وەرگرتنەوەی (قصاص) دا، بەڵگە بۆ ئەمە زۆرە.

أ ـ لە قورئاندا هاتووە: (وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ ..). (وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ ..)، (وَجَزَاء سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ

[1] ) فقة السنة ( ب2 ل696) .

فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ [1] ، (وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِ ..). [2] ئەم کۆمەڵە ئایەتانە هەر هەموویان ئەوەیان تێدایە کە ئەگەر مرۆڤ دەستدرێژی کرایە سەری، بۆی هەیە مافی خۆی وەرگرێتەوە، ڕێك بەرێك، بێئەوەی زیادەڕەوی بکات لەکارەکەیدا.

ب ـ لە فەرمودەیەکدا هاتووە: کە ئیمامی بوخاری لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هێناویەتی: "أن رهطا من ثمانية قدموا على النبی (ﷺ) فاجتووا المدينة، فقالوا: يا رسول الله أبغنا رسلا (بالكسر ـ الدر من اللبن) فقال: ما أجدلكم إلا أن تلحقوا بانود (هو ابل من ثلاثة الى عشرة) فانطلقوا فشربوا من أبوالها وألبانها حتى صحوا وسمنوا، فقتلوا الراعی و استاقوا الذود، وكفروا بعد أسلامهم، فأتى الصريخ النبي (ﷺ) فبعث الطلب، فما ترجل النهار (ارتفع) حتى اتى بهم، فقطع أيديهم وأرجلهم، ثم امر بمسامير فأ حميت، فكحلهم بهم، وطرحهم بالحرة يستقون فما يسقون حتى ماتوا" [5] .... وە لە ڕیوایەتی موسلیمدا بەم شێوەیە هاتووە: "ان الرسول إنما سحل أعينهم لأنهم سحلوا أعين الرعاة...".

بەڵێ، ئەم کردارەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بۆ دەست نیشان کردین کە ڕەوایە (قصاص) و وەرگرتنەوەی مافی ئادەمیزاد لە مرۆڤی لە سنوور دەرچوو، هەرچەندە (مثله) ڕوویدات.

ج ـ ژیری و عەقڵ بەلایەوە هیچ ناهەموار نییە بەکارهێنانی چەکی کوشندە بۆ لەناوبردنی دوژمن، ئەگەر ئەو بەکاری هێنا، چونکە ئەگەر ئاوا نەکرێ لە بەرامبەر کارەکەی ئەوەوە ئەبێتە هۆی تیاچوونی خۆت، دەی بۆ ئەمەیش قورئانی پیرۆز ئەفەرموێ: (وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ..). [6]

بەدەست خۆتان ـ موسڵمانەکان ـ گیانتان مەخەنە تیاچوونەوە. بێجگە لەمەیش ئەگەر ئەو جۆرە چەکانە بەکارنەهێنرێن بە درێژایی ڕۆژگار موسڵمانەکان زەلیل و ڕیسوا

---

[1] (البقره : 179 )

[2] (البقره : 194 )

[3] (الشورى : 40 )

[4] النحل : 126 ).

[5] ) فتح البارى ( ب6 ل94 ).

[6] (البقره : 195).

ئەبن، ئاشکرایە خوای گەورە ڕازی نییە بە سەرشۆڕی و ڕیسوایی بڕوادارەکان، بەڵکو موسڵمان ئەبێت هەموو سەربەرزو بەختیاریی هەردوو جیهان بێت: (وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ)[1].

بەڵام ئەوەندە هەیە لەم جێگەدا ئەبێ بزانرێ کە هەندێ تاوان هەیە کە دوژمن بیکات ئێمە بەو شێوەیە نایکەین، وەك ئەوە موسڵمانێك بکوژن بە جادوو و عەرەق پێدانی، موسڵمانان بۆ وەرگرتنەوەی (قصاص) جادوو گەری وعەرەق بەکارناهێنێتەوە.

هەروەها ئەگەر دوژمن دەستی دایە هەندێ کاروباری نامرۆڤانە وەك (زینا) و داوێن پیسی، ئەوە ئێمە مامەڵەی چوونیەك ناکەین، بۆ نموونە زینایان لەگەڵ بکرێتەوە، نەخێر، بەڵکو هەر کەسێك لە موسڵمانەکان هەڵسێ بەکاری ئاوا، ئەوە بەپێی فیقهی ئیسلامی تۆڵەی لێ وەرئەگیرێتەوە..[2].

ئینجا سەبارەت بە دوژمننەکەیش کە هەڵسێ بەو کارە ناپەسەندانە، ئەوە بەپێی یاسای دەوڵەتان ڕەفتاری لەگەڵدا ئەکرێ و بە تاوانبار ئەدرێتە قەڵەم...

### سیاسەتی ئیسلام لە سوپادا

بەڵێ، کاری زۆر گرنگی ئیسلامی پیرۆز ڕاستکردنەوەی کارە چەوتەکانی ناو کۆمەڵە، ئەوەیە کە هەموو زەوی ببێت بە (یانەی ئاشتیی) دیارە ئەمەیش بە ئاسانی دەستنادات، چونکە هێزە شەیتانییەکان بەرهەڵستی ئەوەستن و نایەڵن بگاتە ئامانجەکەی خۆی... کەوابوو ئەبێ شتومەکی جەنگ (عدە) پێکبهێنرێ بۆ ڕەتکردنەوەی هێرشی نامەردانەیان و پاراستنی یاسای خوا لە هێرشی دەرەوە و ناوەوە، و بۆ ئەوەی وردە وردەیش جیهان بەتەواوی لەبتپەرستی ڕزگاری بێ و ملکەچی فەرمانی خوا بێت، بۆیە ئەفەرموێ: (.. قَاتِلُواْ الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً..)[3]

ئەمەیش کاتێ سەرکەوتوو ئەبێ کە کۆمەڵێ پیاو (بەمانای پیاو) دروست بکرێت، پەروەردە بکرێن و چەك و جبەخانە پێکەوەنرێ و هەموو ئامێرێکی تایبەتیمان ببێ، وە

---

[1] (المنافقون : 8 )
[2] ) الأم (ب7 ل323 ).
[3] (التوبه: 123).

زۆر به وردی ئیش بکەین، وه دوژمنی (دەرەوەو ناوەوەمان) هەڵسەنگێنین، وه خاوەنی ڕەوشتێکی تێرو تەواو بین... کلیلی ئەمانەیش هەموو له قورئان و فەرموودە و هەڵسوکەوتی پێشەواکانایە، واته ئەگەر بەوردی هەنگاو هەلگرین ئەمانەمان بەرچاو ئەکەوێ.

بەڵێ، پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) زۆر بەوردی هەنگاوی هەڵئەگرت بۆ ئەم کارەیە بۆیە هۆیەکانی سەربازی و سوپای ڕێکئەخست بەم شێوەیە:

أ ـ لاوازو زەبوون و نەخۆش و پیرو بێدەسەڵاتی عەفوو ئەکردو نەیئەهێنا بۆ ناو سوپاو سەربازی پێنەئەکرد.

ب ـ دوژمنی ئاگادار ئەکرد به جەنگ.

ج ـ ئامانجی له جیهاددا بڵاوکردنەوەی وشەی خوای گەورە بوو. ئاگاداری ئەوانەی ئەکردەوە که خۆیان دوا ئەخست و خۆیانیان حەشار ئەدا له هێزی سەربازیی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ انفِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الأَرْضِ ...)[1].

د ـ سزادانی دواکەوتووەکان (عقاب المتخلفين)، واته ئەوانەی خۆیان ئەدزنەوە له جیهاد سزای دەروونی ئەدرێن، چونکه ئیسلام داوا ئەکات له خزم و دۆستانی ئەو کەسە، تەنانەت ژنەکەیشی که بەهیچ شێوەیەك قسەی لەگەڵ نەکەن، هەروەك داوای له تەواوی موسڵمانان ئەکات که نزیکی نەکەونەوە، بەڵکو ئەبێت به چاوێکی تر سەیری بکەن: (وَعَلَى الثَّلاَثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ.)[2]. داوا کرا له موسڵمانەکان له جەنگی (تەبووك)دا دەنگوەرگرن له دواکەوتووەکان ئەوانیش (50) دانه ڕۆژ قسەیان لەگەڵ نەکردن، تا سەرئەنجام تەوبەیان لێوەرگیراو خوای گەورە قورئانی نارد به تەوبەکەیان... بەڵێ سزای ئەو کاتە تەنها ئەوەندە بوو، وه تەنها سزای دواکەوتووەکان ئەدرا، ئیتر کەس هەقی بەسەر خزمو کەسو کارو تیرەیەوە نەبوو، برا لەجیاتی برا نەئەگیرا، خزمو کەسوکار نەئەگیرا، وەك ئێستا نەفامی نەبوو ئەوە له پێش چاو هەموو لایەکەوەیە که چی ئەکرێ به منداڵ و خاو وخێزانی و عەشیرەت و تیرەی، تەنانەت خۆراك و خواردەمەنیشی لێ ئەبڕێ !!

---

[1] ) سورة التوبة .

[2] ) سورة التوبة .

هـ ـ پاككردنەوەی سوپا... ئیسلام داوا ئەكات لەسەركردە و فەرماندەی هێزەكانی كە هەستن بە پاككردنەوەی سوپا لە توخم و ڕەگەزە پیسەكان، تا سوپایەكی خاوەن بڕوا بە خوا دروست ببێ و هەرهەموویان لە پێناوی عەقیدەكەیاندا بجەنگێن، ئاشكرایە ئەو كاتە سەركەوتن بەدەستدێنن... خۆ ئەگەر سوپا پێكهات لە جۆراو جۆری مرۆڤە بێرو بڕوا نەخۆشەكان، وەهەریەكەیان لە پارتێكدا ئیشی ئەكرد، دیارە بەرهەمەكەی ڕێك بەڕێك وەك سەدەی بیستەم ئەبێت، قورئان ئەفەرموێ: (.. وَلَوْ كَانُوا فِيكُم مَّا قَاتَلُوا إِلَّا قَلِيلاً).[1] ئەوانە ئەگەر لە گەڵیشتاندا بن جەنگێكی واناكەن. كەوابوو مەهێڵن لەناو سوپادا بمێننەوە.

و ـ ئیسلام سوپاكەی دابەش ئەكات بەناوچەو شوێنە پێویستیەكانداو ئەیكات بە چەند (لەشكر) و (تیپەوە)... واتە هەروا هەڕەمەكی نایێت، بەڵكو ئەبێ تازەترین شێوە بەكاربێنێ بۆ ئەو مەبەستە، سەیركە قورئان ئاماژە ئەكات بەمە: (وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)[2] عەرەبەكان بە شێوەی هەڕەمەكی جەنگیان ئەكرد، بەڵام كە ئیسلام هاتە گۆڕەپانەوە شێوەی ڕیزكردنی داهێنا بۆ سەربازەكان... قورئان ئاماژە ئەكات بەم مەبەستەیشە: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفّاً كَأَنَّهُم بُنيَانٌ مَّرْصُوصٌ)[3]. واتە: بێگومان خوا ئەوانەی خۆش ئەوێ كە ئەجەنگێن لە پێناوی ڕێگەی ئەودا بە شێوەیەكی ڕێكوپێك و لە جەنگەكەیاندا یاساو ڕژێمیان هەیە، وە ئەوەندە بە گورجی و چالاكی و (تەنظیم) بەرامبەر دوژمن ئەوەستن وەك بینایەكی قایمی داڕێژراو وان.

ز) ئیسلام سوپاكە هان ئەدات و داوای لێ ئەكات كە هیچ كات سەرپێچی سەركردەو فەرماندەكان نەكات، ، وە ئەبێ دامەزراو بن و خۆیان دوور بگرن لەو شتانەی ئەبنە هۆی تێكشكاندن، وە ئەبێ پەنایان تەنها بە خوا بێ و تەنها بەناوی ئەوەوە جیهاد بكەن: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ زَحْفاً فَلاَ تُوَلُّوهُمُ الأَدْبَارَ * وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ

---

[1] (الأحزاب : 20 )

[2] ) سورة آل عمران: 121.

[3] ) سورة الصف: 4.

تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ) . واته: ئەی بڕاواداران هەرکات گەیشتن بە کۆمەڵێك (لە دوژمن) دامەزراو بن و یادی خوا زۆر بکەن، بەڵکو سەرکەوتوو بن، وە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی جێبەجێ بکەن.. وە خۆتان دوور بگرن لەناکۆکی ودووبەرەکی (تا لە ئەنجامدا) بڕووخێن و هێزو پێزتان بڕوا، ئارامتان بێت، (چونکە) بێگومان خوا لەگەڵ (کۆڕی) ئارامگرەکانە.

هەروەها ئەیانترسێنێ لەپاشەڕۆژی ڕەش و ناهەموار ئەگەر لە دوژمن هەڵبێن و ڕابکەن: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ زَحْفاً فَلاَ تُوَلُّوهُمُ الأَدْبَارَ * وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلاَّ مُتَحَرِّفاً لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزاً إِلَى فِئَةٍ فَقَدْ بَاء بِغَضَبٍ مِّنَ اللّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ) .

ح ـ ئیسلام سوپا ئەترسێنێ لەوەی کە نهێنی و زانیاری دەربارەی لەشکرەکە بڵاوبکاتەوە، پێیان ئەڵێ: ئەوە تەنها لە ئیشی دووڕووەکان ئەکات، وە داوایان لێ ئەکات کە هەرشتێك ڕوویدا خێرا بیگەیەننە فەرماندەی گشتی سوپاکە، چونکە ئەوان چارەسەری بۆ ئەدۆزنەوە... هەروەك داوا ئەکات لە موسڵمانەکان کە هەرکات دەنگ وباسێکیان پێگەیشت پێش ئەوەی ڕەفتاری پێ بکەن بە باشی ڕونی بکەنەوە: (لَئِن لَّمْ يَنتَهِ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْمُرْجِفُونَ فِي الْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَا إِلَّا قَلِيلاً) .

ط ـ ئیسلام داوا ئەکات لە فەرماندەی هێزەکان کە هەرکات دوژمنان مەیلیان کرد بۆ پەیمان (هدنە) بەستن لەگەڵ سوپای ئیسلامدا وەڵامیان بدەنەوە و بەخێرایی پەیمانیان لەگەڵ ببەستن، ئەگەر نیشانەی ڕاستییان پێوە دەرئەکەوت و نیازی خراپ و خەڵەتاندنیان نەبوو: (وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) . واتە ئەگەر ئەو بێ پەیمانانە داوای پەیمان و ئاشتیان کردو مەیلیان بۆ کرد (لە

---

[1] ) الانفال 45 _ 46 .

[2] ) الانفال / 15 _ 16 .

[3] ) سوورةی الاحزاب /60 .

[4] ) الانفال / 61 .

جیاتی جەنگ، ئەوە تۆیش ئەی پێغەمبەر (ﷺ) وەیا هەر پێشەوایەك، داخوازییەکەیان جێبەجێ بکەو پەیمانیان لەگەڵ ببەستە، بەڕاستی خوا هەموو وتەو داخوازییەك ئەبیسێ و ئاگایشی لەهەموو نیازێك هەیە.

خاوەنی "تەفسیری کەششاف" دەربارەی ئەم پەیمانە ئەفەرموێ: ئەم کرداری فرمانە (فاجنح لها) بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییەکەیان بۆ پەیمان بەستن و جەنگ وەستاندن: قسەی ڕاست و بەهێز ئەمەیە کە هەواڵە بە پێشەوا خەلیفەی ئەو سەردەمە ئەکرێ، ئەگەر ئەو پەسەندی کرد و بەلایەوە جەنگ وەستاندن قازانج بوو بۆ ئیسلام ئەوا ئەیوەستێنێ، خۆ ئەگەر بەرژەوەندی ئیسلام لەنەوەستاندنی جەنگەکەدا بوو ئەوا نایوەستێنێ با چەندەها جاریش هاواریان بۆ ئاشتی و پەیمان لێ بەرز ببێتەوە. ئەمەیش دەقی پەراوێزەکەیەتی: (و الصحیح أن الأمر موقوف علی مایری فیه الامام صلاح الاسلام وأهله من حرب او سلم،ولیس بحتم أن یقاتلوا أبدا أو یجابوا الی الهدنة ابدا) [1].

ی ـ دیل و یەخسیر: ئەگەر لە جەنگەکاندا دیل و یەخسیر پەیدا بوو ئەوە ئیسلام کاروباریان ئەدا بەدەست فەرماندەوە، بۆی هەیە بێ بەرانبەر (فدیە) بەرەڵایایان بکات، وە یاخود بەرانبەرێکیان لێ وەرگرێ... ئەمەیش بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەوکاتەی ئیسلامە: "فإذا لقیتم الذین کفروا فضرب الرقاب حتی إذا اثخنتموهم فشدوا الوثاق فإما منا بعد واما فداء" [2].

ئیسلام ـ وەك چەندجار وتراوە ـ شەڕ بەکەس نافرۆشێ، ئەو (ئەهلی) کتاب و بت پەرست و ئاگر پەرستانەی دانیشتوون بۆ خۆیان و دەست ناهێنێتە بەر ڕێگەی بانگەوازەکەی ئیسلام، ئەوانە دەستیان بۆ نابرێ و جەنگیان لەگەڵ ناکرێ و بەزۆریش داوای موسڵمان بوونیشیان لێ ناکرێ، بەڵام ئەوانەی ناهێڵن بانگەکەی ئیسلام بڵاو ببێتەوە و بەرهەڵستی ئەوەستن، ئەوانە جەنگیان لەگەڵ ئەکرێ جا قورئانی پیرۆز بەوان ئەفەرموێ: "هەرکات ڕووبەڕووی ئەو کافرانە بوونەوە (لەجەنگدا) بە توندی دایانگرنەوە و مۆڵەتیان مەدەن، و مەیان هێڵنەوە بە دیل و یەخسیریی تا زۆرێکی زۆرینەیان لێ

[1] ) الکشاف (ب2 ل166).

[2] ) سوورەی محمد (ﷺ) ئایەتی ( 4 ).

ئەکوژن و دەسەلات پەیدا ئەکەن، جا ئەوکاتە پەتەکەیان توند بکەنەوە و (واتە ئیتر مەیان کوژن)، ئینجا ئێوەیش (ئەی موسڵمانەکان) دوای تەواو بوونی جەنگەکە یەکێ لەم دوو بارەتان بۆ هەیە: یا بە خۆڕای بەرەلایان بکەن وە (فیدیە) و بەرانبەریان لێ وەرمەگرن: یا بە پارەو پول یا خود دیل بەدیل.

زانا (شافیعییە) کان ئەڵێن، پێشەوا چوار شتی بۆ هەیە لەگەڵ دیلەکانا بیکات، وە هەر کامێکیان قازانجی زیاتر بوو بۆ ئیسلام ئەوەیان هەڵئەبژێرێ.

ا ـ بیکوژێ ئەگەر موسڵمان نەبوو، (چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دوو دیلی کوشت لە دیلەکانی بەدر)

ب ـ بەخۆڕای بەرەلایان بکات، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووعیزەتی جەمەحی و ئومامەی بەرەلا کرد.

ج ـ فیدیە و بریتیان لێ وەرگرێ، چونکە هەر پیاوێکی بەردا بە دوو پیاو.

د ـ بیان کات بە بەندە.....

هەندێ لە زاناکانی تر کوشتنی دیل بەلایانەوە دروست نییە [1].

ک ـ ئیسلامی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵ (دیل و یەخسیردا) دادگەرانەیە... ئەوەتە موسڵمانەکان لە (بەدر)دا (70) کەسیان لە قورەیش دیل کرد، (68)یان دابەشکران بەسەر هاوەلاندا و پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی "استوصوا بالأساری خیرا" واتە چاك بن بۆ دیلەکان.

ئینجا ئەوەی دەوڵەمەند بوو بەسامان خۆی ڕزگار کرد، ئەوەیشی هەژار بوو، بەشێکیانی بەرەلا کردن بەخۆڕایی ئەوانەیشیان خوێندەوار بوون (تەکلیف)ی لێ کردن بۆ فێرکردنی منالی موسڵمانەکان (نووسین و خوێندنەوە). دوایش بەرەلای کردن.

بەلام پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا بە کوشتنی دوو کەسیان (نەضیری کوڕی حارث) و(عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیط)، چونکە ئەمانە ئەشکەنج و ئازاری چەوساوەکانیان زۆر دابووکاتی خۆی... کەوابوو ئێستا کوشتنەکەیان لەبەر زۆری تاوانە کۆنەکەیانە، نەك لەبەر ئەوە کەدیلن، وەك هەندێ لە تانە لێدەرەکان ئەڵێن!

---

[1] ) التفیسر الواضع ( ب3 ، ل 23 .

ئەمانە بەپێی یاسی تازە پێیان ئەڵێن تاوانباری جەنگ (مجرمی حرب) نەك دیل.

بەڵێ ئیسلام لەگەڵ دیلدا ڕەفتاری ئاوایە، ڕێزی لێ ئەگرێ، بەڵکو پلەیشی بەرز ئەکاتەوە. ئینجا ماوەتەوە بارمتە (رهائن)، بۆ ئەمەیشیان قورئان ئەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُواْ أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ).[1] گزیکاری لە سوپاردەتان مەکەن، ئاشکرایە بارمتەیش ئەمانەت و سپاردەیە. کەوابوو نابێ بێڕێز بکرێ...).[2]

ل ـ بریندارو کوژراو: هەندێ لە دیلەکانی (بەدر)دا بریندار بوون، ئینجا موسڵمانەکان هەڵسان بە چارەسەرو تیمار کردنیان بێ جیاوازی، نەك هەر لە (بەدر) دا بەڵکو لە هەموو جەنگەکانیاندا هەروابوون.

سەبارەت بە کوژراوی دوژمن... موسڵمانەکان هەستان بە شاردەنەوەی کوژراوەکانی بەدریان، هەروەك چۆن (شەهید) ەکانی خۆیانیان شاردەوە.. واتە لە ئیسلامدا ڕێزی ئادەمیزاد هەیە هەرچی ببێت. موسڵمانەکان ئاوا ڕەفتاریان کرد، بەڵام خوانەناسەکان گوێ و لوتی شەهیدەکانی (ئوحود) یان بڕی !!.[3]

ئینجا با بڕۆینەوە سەر باسی چەك و جبەخانە و خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ.

## یەکەم: پێکەوەنانی شتومەکی سەربازیی (اعداد العدة)

خوای گەورە و بەدەسەڵات ئەفەرموێ: (وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ).[4] ... ئەم ئایەتە قورئانییە داوای ئامادەکردنی هێزو دەسەڵات ئەکات بۆ ئەوانەی خاوەن پەیمان نین و ئەیانەوێ موسڵمانەکان بخەڵەتێن و هەموو کات خۆیان مەڵاس داوە بۆ بڕوادارەکان... دیارە ئەمە هەرچی ژیری ئادەمی بۆی بڕوا (لە ئامێری تیر ئەندازەی) ئەیگرێتەوە، چونکە قورئان داوای ئامادەکردنی هێز ئەکات، وە کاتی خۆیشی پێغەمبەر

---

[1] الأنفال : 27.

[2] ) الرسول القائد ( ل335 _ 336).

[3] ) الرسول القائد ( ﷺ ) .

[4] ) الأنفال: 60.

(ﷺ) فەرمووی: مەبەست بە ئەو هێزە: تیر ئەندازییە، کەوابوو ئەگەر لەو سەردەمەدا "تیر" باو بووبێ ئەیگرێتەوە، هەروەك ـ بۆ ئێستا ـ تۆپ ـ بەهەموو جۆرەکانیەوە ـ و مووشەك و بومبای ئەتۆم... ئەگرێتەوە.

دیسانەوە ئایەتەکە ئەفەرموێ: (وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ) واتە ئەوەی هۆی پەیوەندی جەنگەکە بێ وەك (حوشترو ماین و ئەسپ و...) لەو سەردەمەدا ئامادەی بکەن، چونکە ئەوکاتە دوژمنی موسڵمانەکان هەر ئەوانەیان بوو، دیارە مەبەست لەم ڕستەیە (وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ) ئەو شتانەیە کە بەئاسانی کەلوپەل و خواردن و خۆراك بگەیەنێتە ناو جەرگەی جەنگەوە، کەوابوو بۆ ئەمڕۆ هەرچی ئەو جۆرە شتانەن کە مرۆڤ سواریان ئەبێ وپێیان ئەگاتە ئەوێ، هەر هەموویان بەرئەکەون. واتە چەند جۆری ئۆتۆمۆبیل هەیە وپەیوەندی بەجەنگەوە هەیە ئەبێ هەمووی ئامادە بکرێ، هەروەك کەشتی و ژێر دەریاییەکان و فڕۆکە و تانك و زرێ پۆش و...، هەموویان ئەگرێتەوە، خۆ ئەگەر جەنگی دەریایشمان تووش بوو ئەوە ئەبێ هەرچی هێزی دەریاییە ئامادە بکرێ.

ئەم ئایەتە (وَأَعِدُّواْ...) فرمان ئەدا بە ئیمانداران بە ئامادەکردنی هێز بە گوێرەی توانین، کەوابوو پێویستە لەسەر تەواوی کۆمەڵ هەرچی وزەی تێدایە بیخاتە ڕێ بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئامێرە سەربازیانە.

پێویستە شتێکی تر لەم ئایەتەدا سەرنج بدرێ ئەویش ئەمەیە کە خوا بۆیە داوای ئامادەکردنی هێز ئەکات تا کافرەکان بترسن و بەو هۆیەوە شەرم بییان گرێ و هێرش نەهێننە سەر ئیسلام ئەمەیش کاتێ ئەبێ ئێمە لەوان دەسەڵاتی سەربازیمان زیاتر بێت.. کەوابوو ئەبێ موسڵمانان هەوڵ بدەن گەورەترین هێز لە جیهاندا وەدەست بهێنن بۆ ئەوەی (دار الحرب) هەرهەمووی، لەگەڵ جۆری جیاوازییدا بترسێت، دەی ئەمەیش کاتێ ئەگونجێ موسڵمانان خۆیان چەك دروست بکەن، نەك لەمو لەو بیکڕن، چونکە ئەگەر لە (زەیدو عەمر) وەری بگرن هیچ کات ناگونجێ ئێمە لەوان باڵادەست تر بین.

بەپێی ئەم ڕاڤەمان بۆ ئایەتەکە ئەبێ موسڵمانان باڵادەست ترین لە دوژمنانیان لەم خاڵانەدا:

1ـ هێزی سەربازیی و چەك و جبەخانە و هۆی گواستنەوە و هەموجۆرە پێویستیەکانی سەربازیی (دەریایی) و وشکانیی ئاسمانیی).

2ـ ئەبێ خۆمان ئەم کارگانەمان بێ کە ئەبنە هۆی پێشکەوتن و باڵا دەست بوونمان.

3ـ ئەبێ هەرچی هێزو پێزی کۆمەڵە بخرێتە ئیشەوە بۆ بەدەست هێنانیان.

لە ئایەتەکەدا گەلێ مانای تریش بەرچاو ئەکەون وەك ئەوە کە پەیدا کردنی "هێز" لەبەر خاتری "ئاشتیە" لە وڵاتدا، چونکە کە دوژمن تۆی بە لاواز بینی هێرشت بۆ دێنێ و هێمنی ئەڕوا. دیارە مەبەست لەم ئاشتیەش، ئاشتیی سەراسەری جیهانە بە تێکڕا.

**دووەم: دروستکردنی پیاو**

بەڵێ ئەم باڵادەست بوونی سەربازییەمان، چ ئامێریی، چ نائامێریی پێویستی بە کۆمەڵە "پیاو" ێکی کارامەی مەشق پێکراو "مدرب) هەیە، کۆمەڵە "پیاو"ێکی لێهاتوو پسپۆڕ بن بەمەشق دادانەوە، پسپۆڕ بن بە لێخوڕینی فرۆکەوە، پسپۆڕ بن بە کاروباری دەریاییەوە، تایبەتمەند بن لە هەڵسوڕاندنی جەنگەکاندا و ڕێکوپێك کردنی ئازوقە و شتی دواوە بۆ سەربازەکان، ئەو پیاوانە خاوەنی چەند تاقیکردنەوەیەکی سەربازیی و سوپایی بن، دیارە تا ئەمانەمان بۆ پێکدێت پێویستمان بە هەوڵێکی زۆر زۆر هەیە لەگەڵ دەسەڵاتدا، وە ئەمە کە ئێمە ئەیلێین ناگونجێ تا کۆمەڵ و گەل هەمووی ببێ بە جەنگاوەر و ئامادەیی جەنگ ببێ... بۆیە قورئانی پیرۆز بانگ ئەکات لە تەواوی براواداران بۆ ئەوەی ئامادەیی وەرگرن و خۆیان ڕێکبخەن و هەمووکات لە پارێزدا بن بەرامبەر بە دوژمنیان، وە داوای لێ ئەکات کە بەپێی پێویستی وڵات و ناوچەکە پەلاماری جەنگەکە بدەن، ئەگەر (سەرانسەری) یا کەمتر پێویست بوو، وەیا کاتەکە (نەفیری عام) ی هەڵئەگرت ئەوە ئەبێ ئامادە بن بێ سەرپێچی و خۆ دزینەوە: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ خُذُواْ حِذْرَكُمْ فَانفِرُواْ ثُبَاتٍ أَوِ انفِرُواْ جَمِيعاً). [1] واتە: ئەی بڕوادارەکان پارێز وەرگرن لە دوژمنانتان، وە هەموو کات ئامادەیی وەرگرن بۆیان (نەوەك فورسەت بێنن لێتان" ئێوەیش دوای ئەوە چیتان پێ ئەکرێ؟) کەوابوو بڕۆن بە کۆمەڵ کۆمەڵ (وەك سریە سریە و...) وەیا هەر بە تێکڕا و هەمووتان. واتە بزانن فەرماندەکەتان فەرمانی چۆنە و سیاسەتی ناوچە چی هەڵئەگرێ ئاوا بکەن.

---

[1] (النساء : 71 )

(وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً)[1] واتە بەيەكدەست و يەكدەنگ بجەنگێن لەگەلّ هاوەلّ بڕیاردەرەكاندا، هەروەك ئەوان لەگەڵتاندا ئەجەنگێن بەيەك دەنگ.

بەپێی ئەم ئایەتە پێویستە لەسەر موسڵمانان ـ پیاوو ئافرەت و منالّ ـ بە تێكڕا ئامادە بن بۆ جەنگ لەگەلّ دوژمندا... بۆیە ئیسلامی پیرۆز داوا ئەكات و بە سوونەتێكی گەورەی دائەنێ كە منالّەكانمان فێری (تیر ئەندازی و مەلەوانی و سواریی)[2] بكەین... ئەمە سەبارەت بە منالّ، ئینجا بۆ ئافرەتانیش ئیسلام ئەفەرموێ: هەركات هێرش هێنرایە سەرخاكی ئیسلام پێویست ئەبێ لەسەریان كە بڕۆن بۆ جەنگ، تەنانەت با مێردەكەیشی ناڕەزا بێ، دەی باشە ئەگەر هیچ لە چەك نەزانێ و شێوەی جەنگ شارەزا نەكرابێ چۆن بڕوا بۆ جەنگ...؟! ئاشكرایشە ئیسلام بۆیە داوای بەشداریان لێ ئەكات كە ئەوان فێر كرا بن. كەوابوو موسڵمانان ئەبێ هەموویان (موجاهید) و جەنگاوەر بن، و پێویستە هەموو جۆرە پسپۆڕێكیان تیا بێت بۆ هەمووجۆرەكانی هۆی جەنگیی.

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: "إرموا بنی اسماعیل فإن أباكم كان رامیا".[3] واتە: ئەی ڕۆڵەكانی ئیسماعیل تیر ئەندازی بكەن، چونكە باوكتان تیر ئەنداز بووە، و ئەفەرموێ: "وارموا واركبوا وان ترموا احب الی من أن تركبوا..."[4]. تیر تەقاندن و سواریی فێر بن، بەلاّم تیر تەقاندنەكەم پێ خۆشترە لە فێربوونی سواریی.

وە ئەفەرموێ: "من تعلم الرمی ثم تركه فلیس مني او قد عصی"[5]. ئەوكەسەی فێری تیر تەقاندن ئەبێ و ئینجا لەبیری خۆی ئەباتەوە ئەوە ئەو كەسە لە ئێمە نییە.

لەم دەقانەی سەرەوەدا وەرمان گرت كە:

1ـ موسڵمانەكان ـ پیاو وئافرەت و منالّ ـ پێویستە هەموو جەنگاوەر بن.

2ـ ئەبێ لە هەموو بوارێكی سەربازییدا پسپۆڕیان تیا بێت.

---

[1] (التوبه : 36 )

[2] ) ئاشكرایە ئەو سوارییە بۆ ئێستا لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل وهۆ جەنگیەكان ئەگرێتەوە .

[3] رواه البخاری.

[4] رواه ابوداود

[5] رواه مسلم.

3ـ هیچ کات دروست نییە چاو لە هۆیەکانی سەرکەوتن بنووقێنن تا لاوازو بێ دەسەلات ببین و هیچ کەسیش شەرممان لێ نەکات. وەك ئەمڕۆ.

### سێهەم: ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم هێزە

وتمان ئەم هێزە پێکەوە ئەنرێ بۆ پاراستنی "وشەی" خوا، کەوابوو دروست نییە بەکارهێنانی لە شتێکا نەبێ کە ئەوخۆی ڕازیی لەسەر بێ، واتە لەو ڕێگەدا بەکاری بێنێ ئەو بۆی دیارییکردین وەك:

أـ بۆ کوژانەوەی ئەوجەنگانە ڕوویەدەن لە نێوان موسڵماناندا: (وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ)[1] ... بەڵێ هەرکات لەنێوان دوو وڵاتی ئیسلامییدا یا دوو شاردا، یا دوو تیرەدا ئاژاوە وجەنگ پەیدا بوو ئەوە سوپای ئیسلامی ئەکەوێتە نێوانیانەوە ئەگەر ڕێك کەوتن باشە ئەگینا لێیان ئەدرێ تا دێنە سەر ڕێگەی خوا پەرستیی.

ب ـ بۆ ڕاستکردنەوەی ئەوانەی یاخی ئەبن و لائەدەن لە هێڵی "پێشەوا" و خەلیفە. واتە ئەو کەسانە لە فرمانی "ئیمام"ێکی ڕاست ئەڕۆنە دەرەوە بە ناهەق، کەوابوو هەرشارێك، وەیا وڵاتێك یا هەرپارت و کۆمەڵێك هەڵسان دژی پێشەوایەکی ڕاستەقینەی موسڵمانان، وەیا دانی نەنا بە ڕژێم و یاسای وڵاتدا ئەوە پێویستە لەسەر پێشەواو موسڵمانان ئەوانە بگێڕنەوە بۆ هەق و ڕاستیی.

ج ـ بۆ بەگژا چوونی ئەو کەسانە پاشگەز (مرتد) ئەبنەوە لە ئایینی ئیسلام، واتە ئەگەر کۆمەڵێك لە ئیسلام پاشگەز بوونەوە و هێزێکیان پێکەوە ناو بەشێك لە خاکی ئیسلامیان داگیرکرد ئەوە ئەبێ جەنگیان لەگەڵ بکرێ.

د ـ بۆ سەرکوتکردنی ئەوانەی ڕێگە بە موسڵمانان ئەگرن و ئەبنە هۆی تێکچوونی ئەمن و ئاسایشی وڵات، ئەوانە خوا دەربارەیان ئەفەرموێ: (إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ)[2] .

---

[1]) الحجرات: 9.

[2]) المائدة: 33.

هـ ـ بۆ جەنگاندن دژی ئەوانە لائەدەن و (انحراف) ئەکەن لە ئیسلام... دەستەی زاناکان دانیان ناوە بەوەدا کە هەر کات ولاتێك "بانگ"ی خستە پشتگوێ جەنگیان لەگەڵ ئەکرێ وە هەروەها ئەگەر ڕێسای "خەتەنە"ی واز لێهێنا... ئیمامی ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) جەنگا لەگەڵ ئەوانەدا زەکاتیان نەئەدا، کەوابوو هەر شارێك لە ئیسلام نشینەکان سنوورێکی خوایان شکاند، وەیا خراپەرکاری تیا بڵاوبوویەوە، ئەوە پێویستی سەرشانی پێشەواو موسڵمانانە جەنگیان لەگەڵ بکەن تا ئەگەڕێنەوە بۆ لای فرمانی خواو پێویستی یە ئاینییەکان جێبەجێ ئەکەنەوە.

و) بۆ جەنگ لەگەڵ پەیمان شکێنەکاندا... واتە هەرکات موسڵمان پەیمانیان بەست لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەهلی کیتاب و ئەوان پەیمانەکەیان شکاند، پێویستە جەنگیان لەگەڵ بکرێ تادێنە وە ژێر پەیمانەکەیان و دەست لە پەیمانشکێنی هەڵدەگرن.

ز ـ جەنگی بەرگریی (الحرب الدفاعیە): لەهەرلایەکەوە هێرش هێنرایە سەر بستێك لەخاکی ئیسلام ئەوە پێویستە لەسەر تەواوی موسڵمانان هەستن بەجەنگ بەئەندازەی ڕەت کردنەوەی ئەو هێرشە...ئەگەر ئەوشارەی نزیکە لێ ی بەرهەڵستی بۆنەکرا, ئەبێ شارێکی نزیکتر لێیەوە بڕوا بۆ یارمەتی وەهەروەها... ئینجا ئەگەر هێرشەکە زۆر گەورە بوو ئەوە تەواوی موسڵمانان هەوڵی بۆ بدەن ئەگینا هەموویان گوناهبار ئەبن... بۆ نموونە ئێستا هەندێ لە خاکی ئیسلام لەلایەن "ڕووس"ەوە یان لەلایەن جوولەکەوە داگیرکراوە دەی ئەمە پێویستی سەشانی ئەو شارانەیە کە نزیکن پێیانەوە هەوڵ بدەن بۆ ڕزگار کردنی، جا ئەگەر بەتەنها بە ئەوان نەئەکرا، ئەبێ موسڵمانان بەشداری بکەن: (وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ..).[1]

ح ـ جەنگی جیهادی (الحرب الجهادیة): خوا ئەفەرمووێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ قَاتِلُواْ الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً..).[2] واتە: ئەی بڕواداران بجەنگێن لەگەڵ ئەو خوانەناسانەدا نزیکتانن و شارەکانیان نووساوە بە شارەکانتانەوە، وە با توندو تیژیتان تێدا بەدی بکەن تا شەرمتان لێ بەکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای هەق و ڕاستیی.

---

[1] البقرة: 190.

[2] التوبة: 123.

جەنگ لە ئیسلامدا بۆ هێمنی و ئاسایشە، بۆ ئەوەیە بە ئاسانی بانگەوازەکەی خوا بڵاوبکرێتەوە، واتە تەنها بۆ ئازادی بڵاو کردنەوەیە، نەك بۆ ئەوە بە زۆر بڕوا بێنێ بە مرۆڤەکان، نزیکەکان لە موسڵمانەکان لەوکاتەدا (ڕۆم و فارس و هەندێ تیرەی عەرەب) بوو، ئەوانیش زۆر جار نیازو نییەتیان خراپ بوو لەگەڵ موسڵمانەکاندا... ئینجا خوا فەرمووی پێش ئەوەی دوور بکەونەوە دوژمنی ژێر باڵتان ژێر بکەن و تەمێ خواریان بکەن.

ئاشکرایە ئەمانەی سەرەوە باسمان لێکردن پێویستیان بە هێزو چەکەمەنی و پیاو هەیە، دیارە ئەمانەیشمان بۆیە ئەوێ تا (هەیبەت) و دەسەڵات پەیدا بکرێ بۆ پیادەکردنی فەرمانەکانی خواو سنوورەکانی بێ ئەوەی ترسی لە هی کەسێك ببێ.

### چوارەم: پەروەردەیەکی تایبەتیی

بێگومان جەنگە ئیسلامیەکان جیاوازن لە ئامانجی ڕژێمە دەستکردەکان... خەڵکی تر ئەجەنگێن لە پێناوی نەتەوایەتی و، نیشتمانی و، دەمارگیریی و، ڕەگەزپەرستی و، ڕەنگ و، نەژاد و، دارایی و، هەر بەرژەوەندییەکی تری ناو کۆمەڵ. بەڵام موسڵمان نابێ لە پێناوی هیچ شتێکدا بجەنگێ تەنها لەبەر خاتری وشەی خوا نەبێت، واتە کاتێ تێ ئەکۆشێ لە پێناوی (کەرامەت) یا هەر لەبەر ئەوەیە ئەگەر جەنگا لە پێناوی (حکومەت)ەکەیدا هەرهەمان نیازی هەیە.

کەوابوو هەموو جەنگێکی ئیسلامیی ئەبێ بە دەوری ئەم ئایەتەدا بسوورێتەوە و نابێ لە سنووری دەرچێ (.. حتى لاتكون فتنة ويكون الدين كله لله... ). بۆیە پێغەمبەریش (ﷺ) ئەفەرموێ: "من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله". بەرهەمی ئەمەی سەرەوە ئەمە بوو کە: ئەو پەروەردەیە ئەکرێ بۆ موسڵمانی جەنگاوەر - کە ئەبێ هەموو موسڵمانێك جەنگاوەر بێ - پەروەردەیەکی تایبەتی و ئامانجیشی جیاواز و تایبەتیە، بۆیە سەرئەنجامیش جەنگاوەری بڕوا دارو بێ بڕوا جیاوازیان زۆرە، سوپای کافر وا ئەیخەنە مێشکیەوە کە جەنگەکەی لەبەر خاتری نیشتمان و بەرز بوونەوەی ئاڵاکەیەتی... زۆر جار بەتەماع و پارەو پوول جەنگی پێ ئەکەن، وەیا ناوی لەناو "شەهید"ەکانا تۆمار ئەکرێ... ! !.

کەوابوو موسڵمان هەرلەبناغەدا لەگەڵ کافردا جیاوازە، بۆیە ئەبێ پەروەردەکەیشی جیاواز بێ و تایبەتی بێت. ئەمانەیش چەند خاڵێکن بۆ پەروەردەی جەنگاوەری موسڵمان:

1- پەروەردەی لەسەر گوێڕایەڵی و پیادەکردنی فەرمانی خوا بێ، وە هیچ کات لە نەخشەی خوا نابێ لابدات و پێویستە هیچ کات نەگۆڕێ: (وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُوا لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ..)[1] وە ئەم گوێڕایەڵییە پێویستە لە نهێنی و ئاشکرادا بێ: (وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُواْ مِنْ عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٌ مِّنْهُمْ غَيْرَ الَّذِي تَقُولُ وَاللّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ وَكَفَى بِاللّهِ وَكِيلاً)[2] . واتە هەندێکیان خوویان وایە، تا لەلای تۆدان ئەڵێن ملکەچین، کەچی کەلای تۆیان بەجێ هێشت تەگبیرو ڕاوێژێکی تر ئەکەن، و بەشەو کۆئەبنەوە (و چەندان تەڵە ئەنێنەوە) لە کاتێکدا خوا هەمووی ئەڵێ بە تۆو ئاگادارت ئەکات (واتە لێیان مەترسە) کەوابوو وێڵیان بکە و تۆیش پشت ببەستە بە خوای خۆت، تەنها خوایش بەسە بۆ پشت پێوە بەستن. ئەم پەروەردەیە گوێ ڕایەڵییە لەهەموو کاتێکدا:

(بايعنا رسول الله (ﷺ) على السمع والطاعة في العسر واليسر والمكره والمنشط..). واتە: وا پەیمان و بەیعەتمان بە پێغەمبەر دا (ﷺ) کە لەکاتی تەنگانەو خۆشی و ناخۆشیدا گوێڕایەڵی بکەین.

ئەم گوێڕایەڵیەش کاتێ واجیب و پێویستە گوناهوو تاوان نەبێت (على المرء المسلم السمع والطاعة فيما احب وكره الا ان يؤمر بمعصية فإن أمر بمعصية فلا سمع ولا طاعة)[3] .

وە ئەفەرموێ: "من أطاعنى فقد اطاع الله ومن عصانى فقد عصا الله ومن يطع الأمير فقد أطاعنى ومن يعص الامير فقد عصانى"[4] , واتە ئەوی گوێڕایەڵی من ئەکات ئەوە گوێ ڕایەڵی خوای کردووە، وە ئەوەی سەرپێچیم ئەکات، ئەوە سەرپێچی خوای کردووە، وە

---

[1] ) سوورەی محمد (ﷺ).

[2] ) سوورەی النساء: 81.

[3] أخرجه الخمسة.

[4] رواه البخارى ومسلم والنسائى.

هەرکەسێك فەرمانبەرداری (ئەمیر) بکات ئەوە هیی منی کردووە، ئەوەیش سەرپێچی لێ بکات ئەوە سەرپێچی منی کردووە. یان ئەفەرموێ: "من خرج من الطاعة وفارق الجماعة، فمات مات ميتة جاهلية".

وە ئەفەرموێ: "اسمعوا وأطيعوا وان استعمل عليكم عبد حبشي كأن راسه زبيبة ما أقام فيكم كتاب الله".[1] بەڵێ، بەپێی ئەم ئایەت و فەرموودانە زاناکان ئەڵێن گوێڕایەڵی بۆ سەرۆك و پێشەوا (فەرزە) لەکاری پەسەندو (مەعروف) دا، تەنانەت ئەڵێن ئەگەر فرمانیدا بە کردنی شتێك (موباح) و حەڵاڵ ملکەچی و گوێ ڕایەڵیی پێویستە بۆی.

پێویستە ئەم خاڵەیش ـ لەم شوێنەدا ـ پێش چاو بگیرێ کە: سەربازی موسڵمان گوێڕایەڵییەکەی لەپلەی یەکەمدا بۆ (ئەمیرولمؤمنین)ە، ئینجا لە پلەی دووەمدا بۆ ئەو فەرماندەیە سەروکاری ئەکات لەجیاتی ئەمیرولمؤمنین... جا کە هەرکات ئەم "ئەمیر"ەی ویستی دژی "ئیمام" هەستێ (بەناهەق) ئەوە بۆی ڕەوایە بیکوژێ: "من أتاكم وأمركم جميع على رجل واحد يريد ان يشق عصاكم أو يفرق جماعتكم فاقتلوه"[2].

2ـ پەروەردەکەی وابێ متمانەی تەواو پەیدا بکات کە "تەمەن" لای خوا دیاریکراوە، نەلە جەنگا، وە نە لە ئاشتیدا تەنها چرکەیەك پاش و پێش ناکەوێ، وە ئەو ئەندازە تەمەنە بۆت دیاریکراوە هەر ئەبییەیتە سەر: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّواْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا الْقِتَالَ لَوْلا أَخَّرْتَنَا إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ قُلْ مَتَاعُ الدَّنْيَا قَلِيلٌ وَالآخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ اتَّقَى وَلاَ تُظْلَمُونَ فَتِيلاً * أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ)[3]. واتە: ئایا تەماشای ئەو کەسانە ناکەی پێیان وترا: دەست لە جەنگ (هەراو ئاژاوە) هەڵبگرن، وە نوێژ بکەن (بەڕێکوپێکی) زەکات بدەن (و هەوڵ مەدەن بۆ زیندوکردنەوەی ئەو جەنگانە لەسەردەمی نەفامیدا ئەکران کەچی هەر ئەوان داوای جەنگیان ئەکرد) دەی کاتێ جەنگ (فەرز کرا) لەسەریان (دوای کۆچکردن) کەچی

---

[1] رواه البخاري.

[2] ) رواه مسلم . لە پێشەوە مانا کراوە .

[3] ) النساء : 77ـ78.

تاقمێکیان لێیان ئەترسان (لە کافرەکان) هەروەك لە خوا بترسن، نە بەڵکو پتر لەویش، وە ئەیان وت خوایا بۆچی (جەنگت دا بەسەرماندا، بۆ مۆڵەتت نەدایین تاماوەیەکی کەمو نزیك (تا بەڵکو ماوەیەکی ژیانمان ببردایە سەر) تۆ بڵێ: ئەی محمد (ﷺ) ژیانی دنیا لەزەتێکی زۆر کەمە (لەچاو هی قیامەتدا) ئەو ژیانەی تر باشترە بۆ ئەو کەسەی لە خوا بترسێ (جا هەموو کەسێك پاداشتی ئەدرێتەوە) وە بە ئەندازەی ئەو دەزوولە باریکە لە ناوەڕاستی "ناوکە" خورمادا هەیە ستەمتان لێ ناکرێ... کەوابوو مرۆڤ نابێ لە مردن بترسێ، چونکە لە هەر شوێنێکدا بێ مردنتان ئەگاتێ با خۆتان بخەنە ناو کۆشك و (بورج) ی زۆر قایمکراوەوە. وە خوا ئەفەرموێ: (الَّذِينَ قَالُواْ لإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُواْ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا قُلْ فَادْرَؤُوا عَنْ أَنفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ)[1] واتە: (دووڕووەکان) ئەو کەسانەن بە براکانیان (ئەوانەی هاوڕەگەزو هاوئاینن) ئەڵێن، وە (خۆیان دانیشتوون نەڕۆیشتن بۆ جەنگ لە ترسی مردن) ئەگەر بە گوێی ئێمەیان بکردایە نە ئەکوژران!! دەی تۆیش بڵێ: ئەی محمد (ﷺ) دە ئەگەر ڕاستە هەر کەسێك نەڕوا بۆ جەنگ نامرێ دەی مردن لە خۆتان لادەن ئەگەر ڕاست ئەکەن.

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لإِخْوَانِهِمْ إِذَا ضَرَبُواْ فِي الأَرْضِ أَوْ كَانُواْ غُزًّى لَّوْ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا قُتِلُواْ لِيَجْعَلَ اللّهُ ذَلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ وَاللّهُ يُحْيِـي وَيُمِيتُ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ)[2]. واتە: ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناو (ئێوە) وەك ئەو کافرانە مەبن (و ڕێگە هەڵە مەکەن و بە باشی تێ بگەن) ئەوان کاتێ برا هاو ئاینیەکانیان، یا هاو ڕایەکانیان بڕۆیشتنایە بۆبازرگانی یان کاسبیکردن یان جیهادکردن ولە ڕێگەدا بمردنایە، ئەیانووت ئەگەرلای ئێمە بمانایەنەوە نەئەمردن وە نەئەکوژران!! بۆیە وایان ئەوت بیێ بە داخ و حەسرەت و بڕواتە ناودڵیانەوە... بڕوادارەکان ئێوە وا مەکەن چونکە تەنها خوایە زیندەگی و مردن ئەبەخشێ.

3ـ پێویستە پەروەردە بکرێن کە یارمەتی تەنها بەدەست خوایە، نەك بەزۆری ژمارەو چەکە، (كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ)[3]. واتە: (ئەی

---

[1]) آل عمران ( 168 ) .

[2]) آل عمران / 156 .

[3]) البقرة / 249 .

خەڵكینە ژمارەی زۆری ئەوان چەواشەتان نەكات چونكە) زۆر جار كۆمەڵێكی ژمارە كەم سەركوتووە بەسەر كۆمەڵێكی ژمارە زۆرو چەك زۆردا (ئەمەیش) تەنها بە هێزو دەسەڵاتی خوای بە توانا، وە خوایش لەگەڵ ئارامگرانایە.

ئەمەیش مانای ئەوە نییە كە دەست لە هەموو ئامێرە جەنگییەكان هەڵگرین، نەخێر ئەبێ هەموو هۆ جەنگییەكان ئامادە بكەین، وە ئەبێ تەنها بە خوا پشتببەستین: (وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا )[1]. واتە بیر لە بەرسەرهاتی جەنگی "حونەین" بكەرەوە كاتێ كە زۆریتان سەرگەرمی كردن (و واتان زانی چونكە زۆرن سەركەوتنتان مسۆگەرە" كەچی هیچ سوودێكی پێ نەگەیاندن.

كەوابوو ئەبێ مرۆڤ هەموو شتێك ونیازو نییەتی ببەستێ بە خواوە، ئەگەر ئەو یارمەتی نارد ئەوا سەركەوتوویش ئەبێ، خۆ ئەگەر نەی نارد ـ لەبەر هەر هۆیەك بێت خۆی ئەیزانێ ـ سەركەوتن نایەت با كەرەستەی جەنگیشمان تەواو بێ.

خوا ئەفەرموێ: (إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ).[2] واتە: ئەگەر ئێوە یارمەتی "ئایینی" خوا بدەن خوایش یارمەتی ئێوە ئەدات و دامەزراویشتان ئەكات و ناهێڵێ لەڕاستی بترازێن.

(وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ * الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ) (الحج: 41 ـ 40).[3] خوای گەورە سوێند ئەخوا بەزاتی خۆی كە: ئەو كەسەی یارمەتی ئایینەكەی ئەو بدات ئەویش سەری ئەخات و یارمەتی بۆ ئەنێرێ، (وە بالادەستی نییە)، چونكە بێگومان خوا زۆر بەهێزو لێهاتووە. جا ئەوانە خوا یارمەتیان ئەدات ئەو كەسانەن كە ئەگەر دەسەڵاتمان پێدان (ئەم چوارشتە ئەكەن):

أ ـ نوێژ بە شێوەیەكی زۆر تێرو تەواوی ئەكەن.

ب ـ زەكات ئەدەن.

---

[1] ) آل عمران /

[2] ) سوورەی محمد (ﷺ) / 7 .

[3] ) الحج / 40 _ 41 .

ج، د ـ (فرمان ئەدەن بە چاكە) وە (بەرگریی ئەكەن لە خراپە) وە پاشەڕۆژی هەموو شتێك بۆ خوایە.

4 ـ پەروەردەبكرێت لەسەر خۆش ویستنی مردن، چونكە (پاشەڕۆژ زۆر زۆر باشترە لەم دنیایە)وە، چونكە مردن لە ڕێگەی خوادا ژیان و زیندوێتی یە: (وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبيلِ اللّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاء وَلَكِن لاَّ تَشْعُرُونَ).[1] واتە: ئەڵێن بەو كەسانە لە ڕێگەی خوادا كوژراون مردوون، نا، بەڵكو زیندوون و (جۆرە ژیانێكیان هەیە) بەڵام ئێوە هەستی پێ ناكەن.

5ـ وا پەروەدە بكرێ كە دوژمن هەرچەندە ببێ بایەخی نییە، چونكە ئەم خوای لەگەڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەبێ هەموو جۆرە (ئیحتیاط) ێك وەرگرێ: (وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الْأَحْزَابَ قَالُوا هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّا إِيمَاناً وَتَسْلِيماً).[2] واتە: كە موسڵمانەكان (لەجەنگی خەندەقدا) (حیزبەكانیان بینی) ئەو تیرەو خێڵانەی بوو بوونە یەك بۆ سەركوتكردنی موسڵمانەكان) وتیان ئەمە ئەوەیە كە خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بەڵێنیان پێداین، وە خواو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) ڕاستیان فەرموو (لە بەڵێنەكەیاندا)... (وە ئەو قەڵەباڵغییە) بڕوای زیاد كردن و ملكەچی فرمانی خوا بوون.

وە هەروەها ئایەتی سوورەی (آل عمران)، وە ئایەتی سوورەی تەوبە ئەم مەبەستەمان بۆ ڕۆشن ئەكەنەوە.

6ـ ئەبێ وا پەروەدە بكرێ كە مەبەست تەنها خوا بێ لە جیهادەكەیاندا: (فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآخِرَةِ وَمَن يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيُقْتَلْ أَو يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْراً عَظِيماً)[3] واتە: با بجەنگێن لە ڕێگەی خوادا، ئەوكەسانە ژیانی دنیا ئەفرۆشن بە پاشە ڕۆژ، وە هەركەسێك بجەنگێ لە ڕێگەی خوادا، ئینجا بكوژرێ، وە سەركەوێ ئەوە پاداشتێكی گەورەی پێ ئەبەخشین.

---

[1] ) البقرة / 154 .

[2] ) الاحزاب / 26 .

[3] ) النساء / 74 .

7ـ پەروەردە بکرێ لەسەر بڵاونەکردنەوەی درۆو دەلەسە... وە لەسەر ئەوە ئەگەر شتی وا بڵاوبوویەوە بیگەیەننە فەرماندەی هێزەکان و درۆزنەکانیش سزا بدرێن: (لَئِن لَّمْ يَنتَهِ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْمُرْجِفُونَ فِي الْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَا إِلَّا قَلِيلاً * مَلْعُونِينَ أَيْنَمَا ثُقِفُوا أُخِذُوا وَقُتِّلُوا تَقْتِيلاً)[1] واتە: ئەگەر دوو ڕووەکان وە ئەوانەی دڵیان نەخۆشی تێدایە و ئەوانەیش کە تۆوی فەساد و درۆ و دەلەسە بڵاو ئەکەنەوە (ئەمانە هەرسێکیان یەك شت ئەگرنەوە،چونکە (نیفاق) هەموو شتێکی لێ ئەوەشێتەوە) لە (مەدینە) دا... ئەگەر ئەمانە دەست لەو ئیشانە نەکێشنەوە تۆ هان ئەدەین بۆ گیانیان و سەرت ئەخەین بەسەریاندا، ئینجا دوای ئەوە ئیتر لە مەدینەدا لەگەڵت دانانیشن و هەڵناێن و ئەڕۆن، سەردەمێکی کەم نەبێت.

ئەوان دوورخراوەنەتەوە لە سۆزی خوا، لە هەر شوێنێکدا ژێردەست بوون و گیران، ئەوە لێیان ئەدرێ و سەرزەنشتیان ئەکرێن، وە ئەیشکوژرێن هەر گیران. بەڵێ پاداشی نەفامان و دووڕووەکان و جاسووسەکان و ئەوانەی دژی (حکومەتی) ئیسلام درۆودەلەسە بڵاوئەکەنەوە ئەمەیە. جێگەی سەرسوڕمان نییە چونکە ئەوەتا لە دەوڵەتانی ئەمڕۆشدا ئەوانە هەر وایان لێ ئەکرێ: (وَإِذَا جَاءهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُوْلِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ...)[2].

8ـ وا پەروەردە بکرێ کە هیچ کات نەپسێ لە جەنگی دوژمناندا و هیچ کات زەبوونی و لاوازی نیشان نەدات: (وَلاَ تَهِنُواْ فِي ابْتِغَاء الْقَوْمِ إِن تَكُونُواْ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمونَ وَتَرْجُونَ مِنَ اللّهِ مَا لاَ يَرْجُونَ وَكَانَ اللّهُ عَلِيماً حَكِيماً).[3] واتە لاوازو بێ تین مەبن لەگەڕان بەدوای تیرەی (کافراندا) ئەگەر ئێوە ماندو بن، ئەوانیش ماندو ئەبن وەك ئێوە ماندو ئەبن، وە ئێوە بەتەمای پاداشت ئەبن لای خوا، ئەوان بەتەمای نین، خوایش (هەر هەمووکات) زانایە بە هەموو وتارێك، وە دانایە بەکردنی هەرمووکارێك.

(فَلَا تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ)[4] واتە (کە ئەزانن لە ڕێگەی خوادایە جەنگەکەتان) کەوابوو لاوازو بێ تین مەبن، ئینجا (لە لاوازییدا)

---

[1] ) الاحزاب / 60ـ 61.

[2] ) النساء / 83 .

[3] ) النساء / 104 .

[4] ) سوورەی محمد (ﷺ) / 35 .

داوای پەیمان (هدنە) بکەن، لە کاتێکدا ئێوەن خاوەنی پلەی بەرز (چونکە کارەکەتان بەرزە، سەرخستنی وشەی خوایە) وە خواتان لەگەڵە، وە هیچ کات پاداشتی کردوەکانتان کەم ناکاتەوە.

9 ـ پەروەردە بکرێ لەسەر خۆش ویستنی (جیهاد) زیاتر لە سامان و ماڵ و منداڵ: (قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ)[1]. واتە: تۆ بڵێ: ئەی محمد (ﷺ) ئەگەر باوو باپیرانتان و کوڕەکانتان وبراکانتان و خێزانەکانتان و عەشیرەت و تیرەتان و ئەو داراییەی پەیدا ئەکەن و بازرگانیەك بترسن لە بێ ڕەواجی و برەوی (بەهۆی برِوا هێنانتانەوە) وە خانوو و بەرەیەك دڵتان پێوەی بەسراوە... ئەگەر ئەمانە خۆشەویستر بن لای ئێوە لە خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وە لەجیهاد و تێ کۆشان لە ڕێگەی خوادا ئەوە چاوەڕوانی وەڵامی خوا بن (چاوەڕوانی سزاو تۆڵەی بن "خوایش ئەو کەسانەی لە سنووری ئەو دەرئەچن نایان خاتە سەر ڕێگەی ڕاست".

10 ـ ئەو سەربازە وا پەروەردە بکرێ لە جەنگەکان ـ ئەگەر دەستکەوت بوو ـ دەست نەبات بۆ هیچ شتێك... واتە سامان و دارایی کۆنەکاتەوە بە فرمانی پێشەوا نەبێت: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ لِلّهِ وَالرَّسُولِ)[2] جیاوازی کەوتە نێوان موسڵمانانەوە سەبارەت بە دەستکەوتوو (غەنیمە)ەکەی (بەدر): ئاخۆ بۆ کۆچکەرەکان و یارمەتیدەرەکانە؟ یا تەنها بۆ لاوەکان ئەبێ؟ یا بۆ پیرەکانیان ئەبێ؟ یا بە تێکڕا بۆ هەمووانە؟. ئینجا لەبەر ئەوە خوا بڕیاری بۆ دەرکردن بەم شێوەیە: پرسیاری "غەنیمەت"ی لێ ئەکەن (ئاخۆ بۆ کێ ئەبێ) ئەی محمد (ﷺ) بڵێ: حوکمی ئەو دەستکەوتانە بۆ خواو پێغەمبەرە (ﷺ)، (وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[3]. واتە: ئەو کەسەی گزیکاری و خیانەت بکات (لە دەستکەوتووە جەنگییەکاندا) لە ڕۆژی

---

[1]) التوبة / 24 .

[2]) الانفال / 1 . لەئایەتی ( 41 ) دا هەر لەم سوورەتەدا بە تەواوی ڕۆشن کراوەتەوە .

[3]) آل عمران / 162 .

قیامەتدا خۆی و گزیکارییەکەی دێن (بۆ بەردەم خوای پەروەردگار) واتە خوا پێی ئەزانێ و دەوری پێ ئەکاتەوە. یا ئەیگرێ بە کۆڵیەوە و هەموو خەڵکەکەیش پێی ئەزانن بۆ ئەوەی ئابڕووی بچێ.

بەڵێ دروست نیە بۆ هیچ کەسێك دەست ببات بۆ سادەترین سامانە جەنگییەکان، بەفرمانی ئیمام نەبێت، وە هەروەها دروست نییە بڕواتە لای هیچ کەنیزەکێك دوای دابەشکردن و کەوتنە (حەیزە) وەی نەبێ، یا ئەگەر "حامل" بوو زگەکەی دابنێ..

خوێنەری بەڕێز: ئەمانەی سەرەوە بۆت باس کرا گرنگترین ئەو بناغانەن کە پێویستە سەربازی موسڵمانی لەسەر ڕابهێنرێ. هەرچەندە ئەمانە لەڕاستیدا پەیوەندییان بە مەشقی دەروونەوە هەیە: واتە سەربازی موسڵمان ئەبێ دوو جۆرە مەشق دابدرێ:

1- مەشقی دەروون پاکی و داوێن پاکی وەك لەسەرەوە باسکران.

2- مەشقی جەستەیی (التدريب الجسمي) بە شێوەیەك پەروەردە بکرێ بەرگەی هەموو نارەحەتیەك بگرێ، وە فێری هەموو جۆرە چەکێکی ئەو سەردەمە بکرێ (وەك لەسەرەوە باسکرا). هەرچەندە ئەم بەشەیان ئیسلام داوا ئەکات کە هەر بەمناڵی فێر بکرێن و ڕابهێنرێن: ﴿ علموا اولادكم السباحة والرماية وركوب الخيل ﴾.... ﴿ ومروهم أن يثبوا على الخيل وثبا ﴾.

ڕازێك !

کاتێ ئەمانە جێبەجێ ئەبن کە کۆمەڵێ سەربازی ڕاستەقینەی خوا بن وە ئەو سیفەتانەیان تێدا بێ کە لە کتێبی (جند الله) دا باسکراون. وە هەروەها ماڵەوە و قوتابخانە و بەشی ئاگادارکردن "قسم الأعلام" و مزگەوت و هەموو بەشە سەربازییەکان یەك دەنگ بن بۆ ئەمە.

## پێنجەم: ناسینی دوژمن و خۆ ئامادەکردن بۆی

ئەمەیش بەپێی کات و شوێن و سەدەکان ئەگۆڕێ... پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە بووە ندێ جار مەفرەزەیەکی سەربازی ئەنارد بۆ دەرخستنی جێگە و ڕێگەی دوژمن و... وە هەندێ جاریش تەنها کەسێکی ئەنارد، وا ئەبوو ئەڕۆیشتە ناو دوژمنەوە و پێیان نەئەزانی و هەڵئەسا بە جێبەجێکردنی کاروباری سیاسی ئیسلامیی.

بۆ ئەوەی (هێزی سوپا) قایم و دامەزراو بێ، وە لەسەر بناغەیەکی ڕێکوپێکی و تەواو بڕوات پێویستی بە سەرکردایەتیەکی بەرزی ڕامیاریی هەیە، وە ئەو سەرکردایەتیەش کاتێ سەرکەوتوو ئەبێ ئەم خاڵانەی تێدا کۆببێتەوە، هەروەك و یەکەم پیاوی "سیاسی" حەزرەتی محمد (ﷺ) چۆن خاوەنی ئەم خاڵانە بوو:

1- بانگەکەی کرداری بێت و متمانە و "ثیقە"ی ببێ بە سەرکەوتنی.

بەڵێ، ئەگەر مرۆڤێك هەڵکەوتبێ لەم جیهانەدا هەموو لایەنەکانی پێشەوایەتی تیا بووبێ ئەوە تەنها "محمد" بووە (ﷺ)... ئەگەر پێشەوایەك هەڵکەوتبێ و ڕێبازێکی هێنابێ، وە ئەو ڕێبازەی بەکردەوە و هەوڵ و جیهاد سەلماند بێ بە کۆمەڵ ئەوە تەنها "محمد" بووە (ﷺ).

ئەگەر سەرکردەیەك هەر لەسەرەتای کارەکەیەوە متمانەی تەواوی بووبێ بەسەرکەوتنی ئیشەکەی، نەك لە ناوەڕاستیدا، نەك لە دواییدا باوەڕی لاواز نەبووبێ بەخۆی، ئەوە تەنها "محمد" بووە _ ﷺ _.

پێغەمبەر (ﷺ) بەلایەوە ڕوون بوو کەناوەڕۆکی بانگەکەی بریتیبوو لەوە کە "حاکم"ی ڕاستەقینە بۆ کۆمەڵەی ئادەمیی تەنها "خوا"یە (جل جلاله) وە ملکەچ کردنی بۆ غەیری دەسەڵات و بڕیارەکانی ئەو "شیرك"ە... وە گۆڕانی سەرەکی و بناغەیی بریتیە لەوە کە خەڵکی ڕزگار بکرێ لەسەر دانەواندنی هەندێك بۆ هەندێکی تر... ڕزگار بن لەوە و بێن بۆ لای بەرنامەکەی خوا... ئاشکرایە هەر گەلێك ئاوا بێت کلیلی ژیانی بەختیاریی ئەکەوێتە دەستی ئەو.. مافی ئەوەی هەیە پێشەوایەتی گەل بکات.

أ- سەکردەکانی قوڕەیش - وەك عوتبەو شەیبە و ئەبوجەهل و ئومەیەو ئەبوسووفیان و هەندێکی تریان - کۆبونەوە و ڕێگەی ماڵی (ئەبوطالیب) یان گرتەبەر و وتیان تۆخۆت ئەزانی چەند خاوەن ڕێزی لای ئێمە و برازاکەتدا... کەوابوو بانگی بکە پەیمان لە هەر دوو لامان وەربگرە کە باسی یەکتر نەکەین، وەواز لە ئایینمان بێنێ، واز لە ئایینی دێنین!!.

ئەبوطالیبیش ناردی و هات و پێی وت: برازاکەی من، ئەوانە پیاوە ناودارەکانی گەلەکەتن لەبەر تۆ ئەوەتە کۆبوونەتەوە تا تۆ پەیمان بدەی بەوان، وە ئەوانیش پەیمان

بدەن بەتۆ کە هیچتان باسی ئەکتر نەکەن. پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: تەنها وشەیەك بڵێن ئەبن بە خاوەنی هەموو عەرەب و (عەجەم)یش سەرتان بۆ داوئەنوێنن.

ئەبووجەهل وتی: کورە بەڵێ بەگیانی باوکت (10) وشەیش ئەڵێین، فەرمووی: بڵێن: "لااله لا الله".. وە ئیتر دوای کەس نەکەون، دوای ئەم فەرمودەیە ئەو نەفامانە دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان!!!(وەك گاڵتە پێکردنێك).

ب ـ جارێکی تر پێغەمبەر (ﷺ) چوو بووە ناو تیرەی (بەنی عامر) و خەریکی ئەوە بوو بانگەکەی خۆی پێ ڕائەگەیاندن... لەم کاتەدا گەورەکەیان وتی: جا باشە ئەگەر ئێمە دوای تۆ بکەوین، تۆیش خوا سەری خستی ئایا دوای تۆ ئێمە ئەڕۆینە جێگەکەی تۆ؟ ئەمیش (ﷺ) فەرمووی: ئەم کارە بەدەستی خوا یە بەکێی ئەسپێرێ ئارەزوویەتی. ئینجا سەرکردەکەیان وتی: جا ئەمە ڕاستە ئێمە سنگمان بکەین بە "هەدەف" بۆ عەرەبەکان لەبەرخاتری تۆ. تۆیش هەرکات سەرکەوتی کاروبار بۆ ئێمە نەبێ؟! کەوابوو (برۆ بەڕێی خۆتەوە) پێویستمان بە تۆ نییە.[1]

ج ـ موشریکەکان چەندان جار داوایان لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) کە چینی لاوازو هەژارە (مستضعف)ەکان وەك "صوهەیب و بیلال و خەبباب و عەممار" (خوایان لێیان ڕازی بێت) دەربکات جا ئەوان دێن بۆ لای!! بۆ ئەم مەسەلەیە قورئان جار لە دوای جار ئەهاتە خوارەوە: دەریان نەکەی (با ئەوانە هەر بڵێن) ئەمیش ئیتر داواکەیانی ئەدایە دواوە.. خوا ئەفەرمووێ: (وَأَنذِرْ بِهِ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُواْ إِلَى رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِ وَلِيٌّ وَلاَ شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ * وَلاَ تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ ..) (الأنعام: 51ـ 52). واتە: ئەوانە بترسێنە بە قورئان کەئەترسن کۆبکرێنەوە بۆلای خوای خۆیان و بێجگە لەویش هیچ یارمەتی دەروو (تکا کارێکیان) نییە.. (ئەوانە بترسێنە)، بەڵکو بترسن و (ترس بکەوێتە دڵیانەوە) وە لەکۆڕەکانت دووریان مەخەرەوە ئەو کەسانەی بەیانی و ئێوارە بانگ لەخوای خۆیان ئەکەن و خواپەرستی تەنها بۆ ئەو ئەکەن. وەك ئەو هەژارنە باسمان کردن[2]. بەڵێ لەم هەڵوێستانەی سەرەوە دەرکەوت کە

---

[1]) الرسول / سعيد حوى .

[2]) هەمان سەرچاوە .

پێغەمبەر (ﷺ) چەند سوور بووە لەسەر بەرنامەکەی و چۆنیش متمانەی تەواوی بووە بەوەی کە سەرکەوتن ـ بەپشتیوانی خوا ـ بەدەست دێنێ. وەهەروەها دەرکەوت کەئەو پێشەوایە هیچ کات دژایەتی (تناقض) لە ئیشەکانییدا نەبووە...بۆ یەکەمجار ڕای چۆن بووەو نیازی چۆن بووە هەر ئاوایش بووە لەکۆتایی دا.. ئەمەیش بەپێچەوانەی "سیاسیە" کانی ئەمڕۆی جیهانەوە کە ئەبینی لەماوەیەکی زۆر کەمدا چەندان (تناقض) لەکارەکەیاندا ئەبینرێ و لەگەڵ دوژمنەکەیاندا چەند جار ئەکەونە "ماستاو" کردن! !.

2 ـ کۆڵنەدەربێت لەگەیاندنی کارەکەیدا:

دوو شت هەیە زۆر پێویستن بۆفرماندەی بزووتنەوە سیاسی و فیکرییەکان :

م ـ سوور بوون و کۆڵنەدان بۆ ڕاگەیاندنی داخوازییەکەی.

ب ـ وردبین بێت لە هەڵوێستەکانیدا لەگەڵ دوژمندا.

ئاشکرایە هەر بانگەوازێك بەردەوام نەبێت لەئیشەکەیدا ئەوەستێی و سەرئەنجامیش تیائەچێت... هەروەك ئەگەر هەڵوێستی خۆی دیاری نەکات لەگەڵ دوژمندا کوتوپڕ لێی ئەدرێ و سەرکوت ئەکرێ، بۆ نموونە: (هیند)ییەکان کاتێ ویستیان خاکەکەیان پاك بکەنەوە لە (ئینگلیزەکان) ڕێگەی نەرمونیانییان گرتەبەر.. واتە: ڕووبەڕووی ستەمکارەکان توندوتیژ نەبوون، وەبڕیاریاندا دان بگرن بەخۆیاندا لەژێر باری ستەمەکەیان بۆ ئەوەی، بەڵکو ئەوان بەزەییان بجوولێ و سەر ئەنجامیش دابەزن لە بیرەکەیان.

کەڵکی گرتنی ئەم ڕێگەیە (کەبەرامبەرکەی بەزەیی تێدا دروست ببێت و لەولایشەوە (پشتیوانی) و پشتگیری بکرێن لە لایەن ڕای گشتی جیهانەوە ئەگەر لەسەر هەق و ڕاستی بێ.. بەڵێ سەرئەنجام ـ بەهۆی گرتنی ئەم ڕێگەوە ـ هیندییەکان توانییان وڵاتەکەیان ئازاد بکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا خوێنێکی وایان نەدا، خۆ ئەگەر ئاوا نەرمونیان نەبوونایە خۆیانیان بۆ نەئەگیرا لەبەردەم ئەو هێزەی (بەریتانیا) دا، وەتووشی زیانێکی گەورەئەبوون.

ئەگەر بەراوردێکی ئەم دووخاڵە بکەین لە پێغەمبەردا (ﷺ) ئەبینین بەشێوەیەکی بێ وێنە تیایاندا سەرکەوتووە، ئەوەبوو نیوە دوورگەی عەرەبی هەستان دژی ئەوو دوژمنایەتییەکی بێ وێنەیان بەکارهینا لەگەڵیدا !! کەچی تەنها چاوترووکاندنێك

دەستی لەئیشەکەی هەڵنەگرت، و بەردەوام ئەچووە ناو تیرەکان و باسی ئاینەکەی بۆ ئەکردن پتر ئەمەبووە هۆی پشتیوانی بۆی..

ئەم خۆگرتنە (13) ساڵی خایاند بێ وچان بێ ماندووبوون.

ئەمەلەلایەکەوە، ئینجا لەلایەکی ترەوە _ هەروەك بێ وچان ئیشی ئەکرد _ زۆریش خاوەن ئارام بوو _ بەتایبەت _ لە (مەککە) دا.. دواییشی لەهاوەڵان ئەکرد تا ئارامیان بێ، دەی ئەگەر وای نەکردایە هاوەڵان ئەکوژران و نەیشی ئەتوانی بەردەوام بێ لەسەر ئیشەکەی، هەروەك لەو لایشەوە بوو بەهۆی ڕاکێشانی چەندەها دڵ لەناوچەکەدا.

ئەمە لە مەککەدا، کەهاتە (مەدینەی) یش پتر سور بوو لەسەر کارەکەی و ڕاگەیاندنی بانگەواز بەموسڵمانان و بە ئارام بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕێبازەکەی، ئەوەتا جارێ (پەیمان) ئەبەستێ، جارێ خەریکی ئاشتییە، جارێ جەنگ و.... هتد.

ئینجا ئەگەر بەراوردێکی ئەم سەرکەوتنەی بکەین لەگەڵ ڕێبازەکانی تردا کە چۆن ئەم سەرکەوتنەی بەدەست هینا بڕوا دێنی کەهێزێکی نهێنی یارمەتیدەری بووە ئەگینا چۆن لەماوەی (23) ساڵدا ئاوا گەشە ئەکات و پێ ئەگات؟!

حەز ئەکەی ڕیبازە "سیاسی" یەکانی ئەمڕۆ یەکە یەکە هەڵسەنگێنە بزانە بەچەند ساڵ پێگە یشتوون؟

3 ـ توانای ئەوەی ببێ کەهەموو ئەندامەکانی چاودێری بکات، چ پەروەردەیی، چ هۆنینەوە، چ خستنە ئیشیان.

* بێگومان هەر ڕێبازێك ئەگەر بەشێوەیەکی وردو پاك پەروەردەی ئەندامەکانی نەکات، بەخراپ ئەو بانگەوازە ئەکەوێتە پێش چاو کۆمەڵ و ئەوکاتە لە جیاتی ئەوەی مرۆڤەکان پێڕەوی لێ بکەن، لێی دوور ئەکەونەوە، واتە: پێش ئەوەی هەستێ بەبانگەکەی خەڵکی لێ ئەسڵەمێتەوە ئەمیش ئەبێتە هۆی ئەوەکە: (ڕای گشتی (الرأي العالم) دژی بوەستێ.. بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئەندامەکانی پەروەردەیەکی قورئانی بکات ئەوە زۆربەی کۆمەڵ (ئەگەر نەڵێین هەمووی) بڕوای پێ دێنێ پێش ئەوە دەستبەکار ببێ بۆ بانگەکەی، وەخۆشەویستیان ئەڕواتە دڵییەوە. سەرئەنجام هەرکات هەڵسا بەبانگەکەی خەڵکەکە بێ دوودڵی دوای ئەکەوێ، چونکە ئاشکرایە چەند کەس کۆمەڵە پیاوێکی پاك و چاك لە دەوریدا کۆئەبێتەوە بێ ئەوەی بانگەکەی ئاشکرا بکات.

* ئەگەر نەتوانیَ ـ ئەو ئەندامانە بخاتە ئیش ـ سەرئەنجام وەك دەست بەسراویان لیَ دیَت، نەدژی بانگەکەن، وەنە هیچ خزمەتیَك پیَشکەش ئەکەن، دیارە ئالەم کاتەدا سەرکردایەتی بانگەکە لیَی بەپرسیار ئەبیَ.. وەلەئەنجامدا ناشتوانیَ هەستیَ بەهەموو ئەرکەکانی بانگەکەی.. واتە وای لیَدیَت: (تەنها بانگکەریَك چەندان بانگکراو)... وە لیَ ئەگەر بکریَ بتوانیَ هەموو ئەندامەکانی بخاتە ئیش بۆ بەرژەوەندی بانگەکەی ئالەم کاتەدا هەموویان بەرپرسیار ئەبن، وەهەریەکیَ لە ئەندامەکان جیَگری پیَشەوا (قائد) ئەبن.. کە بانگەوازەکەی پەرەی سەند سەرئەنجام ئەتوانن بیبەن بەریَوە.

* ئەگەر چاودیَری ئەوئەندامانە نەکات و سەرپشتی کارو باریان نەکات، وەیا هەرکەسە بەپیَی توانای خۆی ئیشی نەدریَتیَ ئەوە یەکە یەکە لەبیر ئەچنەوە و ئەوانیش تەممەڵی و سستی روویان تیَ ئەکات. جائەگەر لەم سیَ خاڵەوە تەماشای پیَغەمبەر (ﷺ) بکەین ئەبینین زۆر باڵا دەست بووە..

خاڵی یەکەم: دنیا پرە لەشایەت بۆ (گەورەیی) و ئاستی پەروەردەی پیَغەمبەر (ﷺ)، بۆ بەرز بوونەوەی ئەندامەکانی لەدۆخیَکەوە بۆ دۆخیَکی تر.

خاڵی دووەم: ئەبینی پیَغەمبەر ـ ﷺ ـ هیچ کات وچانی نەگرتوە لە بانگەوازەکەیدا، وەئەوەی هاتبیَتە ناو ئەم دینەوە هەمووکات لەناویشیا ژیاوە و بەردەوام گۆشی کردووە.

خاڵی سیَیەم: ئەبینی زۆر وردەکاری بووە لەچاودیَری ئەندامەکانیدا بەشیَوەیەك جیَگەی سەرسورمانە بۆ نمونە: (ئیبنی ئیسحاق) لەئوممی سەلەمەوە (خوایان لیَ رازی بیَت) ئەگەریَتەوە کاتیَ شاری (مەککە) هاتەوەیەك بەرامبەر بە بانگەکەی پیَغەمبەر، وەهاوەڵانیشی سزاو ئازاردران و جۆراو جۆر چەرمەسەرییان تووش ئەبوو و پیَغەمبەریش (ﷺ) بۆی سوك نەئەکرا لەسەریان، بەڵام ئەوخۆی بە بۆنەی تیرەکەیەوە بەتایبەت مامی دەستیان بۆ نەئەبرد، جالەبەر ئەوە پیَغەمبەر (ﷺ) پیَی فەرموون: "إن بارض الحبشة ملكا لاتظلم أحد عنده فالحقوا ببلاده، حتى يجعل الله لكم فرجا ومخرجا مما أنتم فيه" لە زەوی (حەبەشە)دا پاشایەك هەیە هیچ کەسیَك لای ئەو ستەمی لیَ ناکریَ، جا لەبەر ئەوە بەخیَرایی پەیوەندی پیَوە بکەن، تا بەڵکو خوا دەرووتان بۆ بکاتەوە، وە رزگار بن لەوەی وان تیَیدا. پیَغەمبەر (ﷺ) دووجار هاوەڵانی بەرەو وڵاتی "حەبەشە" نارد، جاریَکیان لە ساڵی (5)ی پیَغەمبەریَتی دابوو.

ئینجا کە خۆیشی بڕیاریدا بۆ کۆچکردن بۆ (مەدینە)، هەستا شوێنکەوتووەکانی بەرەو ئەوێ نارد، دەستە دەستە و یەکە یەکە.

ئەو پێغەمبەر (ﷺ) زۆر خەمخۆری هاوەڵان بووە، هیچکات لەبیری نەچوونەتەوە... جا فەرموو تۆو یەك دوو نمونەی تر بۆ ئەوەی کە چەند هەوڵیداوە بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی شوێنکەوتووەکانی، تا دەرسی سیاسییەکان دا بدات بۆ ئەوەی کە هەر نەکەن بە گیرفانی خۆیاندا و ئەندامەکان ئاتاج و موتاج و سەرگەردان بسوڕێنەوە وەك (سیاسی) یەکانی ئەمڕۆ !! تەنانەت هەڵی ناون بۆ پێکەونانی "ماڵ و خێزان" پێیان ئەفەرموێ: ژن بێنن. ڕەبیعی ئەسلەمی ئەڵێ: من خزمەتی پێغەمبەرم ئەکرد (ﷺ) فەرمووی: ڕەبیعە ئەوە بۆ ژن ناهێنی؟! وتم: ئەی پێغەمبەری خوا نامەوێ ژن بهێنم، چونکە دەسەڵاتم نییە، وە نایشمەوێ هیچ شتێ دوورم خاتەوە لە تۆ (کە ئەمەم وت) ڕووی لێ وەرچەرخاندم، دوای ماوەیەك دیسانەوە فەرموویەوە، منیش هەر وەك جاری یەکەم وەڵامم دایەوە، ئەویش ڕووی لێ وەرچەرخاندمەوە... منیش بیرم لێ کردەوەوە وتم سوێندم بەخوا پێغەمبەر دڵسۆزترە بۆ من زیاتر لە خۆم کەوابوو ئەگەر ئەمجارە فەرموویەوە ئەڵێم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ڕات بە چییە؟ ئامادەم... ئەویش زۆری نەبرد فەرمووی ڕەبیعە بۆ ژن ناهێنی؟! وتم ئەی پێغەمبەر ئامادەم چی ئەفەرمووی؟

فەرمووی بڕۆ بۆلای تیرەی (بەنی فلان) ی ئەنصارییەکان بڵێ: فلانە ئافرەتت بدەنێ، منیش ڕۆیشتم فەرموودەکەی پێغەمبەرم بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش وتیان: مەرحەبا بێ لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)و نێراوەکەیشی. سوێندمان بەخوا بە ئارەزووی خۆی ئەگەڕێتەوە. واتە ئیشەکەی بۆ جێ بەجێ ئەکرێ ئەو جا ئەڕواتەوە.

بەڵێ ژنەکەیان دامێ و ئەوەندەیش متمانەیان بە پێغەمبەر (ﷺ) بوو داوای شایەتیان لێ نەکردم.. منیش بەخەفەتەوە هاتمەوە (چونکە هیچ نەبوو بیکەم بە مارەیی) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشتمە ناویان زۆر بەڕێز بوون و ژنیان دامێ و بەنەرمونیان لەگەڵم جوڵانەوە و داوای شایەتیان لێ نەکردم (بۆ ئەوەی کە لەلایەن تۆوە ڕۆیشتبوم) وا ئێستا هیچ نییە بیکەم بە مارەیی.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بورەیدەی ئەسلەمی بڕۆن بەئەندازەی ناوکە خورمایەك زێڕی بۆ کۆبکەنەوە. ڕەبیعە ئەڵێ دەستبەجێ بۆیان کۆکردمەوە و بردم بۆ خزمەت

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بیبە بۆیان و بڵێ ئەمە مارەییەتی. منیش بۆم بردن و ئەوانیش پێی ڕازی بوون لێیان وەرگرتم، وە وتیان زۆریشە و باشیشە. ئینجا هاتمەوە بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) بەخەفەتەوە ! ! ئەویش فەرمووی: ڕەبیعە چییە خەفەتباری؟! وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشتم، گەلێ ئاوا بەڕێزم نەدیوە، وەڕەزامەندی خۆیانیان خستە پێش چاو وتیان زۆر باشە، بەڵام ئێستا هەرچی بیر ئەکەمەوە هیچ شك نابەم زەماوەندی پێ بکەم، فەرمووی: بورەیدە ئادەی مەڕێکی بۆ پەیدا بکەن، بەڵێ خێرا بەرانێکی گەورەی قەڵەویان بۆ پەیدا کردم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بڕۆ بۆلای (عائیشە) بڵێ ئەو (زەمیلە = مکتل)ی خۆراکەکەی تێدایە بینێرێ. منیش ڕۆیشتم پێم وت و هێنام... زەماوەندەکەم کردو پێغەمبەریشم (ﷺ) بانگ کرد. ئەم ڕوداوە گەلێ ڕەوشتی تیدا بەرچاو ئەکەوێ وەك:

أ ـ سوننەتە بۆ پێشەواو سەرکردە فرمان بکا بە شوێنەکەوتووەکانی بۆ ئەوەی ژن بهێنن.

ب ـ ئەبێت موسڵمانان (ئەگەر دەوڵەت نەی پرسیەوە لە لاوەکان) یارمەتی یەکتر بدەن بۆ ژن هێنان، وە ئەوەی نیەتی مارەیی بۆ کۆبکەنەوە.

ج ـ گوێڕایەڵی موسڵمانان بۆ سەرکردە و پێشەوا.

د ـ شایی و زەماوەند کردن سوننەتە، تەنانەت ئەگەر نەیشی بوو موسڵمانان بۆی کۆبکەنەوە ئەبوو بەرزەی ئەسلەمی (خوا لێی ڕازی بێت) ئەڵێ: یارمەتیدەرەکان ئەگەر ئافرەتێکی بێ مێردیان بوایە نەیان ئەدا بە شوو تا لە پێغەمبەریان ئەپرسی، ئاخۆ پێویستی پێی هەیە، یا نەء؟ جارێکیان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە پیاوێکیان: کچەکەتم پێ بدە ! ئەویش وتی بەڵێ بەسەرچاوو بەڕێزیشەوە ئەی پێغەمبەر! فەرموی ئاخر بۆ خۆمم ناوێ. کابرا وتی: ئەی بۆ کێت ئەوێ ئەی پێغەمبەر؟ فەرمووی بۆ فلان، کابرا وتی: با ڕاوێژ بکەم بەدایکی، دوای ئەوە ڕۆیشت وتی: پێغەمبەر (ﷺ) داوای کچەکەت ئەکات، ئەویش وتی: زۆر باشە، پیاوەکە وتی ئاخر بۆ خۆی نایەوێ، بەڵکو بۆ فلانێکە. دایکەکە وتی: نە سوێند بەخوا نایدەمێ! پیاوەکە کاتێ هەستا بڕواتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵەکەی بۆ بباتەوە، کچەکە وتی کێ داوای کردووم؟ دایکەکە قسەکەی بۆ گێڕایەوە. کچەکە وتی: چۆن قسەی پێغەمبەر ڕەت ئەکەنەوە ؟ ! قسەکەی

مەشكێنن ئەو من نادات بەدەم ئاوەوە! باوكەكەی ڕۆیشت و هەواڵەكەی گەیاندە پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئیتر ئەوە خۆت و كچەكە بەكێی ئەدەی بیدە؟....

خوێنەری بەڕێز: ئەم یەك دوو نمونەیە بەڵگەیە بۆ چاودێری كردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هاوەڵانی لەهەموو ڕوویەكەوە.

هەروەك دڵسۆزی و گوێڕایەڵی هاوەڵانیشی تێدا بەدی ئەكرێ.

4- شوێنكەوتووەكانی متمانەی تەواویان پێی ببێ.

ئاشكرایە متمانە لەنێوان فەرماندە و شوێنكەوتوەكانیدا بایەخێكی تەواو گرنگی هەیە لای خاوەن پیاوی سیاسەتمەدار، بۆیە لە ڕژێمی گەلانی دیموكراتخوازدا تا ئەو خەڵكە متمانەی بێ لای خەڵكەكە هەر ئەمێنێتەوە.. وە هەركات خۆشەویستی و متمانە نەما لەنێوانیاندا (سیاسەت) یشیان ڕائەوەستێ و كۆمەڵیش وردە وردە بەرەو ڕووخان مل ئەنێ، چونكە دڵسۆزی نامێنێ، لەمەیشەوە كار ئەكاتە سەر لایەنی ئابووریيان.

جا ئەگەر سەركردە سیاسییەكان یەكەیەكە هەڵسەنگێنین و لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەراوردێكیان بكەین ئەبینین پێغەمبەرمان پتر لە هەمووان خۆشەویستی و متمانەی لای هاوەڵەكانی بووە.

بۆ نمونە:

* عەبباسی كوڕی عوبادە ئەڵێ:

هۆزی (خەزرەج) ئەزانن چۆن لەسەر چی پەیمان ئەدەن بەم پیاوە (مەبەست پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ).

وتیان بەڵێ. ئەویش وتی: پەیمانی لەگەڵ ئەبەستن لەسەر جەنگ كردن لەگەڵ سورو ڕەشدا، جا ئەگەر ئەو جەنگە بوو بەهۆی تیاچوونی سامان و دارایی و پیاوە هەڵكەوتووەكانتان، ئایا ئەو ئەدەن بەدەستەوە؟ دیارە ئالەم كاتەدا ئەگەر شتی ئاوا بكەن سوێندم بەخوا تووشی سەرشۆڕی دنیلو قیامەت ئەبن، خۆ ئەگەر پەیمانەكەتان بەرنە سەرو جەنگی سەرومالّی لەسەر بكەن سوێندم بەخوا تووشی چاكەی دنیاو پاشەڕۆژ ئەبن، ئەوانیش وتیان: بەڵێ ئێمە جەنگی سەرومالّی لەسەر ئەكەین....".

* لە هەڵوەێستەكانی (بەدر) دا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەم جەنگە چۆن دێتە بەرچاوتان و ڕاتان چییە سەبارەت پێی؟

(مقدادی کوڕی عەمر) وتی: ئێمە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەك گەلەکەی موسات پێ ناڵێین، برۆ تۆو خواکەت بجەنگێن و ئێمەیش ئالێرەدا دائەنیشین! !..

ئینجا سەعدی کوڕی عوبادە وتی: دیارە پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی مەبەستە، سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر فرمانمان پێ بدەی برۆینە ناو ئەو دەریاوە ئەرۆینە ناویەوە، ئەگەر بفەرموی: هەتا (برك الغماد = جێگایەکە لە یەمەن) ناوێستینەوە.

بەڵێ ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) زۆر زۆر خۆشەویست بووە، بەشێوەیەك هەرکەسێك لەگەڵیدا ژیابێ لەناویا تواوەتەوە.. بۆیە (زەیدی کوڕی حاریسە) باوکی و مامەکانی دێن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا بیکڕنەوەو ئازاد بێت و بیبەنەوە بۆ لای خزمو کەسوکاری خۆی... کەچی زەید ئەوەی پێ خۆش نەبوو! !. بەڵکو پێی خۆش بوو ـ هەرچەندە بە بەندەیی و لە غەریبیدا ئەمێنێتەوە ـ هەر لەلای محمد (ﷺ) بمێنێتەوە. ئەگەر بڵێی لەوانەیە منداڵ بووبێ، نەخێر بیروهۆشی پێگەیوو بوو.. بەڵێ ئەمانە و چەندەها نموونەی تری وەك ئەوان هەموویان بەڵگەن بۆ ئەوەی هاوەڵان زۆریان خۆشویستووە پتر لەوەی (تصور) بکرێ.

5ـ کەڵك وەرگرین لە هەموو شوێنکەوتووانی، چ لەڕووی ژیرییانەوە، چ لە ڕووی بیروڕایانەوە، لەگەڵ دانانی هەموو تاکێکدا لەو جێگەی خۆیدا.

لێهاتوویی هەڵکەوتوویی سەرکردایەتی هەر شۆڕشێك بە تاقیکردنەوە و ناسینی ئەندامەکان دەرئەکەوێ، وە لەکەڵك وەرگرتندا لە ژیریاندا ئەبێت...

پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) لەمانەدا دەستی بالای بووە، لە باسی پێشوودا هەندێك دواین کە چۆن پرسوڕاو تەگبیرو ڕاوێژی ئەکرد بە هاوەڵانی، لە کاروباری دەوڵەتەکەیدا.. ئاشکرایە هەر تاکێك (مەشوورەت) و پرسو ڕای پێ بکرێ دڵ و دەروونی پتەو و بەهێز ئەبێ بەو (سەرکردایەتییە) یەو دوایش زۆر بەدڵ و قایمییەوە خزمەت ئەکات، بۆیە خوا لە هەندێ جێگەدا داوا ئەکات لە موسڵمانان کاروباریان بە (مەشوورەت) بێ. لە (بەدر) و (ئوحود) و ڕۆژی (ئەحزاب) و (حودەیبیە)دا مێژوو شایەتە کە چۆن ڕای هاوەڵانی وەرئەگرت، نەك هەر ڕای پیاوانی وەرگرتبێ، بەڵکو ڕای ئافرەتانیشی پەسەند کردووە وەك لە (حودەیبیە)دا پرسی بە (ئوم سەلەمە)ی خێزانی کردوو ڕایەکەیشی وەرگرت.

بەڵێ (قیادەی ئیسلام) ڕای هەموو کەسێك وەرئەگرێ بەمەرجێ ئەوە لەگەڵ ئیسلام و سیاسەتی ئیسلامدا گونجاو بێت، ئیتر عەرەب بێ یان "عەجەم".

بەڵێ لە شوورادا هەموو مرۆڤێك مافی تەواوی مرۆڤایەتی خۆی وەرئەگرێ... موسڵمانانی پێشوو لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) چاك فێری تەگبیرو ڕاوێژ بوون و بە باشیش ڕەفتاریان پێ ئەکرد.

ئیمامی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) هەندێ جار پرسی بە ئافرەت ئەکردوو ڕاکەیشی وەرئەگرت.

ئەمە لە ڕووی پرس و ڕاوێژەوە.. ئینجا لەبارەی دانانی هەموو ئەندامێك لە جێگەی شیاوی خۆییدا پێغەمبەر (ﷺ) هیچ کەسی پێ نەگەیشتووە.

لەسەردەمی خۆییدا (ئەبوو بەکر) و (عومەر) هاوەڵانی تر پێیان ئەوتن "وەزیر"ەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

چونکە گفتوگۆو ڕاوێژی لەگەڵ ئەوانەدا ئەکرد سەبارەت بە چارەسەرکردنی کاروباری موسڵمانان، کە خۆیشی نەخۆش کەوت و فرمانی بە ئەبوو بەکر کرد بەرنوێژی بکات بۆ خەڵکەکە، هەر ئەمەیش وای کرد کە موسڵمانان دوایی هەڵیبژێرن و بیکەن بە جێنشین، ئینجا دوایی ئەو عومەر (خوای لێ ڕازی بێت).

عەمری کوڕی عاس ئەڵێ: سوێندم بە خوا لەوکاتە من و خالیدی کوڕی وەلید بڕوامان هێناوە هیچ ڕووداوێك نەبووە کە پێغەمبەر (ﷺ) پرسی بە ئێمە نەکردبێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆی.

هۆزی (بەنی تەمیم) جارێك هاتن بۆ لای بۆ خۆ هەڵکێشان ووتیان: محمد ئێمە بۆ ئەوە هاتووین خۆمان هەڵکێشین، کەوابوو مۆڵەتی (شاعیر) و (دواندەر) ەکەمان بدە بۆ هۆنراوە وتنەوە و وتار دان !! حەزرەت (ﷺ) فەرمووی: دەی داوندەرەکەتان بڵێ (خەطیب) یان هەڵسایەوەو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە (ثابتی کوڕی قەیس) وەڵامی بدەرەوە، ئەویش وەڵامی دایەوە.

ئینجا "شاعیر"ەکەیان هەستایەوە، شاعیرەکەی پێغەمبەریش (ﷺ) حەسان وەڵامی دایەوە و بە چاکترین وەڵام.

بەڵێ ئەو پێغەمبەرە بۆ هەموو جێگەیەك پیاوی تایبەتی خۆی بۆ ئامادە کردووە، وە مێژوو شایەتە کەلە هەموو کەسێك ـ لەم ڕووەیشەوە ـ وێنەی نەبووە.

6ـ توانای تەواوی هەبێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت.

بانگەوازە دنیاییەکان و هەموو (پارت)ە سیاسییەکان زۆر جار لە نێوان خۆیاندا ئەبن بەچەند تاقم و دەستەی جیاوازەوە بەهۆی ئەوەوە کەهەندێ جار برێ گیروگرفتیان دێتە بەردەم و"قیادە" کەیان ناتوانێ چارەی بکات بۆیان.

هەندێ لە "قیادە"کانیش پەلامار ئەدات بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان، بەلام ئەوانیش لە ڕێگەی خۆیەوە نییە، ئەبینی دارو دارکاری و بەندکردن و.. و.. بەکار دێنێ وەك ئێستا لە زۆربەی وڵاتان بەکار ئەهێنرێ.

بەلام ئەگەر چاوێك بەپێشەوایەتییەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بگێڕن ئەبینن زۆر بە شێوازێکی ناوازە گیروگرفتەکانی ناوچەی چارەکردووە بەژیری و سەلیقەی خۆی.

ئەو وڵاتەی کە پڕ بوو لە گرێ و گیروگرفتە جۆراو جۆرەکان بۆ نموونە:

1) دانانی بەردە ڕەشەکە ـ الحجر الاسود ـ پێش ئەوەی بکرێ بە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك قوڕەیش ویستی (کەعبە) تازە بکاتەوە سەرئەنجام ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە لەسەر دانانەکەی: ئەم هۆزە ئەیوت من دای ئەنێم لە بەشی خۆمدا.. ئەو هۆزە ئەیووت نەخێر حەقی منە و هەروەها.... تا وای لێهات بکەن بە شیردا بۆ یەکترو یەکتر قەلاچۆ بکەن!! قۆلیان لێ هەڵماڵی بۆ شەڕو ئاژاوە و خوێن ڕشتن لەسەر ئەوە.. یەکێکیان وتی: من ڕام وایە ئەمڕۆ کێ یەکەمجار لە دەرگای (کەعب)ەوە هاتەژوورەوە ئەو کەسە بکەین بە حەکەم و دەمڕاستتان بۆ ئەوەی ئەو کێشەکەتان بۆ چارەسەر بکات.

ویستی خوا بوو یەکەم کەس کە هات محمد (ﷺ) بوو ئەوانیش کە چاویان پێکەوت بە جارێ وتیان: ئەوا "ئەمین" هات ئێمە پێی ڕازین ئەم محمدە... کە گەیشتە لایان و هەواڵیان دایە، فەرمووی: هەر ئێستا پارچە قوماشێکم بۆ بهێنن، بۆیان هێناو بەدەستی پیرۆزی خۆی بەردەکەی خستە ناویەوە، فەرمووی دەبا هەر تیرەیەك بێت و چمکێك بگرێ و بەیەکدەست بەرزی بکەنەوە.. ئەوانیش وایان کرد تا گەیاندیانە ئاستی خۆی پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی بردوو لە جێگەکەی خۆی دایناُ[1].

[1] ) ( ژیاننامەی پێغمبەری مەزن (ص ) عبدالعزیز پارەزانی .

2) چارەسەرکردنی دوو ڕوووەکان (المنافقین).

کاتێ موسڵمانان لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) گەڕانەوە لە "غەزا"ی (بەنی موصطه لیق)دا چوونە سەر ئاوێك و دابەزین لەوێ، دوای ئەوە ڕووداوێك ڕوویدا (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) ویستی ئەوە بکا بەبیانوو و هەرچی لە دڵیدا هەیە بیخاتە کار تا جەنگێك فەراهەم بێنێ و ببێ بە هۆی تێکدانی یەکێتی بڕوادارەکان.... ! ! ئێنجا پێغەمبەر (ﷺ) بەڕێزی هاتە ناو مەسەلەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕووداوە.

"ئیبنی هیشام" ئەڵێ کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ئاوەکە بوو هەندێ خەڵك هاتن بۆ سەری، (عومەری کوڕی خەتتابیش) کرێکارێکی هەبوو ناوی (جەهجاه) بوو، ئەم جەهجاهە و (سینان جوهەنی) چوون بەگژ یەکتردا و لێیان بوو بەقڕە و جەنگ، (جوهەنی) یەکە هاواری برد بۆ یارمەتیدەرەکان، جەهجاهیش بۆ کۆچەرەکان، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی ئەمەی کرد بە بیانوو، هەندێ وشەی ناشیرینی بەکار هێنا سەبارەت بە بڕوادارەکان... وتی: ئەم مەسەلەی ئێمە وای لێهات کەپێشینان ئەڵێن: (سمع کلبك یأکلك) سەگەکەت قەڵەو بکە تابتخوات. کورە بزانن! (ئەمە قبووڵ ناکەم کە گەڕێینەوە بۆ (مەدینە) کێ بەدەسەڵات و پیاو بێ، ناپیاوو بێ دەسەڵات دەرکات (مەبەستی لەموسڵمانەکان بوو)....

(زەیدی کوڕی ئەرقەم) گوێی لێبوو بۆی گێڕایەوە، لەوکاتەدا (عومەر)یشی لابوو، وتی: فرمان بدە "عوبادە" بابیکوژێ.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی عومەر چۆن ئەبێ شتی وا، سبەینێ خەڵکی بڵێن محمد هاوەڵەکانی ئەکوژێ... نابێ شتی وا، بەڵام هەر ئێستا هاوەڵان ئاگادار بکە بابڕۆین و ئیتر بەجێی بهێڵین (بۆ ئەوەی قسەیەك لەم و یەکێك لەو تەشەنە نەکا) هەرچەند کاتی ڕۆیشتنیش نەبوو... لێیان داو ڕۆیشتن ئەو ڕۆژە تا ئێوارە و شەویش تا بەیانی بێوچان، تا زۆر ماندوو بوون، کاتێ ئیسراحەتیان کرد خێرا خەویان لێکەوت. بەڵێ پێغەمبەر (ص) بۆیە بەپەلە ئەوێ ی بەجێهێشت تا ڕووداوەکەیان لە بیر بچێتەوە و دامودەزگای کوفر سوودی لێوەرنەگرێ.

3ـ چارەسەرکردنی گێرە و کێشە لەکاتی کۆچکردندا:

پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ لەگەڵ هاوەڵاندا کۆچیان کرد بۆ (مەدینە) چەندەها گیروگرفت هاتە ڕێگەیان و پێویستی بە چارەسەرێکی وریاو زیرەکانە بوو:

أ ـ بەستنی هاوەڵان و موسڵمانەکان بە هۆزەکانی ترەوە.

ب ـ فەراهەمهێنانی (کەش و هەوایەك) لە (مەدینە) دا تا موسڵمانەکان بتوانن تێیدا بژین، چونکە دانیشتوانی ئەوێ سێ تاقم بوون جوولەکە و دووڕوو وموسڵمان.

ج ـ چارەیەك بۆ ئابووری، چونکە ئەوەبوو موسڵمانەکان ماڵ و منداڵ وخانوو بەرەیان لە (مەککە) دا بەجێ هێشتبوو. هیچیان بەدەستەوە نەمابوو، کەواوبوو پێویستە هەوڵ بدات بۆ فەراهەمهێنانی ژیانیان. ئەمانەو چەندانی تریش، ئەویش هەستا بەخێرایی: بازاڕێکی کردەوە تەنها موسڵمانەکان لەوێ شتوومەك بکڕن و بفرۆشن، تا تێکەڵی جوولەکەکان نەکەن. لەو لایشەوە هەر کۆچەرێکی کرد بە برای یارمەتیدەرێك لە ژیان و ژیواردا، بە شێوەیەك میراتیان لەیەك ئەبرد ! ! ئەوانیش بەڕاستی برا بوون پارووی دەمی خۆیانیان ئەگرتەوە بۆبرا کۆچکەرەکانیان، برا بوون برا (بەمانای وشەکە).

ئینجا هەستا وتارێکی بەنرخی بۆ خوێندنەوە، دوای پێشکەشکردنی سوپاس بۆ خوای گەورە، فەرمووی: "أما بعد أيها الناس فقدموا لأنفسكم، تعلمن و الله ليصعقن أحدكم ثم ليدعن غنمه ليس لها راع، ثم ليقولن له ربه ـ ليس له ترجمان ولا حاجب يحجبه دونه ـ ألم يأتك رسولي فبلغك وآتتك مالا وأفضلت عليك؟ فما قدمت لنفسك؟ فينظر يمينا وشمالا فلا يرى شيئا، ثم ينظر قدامه فلا يرى غير جهنم، فمن استطاع أن يقي نفسه من النار ولو بشق تمرة فليفعل، ومن لم يجد فبكلمة طيبة، فأن بها تجزى الحسنة عشر أمثالها إلى سبعمأة ضعف والسلام عليكم وعلى رسول الله".[1] واتە: ئەی گرۆهی ئادەمی: چاکە و خێرو بێر پێش خۆتان بخەن. ئەزانن سوێندم بەخوا کە یەکێکتان ئەمرێ و مەڕو ماڵاتەکەی بەجێ ئەمێنێ وبێ شوان ئەمێننەوە (واتە دڵتان خۆش نەکەن بەدنیا، چونکە دنیاکەتان ئاوایە، کەوابوو پێشی خۆتانی بخەن) ئنجا کە مرد پەروەردگاری ـ بێوەرگێڕو دەرگاوان ـ پێی ئەڵێ: ئایا پێغەمبەرەکەم نەهات ڕێگەی ڕاستی پێ ڕاگەیاندی؟ ئایا

[1] ) الرسول سعيد حوى ،ـ ﷺ ـ ، بەرگی یەك ( 1 ) لاپەڕە ( 222 ) چاپی چوارەم 1399 ك .

سامانم نەدایتیٚ؟ ئایا لەپاداشتی ئەوانە دا چیت پێشی خۆت خستووە؟ تەماشای ڕاست و چەپی خۆی ئەکات هیچ شتێك نابینیٚ.

سەیری بەردەمی ئەکات تەنها دۆزەخە، ئنجا هەرکەسێك ئەتوانیٚ خۆی بپارێزیٚ لە دۆزەخ با بەلەتە (خورما) یەکیش بێت خۆی بپارێزیٚ، ئەو کەسەیش هیچ شك نابات بابە وشەیەکی چاك بەشداری بکات، چونکە چاکە پاداشتەکەی یەك بەدەیە تا حەوت سەدە سلاو لەسەر ئێوەولەسەر پێغەمبەری خواش بیٚ.

ئیمامی بوخاری ئەگێڕێتەوە کاتیٚ: موسڵمانەکان چوونە (مەدینە) پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی ڕەبیعەی کرد بەبرا.. دوای ئەو سەعد وتی بە عەبدوڕڕەحمان: من لە یارمەتیدەرەکان سامانم زیاترە، لەگەڵ تۆدا ئەیکەم بە دوو بەشەوە، دوو ژنیشم هەیە حەزت لە کامیانە دیاری بکە با تەلاقی بدەم بۆت کە (عیدە) ی تەواو کرد مارەی بکە. عەبدوڕڕەحمان وتی: (بارك الله لك فى أهلك ومالك أين سوقكم...؟ خوا پیت بخاتە ماڵ و خێزانتەوە بازاڕەکەتانم نیشان بدە (بابڕۆم ئیش بکەم).؟

پێغەمبەر (ﷺ) وای تێگەیاندن لە ئیسلام کە کۆچەرەکان هاتنە (مەدینە) یارمەتیدەرەکان پەلاماریان بۆ بردن (هەموو کەسێك حەزی ئەکرد مێوانی بەرکەویٚ) تا سەرئەنجام دەویان لێخستن!! ئابەم شێوەیە سەرکەوت بەسەر ئەو گریٚ کوێرەدا هاتە ڕێگەی ئەندامەکانی.

7ـ دوور بین بێت لە ئیش و کاردا:

أ ـ هەرکەسێك سەرنجی هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بدات بۆی دەرئەکەویٚ کەهەموویان پڕن لە حیکمەت و فەلسەفە، وە بۆی دەرئەکەویٚ کە زۆر دووربین بووە.

بۆ نموونە: کیسرا ناردی بۆلای کارگێڕەکەی لە (یەمەن) بۆ ئەوەی دوو کەس بنێریٚ بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) بیگرن و بیهێنن بۆلای!! ئەمیش دووکەسی نارد بۆ ئەوەی کە زۆر بەوردی دیراسەی ژیانی پێغەمبەر بکەن.. بەڵیٚ کە گەیشتنە ئەویٚ پێغەمبەر (ﷺ) (15) ڕۆژ هێشتنیەوە بیۆەلام، وە لە ڕۆژی (15) هەمدا کیسرا کوژرا، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵەکەی پێگەیاندن و، هەر لەوێش پشتێنێکی بەخشی بە یەکێکیان و نووسیشی بۆ (باذان) ئەگەر بڕوای هێنا هەرچی وا لەژێر دەستیا ئەیداتیٚ.. سەرئەنجام

بەهۆی ئەم کارە زۆر وردو لەسەرخۆیەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەستی لە کیسرا بەرداو موسڵمان بوو.

ب ـ کۆمەڵێ لە دووڕووەکان هەستیان کرد بەوەی کە بەتەواوی ناپاکییان دەرکەوتووە و بەتەواوی بێ ڕێز بوون هەستان بۆ ئەوەی تۆزێ خۆیان شیرین بکەنەوە لای کۆمەڵەکە هەڵسان بە کردنەوەی مزگەوتێك دژی موسڵمانەکان، بۆ ئەوەی شیعارو دروشمی موسڵمانەکان ڕابکێشنەوە بۆ خۆیان و ئینجا ئیتر هیچ کەسێك قسەی نەمێنێ پێیان بڵێ (منافق) و دوو ڕوو !! ئەی ئەوە نییە مزگەوتیان کردۆتەوە؟ !

ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) وازی لێهێنان تا لەجەنگی (تەبوك) گەڕانەوە.. ئینجا مزگەوتەکەی سوتاند و ڕوخانیشی. ئا بەو شێوەیە زۆر بەوردبینیەوە سەرکەوت بەسەریاندا، دەنگی نەکرد تا کاتی موناسیبی هات.

بەڵێ ئەبێ (قیادە) و پێشەوا خاوەنی ئەو خاڵانەو هەندێکی تریش بێت کە لەجێگەی خۆیدا باسکراون، هەر ئەمەیش ـ دوای یارمەتی خوا ـ پێغەمبەری سەرخست، چونکە لە هەموو هەڵوێستەکانیدا ورد بین بووە، وە خاوەنی نەخشەیەکی سەرسوڕهێنەر بووە. کە هەرچی دۆست و دوژمن هەیە سەری سوڕ ئەمێنێ چۆن ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) لەو ماوە کەمەدا ئابەو شێوەیە سەرکەوت بەسەر ئەو ئاژاوە و (فوضى) و پشێوییەدا کە لە نیوەدوورگەی عەرەبیدا بڵاوبووبوویەوە؟!.

توانی سەرکەوێت بێ ئەوەی خۆی بخاتە باوەشی لایەکەوە (ڕۆمەکان، یان فارسەکان) واتە پێویستە پێشەواکانی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی سەرنجێکی باری ژیانی دونیای موسڵمانان بدەن، تا بزانن جیهان چییان بەسەرا هاتووە؟ وە تا بزانن تا (ئەوان) نەگەڕێنەوە سەر نەخشەکەی پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو کاروباریدا، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی، سیاسی، هەر ئاوا ئەبێ بە دەست خەڵکەوە خەڵك یارییان پێ بکات.

هیوام وایە هەموو شۆڕشگێڕێك سەرئەنجام بێتەوە سەر ئەم نەخشەیەو لەم هێڵەوە شۆڕش بکات دژی دنیا خۆران و ستەم کاران و خوێن مژانی بەش خوراوەکان لەسەرانسەری وڵاتدا.

له کۆتاییدا ئەڵێم:

1ـ ئەم باسە ـ سیاسەت لە ئیسلامدا ـ زانین و ڕەفتار پێکردنی باسێکی زۆر گرنگ و بە بایەخە، بۆ ئەوەی دەم کوتی ئەوانەی پێ بدەیتەوە کە هەموو هەوڵێکیان جیاکردنەوەی "ئایین"ە لە "دەوڵەت". بەلایانەوە ئیسلام چەند شێوەو دروشمێکی "خوا پەرستی = عیبادەت"ە نوێژو ڕۆژو...هتد.

سیخورمەیەکە لەسەر دڵی ئەوانەی ڕائەکەن لە (سەروەری) و ڕابەرایەتی ئیسلام بەرەو بێ یاسایی و بەرەڵایی و ڕێگەی تاریك ئەدەنە بەر. ئەیانەوێ بەو ناوەوە کە ئیسلام یاسای دەوڵەت بەڕێوەبردنی تێدا نییە ڕابکەن و ڕژێمی ڕزیوی چەندە ساڵەی ئەمو ئەو بێنن بۆ گەلەکەمان!! گەلی باوباپیر موسڵمان و، خاوەن زانست و زانیاری و، فەرهەنگ و ڕێزمان و، خەباتگێڕو فیداکار، گەلی دڵپاك و زمان پاك و داوێن پاك و ڕەسەن و هەڵکەوتە و گورجوگۆڵ و وریاو زیرەك.

ئەم سیاسەتە ئیسلامییە کە لە پێشەوە باسمانکرد خەنجەرێکە بۆ سەر دڵی دوژمنانی ئیسلام، پێیان ئەڵێ: ئەوە نییە هەموو جۆرە سیستەمو یاسایەکی دەوڵەتی لە ئیسلامدا ئەبینرێ؟! کەوابوو ئەم پڕوپاگەندانەتان لە چییە..؟!.

2– ئەبوو چەند لیژنەیەك بیان نووسیایە هەریەکەیان پسپۆر بووایە لە بواری خۆیدا... سەربازی بە جیا، ئابووری بەجیا... دادوەری، پیادەکردنی یاسای جەنگ... وە هەروەها، بەڵام کە نەبوو ـ ئەڵبەتە بە زمانی گەلەکەمان ـ منیش لە ناچاریدا پێنووسم خستە کار بۆ ڕێخۆش کردن و(سەرەتایە) و کردنەوەی دەرگای سیستەمی سیاسی لە ئیسلامدا، نە سیاسەتی _ تەواو _ لەئیسلامدا.

3ـ سیاسەت کاری ئەوەیە کە موسڵمانان و ئادەمیزادە خەمنەخۆرەکان بجووڵێنێ و کۆیان بکاتەوە لە ژێر یەك ئاڵاو پەرچەمدا ڕاپەڕن و هەوڵ بدەن بۆڕزگاری ئایین و وڵات و نیشتمانیان، هەروەك لە یەکەم خاڵی دەست پێکردنی پێغەمبەرەوە دەرکەوت، ئەوە بوو دەستی کرد بە هۆنینەوەو کۆکردنەوەی وزەی لاوو پیرو ئافرەت و پیاو هەموو جۆرە کەسێکی خێر لێبینراو، لە ڕاستیدا کەڵکی بینراو هاتە بەرهەم... بەڵام شایانی باسە ئەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ کە تەنها بە ناوی ئەو (پێغەمبەر)ەوە کۆکردنەوە و ڕێکخستن ئەکرا، واتە نەئەبوبەکر نە عومەر نە..نە.. بەجیا جیا بەناوی خۆیانەوە خەریك نەبوون،

(زەید وعەمر) یش بۆخۆیان لەولاوە، هەریەکەیان (9_10) کەسێك، سەرئەنجام یا هەر یەکناگرن، یا ئەبێ (مفاوضە) بکەن بۆ یەکگرتن، ئینجا لەم کاتەدا مەگەر خوای گەورە یارمەتی بدات ئەگینا ڕێبەرو کۆکەرەوەی هیچ لایەکیان ئامادە نابێت لەگەڵ ئەو دەستەکەی تردا تێکەڵ ببێت و ببنە یەك لاشەو یەك دڵ.. !! چونکە هەریەکە (تصور) و بۆچوون و پێشنیارو (پرۆژەیەکیان) ئەبێ بۆ شێوەی ئیش و کارکردن !! سەرئەنجام قەناعەت بە یەکتر ئەکەن و ئەڵێن هەریەکە بۆ خۆی هەوڵ بدات، لە ئاکامدا هەریەك ئەگرنەوە، چونکە هەمووی هەر خزمەتە بە ئیسلام !! چ جیاوازیەك ئەبینرێ لەمەدا تۆ لەوێوە دێیت و منیش لێرەوە... هەر بەم نیازو فیکرەوە هەر یەکە کارئەکات بۆخۆی، وا ئەبێ تەنها (لاوێك) چەند هەوڵی بۆ ئەدەن و ئەویش کە ئەبینێ ئاوایە لە دەست هەموویان ڕائەکات !! هەر لەمەوەیە کە پیاوە هەڵکەوتووەکان _ گەلێکیان _ ڕائەکەن لە وشەی "سیاسەت" و بەهۆیەکی گرنگی دائەنێن بۆ تەفرەقەو ئاژاوە دروستکردن لە مێشکی لاوەکاندا و یەکنەگرتنیان، بۆیە لە پەرتووکی (سیاسة الحکم) نووسینی "ئۆستن ڕنی" وەرگێڕاوی دکتۆر (حەسەن عەلی الذنون) دا هاتووە: "سیاسەت کردەوەیەکی پیسە، سیاسییەکان بەتایبەتی ئاژاوەچی و خۆ هەڵکێش و فشەکەرو ڕەوشت نزمن، سیاسییەکان تەنها ئیهتمام بە بەرژەوەندی و دەستکەوتی خۆیان و ئەوانەی سەر بەواذن ئەدەن، هەمیشە لە ئیشێك دەگەڕێن کە سەرنجی جەماوەر ڕابکێشن ئەگەر چی زۆر باش بزانن ئەو ئیشە ڕاست نییە، سیاسی هەرگیز کار بۆ پاشە ڕۆژ ناکەن، ئەوکات و ساتەی ئەوی تێدا ئەژی چی بووێت ئەوە دەکات..!! بۆیە هەندێکی تریان بێ پەردە ئەڵێن: "سیاسەت عیبارەتە لە فروفێڵ و پیلان و تەڵەکە بازی بەشێوەیەکی ڕەسمی ومەشروع بەناوی ڕێکخراوێك، یان حکومەتێکەوە بۆ گەیشتن بە مەرام و مەبەست و ئامانجە نەخشە بۆ کێشراوەکانیان".

هەر لە زانایانی ئایینیدا گەلێکیان بێزاری دەرئەبڕن لەوشەی (سیاسەت) و بەشتێکی تەفرەقەو پەرەوازەی و هۆی دروستکردنی دوژمنایەتی و ناڕێکی دائەنێن، بۆ نموونە "شێخ متەوەلی شعراوی ) بە شتێکی زۆر سەیر تەماشای "سیاسەت" ئەکات، چونکە بەلایەوە _ وایە دروست بوونی ئەو هەموو پارت و دەست و _ تاقمانەی ئەبینرێ

سەرئەنجامی (دید) و بۆچوونی چەند کەسێکی تایبەتییە لە ئاکامدا ئەندامەکانی ئەم ڕقیان لەوە، چونکە لە (خانە) و شانەی ئەودا کار ناکات، ئەندامەکانی ئەوی تریان ئەمان بەڕاست نازانیٚ، چونکە بڕوایان بەو (دید) و پڕۆژانەی ئەوان نییە. ئەگەر تۆزیٚ هەنگاو هەڵگرین بەو لا ترەوە ئەبینین پیاوێکی وەك "سعیدی نورسی" ئەڵێت: "اعوذ بالله من الشیطان ومن السیاسة.." ئیتر با بەڕێز (سەعید حەووا) و وێنەی بوەستن چی ئەڵێن و چی ئەکەن لە کتێبەکانیاندا، چەند بێتاقەت و گیرخواردەن لە مەبەستەکەیاندا.. چەندە ڕەش بینن، چونکە گەلیٚ ڕێکخراو هەیە ئەوی تریان بە کافر دائەنی چونکە پشتگیری ئەو ناکات (حەزناکەم پەنجە بخەمە سەر کەس).

4_ منیش دەڵێم ئەگەر "سیاسەت" بریتی بێت لە تێکدانی مێشکی لاوەکان و تێگەیاندنیان هەریەکە بەئارەزوو بۆچوونی ئەوچاودێرکەرە، خۆزگایە هەر نەبووایە، ئەگەر بریتی بێت لەکۆکردنەوەی چەند ئەندامێك لەسەر (دیدو) و (بەرنامە) و (فتوا) و (ئیجتهادی) چەند کەسێك و، ئەو خاوەن فەتوایانە هەرخۆیان بەڕاست بزانن، هەزار جار ئەڵێم: کاشکایە هەر نەبوایە.. ! !

5. بەداخەوە پتر لەمەی بەردەستت ئەمادە کرابوو، بەڵام لەکاتی نەهاتدا، هەروەك گەلێك لە بەرهەمی نووسەران بە کاڵوکرچی بەسەر ئەچیٚ وگوم ئەبیٚ ئەمیش ملی تیاچوونی نایە بەرو لێمان بزر بوو و بارێك داخ و خەفەتی بەجیٚ هێشت، شایەنی باسە بۆمان نەگونجایەوە بینووسینەوە و کۆی بکەینەوە.. جا لەبەرئەوە داوا لە برایان ئەکەین لەکەم و کوڕی ببورن، هیوادارم بەئەندازەی خۆی کەلێنێك پڕ بکاتەوە لە نامەخانەکانی کوردستاندا.

6. سیاسەت لە ئیسلامدا ئەوەندە باسێکی دەوڵەمەندە _ سوپاس بۆ خوا _ بە دەیان کتێب و نامیلکەی لەسەر نووسراوە، هەرچەندە لەوانە زۆر کەمیان بەردەست خوێنەرانی ئێمە کەوتبن، جا بۆیە پێمخۆشە هەندیٚ کتێبت بۆ تۆمار بکەم لە باسی سیاسەت لە ئیسلامدا.. تۆیش هەوڵبدە _ بە پشتیوانی خوا _ بە دەستیان بهێنە، تا پتر حەقیقەت و ڕاستیت بۆ ڕۆشنتر ببێتەوە:

1) من أصول الفكر السياسي الإسلامي، الدكتور محمد فتحي عثمان
2) الدولة القانونية و النظام السياسي الإسلامي، الدكتور منير حميد البياتي
3) تأريخ الإسلام السياسي. الدكتور حسن ابراهيم حسن

4) حقيقة الإسلام و أصول الحكم، محمد نجيب

5) منهاج الحكم في الاسلام، محمد أسد

6) الأحكام السلطانية، الماوردي

7) الخادمة أو الإمامة العظمى، محمد رشيد رضا

8) النظريات السياسة الإسلامية، محمد ضياء الدين الريس

9) نظام الحكم في الإسلام، محمد الغزالي

ئەمانە و چەندان كتێب و باسی تر لە گۆڤارو ڕۆژنامە. هیوادارم زیاتر بەرەو پێش بڕۆیت.

## سەرچاوەکان

1– الدولة القانونية و النظام السياسي الإسلامي، الدكتور منير حميد البياتى
2_ من أصول الفكر السياسي الإسلامي، الدكتور محمد فتحي عثمان
3_ منهاج الاسلام في الحكم، محمد أسد
4_ ماركس والخلق
5 _ حقيقة الشيوعية
6_ الماركسية والعلم والفلسفة
7_ هزيمة الشيوعية
8 _ الإسلام وأوضاعنا السياسة، عبدالقادر عوده
9 _ الطبقات الكبرى، إبن سعد
10 _ النظريات السياسة الإسلامية، الدكتور محمد ضياء الدين الريس
11 _ تفسير المنار
12 _ المنهاج، النووي
13 –المقدمة، إبن خلدون
14 _ الحسبة في الاسلام، إبن تيمية
15 _ أصول الدعوة، الدكتور عبد الكريم زيدان
16 _ إرشاد الساري، القسطلاني
17 _ السيرة النبوية، إبن هشام
18 _ نهاية الأقدام، الشهرستانى
19 _ السياسة الشرعية، إبن تيمية
20 _ الرد على الباطنية، محمد الغزالي
21_ مبادئ نظام الحكم في الاسلام، الدكتور عبدالحميد متولي
22 _ نحو الدستور الاسلامي، أبو الأعلى المودودي
23 _ الأحكام السلطانية، أبو يعلي الماوردي
24 _ نيل الأوطار، الشوكاني

25 _ الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، ابن قيم الجوزية
26 _ التشريع الجنائى الاسلامي، عبدالقادر عودة
27 _ العقائد النسفية، التفتذاني.
28_ مجموع الفتاوي، إبن تيمية
29 _ معالم الثقافة الاسلامية، الدكتور عبد الكريم عثمان
30 _ العدالة الإجتماعية، سيد قطب
31 _ تأريخ الاسلام، الدكتور حسن ابراهيم حسن
32 _ العلاقات الدولية والنظم القضائية في الشريعة الإسلامية
33 _ الرسول القائد، محمود شيت خطاب
34 _ الرسول، سعيد حوى.

## ناوەڕۆك


وتەیەکی پێویست ........................................ 3
کورتەی ژیاننامەی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود ........................ 5
پێشەکی .................................................... 7
سیاسەت لە ئیسلامدا ................................................ 11
سەربەخۆیی یاسای ئیسلام ................................................ 20
بناغەکانی حوکم لە ئیسلامدا ........................................ 24
بنەما فیکرییەکان ................................................ 24
پەیدابوونی مارکسیزم ................................................ 24
بۆچی مارکس کۆمۆنیزمی هەڵبژارد؟ بۆچی ڕقی هەلگرت لە دەوڵەمەندەکان؟...... 24
کۆمۆنیزمی دان بە نادیاردا نانێن ........................................ 26
بناغە کردارییەکان ................................................ 31
یەکەم: ڕاوێژ (شورا) ................................................ 32
کارەکانی ئەنجوومەنی ڕاوێژ ........................................ 32
کارەکانی نوێنەرانی گەل ................................................ 34
(ئیجماع)یش نوێنەرایەتی ئەسەلمێنێ ........................................ 36
فەرزە کیفائییەکان بناغەن بۆ بیرۆکەی نوێنەرایەتی ........................ 38
کێ ئەبێ بە نوێنەری کۆمەڵ؟ ........................................ 39
نوێنەری کۆمەڵ چۆن ئەگاتە ئەنجوومەنی ڕاوێژ ........................ 40
نوێنەرانی کۆمەڵ پاسەوانیان بۆ دائەنرێ ........................ 42
پێکهێنانی ئەنجوومەنی ڕاوێژ بە چەند جۆر ئەبێ ........................43
کەڵکەکانی ڕاوێژکردن و بەرهەمەکانی ........................................ 46
چ کارێك ڕاوێژی بۆ ئەکرێ؟ ........................................ 47
جیاوازی نێوان جێنشین (خلیفە) و ئەنجوومەنی ڕاوێژ ........................ 47
ڕای هەڵبژێراو ................................................ 52

دووههەم: دەسەڵاتی پیادەکردن لە ڕژێمی ئیسلامدا ........................ 57
بەڵگە بۆ ڕەوایی (بەیعەت) ............................................ 58
نوێنەرایەتی لە پەیماندان (بەیعەت)دا .................................. 58
پایەکانی بەیعەت ..................................................... 59
یەك: ئەمیر ........................................................... 59
لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مەرجی نەژاد (نەسەب) و تێبینییەك .............. 60
تێبینیەك لەوتەی زاناکان و هەڵبژاردنی ڕای پەسەند ....................... 62
کردنی باش (مفضول) بەخەلیفە لەگەڵ بوونی باشترین (افضل) دا ............ 63
دووەم: کۆمەڵ و گەل ................................................... 64
سێیەم: دەستەبەرکردنی هێزە بۆ پیادەکردنی شەریعەتی خوا ................. 66
سنووری دەسەڵاتی سەرەك دەوڵەت ....................................... 72
ئەرکەکانی کاربەدەست چییە ............................................ 74
تاچ ئەندازەیەك گوێڕایەڵی حاکم ئەکرێ ................................... 77
تاك بەرپرسیارە ئەگەر گوێڕایەڵی بکات لە تاواندا ......................... 79
گەل تووشی سزا ئەبێت ئەگەر گوێڕایەڵی سەرکردەیخراپ بکات ............... 80
پێشەوا بەرپرسیارە لەلای خوای گەورە ..................................... 82
کاربەدەست لەبەردەم یاساو کۆمەڵدا بەرپرسیارە ............................ 83
وتەی هەندێ لە زانایان بۆ پاڵپشتی ئەم باسەمان .......................... 85
ئایا سەرەك دەوڵەت لەسەر حوکم لائەبرێ ................................. 88
ئایا حاکم ئەتوانێ دەست لەکارەکەی بکێشێتەوە ............................ 91
ئایا سەرۆکایەتی ماوەی بۆ دائەنرێت ...................................... 92
مافی هاوولاتیان و بێگانەکان پێش ئیسلام .................................. 92
مافی هاوولاتیان و بێگانەکان لە ئیسلامدا .................................. 94
شێوەی هەڵبژاردن: هەڵبژاردنی ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت)............... 97
هەڵبژاردنی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) .................................. 100

هەڵبژاردنی عوسمان (خوا لێی ڕازی بێت) ............ 101
هەڵبژاردنی عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) ........................ 102
دانانی وەلی عەهد ......................................... 104
ئەوکەسەی بە زۆر ئەڕواتە سەر حوکم ........................ 108
ئایا چەند ئیمامێك لە یەك کاتدا دروستە؟ ..................... 111
سێهەم: هێزی دادوەری لەیاسای ئیسلامدا ........................ 114
دادوەر چاودێری هەموو دەزگاکانی تایبەت بەخۆی ئەکات ............. 117
دادوەری ئەبێ بەپێی بەرنامەی خوا بێت ........................ 119
ڕای شافیعی و حەنبەلییەکان .................................. 121
ڕای حەنەفییەکان ......................................... 122
(قاضی) موجتەهیدو ناموجتەهید ................................ 126
(قاضی) ناموجتەهید ........................................ 127
بانگەوازێك بۆ (قاضییەکان) .................................. 129
ئەی قاضییەکان ........................................... 130
سیاسەتی ئیسلام لەجەنگدا ...................................... 132
سیخوڕی .................................................. 145
سزادانی سیخوڕ ........................................... 147
کوشتنی کوتوپڕی ........................................... 150
جەنگی دەروونی ............................................ 151
لەناوبردنی دارایی و سامانی دوژمن ............................. 152
ئایا لەناوبردنی قوتابخانە و شوێنەوارە کۆنەکان دروستە ............... 153
لەناوبردنی ئاژەڵ و گیانلەبەر ................................ 154
دەست بەسەراگرتن ........................................ 154
پاراستنی نوێنەر و باڵوێزەکان ................................ 156
مامەڵەی چوونیەك لەگەڵ دوژمندا .............................. 157

سیاسەتی ئیسلام لە سوپادا ........................................ 159
یەکەم: پێکەوەنانی شتومەکی سەربازی ........................................ 165
دووەم: دروستکردنی پیاو ........................................ 167
سێهەم: ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم هێزە ........................................ 169
چوارەم: پەروەردەیەکی تایبەتی ........................................ 171
پێنجەم: ناسینی دوژمن و خۆ ئامادەکردن بۆی ........................................ 179
سەرچاوەکان ........................................ 199
ناوەڕۆک ........................................ 201

# بڵاوكراوەكانی پرۆژەی (تیشك)

| نووسەر | ناوی کتێب | زنجیرە |
|---|---|---|
| ن: فازل قەرەداغی | بەئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ | 1 |
| ن: عومەر کەمال دەروێش | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەكارییەكانی مەریوان هەڵەبجەیی لە كتێبی (سێكس و شەرع و ژن)دا | 2 |
| ن: ئامینە صدیق | ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | 3 |
| ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم | فەتواكەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | 4 |
| ئا: ئارام عەلی سەعید | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دكتۆر موحسین موحەممەد حسێن | 5 |
| جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەكەم" | 6 |
| ن: د. شەریف عەبدولعەزیم<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم | ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | 7 |
| ن: د. موحسین عەبدولحەمید<br>و: حەمەكەریم عەبدوڵلا | بەجیهانیكردن، دیدێكی ئیسلامیی | 8 |
| ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم | كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | 9 |

| | | |
|---|---|---|
| 10 | بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی دووەم" | ن: جەمال حەبیبوڵڵا "بێدار" |
| 11 | مێژووی دێرینی کوردستان "بەرگی دووەم" | ن: فازل قەرەداغی |
| 12 | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| 13 | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت | ن: ئیکرام کەریم |
| 14 | لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، روداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |
| 15 | پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان رامان و سەرنج و پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشك |
| 16 | بیست و سێ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە |
| 17 | قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەکر حەمەصدیق |
| 18 | ئیسلام و سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت | ن: ئارام قادر |

| | | |
|---|---|---|
| 19 | سوپای ئەیوبیان لە سەرودەمی سەڵاحەددیندا<br>پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریایی و شەڕو جەنگە گرنگەکانی | ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن<br>و: عوسمان عەلی قادر |
| 20 | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین |
| 21 | ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا | ن: د. کاوە فەرەج سەعدون |
| 22 | یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ | ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا<br>و: شوان هەورامی |
| 23 | ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێك بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس | ن: ئیکرام کەریم |
| 24 | بەرەو بەختیاریی ئافرەت<br>"بەرگی سێیەم" | ن: جەمال حەبیبوڵڵا<br>"بێدار" |
| 25 | ئیشکردن نەك تەمەڵی | عەبدولعەزیز پاڕەزانی |
| 26 | دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە | نووسینی: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان<br>وەرگێڕانی: ئامینە صدیق عەبدولعەزیز |

| | | |
|---|---|---|
| 27 | زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕووناکبیر و دەسەڵات | فەرهاد شاکەلی |
| 28 | هەڵەبجە 1889 ـ 1930، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە | ن: عادل صديق |
| 29 | بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی | ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| 30 | فەرمووده هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم | ئامادەکردن و وەرگێڕانی: حەمەکەریم عەبدوڵڵا |
| 31 | مەلا ئیدریسی بەدلیسی، ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| 32 | شێخ مەحمودی حەفید (1922 – 1925) | ن: ئومێد حەمەئەمین |
| 33 | ئیسلام لەبەردەم دوڕیاندا | ن: لیوبو لدڤایس<br>و: عەبدول حسێن |